کانونی یەکەم ٢٠١٦

٥

# دیدگای سۆشیالیستی

گۆڤارێکی سیاسی فکریە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەریدەکات

نارەزایەتیەکانی کوردستان: ئاسۆ و ئامانجەکانی، پێویستی ڕووخاندنی دەسەلاتی بۆرژوازی قەومی، دەربارەی شەڕی موسڵ، پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟، فیمینیستی ڕۆشنگەری چی پێیە بۆ ژنانی کوردستان؟ سەبارەت بە سێکولیلاریزم کێشمەکێشی سعودیە و ئێران وکاریگەری لەسەر کوردستانی عێراق، نەوشیروان مستەفا و شەڕی موسڵ، دەربارەی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری، ...

عەبدولا مەحمود
عوسمانی حاجی مارف
محسن کەریم
ئالا فەرج
ڕێبوار ئەحمەد
خەسرەو سایە
ئازەر مودەریسی
دەشتی جەمال
ئاسۆکەمال
مەنسور حکمەت

# دیدگای سۆشیالیستی

گۆڤارێکی سیاسی فکریە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەری دەکات
ژمارە ٥ / ساڵی دووەم / کانونی یەکەم ٢٠١٦

سەرنوسەر:
**جەمال محسن**

دیزاین:
**خەسرەو سایە**

بەشدارانی ژمارە:
**عەبدوڵا مەحمود، عوسمانی حاجی مارف، محسن کەریم، دەشتی جەمال، ئازەر مودەرەیسی خەسرەو سایە، ڕێبوار ئەحمەد، ئاسۆ کەمال، ئاڵا فەرەج، مەنسور حکمەت**

پەیوەندی:
0047 47276028
didgaisocialisti@gmail.com

www.hkkurdistan.org

## ناوەڕۆك:

★ **تەوەرێك سەبارەت بە :**
**نارەزایەتیەکانی کوردستان و ئاسۆ و ئامانجەکانی**
عەبدوڵا مەحمود، عوسمانی حاجی مارف،
محسن کەریم، دەشتی جەمال .......... .......... ٢

★ **پێویستی و پێداویستیەکانی ڕووخاندنی دەسەڵاتی بۆرژوازی قەومی تالآنچی!**
ڕێبوار ئەحمەد.. .......... .......... ٣٧

★ **تەوەرێك دەربارەی شەڕی موسڵ**
عوسمانی حاجی مارف،
خەسرەو سایە، محسن کەریم، .......... ٤٣

★ **"ئازادی موسڵ"**
**یان شەڕی کۆنەپەرستانەی جەمسەرەکان؟**
ڕێبوار ئەحمەد .......... ٦٨

★ **پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟**
ئاناتۆمی بۆرژوا ناسیونالیزم لەبەرگی چاکسازیدا (٤)
خەسرەو سایە.......... .. ٩١

★ **فیمینیستی ڕۆشنگەری چی پێیە بۆ ژنانی کوردستان؟**
ئاڵا فەرەج.......... ١١٤

★ **سەبارەت بە سێکویلاریزم**
وتووێژ لەگەڵ ئاسۆ کەمال .......... ١٢١

★ **لەبارەی کاریگەری کێشمەکێشی**
**سعودیە و ئێران لەسەر کوردستانی عێراق**
وتووێژ لەگەڵ ئازەر مودەریسی.......... ١٢٨

★ **نەوشیروان مستەفا و شەڕی موسڵ**
دەشتی جەمال .......... ١٣٥

★ **دەربارەی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری**
گفتوگۆ لەگەڵ مەنسور حکمەت.......... ١٣٩

★ **بەڵگەنامەکان:**.......... ١٤٩

## پێشەکی ژمارە:

خوێنەرانی ئەم ژمارەیە گفتوگۆ لەسەر چەند تەوەرێکی جیا و چاوپێکەوتن و وتار و بابەتی سیاسی جیاوازیان بەرچاو ئەکەوێت.

لەبەر گرنگی و گەرمی ناڕەزایەتیەکانی ئەم ماوانەی دوایی لە بەشێکی زۆر لە شارەکانی کوردستان، یەکێک لە تەوەرە سەرەکیەکانی ئەم ژمارەیە گفتوگۆیە لەسەر ئەم مەسەلەیە و لێکدانەوەی کەموکوڕی و پێشڕەوی و ئاسۆکانی بەردەمی. دیارە ئاڕاستەکردنی ناڕەزایەتیەکان نەک تەنها بە ئاقاری بەدەستهێنانی داواکاریەکاندا، بگرە بۆ بەدەستهێنانی ئاڵوگۆڕی بایەخدار و شۆڕشگێڕانە لە ژیانی کۆمەڵگادا قسە و باسی زیاتر و مشتومڕی زۆر هەڵئەگرێ. ئومێد ئەکەین هەڵسوڕاوان و ڕابەرانی ناڕەزایەتیەکان و کەسانی سۆشیالیست و ئازادیخواز بتوانن لە ژمارەکانی دواتردا لەسەر ئەم باس و تەوەرە و گۆشە جیاجیاکانی بەشداری بکەن.

تەوەرێکی تری ئەم ژمارەیە سەبارەت بە شەڕی موسڵە، شەڕێک کە نەک تەنها ئەو شارە ئەگرێتەوە بگرە پەیوەست ئەبێتەوە بە تەواوی ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە. بۆیە هەوڵمانداوە بەشێکی بەرچاو لە مەسەلە گرنگەکانی ئەم شەڕە و ئاسەوارەکانی لەم ژمارەیەدا بخەینەڕوو.

لە درێژەی زنجیرە باسی ڕەخنە لە بەرنامەی بزووتنەوەی گۆڕاندا، لەم ژمارەیەدا بەشی چوارەم هاتووە. لەم بەشەدا ڕەخنە لە بەرنامەی حزبی ناوبراو لە بوارەکانی خوێندن و پەروەردە و تەندروستی...و هتد هاتووە. هەروەها وەک وروژاندنی پرسیار و باس، دیدگای سۆشیالیستی بە شێوەی وتووێژی کورت یاخود پرسیار و وەڵامی کورت چەند مەسەلەیەک ئەخاتەڕوو: سەبارەت بە فیمینیزم و مانیفێستی فیمینیستی ڕۆشنگەری، دەربارەی سێکیولاریزم و لەبارەی کاریگەری کێشمەکێشی سعودیە و ئێران لەسەر کوردستانی عێراق.

پاشان وتارێک سەبارەت بە وەڵامدانەوە بە وتەیەکی نەوشیروان مستەفا لەبارەی جەنگی موسڵەوە هەر لەم ژمارەیەدا هاتووە. وتارێکیش دەربارەی پێویستی ئاڕاستەکردنی خەباتی جەماوەری بەرەو لابردنی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی کورد بەرچاو ئەکەوێ. هەروەها گفتوگۆیەک لەگەڵ مەنسور حکمەتدا لەبارەی پەیوەندیەکانی سەرمایەداریەوە ئەبینن.

لە بەشی بەڵگەنامەکانی حزبدا جگە لە هەڵبژاردەیەک لە هەندێک بەیاننامەی حزب کە لەم ماوانەدا دەرچووە، مانیفێستی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان لە کوردستان کە لە پەسەندکراوی کۆنگرەی چواری حزبە بڵاوئەکەینەوە.

سەرنوسەر

دیسێمبەری ٢٠١٦




# تەوەرێك سەبارەت بە :
# ناڕەزایەتیەکانی کوردستان و ئاسۆ و ئامانجەکانی

خوێنەرانی خۆشەویست، ئەمەی بەردەستتان گفتوگۆیەکە دەربارەی ناڕەزایەتیەکان و ئاسۆ و ئامانجەکانی و ڕێگریەکانی بەردەمی. بەشداربووانی ئەم تەوەرە هاوڕێیان عەبدوڵا مەحمود، محسن کەریم و دەشتی جەماله کە لە نیوەی یەکەمی مانگی دیسێمبەردا سازدراوە.
**دیدگای سۆشیالیستی**

دیدگای سۆسیالیستی: ماوەی ئەم دووساڵەی دوایی کە ژیان و گوزەرانی کرێکاران و کارمەندان و جەماوەری بێبەش زیاتر بەرەوخراپی چووە و قەیرانی ئابوری و سیاسی ژیانی هاڕیون، ناڕەزایەتیەکان فراوان بوونەتەوە. لەدوای ١٧ شوباتەوە هێشتا هەست ناکرێت جەماوەر ئەزمونێکی وەرگرتبێ بۆ دەربرینی ناڕەزایەتیەکی ئامانجدار و ئاسۆدار. بەگشتی هۆکاری ئەمە بەچی ئەزانن؟ یاخود چ قسەیەکتان هەیە لەو بارەیەوە؟



**عەبدوڵا مەحمود:**
من لام وانییە، خەڵکی کرێکار و زەحمەتکیش لە درێژەی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکانیاندا، ئەزمونیان وەرنەگرتبێ. هەموو خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکی جەماوەری هەڵگری ئەزموونی تایبەت بەخۆیەتی. کرێکاران و کارمەندان، جەماوەری ناڕازی لە دڵی هەر مانگرتن و کۆبونەوە و خۆپیشاندان و ئاکسیۆنێکدا، ئەزموون وەردەگرن و خاراوتر دەبن. بەچاویان ڕۆشنتر دەبێت. رابەرو قسەکەری تازەی تیا

## نارەزایەتیەکانی کوردستان و ئاسۆ و ئامانجەکانی

دێنە دەر. ئەگەر لە ١٧ شوبات و پێش ١٧ شوباتدا، خەڵک و بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری تا رادەیەکی زۆر لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازییەوە، جڵەو کرابوو، یان ئەوان ئاراستەیان دەکرد و دروشم و داخوازیان دەخستە بەردەمی، ئەوا بە دوای ١٧ شوباتدا، بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان تا رادەیەکی زۆر لەم ئۆپۆزیسیۆنە، دوور کەوتونەتەوە. خۆشباوەڕییان بەو ئۆپۆزیسیۆنە تا ئاستێکی بەرچاو، رەویوەتەوە. ئەمە ئەزمونێکی گرنگ و هەنگاوێکی ئیجابییە کە دەبێ بە ئاراستەی دوورکەوتنەوەی یەکجاری لە ئاسۆ و سیاسەتی ئەم بزووتنەوەیە بەرەوپیش بچێت. تەنانەت لە باری سیاسیەوە ئاڵوگۆری بەسەردا هاتووە، ئێوە تەماشا بکەن، لە ناو دڵی هەراوهوریایەکی میدیا و ماسمیدیا و راگەیاندنێکی هەزار سەردا، کە دەیانەوێ کێشەکانی خەڵکی کوردستان لەوانەش دۆخی داروخاوی ئابوری و بێموچەیی و بێمافی و... بگێڕنەوە بۆ پرسی سیاسی نێوان حزبەکان و پەککەوتنی پەرلەمان و پرسی سەرۆکایەتی هەرێم و...تاد، ئەمە نەیتوانی جەماوەری نارازی فریوبدات، زەهنیان لەسەر خواستەکانیان بگوازێتەوە بۆ پرسی بەزۆر دروستکراو و ململانێی حزبەکان. ئەمە نیشاندەری بە ئاگاهاتنەوە و دورکەوتنەوەیە لە سیاسەتی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کورد. ئەوە لە کاتێکدایە، پێش ١٧ شوبات و دوای ١٧ شوباتیش تا ئەوکاتەی کە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کورد چووە نا حکومەتی بنکە پان و فراوانەوە، کەم خۆپیشاندان و نارەزایەتی و مانگرتن و کۆبونەوە هەبوو، مۆر و خەت و نیشانی بزووتنەوەی گۆران و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کوردی پێوە نەبێت.

خۆپیشاندان و کۆبونەوە نارەزایەتیەکانی نزیک بە دوومانگی رابردووی مامۆستایان و بەشێکی فەرمانبەران، کە کاردانەوەو بەرگری لە خۆکردنە، لەبەرامبەر هێرشی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورددا، زۆر ئامانجدار و ئاسۆدارە. "خواستی دانی موچە لەکاتی خۆیدا و هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پاشەکەوتی موچە" زۆر رۆشنە. سەرباری هەوڵی زۆری ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی بۆ جڵەوکردن و بەلارێدابردن و بارگاوی کردنی بە دروشمی سیاسی تر و بۆ مەبەستی تر، هۆشیارانە لەسەر خواستە سەرەکیەکانی خۆیان ماونەتەوە و راوەستاوانە پێداگری لەم دوو خواستە سەرەکی و بنەرەتیەی ئێستایان دەکەن. ئەم بزووتنەوەیە بەراستی بزووتنەوەیەکی شۆرشگێرانە و پرشکۆیە لە مێژووی بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری کوردستاندا. ئەم بزووتنەوەیە گوشارێکی زۆری خستۆتە سەر دەسەڵاتی سیاسی و ناچار بە ملدانی چەندین داخوازی کردووە و کەچی هێشتا بزووتنەوەکە بەردەوامە و بەو ئاستە لە وەڵامی دەسەڵات رازی نییە کە باسی دابینکردنی پارەی هاندانی مامۆستایان دەکات. دیارە هێشتا بۆ سەرکەوتنی کۆتایی پێویستی بە ئیبتکاراتی تر و گوشاری زیاترو فراوانترە. پێویستی بە پشتیوانی بەشەکانی تری کۆمەڵگا لەوانە کرێکاران و کارمەندان و کەس و کاری خوێندکاران و توێژە بێبەشەکانی تری

کۆمەڵگایە. پێویستی بە سەراسەری کردنەوەی زۆرترە، وە پێویستی بە رێکخراوبوون و بەرچاو رۆشنی زیاترە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا تا ئێستا ئەم بزووتنەوە نارەزایەتیە زۆر پێشرەوی کردووە و دەبێ بەهەموو توانایەکەوە پشتیوانی لێبکرێت. من لام وایە ئەم نارەزایەتیە هەر ئێستا سەرکەوتووە، لەگەڵ ئەوەشدا بە ئامانجەکانی خۆی نەگەیشتووە و ماویەتی، بەڵام ئاسۆی سەرکەوتنی دیارە و دەسەڵات ناچارە مل کەچ بکات.



## موحسن کەریم :

من پێموایە نارەزایەتیەکانی ئەمجارە تارادەیەکی زۆر دیارە بۆ چییە و بەشێوەیەکی گشتی لە چەند خاڵێکی رۆشندا خراوەتەروو. نارەزایەتیەکانی ئەم دەورەیە لەپەیوەند بە کێشەی مووچە و برینی مووچە و راوەستانی پرۆژە ئابوری و خزمەتگوزاریەکان و کاریگەری ئەوە لەسەر ژیانی هاوڵاتیانە بەشێوەیەکی گشتی. مامۆستایان و فەرمانبەران و توێژەکانی دیکەی کە لە حکومەتەوە مووچە وەردەگرن دژی برین و پاشکەوتی زۆرە ملێی مووچەکانیان و دواخستنی نارەزایەتیە دەردەبرن. هەروەها جەماوەری کەمدەرامەت و چەوساوەی کوردستان بەگشتی دژی نایەکسانی و تاڵان وبرۆی حکومەت و حزبە دەسەڵاتدارەکان نارازین و بەشێوازی جۆراوجۆر چ لەرێگای بەشداریکردنیان لە خۆپیشاندانی مامۆستایاندا و چ بە شێوازی دیکە ئەم نارەزایەتی و بێزاریەی خۆیان لە بارودۆخی ژیان و گوزەرانیان دەربریوە. بەڵام کێشەیەکی ئەو خەڵکە ئەوەیە کە هێشتا ئاسۆی سیاسی نارۆشن و لێڵە و هێشتا ئاسۆی سیاسی ناسیۆنالیزم بەسەریدا زاڵەو پێی وانییە کە ئەو دەسەڵاتەی نانی ئەوی بریوە هەمان ناسیۆنالیزم و کوردایەتیە، هێشتا لە خۆپیشاندان و کۆبونەوەکانیدا هەمان ئەو سرودانە دەڵێنەوە کە دەیان خاتەوە پاڵ ئەوانەی نانیان بریون. ئەو سرودانە دەڵێنەوە کە هێزەکانی پێکهێنەری حکومەت خەڵکیان پێ سەرمەست دەکرد. بەوجۆرە لەرووی فکریەوە هێشتا ئەسیری وەهمی ناسیۆنالیستی و کوردایەتیە بەپلەی سەرەکی.

هەروەها سەرنجێکم هەیە لەسەر ئەو قسەیەی هاورێ عبدلله کە دەڵێ "نارەزایەتی مامۆستایان پێویستی بە پشتیوانی بەشەکانی تری کۆمەڵگایە، لەوانە کرێکاران و کارمەندان و تاد...". لەبەرئەوەی لە قسەکەی ئەودا وا دەردەکەوێ کە نارەزایەتیەکانی ئێستا تەنها مامۆستایان بن و ئەوانیش پێویستیان بە پشتیوانی هەیە. بەڵام راستیەکەی ئەوەیە کە نارەزایەتیەکانی ئێستا بێجگە لە مامۆستایان، فەرمانبەران و کرێکارانی کەرتی حکومی و خانەشینان و خاوەن پێداویستی تایبەت

## نارەزایەتیەکانی کوردستان و ئاسۆ و ئامانجەکانی

و بێکاران و خوێندکاران و دەرچوانی زانکۆو پەیمانگاکان و وردە کاسبکار و خەڵکی دیکە تێیدا بەشدارن و ئەوانیش خواستی خۆیان هەیە. بەشێک لەوان هەمان خواستی مامۆستایانیان هەیە کە کێشەی برین و نەدانی مووچەیە. هەندێکی دیکەیان کێشەی ژیان و بەرێچوون و گوزەرانیان هەیە کە ئەویش هەمان ناوەرۆکی خواستی مامۆستایان و فەرمانبەرانی هەیە. ئەوانە هەموویان لە خۆپیشاندانەکاندا بەشداری دەکەن. ئەوە راستە لە زۆریک لە شوێنەکان نارەزایەتیەکان بەناوی مامۆستیانەوە ریک دەخرین، بەڵام ئەگەر رێژەی بەشداربوانی بەراورد بکەیت رەنگە ٣٠٪ ی مامۆستا نەبێت و ئەو توێژانەی دیکە بن کە من ئاماژەم پێکردوون. بۆیە من پێموایە کە دەبێ نارەزایەتیەکانی ئێستا وەکو بزووتنەوەیەکی جەماوەری گشتی لەدژی دەستدرێژی حکومەت بۆ سەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و کەمدەرامەتی کوردستان چاو لێبکەین و دروشمەکانیش ئەو راستیە پشت راست دەکەنەوە.

### دەشتی جەمال:



بەبڕوای من وەڵامی ئەم پرسیارە دولایەنەیە، لەسەرێکەوە دەتوانم بڵێم نارەزایەتیە جەماوەریەکان لەدوای ١٧ شوباتەوە تائێستا بەو شێوەیە نییە کە هیچ ئەزمونێکی بە جەماوەر نەبەخشی بێ و جەماوەریش هیچ فێروبوون و دەرسێکی لیوەرنەگرتبێ. بەپێچەوانەوە، ئەم نارەزایەتیانە تا هاتووە و لەهەردەورەیەکدا کۆمەکی کردووە بە بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاری و چۆنیەتی هاتنەمەیدان و دەستبردن بۆ شێوازی دیاریکراوی رابەری و فشارخستنە سەر دەسەڵات، سەرهەڵدانی کۆروکۆمەڵەکان، بەستنی دوریانی شەقامەکان، پێشکەش کردنی یاداشت و سازدانی کۆنگرەی رۆژنامەگەری، گوێزانەوەی بەشێک لەنارەزایەتیەکان لەناوەندی شارەکانەوە بۆ ناوەندەکانی کار و بەرێوەبەرایەتیەکان، بایکۆت و داخستنی دەوام، تا کۆبوونەوە گشتیە جەماوەرەیەکان، هاتنە مەیدانی ژنان و پیاوانی ماموستاو فەرمانبەر پێکەوە بۆ نیو خۆپێشاندانەکان.. ئەمانە بەگشتی رەوتی چونەپێشەوەی ئامادەیی و هوشیاری جەماوەری نیشان دەدەن کە نارەزایەتیەکان لەدرێژەی خۆیاندا جەماوەریان فیرکردووە. بەڵام لەسەرێکی ترەوە ئەگەر پرسیارەکە رووی لەوەبێت کە بۆچی نارەزایەتیەکان تەجروبەی سەرکەوتنی نیشان نەداوە و هێشتا نەیتوانیوە دەسەڵاتداران ناچاربکەن کە خواستەکانی خەڵکی نارازی بسەلمێنێ وجێ بەجێ بکات، لەو بارەوە دەبێ ئاماژە بەو هۆکارە بدەین کە ئەویش زاڵبوونی ئاسۆی ناسیونالیستی و

تەسلیم بوونە بە سیاسەتی ئەم یان ئەو حزبی ناسیونالیستی و ئیسلامی کە لە بەرەی خەڵکەوە بەناوی چاکسازیەوە خۆیان کردووە بەئۆپۆزسیۆنی دەسەڵات. بە واتایەکی تر ئەم جوڵانەوەیە زۆر جار حزبەکانی دەسەڵاتی لەعەرز داوە بەڵام هەرخۆی سەری تەسلیمی بۆ حزبێک یان حزبگەلێکی تر کە ئیدعای ئۆپۆزسیۆن دەکەن دانەواندووە و بەتایبەتی لە رابردوشدا خەڵک تەجربەیەکی تاڵی هەیە لەگەڵ ئەو لایەنانەدا کە بەپلیکانەی ناڕەزایەتیەکانی خەڵکدا سەرکەوتن تا بەشێک لە دەسەڵات بپچڕن. سەرەنجام نەیتوانیوە وەک جوڵانەوەیەکی سیاسی سەربەخۆ لەدژی دەسەڵات و سەرجەم ئەوحزبانەی کە ئەم دەسەڵاتە بە"دەستکەوتی کورد" دەزانن، خۆی دەرخات. بۆنمونە ئەوەی بڵندگۆی ناڕەزایەتیەکان لە سلێمانی ڕوو لە پارتی دەکا و لە هەولێریش ڕوو لە یەکیەتی و گۆڕان دەکا، خۆی بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ناڕەزایتیەکان لەژێر نفوزی سیاسی وهێزی حزبەکانی تردا ماون. لەلایەکی تریشەوە ئەگەرچی ناڕەزایەتیەکان بەگشتی بۆخواستی دیاریکراو شکڵیان گرتووە و هاتۆتە مەیدان لەوانە بۆ هەڵوەشاندنەوەی پاشەکەوتی موچە و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان، و دەرەمالەکان.. بەڵام بەو هۆیەوە کە ناسیونالیزم و ئاسۆکەی قورسایی بەسەر هەڵسوراوانی ناڕەزایەتیەکان بەتایبەتی و خەڵکی ناڕازیەوە هەیە، خەبات بۆ خواستەکان لە دەرەوەی جوڵانەوەیەکی سیاسی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ کراوە. بەمانایەکی تر دەمەوێ بلێم کە دۆخی کوردستان لە قەیرانی سیاسیدایە ناڕەزایەتی بۆ هەرخواستێک بە پێویست بەمەسەلەی دەسەڵاتەوە گرێ دەدرێتەوە. دەسەڵاتی قەیرانگرتوو ناتوانی وەڵامی داخوازی ڕەواکانی خەڵک بداتەوە چونکە لەرووی سیاسیەوە جومگەکانی لەق دەبێ لەبەرامبەر خەڵک دا و لەڕووی ئابوریشەوە بێ تواناتردەبێ. هەربۆیە گەر بمانەوێت ناڕەزایەتیەکان ئاکامێکیان هەبێ دەبێ وەک جوڵانەوەیەکی سیاسی سەربەخۆ بەرامبەر بەگشت دەسەڵات و هەموو ئەو حزبانە دەرکەون کە بە هەر بەهانەیەکەوە بێت پارێزگاری لەمانەوەی دەکەن. کارێکی ئاواش دابڕانی ناڕەزایەتیەکانی دەوێت لە ئاسۆ و کارکردنی ناسیونالیزم و حزبەکانی. لەسەر ئەو زەمینە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی جوڵانەوەی ١٧ شوباتی بەرهەم هێنا و راوەستاوی ٦٢ رۆژ جەماوەری ناڕازی لەمەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەدا دەکرێت زۆرتری لەسەر بدوێین و گۆشەی جوراجۆری وانەکان و دەستکەوت و کەموکورتیەکانی بووترێت کە دیارە پرسیاری ئێوە بەدیاری کراوی لەسەر زوعف و کەموکورتی ناڕەزایەتیەکانی جەماوەری ناڕازیی کوردستانە کە لە ١٧ شوباتەوە درێژی هەیە و بەردەوامە، زۆر گرنگە هۆکارەکانی ئەوە دەستنیشان بکەین پێم وایە ئەویش خۆی لە ناڕێکخراوەیی وپەرشو بڵاوی و قەتیس مانەوە لە ئاسۆ و سونەتەکانی ناسیونالستی کورد وە زاڵبوونی ئەو ئاسۆیە بەسەر هۆشیاری چینایەتی شێوەی خەباتیانەوە لەلایەک و لاوازی و ناڕێکخراوەیی چینی کرێکار وەک چینێکی سەربەخۆ وجێگا و ڕێگای ڕەوتی سوشیالیستی لەنێو

## ناڕەزایەتیەکانی کوردستان و ئاسۆ و ئامانجەکانی

ئەو چینەدا کە ئەویش هۆکاری واقعی خۆی هەیە. لەگەل هەموو ئەمانەشدا ئەگەر لە جولانەوەی ١٧ شوباتدا بەتەنها لە شەقام لە سەرای ئازادیدا قەتیس مایەوە و پێی نەگرت سەرکوتی ئاسانکرد بۆ دەسەڵات بەڵام ئەم ناڕەزایەتیانە ئێستا یەکێک لە نوقتە قوتەکانی لە شۆینی کار و ناوەندەکانی خزمەتگوزاریەکانەوە دەستی پێکردوە وە نارەزایەتەکانی بەشێوەی جۆراجۆر خۆی نمایش کردۆتەوە و ئیبتکاراتی کردوە لە بەکاربردنی شێوازی ناڕەزایەتی بەشێوەی بایکوت وەک سەرەتایەکی باش پەیامێکی تۆکمە بەگوێی دەسەڵاتدارانداا تا پێکهێنانی دەستە ناڕەزایەتیەکانی خەڵک و بەرەی خەڵک و دەستەکانی شار و شارۆچکەکانی تر بەڵام تەجروبەی بەردەوامی ئەم ناڕەزایەتیانە هێشتا نیشانی ئەدا ئەو ڕێگایانەی تا ئێستا کارساز نەبووە نەیتوانیوە دەسەڵاتی خەوتوو لە خەمەکانی کۆمەڵگا بە خەبەر بهێنێتەوە. هەربۆیە ڕێگاچارەی کارساز ئەوەیە ئەم ناڕەزایەتیانەی ئێستا لە خۆشباوەریەکانی بە ئاسۆ و ڕێگاچارەکانی ناسیونالیزم و ئیسلامیەکان ڕێگای خۆی جیا بکاتەوە. ناکرێت ئەو حزبانەی بە ناوی ئۆپۆزسیۆنەوە لە دەورەی ١٧ شوباتدا خۆیان خزاندە نێو ناڕەزایەتیەکانی خەڵکەوە تا پۆست وجێگاو ڕێگای دەسەڵاتیان لەگەل دوژمنانی چینایەتی ئێمەدا دابەشکرد و بەڵینی ئارامکردنی شەقامیان پێدان کەوتنە ساردکردنەوەی خەڵک و بەرامبەر داواکاریەکانی خەڵکی کوردستان و راوەستان و ئێستاش هەر ئەمانە لە شەقامدا بەزەلیلی لە ریزی ئێمەدا رابوەستن. ناکرێت پارێزگاری سلێمانی بکرێتە پەیامبەری گەیاندنی داواکاریەکانمان. هەربۆیە بەداخەوە ئەوە زوعفێکە کە پێویستە ئاماژەی پێبکرێت قازانج و بەرژەوەندیەکانی ئەولایەنە سیاسیانەی چاوی لە بەشکردنی کورسی دەسەڵات و گێڕانەوە پەرلەمانتارەکانیان بۆ هۆڵەکانی پەرلەمان ناتوانێت نوێنەرایەتی خواستی واقعی خەڵک نمایش بکات. مەسەلەیەکی تر ئەوەیە خەڵک ئۆمیدی بە ئیرادەی خۆی هەبێت لە دەوری خواستەکانی خۆی دەستبەرێت بۆ وەسیلەیەکی باڵای تر بۆ کاری ڕێکخراوەیی تا بتوانێت بەسەر ئەوڕێگریەوە سونەتانەی رابردودا زالبێت بتوانێت ڕیزی سەربەخۆی ئەم ناڕەزایەتیانەی ئێستا بپارێزێت. بەرگری بکات لە بەرژەوەندیە چینیاتیەکانی خۆی. ئەویش بێ گومان لەگرەوی ئەوەیە ئەو دەستەی ناڕەزایەتیانەی پێک هاتوو پەل بکێشیت بۆ هەموو ناوەندی کرێکاران، کارمەندان و مامۆستایان وهەموو بەشەکانی دیکە لە هەلسوراوانی هەڵبژێراوی ئەو دەستانە دەتوانیت ناوکۆکەی پێک هێنانی ڕێکخراوەی جەماوەری سەربەخۆی مسۆگەر بکات. جا ڕێکخراوی سەربەخۆی مامۆستایانە، کرێکارانە تا ڕێکخراوە جەماوەریە پیشەییەکانی دیکە لە ناوەندەکان تا وەک وەسیلەیەکی خەباتکارانە و بەڕێوەبردنی ئیرادەی سەربەخۆی خۆیان بهێڵنەوە بۆ دەسەپاندنی داواکانیان و هێرشکردنە سەر بۆرژوازی کوردی و حزبەکانی. هەر وەک ئەو تەجربەی لە دنیای پیشکەوتوی ئەمرۆدا بەدی دەکرێت بەرهەمی خەبات و ناڕەزایەتیەکانیان

توانیویانە مافی ڕێکخراو بوون و مانگرتن و خۆپیشاندان و بەشێکی زۆر لە ئازادیەکانیان دەستبەر بکەن.

**دیدگای سۆسیالیستی: لەم ناڕەزایەتیانەدا فۆڕمی ڕێکخراوبوونی کرێکاران و کارمەندان و مامۆستایان و توێژەکانی تر بەدی ناکرێ، جگە لە هەوڵدانەکانی ئەم دواییە (کە دوایی دێینە سەری). سەرەتا پێتان وانیە ئەمەش یەکێکە لە خاڵە لاوازەکانی تەواوی ناڕەزایەتیەکان؟ گەر وایە، هۆکاری ئەمە بە چی لێك ئەدەنەوە؟**

**عەبدوڵا مەحمود:**

بێگومان یەکێک لە لاوازییە سەرەکیەکانی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری لە کوردستاندا، یان باشتر بڵێم بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو( کرێکاران و کارمەندان، ژنان و لاوان و خوێندکاران...) نارێکخراوبوونە لە رێکخروای سەربەخۆ و ئازادانەی خۆیاندا. کۆبونەوە هەیە، خۆپیشاندان و مانگرتن و بایکۆت هەیە، رابەران و قسەکەرانی هەیە، بەڵام هێشتا کۆبونەوەکان و لەدەوری یەک بوونەکان، شوێنی کۆبونەوەکان، ناوەندەکانی کار، ناوەندەکانی خوێندن و قوتابخانە و پەیمانگاو زانکۆکان،...تاد، تا دەگاتە دەستەی وەرێخستنی ناڕەزایەتیەکان و گروپە هاندەرەکان، نەبوونەتە سەکۆیەک بۆ هەڵبژاردنی نوێنەران و گفتوگۆی جدی بۆ پێکهێنانی رێکخراوەی ئازادانەی خۆیان. ئەمە لە کاتێکدایە کە بەکردەوە ناوەرۆکی ڕێکخراوەکانی سەر بە حزبە سیاسیەکان بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسۆنەوە، دەرکەوت کە هیچ نین جگە لە کۆمەڵێک رێکخراوی زەردی موچەخۆر بۆ ئیحتیواکردنی ناڕەزایەتیە جەماوەریەکان و هەوڵدان بۆ کپکردنەوەی ناڕەزایەتیەکان و کارکردنی بە نەخشە بۆ بەلاڕێبردن و سات و سەودا پێوەکردنیان.

پێکهێنانی رێکخراوەی رادیکاڵی جەماوەری و سەربەخۆ و ئازادانە، ئەرکێکی هەرە لەپێشەوەی رابەران و هەڵسوراوانی کرێکاری و کۆمۆنستییە، کە دەبێ دەستی بۆببەن. دەست نەبردن بۆ پێکهێنانی رێکخراوەی سەربەخۆی جەماوەری و پیشەیی بۆ هەرکام لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، بێ هۆکار نییە. سەرەکیترین هۆکارەکانی ئەم گرفت و لاوازییە ئەمانەن. یەکەم: کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی حزبی داگرە، کۆمەڵگایەکە کایەی سیاسی کەشی زاڵی سەر کۆمەڵگایە و خودی سیاسەتیش لە هونەرێک و ئامرازێک بۆ ئاڵوگۆڕ و کێبەرکێی سیاسی و ململانێی مودێرنی بەدیلەکانی حکومڕانی و سیستەمی جیاواز و کایەیەک بۆ دەسەڵات، کراوەتە کایەیەکی ناشیرین و بێبەها و نابووت. کراوەتە رێگایەک بۆ دزی و تاڵانی و بازرگانی و کرێگرتەیی و بەبارمتەگرتنی پاروی دەمی خەڵک. ئەم دۆخە کە دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردی خوڵقێنەریەتی، دەستبردنی هەر

دەستە و گروپ و هەوڵێک بۆ دروستکردنی حزب و ڕێکخراوەی جەماوەری و پیشەیی...تاد، تا ڕادەیەکی زۆر سەخت و هاوکات سانسۆر کردووە، وە ڕێگری زۆری بۆ دروست کراوە. ئەم دۆخە دەستبردن بۆ دروسکردنی ڕێکخراوەی جەماوەری لەلایەن رابەران و هەڵسوراوانی کرێکاران و فەرمانبەران و بزووتنەوە ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان، ڕوبەرووی ڕێگری و ناو ناتورە و دەستی دەرەکی لەپشت بوون و ... کردووە. بۆیە پێشمەرجی پێکهاتنی هەر ڕێکخراوەیەکی پیشەیی و جەماوەری و رادیکال و جێکەوتە، لە گرەوی بوونی هێزو بزووتنەوەی سیاسی و حزبی تا ڕادەیەک توانادار...هەیە. دووەم: کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی نۆرماڵ بە قەوارەی دەوڵەتی و حکومەتی" بەهەر ناوەرۆکێکەوە بێت" نییە. لە جێگای ئەوە دوو حزبی دەسەڵات بەدەست بە پشتیوانی هێزی چەکدار و بە خۆبەستنەوە بە یەکێک لە دەوڵەت و قوتبە ناوچەیەکانەوە، بەڕێوە دەبرێت. ئەگەر ڕێکخراوێکی جەماوەری و پیشەیی لە زونی زەرد دروستبکرێت، پانتایی و مەودای هەڵسوارانی بە کردەوە و کاریگەری لەو زونە تێناپەرێت و بە پێچەوانەشەوە لە زونی سەوز و نیلیدا بە هەمان شێوە، ڕێکخراوەی جەماوەری و پیشەیی زۆر مەحەلی و پارێزگایی دەکات. ئەم دۆخە ڕێگریەکی ترە بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوەیەکی سەراسەری و جەماوەری و پیشەیی...تاد، لە ئاستی کوردستاندا. ناڕەزایەتی و داوا و خواست لە لایەن هیچ حکومەت و دامەزراوەیەکی یاساییەوە وەڵام نادرێتەوە، چونکە کۆمەڵگا خاڵییە لە سیستەمی حکومرانی و دەوڵەتسازی. داوا و داخوازی ڕاستەوخۆ ڕوو لە حزب و قەڵەمرەویی ئەو حزبە لە زونێکی دیاریکراو دەکات، کە پشتی بە میلیشیای چەکدار بەستووە، ئەمەش گرفتێکی واقعییە و حاڵەتی ئاوا لە دنیادا ناوازەیە. سێهەم: ئەزمونی ڕێکخراوەی جەماوەری و پیشەیی لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی بزووتنەوەی کوردایەتیدا، دەگەرێتەوە بۆ بزووتنەوەی شورایی ساڵی ١٩٩١ و پاشان ئەو ڕێکخراوە جەماوەی و پیشەیانەی بە دوای پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عێراقدا پێکهات. واتە بە بێ بوونی حزب و ڕێکخراوەی سیاسی تا ڕادەیەک جێکەوتوو هێزدار، کە لەپشتی ئەو ڕێکخراوە جەماوەریی و پیشەیانەو رابەران و هەڵسوراوانی بێت، تا ڕادەیەکی زۆر سەختە و پڕ گرفتە. بوونی بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەیی و حزبی جێکەوتە و تا ڕادەیەک هێزدار، مەرجێکی سەرەکی دروستبوونی ڕێکخراوەی جەماوەری و رادیکاڵ و پیشەیی جێکەوتەیە بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەکان. بەداخەوە لە ئێستادا، حزب و بزووتنەوەیەکی ئاوا، بە قیافەیەکی هێزدار و جێکەوتوەوە جێگای خاڵییە، تا رابەران و هەڵسوراوانی بزووتنەوە جەماوەریەکان، بە پشت و پەنای خۆیانی بزانن و متمانەی بەرگریکردنیان، لێوەربگرن. ئێوە دەزانن ڕێکخراوەی کرێکارانی بیناسازی، ڕێکخراوەی کرێکاران و کارمەندانی تەندروستی، ڕێکخراوەی سەربەخۆی ئافرەتان و سەنتەری ژنان، ڕێکخراوەی

مامۆستایان... و سەرجەم ئەو ڕێکخراوانەی تر کە لە ناوەراستی نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا، هەبوون، بەرهەم و حاسڵی بوونی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بوو، کە لە کێشمەکێشێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دا بوو، لەسەر چەندین پرسی چارەنوس سازی ئەو کاتە لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوا ناسیونالیستی کورد. لە ئێستاشدا دەبێ حزبی سیاسی دەستپێشکەر بێت، بۆ پێکهێنانی رێکخراوەیی جەماوەری و پیشەیی، بە پێی ئامادەیی رابەران و هەڵسوراوانی بزووتنەوە جەماوەریەکان. ئەرکی حزبی کۆمۆنیستی کریکایی کوردستانە بە نەخشەوە لەو زەمینەیەدا هەنگاوی پێویست بنێت و لەگەڵ رابەران و هەڵسوراوانی بزووتنەوە جەماوەرییە کۆمەڵایەتیەکان کۆببێتەوە و هانیان بدات بۆ دەستبردن بۆ رێکخراوەی خۆیان و پشتیوانی بەکردەوە کردن لێیان. لێرەدا بەپێویستی دەزانم پێ لەسەر راستیەک دابگرم، خەڵکی کرێکار و زەحمەتکیش لە هەلومەرجی ئێستای دنیادا، و بەدیاریکراوی بەدوای شکستی بلۆکی شەرقەوە، کە چەندین دەهە ئەم سیستەمە بۆرژوازییە دەوڵەتیەیان، بە ناوی کۆمۆنیزمەوە دەرخواردی بەشەریەت دەدا، تا کۆمۆنیزم لە چاوی رای گشتی دنیادا لەکەدار و ناپەسەند بکەن، کە چاو دەکەنەوە چاویان بە سیستەم و جۆرێک لەدەسەلات دەکەوێت. دیموکراسی، پەرلەمانتاریزم، لیبرالیزم، ناسیونالیزم و مەزهەبگەرایی و...تاد. بۆیە دەبنە دیموکراتی، دەبنە لیبراڵ، دەبن بە ناسیونالیست. تەنانەت بۆ دین و مەزهەب... بە پێی جغرافیا خەڵک مەیل و لایەنگری و بۆ دین و مەزهەبەکان، دەردەبرن یان هەڵدەبژێرن. لە وڵاتە دواکەوتووەکان و دەسەڵاتی پشت بەستو بە شەریعەت خەڵک بەشێوەی ویراسی، دین و مەزهەبیان بەسەردا دەسەپێنرێت. بێ ئەوەی کەس خۆی ئەمە وەکو بیروباوەرێک هەڵبژێرێت، یان تەمەنێک دیارییکرێت، بۆ باوەرهێنان پێی. ئەمە بۆ کۆمۆنیزم وانییە. بۆ ئەوەی خەڵک بکەیت بە کۆمۆنیست، دەبێ حزبی دەخاڵەتگەری کۆمەڵایەتی، یان بزووتنەوە و دەسەڵاتێکی کۆمۆنیستی، هەبێت. لەگەڵ ئەوەدا خولیای ئینسان بۆ ژیانی باشتر و تەسەل تر و ئازادتر و بەرابەر، ئارەزوویەکی خۆرسکی ئینسانە، بەڵام ئەو ئینسانانە لە خۆیانەوە و بەشێوەی خۆرسک نابن بە کۆمۆنیست و هەڵسوڕاوی کۆمۆنیستی و سوسیالیستی. لە حاڵێکدا ئەمە بۆ بزووتنەوەکانی تر وانییە. دنیای بۆرژوازی و رەوت و بزووتنەوەکانی، دەسەڵاتی جۆراوجۆری بۆرژوازین و باوەری ئەم بزوتنەوانە بوونەتە ئەفکاری باوی کۆمەڵگا. هەروەکو مارکس دەڵیت" بیروباوەری زاڵ بەسەر هەر کۆمەڵگەیەکدا، بیروباوەری چینی دەسەڵاتدارە لەو کۆمەڵگەیەدا" من لەم رونگەیەوە پێداگری لەوە دەکەم کە بۆ پێکهێنانی ڕیکخراوەی سەربەخۆی جەماوەری و پیشەیی کرێکاری و رادیکاڵ، پێویستە حزبێکی کۆمۆنیستی شۆرشگێر و دەخالەتگەری کۆمەڵایەتی هەبێت، کە جەنگی دەسەڵات بکات، لە کێشمەکێشی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بێت، لەگەڵ بۆرژوازی. حزبێکی لەو

چەشنە دەتوانێ رابەرانی سۆسیالیست و کۆمۆنیست دروست بکات و پێکهێنانی رێکخراوەی جەماوەری و پیشەییش بە شێوەیەکی کارا و پێویست، بخاتە دەستوری رابەرانیەوە.

چوارەم: کەوتنی رژێمی بەعس و پاشان لاچوونی ئابلۆقەی ئابوری لەسەر خەڵکی عێراق ، و پشت ڕاستکردنەوەی خەڵک لەژێر کاریگەری و قورسایی ئاکامەکانی ئابلۆقەی ئابوریدا، دەروازەیەکی بۆ چینی کرێکار و بزووتنەوەی جەماوەریەکانی تر رەخساند، تا لە دۆخی پاسییف بوون و بڕوابەخۆنەبوون بۆ ئاڵوگۆڕکردن بە هێزی خۆیان، جێگا بدات بە ئەکتیف بوون و بڕواهێنان بەوەی کە دەتوانن بەدەستی خۆیان ئاڵوگۆر بە قازانجی خۆیان و هێزی خۆیان بەدەست بهێنن. بە تایبەت ئەمە بۆ زوربەی جەماوەری مەحرومی کوردستان، زۆر بەرجەستە بوو. تا دەسەڵاتی بەعس لەسەر کار بوو، هەمیشە هەرەشەی بەعس لەسەر کوردستان واقعیەتیک بوو، کە ناسیونالیزمی کورد زۆر کەڵکی لێوەردەگرت. ناسیونالیزمی کورد هەمیشە خۆی لەبەرامبەر بەعسدا، نیشان دەدا، کەوتنی رژێمی بەعس ئەم کارتەی لەدەست ناسیونالیزمی کورد دەرهێنا. ئەمجارە بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری هەم ترسی رژێمی بەعسی نەما، هەم رووی ناڕەزایەتی و داوا و داخوازی راستەوخۆ ناسیونالیزمی کوردی دەکردە نیشانە. ئەم دۆخە" کەوتنی بەعس، لاچوونی ئابلۆقەی ئابوری و کەم بوونەوەی کاریگەریەکانی، بوژانەوەیەکی تارادەیەکی ئابوری، لاوازبوونی پاسیفیزم و ئەکتیف بوونەوەی جەماوەر بۆ ئاڵوگۆر" تیکڕا دۆخێکی تەواو جیاوازی دروست کرد و ئەو رەوەندەی لەساڵی ١٩٩١ وە بەردەوام بوو، ئاڵوگۆری بەرجەستەی تیا پێکهات. جەماوەی کرێکار و زەحمەتکیش بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەرانیان و بەرگری لەخۆکردنیان، دەستیان دایە، خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربرین. بەجۆرێک کە زوربەی زۆری شارو شارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوە، لە زوربەی شارو شارۆچکەکاندا، دەستە و ناوەند و کۆرو کۆمەڵ، لە ژێر ناوی جیاوازو دژی گرانی و بێکاری و دزی و گەندەڵی پێکهاتن. خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی جەماوەری بەرفراوان دەستی پێکرد. تورەیی خەڵک لە دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد، فراوانتر و بەرینتر دەبوەوە، لە شارەکانی کەلار و رانیە و قەڵادزێوە بۆ سلیمانی و ناوچەکانی ژیر دەسەڵاتی پارتی تا دەگاتە هەڵەبجە قوڵپی دەدا، ئەوە بوو تورەیی خەڵک لە هەلەبجە گەیشتە ئەو رادەیەی مۆنیومێنتی هەڵەبجە بسوتێنن. لە رانیە و کەلار بەیەکدادانی توند لە نێوان خەڵکی ناڕازی و هێزە سەرکوتکەرەکانی دەسەڵاتدا، رویدا. راوەدونان و گرتن و ترس و تۆقاندن لە لایەن دەسەڵاتەوە، لە ترسی تورەیی خەڵک دەستی پێکرد. ئەم دۆخە، هەم ئاستی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری بردە سەر و هەم حزب و رێکخراوە سیاسیەکانی خستە مەوقعیەتێکی ترەوە. ئاکامی ئەو ئاڵوگۆرە ئەزمەی نێوخۆیی حزبەکانی قوڵتر کردەوە، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان توشی لێکترازان و شەقکردن کرد. میدیاو ماس میدیای کۆنترۆڵنەکروا و

ئەهلی پێکهاتن و دەستیان کراوەتر بوو. بزووتنەوەی گۆڕان لەلایەن بەشی جیابوەوە لە یەکێتی پێکهات و پاشان بووە حزبێکی سیاسی. بە واتایەکی رۆشنتر، لەتبوونی یەکێتی، دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان، دەرکەوتنی میدیای ئەهلی! ...تاد، بەرهەمی دۆخی کەوتنی دوای بەعس و رەوتی روو لە پێشی بزووتنەوەی نارەزایەتی بوو لە کوردستان، نەک بە پێچەوانەوە کە بەشێکی زۆر لە نوسەرانی موچەخۆر و مۆڵەپێدراو و ئەندام پەرلەمانی تازە تەسەل و توێژەری سیاسی، کاڵفام نیشانیان دەدا، کە ئەوە میدیا و بزووتنەوەی گۆڕان بووە، چاوی خەڵکی کردۆتەوە و خەڵکی هێناوەتە سەر جادە. دیارە هێشتا بۆ ئەم کاسبییە پوچە کەسانێک ماون ئەم دەهۆڵە دەکوتن و دەڵێن میدیای ئەهلی و حزبی گۆڕان چاوی خەڵکیان کردۆتەوە و پەردەیان لەسەر گەندەڵی و چی و چی... هەڵماڵیوە.

دیارە بەداخەوە بە هۆی نەبوونی حزب و رێکخراوەیەکی توانادار و جێکەوتەو جێگا متمانەی چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتێکێش، بزووتنەوەی گۆڕان، توانی سواری شەپۆلی نارەزایەتی خەڵک ببێت و داوا و داخوازیەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، بەو جۆرە ئاراستە بکات، کە بزووتنەوەکەی خۆی پێ قەڵەو و گەورە بکات. بەم شێوەیە بزووتنەوەی گۆڕان فایلی خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانی کێشکرد و کردنی بە دەستمایەی بەشداری لە حکومەتێکی گەندەڵ و دز و ناشەفاف میلیشیایی و خۆ گرێدراو بە دوو دەوڵەتی کۆنەپەرستی وەکو ئیران و تورکیا و سیاسەتەکانی ئەمریکا و غەرب و تەماحە بێ کۆتاییەکانیان.

پێنجەم: لەو کاتەی کە بزووتنەوەی گۆڕان پێکهات تا بەشداریان لە حکومەتی بنکە فراواندا، هەموو یان وردتر بڵێم زوربەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە جەماوەریەکان، لە بزووتنەوەی و نارەزایەتی کرێکارییەوە بۆ بزووتنەوەی لاوان و خوێندکاران و بزووتنەوە نارەزایەتیە جەماوەریەکانی توێژەکانی تری کۆمەڵگا، کەوتنە ژێر هەژموون و سیاسەتی بزووتنەوەی گۆڕان. بزووتنەوەی گۆڕان لە رێگای چەندین بانگەشەی قەبە و دیماگۆجی، لە چەشنی گۆڕانی ریشەیی، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و ناشەفافیەت، تا دەگات بە بانگەشەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی...تاد، توانی زۆربەی هەرەزۆری بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان جڵەو بکات و بەشی هەرە زۆری رابەرانی ئەم بزوتنەوانە پەلکێشی ریزەکانی بکات، یان بێدەنگیان بکات. بەم شێوەیە بزووتنەوەی گۆڕان بە کردەوە توانی دەسەڵاتی گەندەڵ و دز و تالانچی میلیشیایی لەدەستی بزووتنەوە نارەزایەتیەکانی پێشوو رزگار بکات و پاشەکشە بە ویست و خواستەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان بکات. کارێک کە بۆ دەسەڵاتی یەکێتی وپارتی سەختر بوو، گۆڕان بە بانگەشەی درۆزنانە و فریوکارانە و خۆشباوەری جەماوەری بەم بزووتنەوەیە، توانی ئەنجامی بدات. لەو کاتەوە کە بزووتنەوەی گۆڕان چووە نا حکومەتی بنکە فراوان و بەکردەوە بووە بە شێک لە دەسەڵاتی گەندەڵ و دز و

سەرکوتگەر، رەوتی پاشەکشەی دەستی پێکرد و ئێستا ئەم رەوتی پاشەکشەیە تا دێت بەرەو خوار دێت و بزووتنەوەی جەماوەریش بە وەلانانی خۆشباوەریەکانی بە بزووتنەوەی شکست خواردوی حزبی گۆڕان، رەوتێکی روو لەسەر و تا رادەیەکی سەربەخۆ دەگێرێت. بزووتنەوەی کارمەندان و مامۆستایانی دوو مانگی رابردوو، سەرەتای وەرێکەوتنی سەرکەوتوانەی ئەم بزووتنەوەیەیە و دەبێ بە وشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. دیارە ئەمە دوبارە سەرەتای دەستبردنی رابەران و هەڵسوراوانی بۆ کاری رێکخراوەیی فەراهەم کردووە.

شەشەم: بە جیا لە هەموو ئەمانە دۆخێکی ئاکسیۆنیش زاڵە. ئەم دۆخە ئەوەیە کە هێشتا رابەران و هەڵسوراوانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، نمایشی تورەبوونی کاتی و کۆبونەوە و خۆپیشاندان و مانگرتنی کاتی و کورت مەودایان، هەیە بۆ گوشار خستنە سەردەسەڵات. هێشتا وەدیهێنانی هەندێک خواستی ئابوری و داوای کاتی کەشی زاڵە. ئەگەر ئەم دۆخە جێگای خۆی بدات بە خەبات و تێکۆشانێکی درێژ مەودا تر و بەردەوام بۆ داخوازیەکان و بەرگری لە مافەکانیان، بەناچار دەستبردن بۆ پێکهێنانی رێکخراوەی جەماوەریی و پیشەیی، دەبێتە ئەولەویەتی رابەران و چالاکوانانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان. هێرشی دەسەڵات کاتی و مەودا کورت نییە تا بەهەمان شێوە وەڵام بدرێتەوە. دەسەڵات هێرشی سیستماتیک و بەردەوام دەکاتە سەر کرێکاران و کارمەندان و داخوازی و مافەکانیان. بۆیە دەبێ بەهەمان شێوە ئەو دەسەڵاتە وەڵام وەربگرێتەوە. وەڵامێکی بەردەوام و خەباتیکی نەپساوە... بۆ ئەمەش پێویستە هەرچی زووە دەست ببەن بۆ پێکهێنانی رێکخراوەی سەربەخۆو ئازادانەی جەماوەری و مەبنای هەر رێکخراوەیەکی جەماوەریش لە بنەرەتدا بەرژەوەندی هاوبەشە بێ لەبەرچاوگرتنی ناسنامەی حزبی و سیاسی و بیروباوەر و ئایدۆلۆژی...تاد

دیارە دەکرێت هۆکاری تریش هەبن... بەڵام من لام وایە ئەمانە هۆکارە سەرەکیەکانن.

### موحسن کەریم:

بەڵێ من پێموایە کە رێکخراوبوون لەم ناڕەزایەتیانەدا لاوازە. رێکخراوبوون تەنها وەکو چالاکیەکی کاتی و سەرجادەیی دەبینرێت کە لەکاتی خۆیشاندانەکان و مانگرتنەکاندا دەردەکەون، نەک وەکو چالاکیەکی بەردەوام کە خۆی دوبارە دەکاتەوە و گەورە دەبێت و ستراتیژی کاری خۆی دیاری دەکات و میکانیزمە پایەدارەکانی بەرەنگاربوونەوە دەداتە دەستی جەماوەرەوە لە شوێنەکانی کار و ژیانیاندا. تەنانەت ئەو ناڕەزایەتیانە لە ناو توێژێکی وەکو مامۆستایاندا کە ئێستا پانتاییەکی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکان بەوان دەبرێت، خەریکە سەندیکای مامۆستایان کە سەر

بە حزبەکانی دەسەڵاتە، تێدەپەڕێنێ و بێکاریگەری دەکات، بەبێ ئەوەی لەجێگای ئەودا جۆرێک لە ڕێکخراوبوونی فراوانی خەباتکاری مامۆستایان بخاتەروو. بەڵام هاوکات هەوڵ هەیە بۆئەوەی کە ئەو کەموکوڕیە تێپەڕێنرێت و هەنگاو بەرەو ئەوە بنرێت کە فۆرمی ڕێکخراوی گونجاو لەناوەندەکانی کارو فەرمانگەکاندا و لەناو توێژە کەمدەرامەت و ناڕازیەکاندا بەدەست بهێنرێت.

ئەوەی وایکردوە ڕێکخراوبوون لەناو کرێکاران و فەرمانبەران و بەگشتی توێژە زەحمەتکێشەکاندا لاواز بێت، دەکرێ بەچەند خاڵێک ئاماژەی پێبکرێت: یەکەم؛ حکومەتی بەعس ڕێگای بە دروستبوونی ڕێکخراوی جەماوەری نەدابوو، لەگەڵ ئەوەدا خۆی چەندین سەندیکای زەردی بەناوی کرێکاران و توێژە زەحمەتکێشەکانی دیکەوە دروست کردبوو. ئەم نەریتە دوای هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی کورد، ڕاستەوراست گواسترایەوە بۆ کوردستانیش و حیزبە دەسەڵاتدارەکان سەندیکاو نەقابە و ڕێکخراوی "جەماوەری یان پیشەیی" خۆیان دروست کرد. دووەم؛ زاڵبوونی ئاسۆی ناسیۆنالیزمی کورد بەسەر فکر و زەینی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستاندا وایکردوە کە جیابوونەوەی ڕیزی سیاسی و بەرژەوەندی چینایەتی لەگەڵ بۆرژوازی کورددا بە هێواشی بچێتە پێشەوە. بەوپێیەش پێویستبوونی ڕێکخراوی سەربەخۆ هێشتا نەبوەتە ئەولەویەتێکی گرنگی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری بێبەش و چەوساوە. سێهەم؛ سەرباری ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە کۆمەڵگای کوردستاندا لەماوەی (١٠)ساڵی ڕابردوودا، بەڵام هێشتا کاریگەری دابەشبوونی کۆمەڵگای کوردستان بەسەر ئەحزابدا ماوەتەوە، بەهۆی ئەوەی کە ژیان و بژێوی خەڵک بەسترابوەوە بە ئەندام بوون و لایەنگری بۆ حزبە دەسەڵاتدارەکان. چوارەم؛ ئەو حیزبە بۆرژواییانەش کە بۆماوەیەک ئۆپۆزیسیۆنی حکومەتی پارتی و یەکێتی بوون، لەسەر هەمان بنەما و پێودانگ کاریان کردوە و ئامانجیان بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی سیاسی و دەسکەوتی مادی بووە بۆ بەرپرس و ئەندام ولایەنگرەکانیان. پێنجەم؛ لاوازی دەوری چینی کرێکار لەناو ناڕەزایەتیەکاندا و نزمیی ئاستی هوشیاری کۆمۆنیستی و سۆشیالیستی لەناو چینی کرێکار بەتایبەتی و لەناو بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەردا، فاکتەرێکی زۆر کاریگەرە لە بێبەشبوونی جەماوەری ناڕازی و ناڕەزایەتیەکان لە ئاستێکی گونجاو لە ڕێکخراوبوونی جەماوەریی سەربەخۆ.

هەروا پێم خۆشە سەرنجێک لەو قسەیەی هاوڕێ عەبدوڵا بدەم کە ئەڵێت (پیشمەرجی پێکهاتنی هەر ڕێکخراوەیەکی پیشەیی و جەماوەری و ڕادیکال و جێکەوتە، لە گرەوی بوونی هێزو بزووتنەوەی سیاسی و حزبی تا ڕادەیەک تواناداری...هەیە). وەکو پرەنسیپ ئەو بۆچوونەی هاوڕێ عەبدوڵا ڕاستە کە پێشمەرجی پێکهاتنی ڕێکخراوەی پیشەیی و جەماوەری بەندە بە بوونی بزووتنەوە و حزبێکەوە کە پۆتانسیێلی ئەو کارەی تێدا بێت و بەئەرک و ئەولەویەتی سیاسی خۆی دابنێ، بەڵام ئەوەندەی دەگەڕێتەوە بۆ تواناداربوونی ئەو بزووتنەوە و حزبەی بەو کارە

هەڵدەستیَ، ئیبهامێک دروست دەکات. ئایا تواناداربوون چ مانایەکی هەیە؟ ژمارەی ئەندامەکانی ئەو حزبەیە؟ ژمارەی کادرەکانیەتی؟ توانای مالی و هێزی چەکداریەتی، چونکە لە کوردستان دەسەلأت مۆرک و خاسیەتێکی میلیشیایی هەیە و مانای حزبێکی بەهێز زیاتر ئەو لایەنە دەگرێتەوە؟ یان بوونی رابەریەکی جەماوەری و ناسراو و موعتەبەرە لەناو کۆمەڵگادا؟ بوونی ریزێک لە کادران و هەڵسوڕاوانی ئەو بزووتنەوە و حزبەیە لەناو ناوەندەکان و توێژە نارازیەکانی کۆمەڵگا و لەپێگەی رابەرایەتی ناڕەزایەتیەکاندا و تاد....؟ من پێموایە پێشمەرجی دروستبوونی رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان بوونی ریزێک رابەری رادیکاڵ و سۆشیالیست و خاوەن نفوزە لەناو ناوەندەکان و فەرمانگە و خوێندگا و زانکۆکان و لەناو توێژە نارازیەکاندا.. خاڵی بەهێزی ئەو رابەرانەش ئەوەیە کە لەرووی سیاسیەوە لە حزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی و سۆشیالیستیدا خۆیان رێکخراو کردبێت. هەڵبەتە فاکتەرەکانی دیکە هەریەکەیان دەوریان هەیە لە بەهێزکردن و بەرینبوونەوەی بزووتنەوەی رێکخراوبوونی جەماوەری، بەلأم من پێموایە پێشمەرجی رێکخراوبوون بوونی کۆمەڵێک رابەری خاوەن ئاسۆی سۆشیالیستی و خەباتکارانەیە کە ئەولەویەتی خۆیانیان بۆ ئەو کارە دانابێت.

**دەشتی جەمال:**

سەرەتا من نازانم مەبەستی دیاریکراوتان لە"فۆرمی رێکخراوبوون" چیە؟ بەتایبەتی کە من پێم وایە هەر ناڕەزایەتیەکی جەماوەری بەبیَ فۆرمێکی سادەی ڕیکخراوبوون مومکین نییە بتوانی شکڵ بگرێت و پیَ بنێتە مەیدانەوە. ناڕەزایەتیەکانی ئێستا هەم لەئاستی رابەریەکەیدا و هەم لەئاستی بەشەکانی خوارەوەیدا خاوەنی فۆرمێکی رێکخراوبوونی سەرەتایی خۆیەتی، لەسەرەوە دەستەکان و گروپە ناڕازیەکان و لیژنە هاوبەشەکان کەبانگەواز بۆ خۆپیشاندان و کۆنگرەی ڕۆژنامەگەری هەرجۆرە چالاکییەک دەکەن. لەخوارەوەش کۆبوونەوەی گشتی فۆرمی سادەی ڕێکخراوبوونە کە ناڕەزایەتیەکان تیایاندا دەردەکەون. بەلأم ئەگەر مەبەستتان لە "فۆرمی ڕیکخراوبوون" شێوازێکی بالأتری ڕیکخراوبوونی جەماوەریە لەنموونەی شورا و سەندیکا و ئەنجومەن و کۆمیتەکانی مانگرتن و کۆنترۆڵیَ جەماوەری، کە بتوانیَ لەئاستی سەراسەری و محەلیدا ناڕەزایەتیەکان کۆبکاتەوە هێزێکی گەورە و فراوانی پێببەخشیَ، ئەوا دەتوانین بڵێین خودی ئەم مەسەلەیە خاڵێکی لاوازە کە بێگومان هۆکاری خۆی هەیە. لەوانە زاڵبوونی ئاسۆ و سونەتی ناسیونالستی خۆی وادەکات کە جەماوەی ناڕازی لەحالەتی ئاکسیۆندا ڕابگریَ و ڕێگەبگریَ لە یەکخستن و ئینسجام پێدانی ریزەکانی جەماوەر لەڕیکخراوی پایەداری جەماوەریدا.. هۆکارێکی تر لاوازی ڕەوتی رادیکاڵ و کۆمۆنیستی لە نێو بەشەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا... وەیان زۆر کەوتنە داوی

ئیدعاكان و تەبریرەكانی دەسەلات و حزبەكانی ترەوە كە هەرجارەی بەشێوەیەک خۆی دەنوێنێت، جارێک بە بەهانای "شەڕی داعشیان هەیە" جارێک گوایە "بەكاراكردنەوەی پەرلەمان" یا "ڕێكەوتنی حزبەكان" یا "بەگەرانەوە بۆ بەغدا"..و كەوتنە ژێر وەهمی ئەم ئیدعایانەش وایكردوە كە كاریگەری دابنێت لەسەر ناڕەزایەتیەكان و دابەشیان بكات لەنێو بەرژەوەندی جیاوازی لایەنە سیاسیەكان نەک ئەوەی كە سەرتاپای ئەو دەسەڵاتە بخاتە ژێر پرسیارەوە و بەرنامەی سیاسی ئەوان ڕەتبكەنەوە وڕێرەوی داواكاریەكانیان پێ بگۆڕن كە خۆی پاشەكشە پێكردن بە بڕیاری" پاشەكەوتی موچە وگێرانەوەی موچەكانیان"ە ..مەسەلەیەكی تر ئاڕاستەی داواكاری ناڕەزایەتیەكانە لە هەرجێگایەكدا پێویستە ڕاستەخۆ بەڕووی ئەو دەسەڵاتە بێت كە یەكەی ئیداری لەهەر شار و ناوچەیەكدا بەدەستەوەیە. كەمی ئەزمون وە هروەها پەلنەكیشانی ئەو ناڕەزایەتیانە بۆ هەموو ناوەندەكانی كار و بەرهەمهێنان و سازنەدانی كۆبوونەوەی گشتی لەو ناوەندانەدا و پاشان هەڵبژاردنی نوێنەرانی هەڵبژێردراو كە بتوانێت هەنگاو بە هەنگاو نوێنەرانی هەڵبژێراوی ناوەندەكان لە ئاستی سەراسەری و لۆكەڵدا بڕیار و تاكتیكی كارا و موناسب هەڵبژێرن بۆ بەردەوامی بە ناڕەزایەتیەكان و كۆنترۆڵیان بیت بەسەر ناڕەزایەتیەكانەوە.

مەسەلەیەكی تر ڕێكخراوەی جەماوەری و كرێكاری و پێكهێنانی سەندیكا و نەقابە، شوراو كۆبونەوەی گشتی،.. وەک ئامرازیكە بۆ داسەپاندنی خواست و داواكاریەكان لە پیناو باشكردنی هەلومەرجی ژیان یان باشكردنی هەلومەرجی كار نەک هەر قەدەغەیە لە كوردستاندا ڕێگا پێدراوە نەبوە گەر هەوڵێكیشدرابێت خراوەتە خانەی ئاژاوەگێڕیەوە. خاڵێكی تر نەبوونی سەراسەری كردنەوەی ناڕەزایەتیەكان لەبوارە جیاجیاكانی خەباتی ئابوری و سیاسیدا، پتەوكردنی هاوخەباتی و هاودەنگی و هاوپشتی نێوان ناڕەزایەتیەكان. لەمەش زیاتر لاوازی نارێكخراوەی و جێگاوڕێگای ڕەوتی سۆسیالیستی لە ناو چینی كرێكارو بزووتنەوەكەیدا ..بەڵام لەگەل ئەوەشدا ئەمڕۆ بێ ئیعتیباری یەكێتی مامۆستایان و سەندیكاكانی دەسەلات لە هەنگاو بەهەنگاو چونە پێشەوەی ناڕەزایەتیەكانی دەبینرێت دڵخۆشكەرە و هەوڵێكی جدی هەیە بە ئاڕاستەی ئینسجام پێدانی رابەرانی ئەم ناڕەزایەتیانەی ئێستا و دەرچون لە قاڵبی ئەجندای لایەنە سیاسیەكان. ئەم هەوڵە گرنگە گەشەی پێ بدرێت بە ئاڕاستەی پێكهێنانی ڕێكخراوی سەربەخۆ و ڕێكخراوەیەک كە نوێنەرایەتی واقعی خواستەكان و كۆمەڵگا بخاتە بەردەم ئاستانی ئاڵوگۆری گەورە وڕیشەیەیی.

**دیدگای سۆسیالیستی: هاوڕێ عەبدوڵا، خەڵكی بێبەش، مامۆستایان و كارمەندان ئەوەندە ناڕەزایەتیان دەربڕی و ئەوەندە هاتنە سەر شەقام و وەڵامیان وەرنەگرتەوە، ئێستا بۆچوونێك هەیە ئەڵێ، ''ئیتر هیچ شتێك لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە سوودی نییە،**

## ناڕەزایەتیەکانی کوردستان و ئاسۆ و ئامانجەکانی

کە دەستی گرتووە بە گوێ و چاویەوە"! ئایا لە کاتێکدا کە بەدیلێکی تر نەهاتۆتە پێشەوە، ئەم قسەیە ناگات بە نائومێدی؟ ئەی باشە گەر ئەم شێوازانە سوودیان نەبووە و نییە، چی تر بکرێ تاکو لانی کەم دەسەڵات ناچار بکرێ مل بە داوای دابینبوونی ژیان بدات؟ یاخود ئایا ناکرێ خەڵك خۆی بەدیلێکی ڕۆشن بخاتەڕوو لە کاتێکدا کە ئەزانرێ لە ئاستی ناوخۆییدا داهات و سەروەتێکی زۆر هەیە؟

### عەبدوڵا مەحمود:

هاتنە مەیدانی کارمەندان و مامۆستایان و بۆ خواستەکانیان، بەردەوامە و درێژەی هەیە و خەریکە دوومانگ تێدەپەڕێنیت. دەسەڵات ناچار بەسازش بووە، هاوکات هەراسی دەسەڵات لەم خۆپیشاندان و کۆبونەوە و بایکۆتە کە ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەبێت و پەتی تەحەمولی دەسەڵاتی بەرەو پچران دەبات. وەڵامی سەرکوتکەرانەی ١ی دیسەمبەر، دەست ئاوەڵاکردنی بەڵتەجیەکانی کوردایەتی بۆسەر رابەران و هەڵسوراوانی خۆپیشاندانەکان، دەستبردنی خێڵەکیانە و ئاغاواتی بۆ ماڵ و مڵکی چالاکوانان وەکو سوتاندنی سەیارە و تالانی...تاد. نیشان دەدات کە بێ ئومێدی و هیوابڕاوی لەلایەن بزووتنەوە ناڕەزایەتیە جەماوەریەکانەوە نەک نییە، بەڵکو ئەوە دەسەڵاتە رووی لە پاشەکشەو ملدان و هاوکات دەستبردنە بۆ سەرکوتی بێپەردەی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکان. بزووتنەوەی ناڕەزایەتی کرێکاران و کارمەندان و مامۆستایان، ناتوانێ بێ ئومێد بێت. راستە گرفت و کێشەی هەیە، راستە هێشتا وەکو پێویست وەڵامی یەکلاکەرەوەیان بەدەسەڵات نەداوەتەوە، بەڵام راستی ئەوەیە سوربوونی کارمەندان و مامۆستایان و بەردەوامی دانیان بە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکان، نیشانەی ئومێدەواربوون و گرەوکردنە لەسەر سەرکەوتن و چۆک دادان بەدەسەڵات. لەوانەش بترازێت خەڵکی کرێکارو زەحمەتکیش، مامۆستایان وکارمەندان، لە درێژەدان بە خۆپیشاندان و بایکۆت و کۆبونەوەکانیاندا، هیچ لەدەست نادەن، وە هیچیان نییە لەدەستی بدەن، بەپێچەوانەوە بێدەنگ بوونیان، دەبێتە هۆی لەدەست دانی ژیان و گوزەرانی خۆیان و خێزانەکانیان. ئاخر ئەگەر دەسەڵات وەڵام بە خواستەکانیان نەداتەوە وە ناچار بە وەڵامدانەوە نەکرێت، ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان دەکەوێتە مەترسیەوە. دەسەڵات ئەگەر وەڵام بداتەوە و دەبێ بیداتەوە، هیچ لەدەست نادات، جگە لەوەی بەشێک لەخواست و ویستی دزراو بەناچاری لە ژێر گوشارو هێزدا، دەگێڕێتەوە.

چەند راستی پێویستە پەنجەیان بخرێتە سەر سەبارەت بەوەی بۆچی دەسەڵات زوو چاوی نەکردەوە و گوێکانی هەڵنەخست، بەدیاریکراوی بۆچی دەسەڵات لەسەرەتادا خۆی کەڕو کوێر کرد؟ یەکەم هۆکار ئەوەیە کە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکان و بایکۆت بە شێوەی سەرەکی لە

زونی سەوزو نیلییە. دیارە ئەمەش لاوازی نییە و نابێ سەرزەنشتی خەڵکی ئەم زونە بکرێت، وەکو میدیای نۆکەر هەندێک نووسەر باسی دەکەن. راستیەک هەیە دەبێ وەکو نەوتراوێک بوترێت. ئەویش ئەوەیە دۆخی دوو زونی سەوزو زەرد، دوو دۆخی جیاوازی نێوان دوو دەسەڵاتی جیاوازن. ئەگەر هەرێمی کوردستان یەک جغرافیای دیاریکراوە، بەڵام ئەم جغرافیایە دوو دەسەڵاتە و بەرەو دوو کۆمەڵگاش پاڵ دەنرێن. رووبەڕووبونەوەی ئەم دوو دەسەڵاتەش لەیەک کاتدا ئەگەر نەڵێم مەحاڵ بەڵام دەتوانم بڵێم ئەستەمە. ناکرێ لەیەک کاتدا چاوەڕوانی ئەوە بکرێت لە دهۆک هەولێر و سلێمانی خۆپیشاندان بۆ یەک پرس لەیەک کاتدا بکرێت. تەنانەت روبەڕوبونەوەی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکانیش جیاوازە. عێراق و کوردستان چۆن تا هاتووە لەیەک دوور کەوتونەتەوە، و بوونە دوو کۆمەڵگای جیاواز، مامەڵەی دەسەڵاتی جیاواز و بە ئەجندای جیاواز و بە خۆبەستنەوەی ناوچەیی جیاواز، کۆمەڵگای شەق کردووە ئەم شەقکردنەش بە ئاقاری لێک دوور کەوتننەوەی زیاتری نێوان جغرافیای زونی سەوزو زەردە لەگەڵ یەکتری. لەزوونی زەرد دەسەڵات زۆرتر یەک قوتبیە و لەزوونی سەوز چەند قوتبیە. هەر ئەمەش وای کردووە کەشی ئاواڵەی سیاسی لە زونی سەوزدا، ئاوەڵاتر و لە زونی زەردا داخراوتر بێت. کۆنترۆڵی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی لە زونی زەردا یەک هێزی خاوەن تەمەرکوز ئەنجامی دەدات. لەزونی سەوزدا دەسەڵاتێکی نامتەمەرکیز. دیکتاتۆریەت و سەکوت لەزونی زەردا، ئاسانتر بەڕیوە دەبرێت تا زونی سەوزی جێگای مملمڵانێی دەسەڵات. لە زونی زەردا دەسەڵات بۆ پارتی یەکلایی بۆتەوە، لە زونی سەوزدا جەنگ بۆ یەکلایی کردنەوەی دەسەڵات، کورەکەی گەرمە. هەموو ئەمانە مامەڵەی جیاواز و دۆخی ئەم دوو زونەی لەگەڵ یەک جیاواز کردووە. کەسانێک کە لایان وایە هەولێر و دهۆک شامی شەریف و خاڵی لە تورەیی و ناڕەزایەتییە، هۆکارەکەی تینەگەیشتن و روکەش روانینە بۆ ئەم ئاڵوگۆڕانەی لە ٣١ ئابی ١٩٩٦ وە، بەدواوە تا هاتووە ڕویانداوە.

لەناو واقعیەتێکی ئاوادایە، کە باڵای خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی لە زونی سەوزدا، بڵندتر و زیاتر و فراوانترە. دەسەڵات لەزوونی سەوزدا" یەکێتی و گۆڕان" لەسەرەتادا هەموو هەوڵیان ئەوە بوو دۆخی کرێکاران و کارمەندان و مامۆستان ناڕەزایەتیەکان، بگێرنەوە بۆ ململانی سیاسی نێوان خۆیان و پارتی و لەو رێگایەشەوە رووی داوا و داخوازیەکانی کارمەندان و مامۆستایان، لە خۆیان دوور بخەنەوە و ناڕەزایەتیەکانی زونی سەوز ئاڕاستەی پارتی بکەن. ئەمەش بەکردەوە هەم شانی دەسەڵاتی لە زونی سەوزلە بەرپرسیارێتی خاڵی دەکردەوە هەمیش هیچ ئازار و کاریگەرییەکی بۆسەر دەسەڵاتی پارتیش نەبوو کە دەسەڵاتی زون و جغرافیایەکی دوورو دابراو لە زونی سەوزو نیلییە. ئەمە یەکێک لە لاوازیەکانی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکانی کارمەندان و مامۆستای بوو لە سەرەتادا. دووەم: ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کورد، حزبی گۆڕان و ئیسلامیەکان،

## ناڕەزایەتیەکانی کوردستان و ئاسۆ و ئامانجەکانی

لەسەرەتای خۆپیشاندانەکاندا، چ وەکو هەڵسوراوانیان و چ وەکو بەرپرس و ئەندام پەرلەمانە تەسەلەکانیان، خۆیان خزاندبووە خۆپیشاندان و ریزی بایکۆت و کۆبونەوەکانەوە، هەموو هەوڵیان ئەوە بوو، داوا و خواستەکانی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی بەلاڕێدا بەرن بەوەی کە هۆکاری ئەم کێشانە و ئەم دۆخی گرانی و بێ موچەییە، هۆکارەکەی پرسی سەرۆکایەتی هەرێم و پەکخستنی پەرلەمانە، تا لەو ڕێگایەوە داوا و داخوازیە رەوا و رۆشنەکان لە بیر ببەنەوە پرسێک کە کێشەی حزبەکان و خانەوادەی بۆرژوازی کوردە نەک هی خەڵک، بە باڵای خەڵکی کوردستان ببڕن. وە هەموو هەوڵێکیان دا بیکەنە دەستمایە و سەرمایەی گوشاربردن بۆ پارتی تا لەململانێی سیاسیدا، باڵانسی هێز بەقازانجی خۆیان بگۆڕن و پارتی ناچار بە بەشێک لە خواستە سیاسیەکانی خۆیان بکەن. ئەمەش لاوازیەکی تر بوو، بەڵام ئەم وەهمەش تا رادەیەکی زۆر رەوێنرایەوە و ئێستا دەسەڵاتی زونی سەوز و نیلی زۆرتر نیشانەیە.

سێیەم: حزبی گۆڕان و بەشێکی قسەکەرانیان، بۆ دەربازکردنی دەسەڵات یەکێتی هاوپەیمانی ئێستایان و بۆ دورخستنەوەی بەرپرسیاریەتی خۆیان لە وەڵام دانەوە بە خواستی مامۆستایان و کارمەندان. هەوڵیاندا ئەمجارە رووی خواستەکانی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی بگوازنەوە بۆ بەغدا و داوای موچە لە عەبادی بکەن. ئەمەش زۆر زوو وەکو گاڵتەجاریەکی تێپەر، تێپەری... لای هەموو کەس و رۆشنە پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێران و تورکیا نزیکترە تا حکومەتی بەغدا. پارتی هیندەی لە تورکیاو یەکێتی هیندەی لە ئێران نزیکن، هیچیان نیو ئەوەندە نزیکایەتیان لەگەڵ بەغدا و حکومەتی فیدراڵی نییە. بۆیە تەرحێکی ئاوا، گەمژانە و بنەماکەی هەڵچوونی هەرزەکارانەیە، هەر بۆیە زوو کۆتایی پێهات.

تیپەڕاندی هەموو ئەمانە و لە مەیداندا مانەوەی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری کارمەندان و مامۆستایان، لەلایەکەوە نیشان دەدات بێئومێدیەک لەئارادا نییە و لە لایەکی تریشەوە ئاماژەیەکی رۆشنە بۆ چوونەپێشەوەی ناڕەزایەتیەکە و دورکەوتنەوە لە ئاسۆی حزبەکانی بزووتنەوەی بۆرژوا ناسیونالیزمی کورد. ئەم دابڕانەش لە بزووتنەوەی بۆرژوازی کورد و ئۆپۆزیسێۆنەکەی، ئێستا هەرەشەیەکی جدییە لە سەر دەسەڵاتی زونی سەوزو نیلی، بۆیە ئێستا کە کاریگەری ئەم بزووتنەوەیە دەرکەوتووە و چۆتە ئاستێکی باڵاترەوە، ئەم دەسەڵاتە بە یەکێتی و گۆڕانەوە، لەهەوڵی سەرکوتکردنیدان و دەست لە هیچ کردەوەیەکی سەرکوتگەرانەی بەعس ئاسا ناپارێزن. دیارە پارتیش هەموو هاوکارییەک بۆ سەرکوتی ئەم بزووتنەوەیە پێشکەشی یەکێتی و دەسەڵاتی زونی سەوز دەکات، چونکە کاریگەری ئەم بزووتنەوەیە لەسەر زونی زەرد و تورەیی ئەم زونە دەبێت و هەر ئێستاش هەیەتی.

پێویستە ئەم بزووتنەوەیە، ئەو راوەستاوی و جەرائەتە لەخۆی نیشان بدات لە ١ دیسمبەر نیشانیدا و لەوەش واوەتر دەبێ تواناییەکانی زیاتر بکات لە ڕێگای راکێشانی پشتیوانی کرێکارانی ناوەندە کرێکارییەکان و بەشەکانی تری چینی کرێکار و کارمەندانی ناوەندەکان و کەسو کاری خوێندکاران و بەدەست هێنانی پشتیوانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی تری وەکو لاوان و ژنان و... تا دەگاتە راکیشانی پشتیوانی بزووتنەوە پشکەوتنخوازو ڕێکخراوە کرێکاریی و جەماوەرەیەکانی دنیای دەرەوە بۆ خواستەکانی خۆیان و گوشار هێنان بۆ دەسەڵات، تا هەرچی زوترە مل بە خواست و ویستی ڕۆشنی کامەندان و مامۆستایان، بدات.

تا ئەوجێگایەش باسی شێوازی ترو بەدیلی تر دەکرێت، بێگومان بەدیل و شێوازی تری خەباتکارانە لە درێژەی ئەم خەباتەی ئێستادا، دەتوانرێت خۆیان نیشان بدەن. بەڵام لە ئێستادا، بەدیاریکراوی دەست بردنی کارمەندان و مامۆستایان بۆ ڕێکخراوبوون، لە ڕێکخراوەی سەربەخۆیی خۆیاندا، ئەرکێکی هەرە لەپێشی رابەران و هەڵسوراوانی کارمەندان و مامۆستایانە، کە ڕێکخراوەی سەربەخۆی و جەماوەری و پیشەیی خۆیان پێکبهێنن، کە مەبناکەی پارێزگاری بێت لە بەرژوەندی هاوبەشی کارمەندان و مامۆستایان، بێگوێدانە ناسنامەی حزبی و دینی و بیروباوەری سیاسی...تاد. پێکهێنانی ڕێکخراوەی کارمەندان و فەرمانبەران، پێکهێنانی ڕێکخراوەی مامۆستایان، ئەولەویەتی کاری بزووتنەوە نارەزایەتیەی کارمەندان و مامۆستایانە. دیارە دەستبردنی رابەرانی کرێکاریش لە ناوەندەکانی بەرهەم هێنان و کارگەکاندا، بەتایبەتیش رابەرانی سوسیالیست، ئەرکێک و پێداویستیەکە کە ڕۆژ بەرۆژ خۆی دەسەپێنێت. جەماوەری پرژ و بڵاو، کرێکاران و کارمەندان و موچەخۆرانی نارێکخراو، بە نارێکخراو بوون و لە دەوری یەک نەبوونیان، ناتوانن هێزی واقعی خۆیان و کاریگەری خۆپیشاندان و مانگرتن و کۆبونەوەکانیان وەکو خۆی ببینن و بناسن.

**دیدگای سۆسیالیستی: لە دواى هەستانی جەماوەری ١٩٩١ ەوە خەڵك ئەزمونی لەگەڵ شەڕی ناوخۆ، بەشکردنی دەسەڵات، پەرلەمان و گۆڕینی دەموچاوەکان، سەرهەڵدانی گۆڕان و قوتبوونەوەی زیاتری ئیسلامیەکان بە ناوی ئۆپۆزسیۆنەوە.... هتد کەچی هەر قەیرانە و هەر بارودۆخی ژیانی کۆمەڵگا زیاتر بەرەو هەڵدێر ڕۆیشتووە. ئیتر قسە هاتۆتە سەر گۆڕانکاری ڕیشەیی. سیماکانی ئەم گۆڕانکاریە چیە و بە کێ ئەکرێ؟ واتە داینەمۆ و توخمی چالاك بۆ ئەم ئاڵوگۆڕە، کە هەموو ڕۆژێك پێویستی خۆی نیشان ئەداتەوە، چیە؟**

# نارەزایەتیەکانی کوردستان و ئاسۆ و ئامانجەکانی

**عەبدوڵا مەحمود:**

هۆکاری قەیرانە نەبراوەکان و کۆمەڵگا بەقەیران ئاڵودەکردن، بەرهەمی دەسەڵاتی بۆرژوا ناسیونالیستی کوردو ئۆپۆزیسۆنی بۆرژوازی کوردە. جەنگی ناوخۆ، سەرهەڵدانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی بۆگەن لە هەناوی دەسەڵاتی گەندەڵی بۆرژوازی خۆیدا، بە قەومی و ئیسلامیەوە، ئاکامی راستەوخۆی قەیرانی دەسەڵات و حکومداری ناسیونالیزمی کوردە لە بەرێوەبردنی کۆمەڵگا و ناکاراییەتی لە وەڵامدانەوە بە سەرەتاییترین ویست و داخوازی خەڵکی کوردستاندا. ئەم دەسەڵاتە بە شەڕو بە ئاشتیەوە، بەحکومەتی هاوبەشی و پشت بەستو بە رێکەوتنی ستراتیجی، بە دوو حکومەتی بۆ هەردوو زونی سەوز و زەرد، تا دەگات بە حکومەتی بنکە فراوان و بەشداری ئۆپۆزیسیۆن تیادا...تاد. وەکو چەندین تەجروبە شکستی خۆیان نیشاندا و تاقیکرانەوە، نەک هەر ئەوە بەڵکە سەرجەم ئەم ئەزموونە، ئەزمونێکی شکست خواردوە و قابیلی هیچ جۆرە چاکسازیەک نییە. وە ئاڵوگۆری دەسەڵات لە کوردستاندا، کە خاڵییە لە سیستەمی حکومڕانی و دەوڵەتداری و یاسایی، ناکرێت ئاڵوگۆر لە رێگای هەڵبژاردنەوە بکرێت... بە قەولی تۆنی کلیف لە دیموکراسی بۆرژواییدا ( ئەگەر مرۆڤیک لە تیکرایی ژیانی خۆیدا ١٠ جار دەنگ بدات، ئەوا دەشێت بڵێین ئەوکەسە بۆ ماوەی نیوسەعات گەمەی دیموکراسی کردووە). ئەمە لە کوردستان و ژێر سایەی دەسەڵاتی میلیشیاییدا زۆر پوچتریشە... گەمەی هەڵبژاردن و دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە رێگای هەڵبژاردنەوە، کایەیەکی فریودەرانەی حزبی دەسترۆشتووە بۆ فریودانی راگشتی و دنیای دەرەوە. تەنانەت شۆڕش لە کوردستاندا، بەشێوەی ئاسایی و بەو جۆرەی لە کۆمەڵگایەکی خاوەن دەوڵەت و حکومڕانی بۆرژوازیی ئاساییدا، روودەدات، ناتوانرێت روبدات و میکانیزمی تایبەتی خۆیی هەیە... "کە ئێرە جیگای ئەو باسە نییە"

لە ١٧ شوباتی ٢٠١١ وە کە بە ئیلهام لە "بەهاری عەرەبی" و شۆرشی وڵاتانی باکوری ئەفریقیا، رویدا... تا هاتووە پرسی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ناسیونالیزمی، فراوانترو فروانتر دەبێتەوە. نەفرەت و تورەیی لەم دەسەڵاتە چۆتە ئاستی باڵاترەوە. باوەرهێنان بەوەی کە یەکیتی و پارتی و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کورد و حزبی گۆران و ئیسلامیەکان، ناتوانن وەڵام بە گرفتەکانی کۆمەڵگا بدەنەوە و تا دێت بەرەوسەر دەچێت. تەماشای ئەم دروشمانە بکەن کە بەم دوایە لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە بەرزکراونەتەوە (کێ کوردستانی فەوتان پێنچ حزبەکەی پەرلەمان، موچە لە بەغدا نیە لای یەکێتی و پارتیە، خەڵک لەسەر جادەیە بۆ خەبات ئامادەیە، بە یەکێتی و بە گۆڕان سلێمانیان دۆڕان، ئەی حکومەتی بێ کارا خەڵک لێتان بێزارە، نە مەسعود نە عەبادی نان شکۆ ئازادی، سەرۆکی هەرێم ترۆیە پەرلەمانیش پەرۆیە).

ئەمە بەڕۆشنی نیشانی دەدات کە خەڵکی ناڕازی کوردستان، هەموو حزبەکانی خانەوادەی بۆرژوازی بە بەرپرس دەزانن. هەموویان بە هۆکاری دۆخی نەخوازراو قەیراناوی کوردستان لەقەڵەم دەدەن. پارتی و یەکیتی شکستیان خوارد، خۆشباوەری بە گۆڕان و ئیسلامیەکان، تا رادەیەکی زۆر رەویوەتەوە کۆمەڵگا لە بۆشاییەکی گەورەی حکومداری و ئیدارەداندا پەلوپۆ دەکوتێت. ئایندەی سیاسی کوردستان، لەناو هەڵچون و داچونەکانی ناوچەکە، لە پەیوەند بە حکومەتی فیدرال لە پەیوەند بە وڵاتانی ناوچەکەوە، نادیارە. هەموو هێزو لایەنە سیاسیەکانی ناو خانەوادەی بۆرژوازی کورد، دەستەوەستانن لە وەڵامدانەوە بەکۆمەڵێک گرفت و کیشەی سیاسی و حکومداری تا دەگات بە وەڵامدانەوە بە ژیان و گوزەرانی خەڵکی. وە هەموویان بنبەستن لە نیشاندانی ڕێگا چارەیەکی کارساز بۆ ئایندەی سیاسی خەڵکی کوردستان... ئەمانە هەموویان بونەتە مەبنای پێداویستی ئاڵوگۆری ریشەیی لە کوردستاندا. ویستی گۆڕانی ریشەیی، ویستێکی کۆمەلایەتی و جەماوەرییە، کێ وەڵام دەداتەوە کێ دەبێت فریاد رەسی کۆمەڵگای کوردستان؟ کۆمەڵگا چی دەخوازێت؟

بێگومان لە روانگەی چینی کرێکار و حزبی مارکسی ئەودا، چارەسەر ئاڵوگۆری ریشەییە لە بنیادی سیستەمی سیاسی و حکومرانی و توڕدانی هەموو ئەو ئەزمونەیە کە لە ساڵی ١٩٩١ وە تا ئێستا درێژەی هەیە. ئەم ئەزمونەی بزووتنەوەی کوردایەتی کە بەرهەمی ملهوری و جەنگ و وێرانکاریی کۆمەڵگا و داروخاندنی ناوچەییە. ئەم ئاڵوگۆرە تەنها بە شۆڕشی لە خوارەوەی بێبەشان، چینی کرێکاری رێکخراو و جەماوەری زەحمەتکیشی یەکگرتوو دەکرێت. دیارە شۆڕشی کرێکاریش لە خۆیەوە رونادات و پێناگرێت. پێویستی بە حزبی سیاسی کۆمۆنیستی و مارکسی هەیە. کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی بزووتنەوەی کوردایەتی پێشمەرجی هەر شۆڕش و ئاڵوگۆرێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییە. چونکە ئەم دەسەڵاتە ڕێگری سەرەکی هەر ئاڵوگۆرێکی جدی و بەرچاوە لە کۆمەڵگادا. شۆڕش تاکە وەڵامە کە سەرەتا دەبێ ئەم دەسەڵاتە بە میکانیزمی گونجاوی خۆی رابماڵێت و لە جێگایدا، دەسەڵاتی هاوبەشی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکیش، جیگای بگرێتەوە. سیستەمێک دابمەزرێنێت کە ئازادی ئینسان مەبنا بێت و ژیانی تەسەل و خۆش گوزەران و ئازاد و بەرابەر، ژیانی هەموو تاکەکانی بێت. بۆئەوەی بە ئاقاری شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکارو لەخوارەوەی کۆمەڵگادا، هەنگاوی بەکردەوە و کۆمەڵایەتی بنرێت. سەرەتا پێویستە چینی کرێکار و توێژەکانی کۆمەڵگا، لە رێکخراوەی جەماوەری و پیشەیی حزبی خۆیاندا رێکخراوبن. نوێنەرانی واقعی خۆیان لە کەشی ئازاد و کۆبونەوەی گشتی خۆیاندا هەڵبژێرن. هەروەها حزبی سیاسی یان دەبێت خاوەنی رێکخراوەی حزبی شۆڕشگێر لە ناوەندە کرێکاریی و چارەنوسسازەکان و گەرەکەکاندا بێت، یان خاوەنی ماشێنێکی گەورە و فراوانی

هوشیاردەرانە و ڕێکخراو و ڕاگەیاندنی سەراسەری بێت، کە باوەری زاڵی کۆمەڵگا، بگۆرێت بە باوەڕی پێویستی دەستبردن بۆ شۆڕش و هەڵتەکاندنی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی مەوجود. بەو هێزە ڕێکخراو و هوشیار و ساختارە حزبیەی لە ناوەندکانی بەرهەمهێنان و گەرەکەکاند، پێک دێت. دەتوانرێت گوشار لەدوای گوشار و پاشەکشە بەدوای پاشەکشە بە دەسەلات و تواناییەکانی بکەن و سەرئەنجام لە درێژەی خەباتێکی نەپساوەی بەرچاو رۆشندا، هاوسەنگی هێز لە هەموو کارگە و کارخانەکانی بەرهەمهێنان و هەموو ناوەندە خەدەمیەکان و گەرەکەکاندا، بە قازانجی خۆیان و ئامانجەکانیان بگۆڕن، وە ئەم هێزە ڕێکخراو و یەکگرتووە تابکرێ سەراسەری بکرێت و لێکهەڵبپێکرێت و نوێنەرانی هەڵبژێردراوی هەر کارگە و کارخانەیەک، لەگەڵ نوێنەری کارگە و کارخانەکانی تر نوێنەرایەتی کرێکارانی شار و پاشان چەند شار و هەرێمی کوردستان، وەکو نوێنەری هەڵبژێردراوی کۆمەڵگای کوردستان، هاوشان لەگەڵ نوێنەری هەڵبژێردرواى ناوەندە خەدەمی و گەرەکەکاندا، نوێنەرایەتی جەماوەری، جەماوەری سەراسەری کوردستان بن و لەکات و زەمەنی دیاریکراودا... بریاری دەستکۆتاکردنی بۆرژوازی لەدەسەلات بدەن و دەسەلاتی جەماوەری ڕێکخراوی کرێکاران و کارمەندان و خەڵکی ستەم لێچوو، جێگای دەسەلاتی سەروخەڵکی ئەو کەمایەتیە بگرێتەوە، کە کۆمەڵگای بە ئەزمون و دەسەلاتێکی تالانچی و سەرکوتکەرەوە، توشی دەیان دەردەسەری و کوێرەوەری و بێمافی کردۆتەوە. دیموکراتیەتی زوربە" واتە چینی کرێکاری ڕێکخرواو هۆشیار" بۆ تیکشکاندنی پەلەقاژەی کەمایەتیەکی دەسەلاتدار و دەزگا و هێزە چەکدارو و جاسوسیەکان و هەموو هەوڵەکانی، دەست بۆ هەموو شێوازو ڕێگاکانی خەباتکارانە ببات و کۆتایی بەم دەسەلاتە سەرو چینایەتی و ملهورە بۆرژوازییە بهێنێت و لە جیگایدا، سیستەمی سۆسیالیستی، لەسەر وێرانەی سیستەمی داروخاوی بۆرژوازی بنیات بنرێت. ئەمە ڕێگا چارەی سەرەکی و ئاڵوگۆری بنەرەتی و بەرابەری هێنەری ئابوری و زامنی ئازادی و مافە ئینسانیەکانی. دیارە وەکو وتم ئەمە کە شۆڕشی کرێکارییە بە بێ حزبی سیاسی و کۆمۆنیستی جێ متمانەی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکیش و تواناداار و بەرچاو ڕۆشن، مەحالە. دیارە ئەلگوی تر و شیوەی دەسەلاتداریتی تریش هەیە، وەکو کۆتاییهێنان بەدەسەلاتی میلیشیایی و دامەرزاندنی کۆمەڵگایەکی سکیولاری غەیرە قەومی و دەرکێشانی کوردستان لەو گێژاوەی تیایدا ڕاگیراوە بەهۆی فدرالیزمی قەومی و جیاکردنەوەی لە عێراق... ئەلگۆیەکی تر و شێوازێکی تری حوکمرانییە. کە هەموو هاولاتیان لەبەرامبەر ماف و یاسادا، یەکسان تەماشا بکات. ئەمەشیان بەبێ حزبی سیاسی لانی کەمی مۆدێرن ئیمکانی زۆر سەختە. لە دۆخی سیاسی ئێستای کوردستاندا، چونکە هیچ حزبێکی عەلمانی بوونی نییە، دیسان ئەرکی دامەزراندنی سیستەمێکی سکیولاری غەیرە قەومی، کاری حزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکارە. کاری حزبێکە کە دەبێ

کوردستان لەو گێژاوەی بە هۆی لکاندنی بە عێراقی عروبی ئیسلامیەوە، دەربهێنێت و جیابونەوەی کوردستان لە عێراق و پێکهێنانی وڵاتیکی سەربەخۆ، بکاتە مەبنا، کە دیسان ئەمەشیان بەبێ دەستکۆتاکردنی ڕێگریەکانی بەردەمی ممکن نییە. خودی دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد کۆسپێکی سەرەکی بەردەم ئەم ویستە و خواستی جیابونەوەی کوردستانن لە عێراق و دامەزراندنی دەسەڵاتی پشت بەستوو بە جەماوەری خەڵکن. بۆیە لەهەموو حالەتێکدا چ بەوەی شۆرشی کرێکاری ئەنجام بدرێت و چ بەوەی لەجێگای دەسەڵاتی ئێستا سیستەمێکی سکیولار دابمەزرێت... بە بێ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی و ئەنتەرناسیونالی خاوەن هێز و توانا ناکرێت. ئەمەش ئەرکی بە هێزکردنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەخاتە سەرشانی کۆمۆنیستەکان، بۆ ئەوەی لەم دۆخی داکشان و پڕ ئاڵوگۆرەدا، هەنگاوی پێویست بنێت. دیارە ئەم هەلومەرجە ناسەقامگیر و پر داکشان و هەڵکشانە دەتوانێت لە ساتی دیاریکراوی خۆیدا، حزبی زۆر بچوک گەورەبکات و پێشرەوی پێ ببەخشێت و حزبی زەبەلاحی گەورەش کەنار بخات. ئەگەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان ئامادەیی بۆ وەڵامدانەوە بە دۆخی کوردستان لەخۆی نیشان نەدات و سیاسەت وپرۆژەی دیاریکراو و نەخشەی بەکردەوە و رابەری ئامادەیی نەبێت بۆ روبەروبوونەوەکان، ئەوا رەوتی داکوژان دەپێوێت و ... پێویستی پێکهێنانی حزبێکی تری کۆمۆنیستی کە ئەرکی شۆرشی کرێکاری و گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی ئامانجی بێ ئەمماو ئەگەری بێت، دەکاتە پێداویستیەکی حاشاهەڵنەگر.

## محسن کەریم:

من سەرنجێکم هەیە لەسەر ئەو مەسەلەی ئەلگۆی حکومەتی سکۆلار و غەیرە قەومیە. منیش هاوڕام لەگەڵ هاورێ عەبدوڵا کە لەروانگەی چینی کرێکارەوە بەدیلی دەسەڵاتی میلیشیایی بۆرژوازی کورد، دامەزراندنی دەسەڵاتی چینی کرێکارە. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا هاوڕانیم کە ئەم بەدیلە وەکو ئەلگۆیەک بخاتەروو، وە حکومەتێکی سیکولارو غەیرە قەومیش وەکو ئەلگۆیەکی دیکە. من پێموایە کە ئێمە لەنێوان دوو ئەلگۆدا یەکێکیان هەڵنابژێرین. ئێمە وەکو کۆمۆنیست و سۆشیالیستەکان، ئەلگۆیەکی دەسەڵاتداریێتیمان هەیە کە حکومەتی کرێکاریە. پێشمانوایە کە تەنها ئەم ئەلگۆیە ئەڵتەناتیڤی دەسەڵاتی بۆرژوازیە، جا پەرلەمانی بێت یان سەربازی یان هەرجۆرێکی دیکە. بەڵام ئەوەی وادەکات ئەلتەرناتیڤێکی دیکە قبوڵ بکەین بۆ ئەم قۆناغەی ئێستا وەکو هەنگاوێکی راگوزەرو ئامادەسازی بۆ دامەزراندنی ئەڵتەرناتیڤ و ئەلگۆی حکومەتی چینی کرێکار، هاوسەنگی هێزی چینایەتی و ئاستی ئامادەیی سیاسی- رێکخراوەیی چینی کرێکار و جەماوەری

زەحمەتکێشە. لەو روەوەیە کە ئێمە خوازیاری حکومەتێکین لە کوردستان کە غەیرە قەومی و غەیرە دینی بێت. ئەوەش بە هیزێکی بۆرژوازی سیکولار ناکرێ ئەگەریش هەبێت. چونکە خاسیەتی حکومەت دوو خاسیەتە نەک یەک دانە، نەک تەنها سیکولار. خاسیەتێکی زۆر گرنگتری ئەوەیە کە غەیرە قەومی بێت. هیچ حزبێکی بۆرژوازی لەکوردستان ناتوانێ رانکوچۆغەی کوردایەتی لەبەرنەکات و دەست نەبات بۆ بڵاوکردنەوەی خۆشباوەڕی و چەواشەکاری و پڕوپاگەندەی قەومی. بۆیە لەو روەوە، منیش وەکو هاورێ عەبدوڵا پێموایە کە ئەو کارەش هەر لە ئەستۆی چینی کرێکار و کۆمۆنیزمە کە کۆتایی بە خاسیەت و پێناسەی دینی و نەتەوەیی حکومەت و دەوڵەت بهێنێ لە کوردستان.

**دیدگای سۆشیالیستی: هاورێ محسن، لە ناڕەزایەتیەکانی ئەم دواییانەدا جۆرێك دەستبرا بۆ کاری لۆکاڵی ناو ناوەندەکانی کار و دەستە و شێوازی خۆکۆکردنەوەی لەو ئاستانەدا لێ بەرهەم هات، وەك نمونەکانی خەستەخانەکان و فەرمانگەی باج و... لایەنەکانی بۆرژوازی بە تایبەتی گۆڕان لە هەوڵدانیاندا بۆ بەلاڕێدابردنی ناڕەزایەتیەکان ئەیەوێ دوبارە بیباتەوە سەر شەقام و دروشمی گشتی و ناوەخت و ناڕۆشن کە کۆمەك بە پڕۆژە سیاسیەکانی خۆی ئەکات، زاڵ بکات بەسەریدا. سەرەتا ئەو سیاسەتەی ئەوان چ زیانێکی هەیە بۆ ناڕەزایەتیەکان و پاشان کرێکاران و کارمەندان و مامۆستایان چۆن بەرپەرچی ئەم سیاسەتە بدەنەوە، لە کاتێکدا کە ڕۆشن بووە کە تەنها بایکۆت و خۆپیشاندانی گشتی (بە هەندێ دروشمی ناڕۆشنەوە) نەیتوانیوە ناڕەزایەتیەکان بە سەرئەنجام بگەیەنێ؟**

## محسن کەریم:

ناڕەزایەتیەکان لە ناوەندەکان بەشێوازی جۆراوجۆر بەردەوامە، بەڵام هەندێ ئاڵوگۆڕ رویداوە کە کاریگەری داناوە و ناڕەزایەتیەکان لەناوەندێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازیەکی پەیدا کردوە. بۆ نمونە لە خەستەخانەکان، وەزارەتی تەندروستی سیاسەتێکی گرتە پێش بەوەی لەڕێگای گۆڕینی سیستەمی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی لە خەستەخانە و ناوەندە تەندروستیە حکومیەکاندا بۆ نیمچە تایبەت (semi private)، کە نرخی ئەو خزمەتگوزاریانەی لەسەر هاوڵاتیان گران کرد و هەندێ خزمەتگوزاری خۆڕایی کرد بەپارە، بەو هۆیەوە داهاتێکی لە گیرفانی خەڵک بۆ دامەزراوەی تەندروستی دەستەبەر کردوە. لەو پارەیە برێک پارە وەکو هاندان دەدات بە کارمەندان و کرێکاران و دکتۆرەکان و بەوجۆرە هەندێک لە توندی ناڕەزایەتیەکانی کەم کردۆتەوە. هەرچەندە کە دەستەی کارمەندانی تەندروستی سەربەخۆ لە سلێمانی دژی ئەو بڕیارەی حکومەت

بوون بۆ دانانی پارە و نرخ لەسەر خزمەتگوزاریە پزیشکی و تەندروستیەکان، بەڵام بەداخەوە هێزی پێویست نەبوو بۆ فەشەل پێهێنانی.

لە زۆربەی فەرمانگە حکومیەکانی زۆنی(سەوز- نیلی) دەوام بەرەسمی کراوە بە (٢) رۆژ لەهەفتەدا، واتە بەجۆرێک لەرێگای کەمکردنەوەی دەوامی فەرمانبەرانەوە فشاری ئەوانیان لەسەر خۆیان کەم کردۆتەوە ( دیارە لە ژێردەسەڵاتی پارتی و لە زۆنی زەردیش ماوەی دەوامی رۆژانە کەم کراوەتەوە). لە کۆمەڵگای باجەکان ئەو رێکارە سەرکوتگەرانەیەی دژی نوێنەرانی فەرمانبەران گیرایە پێش بە دورخستنەوەیان لە فەرمانگەی ناوبراو، بێگومان کاریگەری نەفسی لەسەر فەرمانبەران داناوە، ئەگەرچی فەرمەنبەران دژی ئەو هەنگاوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان بۆماوەی رۆژێک دەستیان لەکار کێشایەوە، بەڵام ئێستا فرسەتێکیان داوە بە حکومەت بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکانیان. لە خوێندنگاکانی ناوچەکانی دەرەوەی زۆنی زەرد، بەهۆی ئەوەی کە هەر لەسەرەتاوە بایکۆتی دەوام راگەیەنرا (کە بەبڕوای من هێزەکانی ناو دەسەڵاتی سلێمانی پێیان باش نەبوو دەوام بکرێتەوە و لەناو خوێندگاکاندا ناڕەزایەتی مامۆستایان دەست پێبکات، کە لەو بارەدا ئەگەری فراوانبوونەوەی و هاتنە ناوەوەی خوێندکاران و کەسوکاریان زیاتر دەبوو) بۆیە مامۆستایان هەفتانە خۆپیشاندانی جەماوەری بەرپا دەکەن و ئەم ناڕەزایەتیانە جارجار خەڵکی دیکەی پێوە پەیوەست دەبێت هەم لە توێژە ناڕازیەکانی وەکو فەرمانبەران و خانەنشینان و باقی مووچەخۆرانی دەوڵەت و بێگومان لایەنگرانی هێزە سیاسیەکانی ناو حکومەتیش، بەتایبەتی گۆڕان و ئیسلامیەکان و لایەنگرانی باڵی ناوەندی بڕیاری یەکێتی.

بێجگە لەوانە، مامۆستایانی زانکۆو پەیمانگاکانی سلێمانی کە دەستەیەکیان دروست کردوە بەناوی تۆڕی داکۆکی لە زانکۆو پەیمانگاکان، ئامانجەکەی ئەوەیە مامۆستایان و فەرمانبەرانی زانکۆ و خوێندکاران پێکەوە ببەستنەوە و خەباتێکی هاوبەش بەرەوپێشبەرن، ئەوانیش تائێستا چەندین جار لەبەردەم و لەناو زانکۆی سلێمانی کۆبونەوەی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانیان بەرێخستوە. بەوجۆرە دەتوانین بڵێین سەرباری ئەوەی هەوڵێک هەیە بۆئەوەی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکان لەجێگایەکدا کۆبکرێنەوە و لەناوەندی کار دوریان بخەنەوە تا لەورێگایەشەوە کۆنترۆڵی بکەن و لەخزمەتی سیاسەتی خۆیاندا بەکاری بهێنن، بەڵام هەوڵێکی دژە ئاراستەی ئەوەش هەیە کە دەیەوێ ناڕەزایەتیەکان لەناو ناوەند و فەرمانگە و خوێندنگاکاندا جێگیر بکات و لەپاڵ ناڕەزایەتی گشتی و رێکخراودا بیکاتە سەنگەرێکی قایم و بەردەوامی بەرەنگاربوونەوەی جەماوەر.

هەڵبەتە ناڕەزایەتی سەراسەری و خۆپێشاندانی جەماوەریی مامۆستایان و فەرمانبەران و کرێکاران و بێکاران و خانەنشینان و خوێندکاران و گەنجان و خەڵکی کەمدەرامەت و وەتەنگهاتوی کوردستان کارێکی پێویستە و دەبێ دەستی بۆ ببرێت، بەڵام ئەم ناڕەزایەتیە سەراسەریانە دەبێ

## نارەزایەتیەکانی کوردستان و ئاسۆ و ئامانجەکانی

تەواوکەری نارەزایەتیەکان بن لە ناوەندەکانی کاردا، لە فەرمانگەو خوێندگاو زانکۆکان و کارگەکاندا...نارەزایەتی ناو ناوەندەکان سەکۆیەکی زۆر گرنگە بۆ دروستبوونی رێکخراوی جەماوەری لەو ناوەندانەدا کە پێداویستیەکی زۆر هەستیارو گرنگی خەبات و نارەزایەتیەکانن و زامنی سەرکەوتن و دەستبەربوونی مافەکانی جەماوەرن. کۆمەک بە یەکگرتووبوون و نزیکایەتی و هاودڵی و هاوبەرژەوەندی لەنیوان فەرمانبەران و کرێکاران و کارمەندان و مامۆستایان دروست دەکات و زیادی دەکات. دەتوانن کۆبونەوەی گشتی بکەن. دەتوانن نوێنەرانی تێکۆشەر و دڵسۆزی خۆیان هەڵبژێرن، نەک کەسانێک خۆیان بکەن بە دەمراستی ئەوان کە نایان ناسن و نازانن چی ئەجندانەیەکی سیاسی لە پشتیانەوەیە. شتی لەم جۆرە لەو خۆپیشاندانە گشتی و نارێکخراوانەدا زۆر بەئاسایی روودەدەن. بەبروای من دەبێ ئێمە و هەڵسوراوان و رابەرانی نارەزایەتیەکان هوشیاری ئەوە بین کە نارەزایەتیەکان لەناوەندەکان و زانکۆ و پەیمانگا و خوێندگاکان سازبدرێن و هەر لەوێ نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن. ئەو نوێنەرە هەڵبژێردراوانە پێکەوە بتوانن کاتێک پێویست بوو بریاری مانگرتن و خۆپیشاندانی سەراسەری بدەن. لەوبارەدا نارەزایەتیە گشتی و سەراسەریەکان وردە رودە بەرەو نارەزایەتی رێکخراو و خاوەن ئاسۆ و بەرنامە و خواستی رۆشن دەچن. دەتوانن بانگەوازی خەڵکی دیکە بکەن کە بە نارەزایەتی و خۆپیشاندانی ئەوانەوە پەیوەست بن، وە لەو بارەدا فرسەتی بەلارێدابردن و زاڵکردنی ئەجندای سیاسی ئەحزابی هەلپەرستی بۆرژوازی زۆر کەمتر دەبێتەوە.

دیدگای سۆشیالیستی: ئەگەرچی لایەنە بۆرژوازیەکان خۆشیان دەرکی ئەوە ئەکەن کە لە چ قەیرانێکدان و ئەمەش چ کاریگەریەکی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی خنکێنەری بۆ سەر خەڵك دروستکردوە. بۆیە هەر یەکە و تەرح و پێشنیارێك ئەکەن. بۆ نمونە پێشنیاری بەشێك لە گۆران و بەشێك لە یەکێتی بۆ گەرانەوە بۆ بەغداد و سەلاحیەتیدان بە دەسەلاتە خۆجێیەکانی پارێزگاکان یەکێکە لەوانە. بەلام لە راستیدا تەواوی ئەو پێشنیارانەی تا ئێستا هەیە لە چاوی چینێکی دارای کوردستان و بازرگانی ئەوانەوە سەرچاوە ئەگرێ، نەك بژێوی و ژیان و خۆشبژێوی جەماوەری بێبەش و نەداری کوردستان. حزب لە سەرەتای سەرهەڵدانی نارەزایەتیەکانەوە پێشنیاری تایبەتی خۆی بۆ کۆنترۆڵکردنی داهات لەلایەن جەماوەرەوە خستە بەردەم کۆمەڵگا. با کەمێك زیاتر لەسەر ئەم مەسەلەیە قسە بکەین. میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی ئەم کۆنترۆڵە جەماوەریە لەم کاتەدا چیە و چۆنە؟ ئایا بە راستی ئیمکانی ئەمە نیە؟

**موحسین کەریم:**

بە بڕوای من مەسەلەی گەڕانەوە بۆ بەغدا زیاتر ناوەڕۆک و پاڵنەری سیاسی هەیە وەک لەوەی کە ئامانج لێی چارەسەری کێشەی ئابوری و قووتی خەڵکی کوردستان بێت. ڕاستە ئەو لایەنەی باسی گەڕانەوە بۆ بەغدا دەکات، پاساوەکەی ئەوەیە کە سیاسەتی نەوتی بارزانی و پارتی؛ واتە سیاسەتی فرۆشتنی نەوت بەشێوەی سەربەخۆ لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، شکستی هێناوە و ناتوانێت داهاتی پێویست و تەنانەت مووچەی فەرمانبەران و مووچەخۆرانیش دابین بکات، بەڵام ئەمە تەنها لەبەرئەوەیە کە ئەم کێشەیە بکەنە ئامرازێکی سیاسی بەدەستیانەوە بۆ ناکارامەپیشاندانی پرۆژەی سیاسی پارتی سەبارەت بە "ئابوری سەربەخۆ" و " دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی" کە پارتی، لەچوارچێوەی بەرژەوەندی ئابوری لەگەڵ حکومەتی تورکیا و ئۆردوگاندا، وەکو چەکێکی سیاسی لەبەرامبەر نەیارەکانیدا بەدەستیەوەی گرتوە.

دیارە مەسەلەی "دەوڵەتی سەربەخۆ" لە کوردستان چ بە ناوەورۆکە نەتەوەییەکەی کە پارتی بانگەشەی بۆدەکات، چ بەناوەڕۆکی غەیری نەتەوەییش پرسێکی سیاسی هەستیارە لای خەڵکی کوردستان. پارتی و بارزانی لەماوەی ٢-٣ ساڵی ڕابردوودا ئەم پرسەی بەدەستەوە گرتوەو وەکو ڕابەری پرسی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی خۆی دەردەخات. پارتی بەم سیاسەتەی ئەو هێزانەی لەبەردەم دوو ئەگەردا داناوە؛ یان بچنە پاڵ پرۆژەکەی بارزانی و ڕابەری و هەژمونی سیاسی پارتی وبارزانی قبوڵ بکەن، یان دژی پرۆژەکەی؛ واتە دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی یان کوردستان، بوەستنەوە کە ئەوەش کارێکی ئاسان نییە و یاریکردنە بە ئاگر. بۆیە هێزەکانی نەیاری پارتی لەناو حکومەتی هەرێم قوماشێکی نەرم و خەڵک پەسەند دەدەن بەسەر دژایەتیەکەیان بۆ پرۆژەکەی بارزانی، بۆئەوەی بتوانن خۆیان لەژێرباری فشاری سیاسی جەماوەر و دەروونیی هێزەکانی خۆشیاندا، دەربکێشن. دەنا تائەوکاتەی کە پارتی وەزیرەکانی گۆڕانی لە حکومەت دەرنەکرد، تائەوکاتەی کە پارتی وورده وورده یەکێتی لە ناوەندی بڕیاری حکومەت لاواز نەکرد و زەکاتی پارتە ئیسلامیەکانیشی لەخێروبەرەکەتی فرۆشتنی نەوت بەشێوەی سەربەخۆ کەم نەکردەوە، ئەوان بەرگرییان لە سەربەخۆیی ئابوری هەرێم دەکرد. تائەوکاتەی ئێران بۆ فشارخستنە سەر پارتی دۆستی تورکیا برغوی ناڕەزایەتی ئەم لایەنانەی توند نەکردەوە، ئەوان کێشەیان لەگەڵ فرۆشتنی نەوت لەلایەن حکومەتی هەرێم وبەبێ گەڕانەوە بۆ ناوەند، نەبوو.

ئێستا با بەدەر لەو پاڵنەرە سیاسیەی کە ململانێی نێوان هێزە ناتەباو نەیارەکانی ناو حکومەت دەجوڵێنێ و بەدەر لە بانگەشە و پاساوەکانیان، ئەگەر گەنگەشەیەکی ئەم پرسە؛ واتە فرۆشتنی نەوت لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە یان ڕادەستکردنی بڕی نەوتی داواکراو لەلایەن حکومەتی

عێراقەوە لەبەرامبەر ناردنی بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم، بکەین، بۆئەوەی بزانین ئایا هیچکامیان بە قازانجی خەڵکی کوردستانە یان نا، یان چی ئەڵتەرناڤێکی دیکە لەئارادایە کە بتوانێ کێشەی بودجە و مووچە و ڕاوەستانی ئابوری هەرێم چارەسەر بکات؟

من پێموانیە هۆکاری کورتهێنانی بودجە و بڕینی مووچە ئەوەبێت کە نەوت لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بە سەربەخۆ دەفرۆشرێت یان هۆکارەکەی ئەوەبێت کە حکومەتی ناوەند بودجەی هەرێمی بڕیوە. بەڵکو کێشەی بودجە و نەدانی مووچە هۆکارەکەی ئەوەیە کە کۆمەڵێک مافیای بۆرژوازی دەسەڵات و حکومەتیان بەدەستە و بودجەی هەرێم دەچێتە ژێردەستیانەوە. بەشی زۆری ئەو داهاتەی دێتە کوردستانەوە دەیبەن بۆ خۆیان و پەراوێزی دەسەڵاتەکەیان و بەشی کەمیشی دەدەن بەخەڵک. هیچ کەس ناتوانێ زەمانەتی ئەوە بکات کە داهاتی نەوت جا سەربەخۆ بفرۆشرێت یان رادەستی بەغدا بکرێت و بودجە لە ناوەندەوە بێت بۆکوردستان، ئەگەر هەر بچێتە ژێردەستی ئەم مافیا و تالانچیانە، بارودۆخی ئابوری لەوە باشتر دەبێت و مووچەی مامۆستا و فەرمانبەر و مووچەخۆرانی حکومەت و سەرچاوەی بژێوی هاوڵاتیان باشتر دەبێت یان تەنانەت دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی پێش قەیرانی دارایی!

لەلایەکی دیکەوە، ڕاستیەک هەیە ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان وەکو بەشێک لە عێراق و وەکو هەرووڵاتێکی سەرمایەداری تووشی قەیرانی ئابوری هاتوە. قەیرانی ئابوریش بەر لە هەموو شتێک چینی کرێکار و جەماوەری کەمدەرامەت ورد دەکات و دەیهاڕێت، چونکە باری سەختی قەیرانەکە بەسەر ئەواندا دەشکێنرێتەوە. هەزاران کرێکار بێکاربوون، هەزاران گەنج خوێندنیان تەواو کردوە فرسەتی کاریان دەست ناکەوێ. ڕکودی ئابوری و سستی بازاڕ باڵی کێشاوە بەسەر هەرێمی کوردستاندا. لە دەورانی گەشەو بوژانەوەی ئابوریدا، خەڵکێکی زۆر لەلایەن حکومەت و حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە لە کەرتی حکومیدا دامەزابوون کە ئێستا ناتوانن مووچەکانیان بدەن. حکومەتی هەرێم بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە ئابوریە پەنای بۆ سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بردوەو بەپێی ڕاسپاردەکانی ئەو دامەزراوەیە سیاسەتی ئابوری خۆی بۆدەربازبوون لە قەیرانی ئێستا داڕشتوە. سیاسەتی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی ئاشکرایە کە بریتیە لە کەمکردنەوەی خەرجیەکانی حکومەت و زیادکردنی داهات، ئەویش؛ ١- دەستبەرداربوونی حکومەتە لە دابینکردن و پێشکەشکردنی هەرچی خزمەتگوزاریەکی گشتی وەکو خەستەخانە و ئاو و کارەبا و ڕێگاوبان و شارەوانی و خوێندنی خۆڕایی وە فرۆشتنیان بە کەرتی تایبەت و گران کردنی ئەم خزمەتگوزاریانە لەسەر هاوڵاتیان. ٢- دانانی رسومات و باج لەسەر هاوڵاتیان. ٣-کەمکردنەوەی ڕێژەی کارمەندان و فەرمانبەران و کرێکارانی کەرتی حکومی لەو ناوەندانەدا کە لەدەستی حکومەتدا دەمێننەوە و سەپاندنی خانەنشینی پێشوەخت بەسەریاندا، ئەمانەش هەموویان

ئاكامەكەی هەژارتركردن و خراپتركردنی باری دارایی و ئابوری هاوڵاتیان و دابەزاندنی ئاستی ژیان و گوزەرانیان دەبێت.

ئەم سیاسەتەی حكومەتی هەرێم لەلایەن هیچ كام لەو لایەنانەی كە لەناو حكومەتدان دژایەتی نەكراوە بگرە بەراشكاوی چ بزووتنەوەی گۆڕان و چ یەكێتی نیشتمانی لایەنگری خۆیان بۆ ئابوری بازاڕی ئازاد ڕاگەیاندوە كە بنچینەی ئایدیۆلۆژی و پاكانەی ئابوری ئەم جۆرە هەنگاوانەی حكومەتی هەرێم دەكات.

من پێموایە ئەگەر ئەو داهاتەی لەئاكامی فرۆشتنی نەوت و سەرچاوەكانی دیكەوە پەیدا دەبن لەژێر كۆنترۆڵی نوێنەرانی ڕاستەقینەو هەڵبژێردراوی خەڵكدا بن، دەتوانرێ بەجۆرێك دابەش بكرێت كە هەم كرێ و مووچەیەكی شایستە بۆ كرێكاران و فەرمانبەران و خانەنشینان و بێكاران و ... تاد. دەستەبەربكرێت و هەم بودجەی پێویست بۆ پرۆژەكان و گەشەو پێشخستنی باری ئابوری و خزمەتگوزاریە بنەڕەتی و گشتیەكان فەراهەم بكرێت. تەنانەت ئەگەر بكەوێتە ژێر دەستی دەسەڵاتێك كە كەمێك خۆی بە بەرپرس بزانێت بەرامبەر بە هاوڵاتیانی دەتوانێ زۆر لەوەی كە ئێستا لە كوردستاندا هەیە باشتر بێت. ئێمە نمونەی وواڵاتێكی وەكو كوبامان لەبەردەستدایە كە سەرباری گەمارۆی  سەخت و كەمەرشكێنی ئابوری ئەمریكا و وواڵاتانی ڕۆژاوا، بەبێئەوەی سەرچاوەیەكی ئابوری گەورەی وەكو نەوتیشی هەبێت، بەڵام لانی كەمی ژیانێكی شەرافەتمەندی بۆ هاوڵاتیانەكەی دابین كردبوو. بەمجۆرە مەسەلەی سەرەكی ئەوەیە كە داهاتی كوردستان لەدەستی كێدا دەبێت و چۆنی  خەرج دەكات و بۆ چی و كێی خەرج دەكات!؟

چۆن  خەڵك بتوانن نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن وچۆن كۆنترۆڵی داهاتی گشتی بكەن! ؟ ئەوەیان بەستراوە بەوەی لەهەموو فەرمانگە و ناوەندێكی كار و خزمەتگوزاری و لە زانكۆ و پەیمانگا و خوێندگاكان كۆبونەوەی گشتی فەرمانبەران و مامۆستایان بكرێت و نوێنەرانێك لەناو خۆیاندا لەو كەسانەی كە خاوەنی متمانەی زۆربەی كارمەندان و مامۆستایان و دڵسۆزیانن و لە خەبات و ناڕەزایەتیەكاندا لەریزی پێشەوە بۆ بەرگری لەمافی خۆیان و هاورێكانیان ڕاوەستاون، هەڵبژێرن. لەو نوێنەرانەش بۆ ئاستی باڵاتر، وەكو ئاستی هەموو زانكۆ و پەیمانگاكان، یان ئاستی خوێندنگاكانی شارێك و فەرمانبەرانی دامەزراوەیەكی تایبەتی بۆ نمونە شارەوانیەكان، یان بانكەكان و باجەكان و فەرمانگەی كارەبا لەئاستی شارێكدا نوێنەرانێك لەناو خۆیاندا دیاری بكەن بۆئەوەی تۆڕی نوێنەرانی سەراسەری لە شارێكدا دروست بكەن. ئەو فەرمانگە و دامەزراوانەی كە داهاتیان هەیە لەژێر چاودێری و كۆنترۆڵی نوێنەرانی خۆیاندا كۆبكرێتەوە و ڕەوانەی تۆڕی نوێنەرایەتی سەراسەری بكرێت تا لەوێوە بەپێی نەخشەیەكی دروست و عادیلانە بۆ دابەشكردنی مووچە بەسەر مامۆستایان و فەرمانبەران و باقی هاوڵاتیاندا وەكو خاوەن پێداویستی تایبەت،

خانەنشین، بێکاران و.. تاد. دابەش بکرێت و ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ گەشەو پەرەپێدانی خزمەتگوزاریە گشتی و زەروریەکان خەرج بکرێت. دەکرێ ئەم پرۆژەیە لەلایەن دەستەکان و گروپەکانی ناڕەزایەتی کە هەر ئێستا پێکهاتوون، هەنگاوی بۆ بنرێت.

بێگومان فەرمانگە و دامەزراوەکانی کەرتی حکومی لە ئێستادا ئامادەترن بۆ ئەوەی کە هەنگاوی یەکەمی ئەم پرۆژەیە دەست پێبکەن و لەگەڵ چونەپێشەوەی هەنگاوەکان دەبێ سەرجەم خەڵکی بێنە ناو ئەم پرۆسەیەوە و دەوریان هەبێت لە دیاریکردنی چارەنوسی ئەو داهاتەی لەکوردستاندا هەیە. بۆ نمونە دەکرێ توێژەکانی وەکو خانەنشینان، گەنجان، بێکاران، بەشێوازی جۆرواجۆر نوێنەرایەتی خۆیان هەڵبژێرن و لەناو تۆڕی نوێنەرایەتی شاردا نوێنەرایەتی بکرێن. هەروەها گەڕەکەکان شوێنێکن کە ئەو بەشانەی خەڵک کە هیچ جێگایەکیان نییە بۆئەوەی خۆیانی تێدا رێک بخەن و نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن، دەتوانن لە گەڕەکەکان کۆبونەوەی گشتی بکەن و نوێنەرانی خۆیان لەناو ژنان و پیاواندا هەڵبژێرن و ئەوانیش بێنە ناو سیستەمی نوێنەرایەتی و کۆنترۆڵ و ئیدارەی داهات و خەرجی گشتی لە ئاستی شاردا.

کەواتە لێرەدا مەسەلەیەک دێتەپێشەوە ئەویش ئەوەیە کە داهاتی هەر شارێک یان ناوچەیەک لەژێر چاودێری نوێنەرانی خۆیاندا بۆ مووچە و خەرجیەکانی خزمەتگوزاری گشتی خەرج بکرێن، رەنگە لەوبارەدا شارێک یان ناوچەیەک داهاتی زیاتر بێت لە ناوچەیەکی دیکە. بەوجۆرە جۆرێک لە نایەکسانی و جیاکاری لەنێوان هاوڵاتیانی کوردستاندا دروست دەبێت. رێگاچارە بۆئەو مەسەلەیە ئەوەیە کە نوێنەرانی هەر شارێک پێویستە چەند کەسێک بۆ دەستەی نوێنەرانی سەراسەری کوردستان هەڵبژێرن کە لەو داهاتانەی کۆدەبێتەوە، دوای دابەشکردنی موچەو خزمەتگوزاریە گشتیە پێویستەکانی ئە وناوچەیە، ئەوەی دەمێنێتەوە لە سندوقێکی سەراسەری دا کۆبکرێتەوە و لەلایەن دەستەی نوێنەرایەتی سەراسەریەوە چاودێری بکرێ و ئەولەویەت بدرێ بە پڕکردنەوەی پێداویستی ئەو ناوچانەی کە کورتهێنانی بودجەیان هەیە بۆئەوەی هەمان خزمەتگوزاری پێویستیان بۆدابین بکرێ. ئەوەشی کە مایەوە بەپێی زەرورەتی ناوچەکان بەکاربێت بۆ گەشەدانی ئابوری و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری باشتر...

من پێموایە ئیمکانی ئەوە هەیە ئەگەر خەڵک بڕیار بدات و ئامادە بێت، چونکە حکومەتی هەرێم بەهەمو شێوەیەک بێتوانایی و بێدەربەستی و نامەسئولیەتی خۆی نیشان داوە و چاوەڕێکردنی حکومەت بێجگە لە توندکردنەوەی هەژاری و نەبوونی و داتەکاندنی گیرفانی خەڵک شتێکی دیکەی لێ سەوزنابێت. کەواتە کرۆکی مەسەلەکە ئەوەیە کە خەڵک خۆیان وەکو خاوەنی کێشە و چارەسەر بێنە مەیدان و چاوەڕیی هێزە بۆرژواییەکان و حکومەتی دەوڵەمەندانی کورد نەکەن.

**دیدگای سۆشیالیستی: هاوڕێ دەشتی، دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد هەمیشە پاساوێکی بە دەستەوە بووە بۆ خۆدزینەوە لە داخوازی و داواکاریەکانی خەڵك. ئێستاش زۆر ئاسان بە خەڵك ئەڵێ کە ''ئەبێ ئاگامان لەوە بێ لە شەڕی دژی داعشداین، بارودۆخ لەبار نیە، پێشمەرگە لە بەرەکانی جەنگ سنگی خۆی ناوە بە گوللە کەچی خەڵك داوای موچە ئەکات''... و شتی تری لەم بابەتانە. پێمان باشە قسەیەك لەسەر ئەم پاساوە پوچانە بکەیت و پاشان ئایا بە ڕای ئێوە چ ئامانجێکی چینایەتی لە پشت ئەمجۆرە قسانە و ئەمجۆرە سیاسەتەوەیە؟**

## دەشتی جەمال:

بەڕای من ئەم پروپاگاندانە ئەگەرچی لەسەرێکەوە گۆشەیەک لەئاکامەکانی شەڕی داعش دەخاتەروو، بەو مانایەی شەڕ بۆتە پاساوێک بەدەست دەسەڵاتەوە تا نەک هەر وەڵام بە داخوازیەکانی خەڵک نەداتەوە بەڵکو ئاکامەکانی جەنگەکەش بەسەرسەری خەڵکدا بشکێنێتەوە. بەڵام لەسەرێکی ترەوە ئەم پروپاگەندانە نیشانەی ئەوەیە کە شەڕێکی چینایەتی بەردەوامی هەیە و ناڕەزایەتیەکانی ئێستاش شێوازێکی دەرکەوتنی ئەم شەڕەیە. دەسەڵاتداریتی بۆرژوازی کورد تا ئەوکاتەی ڕاستەوخۆ دەستی نەبردبێت بۆ سەرکوتی ناڕەزایەتیەکان ناچارە دەست بەرێ بۆ پاساو و پروپاگەندە، تالەم ڕێگایەوە سەرکوتی بکات، بەتایبەتی لەدەورەیەکدا کە ناتەبایی لە نێوان دەستەی باڵای فەرمانڕەوایی چینی بۆرژوازی کورد دا هەبێت.

گەر کەمێک لەسەر واقعی ئێستای کوردستان ڕاوەستین کوردستان وەک هەر کۆمەڵگایەکی دیکەی سەرمایەداری قڵشتی چینایەتی بە ئەوجی خۆی گەیشتوە شەڕ لەمەیدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا هەمەلایەنەیە. ئەمڕۆ لە کوردستان وەک بەشێک لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست بارودۆخی ناجیگیری تێدایە و بەشێکە لە سیستەمی سەرمایەداری جیهانی و قەیرانیکی کوشندە بەرۆکی گرتوە کە ڕاستەوخۆ لە درێژەی قەیرانی سەرمایەداری جیهانیەوە هاتووە بەشێوازی قەیرانیکی کۆمەڵایەتی خۆی دەرخستوە. یەکێک لە نیشانەکانی ئەم قەیرانە بەو شێوەیە ڕەنگی داوەتەوە ناکۆکی و کێشمەکیشی نیوان بلۆکە سەرمایەداریەکانی جیهان و تەیارە بۆرژوازیە ناوچەیی ومحلیەکانە، لە روانگەی بورجوازیەوە ئەم جۆرە لە مۆدیلی حکومەت و دەسەڵات و حکومڕانی دوای شەڕە جۆریک دەسەڵاتی بەرهەم هیناوە کە خۆیان دایان مەزراندوە ئیتر توانای مانەوەیان نەماوە و لەلایەن خەڵکیشەوە مەقبولیەتی نەماوە. ئەم جۆرە دەسەڵاتانە نامەسئولن بە رامبەر بە ژیانی خەڵک و کۆمەڵگا... لەو جۆرە دەسەڵات و حکومڕانی عێراقەوە تەماشا بکەین کۆکردنەوە چەندین گروپ و دەستەی مەزهەبی وقەومی لەدەسەڵات کە نقومە لەشەڕوململانی تایفی و

## نارەزایەتیەکانی کوردستان و ئاسۆ و ئامانجەکانی

مەزهەبی تا ٢٥سال ئەزمونی حکومەتی فیفتی بەفیفتی یەکیتی و پارتی و بەدوای ئەوەشدا فەشەلی حکومەتی بنکە فراوان و بی ئاسۆی وبنبەستیک کە خەڵکی کوردستانیان بەدیار هەڵومەرجی ناوچەکەوە بەستوتەوە لەگەل ئەوەشدا کە لەنیو ئەو هەلومەرجە قەیراناویەدا لەسەر حسابی زۆرینەی خەڵکی کوردستان خۆیان دەوڵەمەند کرد و بانقەکانی ئەوروپان پرکرد، دەیان گرێبەستی نەوتیان لەگەل کۆمپانیا جیهانیەکان ئیمزاکرد ..لەولاشەوە خەڵکی کوردستانیان لەگەڵ بێکاری ونەبوونی بیمە کۆمەڵایەتیەکان و نەبوونی ئازادی و خزمەتگوزاریەکان وەک ئاو کارەبا سوتەمەنی ڕاگرتوە و سیاسەتی پاشەکەوتی موچە و هێرشکردنە سەر قوتی خاوەنپێداویستیە تایبەتەکانو خانەنیشان و هەوڵدانیان بۆ بە ئەهلی کردنی خزمەتگوزاریەکان و... هتد بەمجۆرە ژیانی خەڵکیان لە مەنگەنە داوە. خەریکن تۆڵەی ئەو دۆخەی دایان سەپاندوە لە خەڵکی کرێکارو بەشمەینەتی کوردستان دەکەنەوە. بەڵام لەبەرامبەر ئەمانەدا جوڵانەوەیەکی نارەزایەتی بەرفراوان دەستی پیکردوە کە تایبەتمەندێتی خۆی بۆیە ئێستا پەنا بۆ پاساوی جۆراجۆر دەبەن لە پێناو پاشەکشی پێکردن بەم سونامی نارەزایەتیانە و هێورکردنەوەی. مەگەر تەنها خۆیان باوەری پێ بهێنن دەنا ئەگەر ڕاست دەکەن شەڕی داعش هەیە ئەوە هەر خۆیان نەبوون و بەرپرسە حزبی حکومەیەکان نەبوو ئالوگۆڕ و کرینی نەوت و سەیارە و چەک وتفاقیان لەگەل ئینسان کوژەکانی داعش دەکرد کە وەک پەڵەیەکی رەش بەنیوچاوانیانەوەیە؟ لەولاشەوە کوری فەقیرو هەژاریان لە بەرەکانی شەڕدا بەکوشتدەدا و فرمێسکی تیمساحاویان بۆ دەرشتن... دەی باشە بۆ هیچ پرۆژە و کۆمپانیایەکی زەبەلاحی لایەنە سیاسیەکان پەکی نەکوتوە؟ کوا پارەی ئەو لێشاوە نەوتەی رۆژانە دەڕوات؟ بۆ پارە هەیە بۆ ئەوگرەبەستانەی بەحساب چاودێری گەندەڵی دەکەن؟ کوا ئەو هەموو ئیمکانیات و چەک و پارەیەی لەئاستی نیو دەوڵەتی بۆ شەڕی داعش وەریانگرتوە؟ ئەی ئەو هەموو داهاتەی سنورەکان وکارگا و کۆمپانیاکانیان... بۆ پارە هەیە بۆ مەراسیمی شاجوان ....بۆ یەک بەرپرسی ئەودەسەڵاتە مویەک لە پارە و سەروەت سامانەکەی کەمنەکراوەتەوە؟ ئەمانە درۆ دەکەن مەبەستیانە دەستی نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان لەسەر خۆیان درێژتر نەبێتەوە، مانای ئەوەیە هیشتا نارەزایەتیەکان ئەو فشارە گەورەیەی دروستنەکردوە و نابێ خەڵکی کوردستان ڕیگابدەن پارتی و یەکێتی و لایەنەکانی تر چەواشەیان بکەن و خۆڵ بکەنەچاویان.

**دیدگای سۆشیالیستی: لایەنەکان، چ دەسەڵات و چ ئەوانەی بە ڕواڵەتی خۆیان خستۆتە دەرەوەی دەسەڵات، سەرنجی نارەزایەتی و تورەیی خەڵك ئەبەنەوە سەر ئەوەی کە پەرلەمان پەکخراوە، حکومەت ئیفلیج بووە، پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم داگیر و قۆرغکراوە و شتی لەم بابەتە. پرسیار ئەوەیە خۆ کاتێکیش پەرلەمان و**

حکومەت لە جێی خۆیان بوون بارودۆخی ژیانی خەڵك باش نەبوو. لە کاتێکدا کە جەماوەری بێبەش و حزبەکانیش ئەزانن کە لەژێر سایەی حوکمی میلیشیادا هەر ئەوەندە بەرهەم دێت و ئەوانەی ناومان بردن جگە لە دامودەزگای کارتۆنی هیچی تر نین.. قسەی ئێوە لەم بارەیەوە چیە؟

**دەشتی جەمال:**

ئەم بوچونانەی ئێوە ئاماژەی بۆ دەکەن، زیاتر سیاسەت و ئاسۆی رەوتێکی ناسیونال ریفۆرمیستی بەیان دەکات کە دەیەوێت تەوژمی نارەزایەتیەکان لەبازنەی هەلومەرجی مەوجوددا قەتیس بمێنێتەوە و بەربگرێ لە پێشکەوتن و رادیکالبوونەوەی بۆئاستێک کەسەرتاپای دەسەلاتداریتی بۆرژوازی کورد بخاتە ژێر پرسیارەوە. لایەنەکانی وەک "بزووتنەوەی گۆران" و "حزبە ئیسلامیەکان" کە بە ئالای چاکسازیەوە دەیانەوێت سواری شەپۆلی نارەزایەتیەکان ببن هەموو ئامانجیان پاراستنی دەسەلات و تەعدیل کردنیەتی بەجۆرێک کە لە پەیکەرەی دەسەلاتدا بەشداریان پێبکرێ و وەک شەریکەبەش لە تالانبردنی سەروەت وسامانی کۆمەڵگای کوردستاندا جێگابگرن ... ئێستا ئەم سیاسەتە کە بە ناوی چاکسازیەوە دەدرێ بەگوێی خەڵکدا بەرامبەر بە پەلامارەکانی پارتی شکستی خواردوە. ئەم رەوتە و حزبەکانی کە بە ئیدعای دەستاو دەستپێکردنی دەسەلات و ئەوەی لە رێگای پەرلەمان و سندوقەکانی دەنگدانەوە دەتوانن ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان چاک بکەن و خۆشباوەری گەورەیان بلاوکردەوە ئەمانە ئەوەندە ژیان و گوزەران و خزمەتگوزاریەکانی خەڵکیان بۆ گرنگە تا بیکەنە کارتێک بۆ کێشە و ململانێ و رێکەوتن و رێکنەکەوتنی نێوان خۆیان و دەسەلات بەکاری بهێنن.. تازە سیستەمی پەرلەمانی لە دنیادا ئەو راستیەی نیشانداوە کە هیچکات سیستەمێک نەبوە کە دەسەلات بدات بە هاولاتیان تا لە ئایندە و چارەنوسی خۆیاندا دەخالەت بکەن وەیان لەو رێگایەوە ئالۆگۆری ریشەیی لە کۆمەڵگادا دروست بکەن چ جای کوردستان و سیستەمی پەرلەمانیەکەی کە تەنها دەزگایەکی شکلی بووە بۆ جوانکردنی سیمای ناشیرینی دەسەلاتی ئەحزابی میلیشیایی ناسیونالستی کورد. داخستنی دەرگای پەرلەمان و لەکارخستنی رەوتی ریفۆرمخوازی و سیستەمی پەرلەمانی بورجوازی ورێگاکانی بە شکستا کێشا.. هەر وەک بەدروست لە پرسیارەکەی ئێوەشدا هات خۆ پەرلەمان وحکومەتی بنکە فراوانی حزبەکانیش هەبوو بەلام ژیانی خەڵک بەرو هەژاری و نەداری فقر و فەلاکەت زیاتر رۆیشت نەک بە پێچەوانەوە، کۆمەڵگای کوردستانیان نقومی نەهامەتی وسەرکوت بێ مافی زیاتر کرد، پەرلەمانی کوردستان کارا بێت یان نەبێت سەرۆکی پەرلەمانی بگەرێتەوە یان نەگەرێتەوە وەزیرەکانیان بچنەوە شوێنی خۆیان یان نا ناتوانیت قەیران و بنبەست و شکستێک کە ئەوحزب و دەسەلاتە میلیشیایانە تێیکەوتون بە ئاسانی هەڵبستێنێتەوە. ریشەی قەیرانێک لە کوردستاندا هەیە

## نارەزایەتیەکانی کوردستان و ئاسۆ و ئامانجەکانی

کێشەیەکی قانوونی نییە تا ئەوەی لە پەرلەماندا دانیشن چارەسەری بکەن بەڵکو ڕیشەی سیاسی ئابووری و کۆمەلایەتی هەمەلایەنەی هەیە کە لە بنیاتنانی سیستەمی سەرمایەداری کوردستان و درێژکراوی سیستەمێکی ئابووری جیهانیەوەیە... ئەم دەسەڵاتە میلیشیاییەی لە کوردستاندا هەیە و بەزەبری چەک خۆی داسەپاندوە بەرهەمی ئالۆگورێکی جیهانی وناوچەیی وشەڕ هاتۆتە ئاراوە و دەرفەتێکی بۆ کردنەوە لەسەر کورسی دەسەڵات دانیشانن توانیان خۆیان دەولەمەند بکەن و مافو ئازادیەکان و بیمە کۆمەلایەتی وخزمەتگوزاریەکانی خەڵک فەرامۆش بکەن. ئەم مۆدیلە لە حکومڕانی کارایی و توانای مانەوەی نەماوە وە جێگای قبوڵی خەڵکی کرێکار و بەشمەینەتی کوردستان نین. ئەوە حزبانەی تریش کە لە رابردودا بە ناوی ئۆپۆزسیۆنەوە دەرکەوتن لە روانگەی بەرژەوەندی بورجوازییانەوە ئەوانیش لەمپەریکن بۆ بەرگریکردن لە خاوەنداریتی بەسەر کەرەسەکانی بەرهەمهینانەوە بۆ بەدەستهیانانی قازانج و دەستکەوت و ئیمتیازی سیاسی لەگەل پارتی و یەکێتی خەریکن بەناوی بەرژەوەندی خەڵکەوە لەنێو نارەزایەتیەکانی ڕەسم دەگرن و قەیرانی کوردستان دەگێڕنەوە بۆ پارتی و دەسەڵاتەکەی بارزانی و پۆستی سەرۆکایەتی و لەکارخستنی پەرلەمانەوە و گۆڕینی سیستەمی سەرۆکایەتی بۆ پەرلەمانی. لە کاتیکدا ئەوانیش بەشێک بوون لەو دەسەلاتە لە رابردودا و ڕێگا چارەکانیان هەر لەچوارچێوەی هەمان ئەحزابی بورجوازی کوردایە بۆ کۆمەڵگا. مەسەلەیەکی تر جێگاو ڕیگای کوردستان و پەیوەندی بە حکومەتی مەرکەزی لە چوارچێوەی فیدرالیزمێکی قەومی کە سەرچاوەی دەیان کێشە و گیروگرفتی سیاسی ئابووری کۆمەلایەتیە. هەروەها کارکرد و دەور و کاریگەری بارۆدۆخی ناوچەکە و شەڕ و نائارامیەک کە دەچێتەوە پیشەوە وئەحزابەکانی کوردستانی لە نێوان نەخشە و ئەجندای دەوڵەتانی ئیمپریالیستی وناوچەییدا دابەشکردوە وهۆکارێکە بۆ قوڵکردنەوە قەیرانی ئێستا و راگرتنی خەڵکی کوردستان لە چاوەروانیدا ..هەربۆیە نارەزایەتیەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و ئازادیخوازانی کوردستانیش دەبێ ڕووی لەوەبێت ئەم دەسەلاتە کە کۆسپ و لەمپەرێکە بۆ گەیشتن بە ژیانێکی شایستەی ئینسانی لەبەردەم خۆیاندا لابەرن و پێویستە سنوری رۆشنی خۆی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کورد و نەتەوەپەرستی و ئیسلامیەکان بکێشێ ...ئەوە ڕاستە نارەزایەتیەکانی ئەم دەورەیە ڕووی لە خواستی موچە و هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پاشەکەوتە بەڵام پێویستە ئەم جوڵانەوەیە سیاسی بکرێتەوە تا تەسفیە حسابی خۆی لەگەل ئەم دەسەڵاتە سەرکوتگەر و ستەمگەرەدا بکات و تێکەڵی کێشمەکێشی ئەحزابەکانی نەکات. ڕابەرانی ئەو نارەزایەتیانە دەبێ خەڵکی نارازی بۆ ئومێدی گەورە و بروا بوون بە ئیرادەی خۆیان ئاراستە بکەن.. پێشرەویەکان پشت بە داسەپاندن و جێگیرکردنی دەستکەوتەکان ببەستێ و ئەو قەیرانە لەسەر دەسەڵات قوڵبکاتەوە بۆ ئالۆگۆرێکی شۆرشگێرانە بۆ ئالۆگۆرێکی بنەرەتی و هەمەلایەنە لە

ژیانی سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتی كۆمەڵگادا  ئەویش لە گرەوی ڕێكخراوبوون وگۆیزانەوەی نارەزایەتیەكان و مانگرتن و بەرپاكردنی كۆبوونەوەی گشتیە بۆ شوێنی ناوەندەكانی كار و ژیان و سەراسەریكردنەوەی نارەزایەتیەكانە تا بەدەستەوگرتنی دەسەڵات لە خوارەوە و كۆنترۆڵكردن و ئیستفادەكردن لە تاكتیكی كارساز پشت بەستو بە ئیرادەی ڕاستەخۆی جەماوەر. پێكهێنانی شورا و  ئەنجومەن كە تیایدا نوێنەرانی واقعی خۆیان هەڵبژێرن ئیدارەی شار و شارۆچكەكانی بەرێوەبەرن خۆیان موچە و خزمەتگوزاریەكان دەستبەر بكەن. بەم شێوەیە بەڵای ئەم دەسەڵاتە میلیشیاییە لەسەر خۆیان دور بخەنەوە.



ڕێبوار ئەحمەد

# پێویستی و پێداویستیەکانی ڕووخاندنی دەسەڵاتی بۆرژوازی قەومی تالانچی!

دوای ٢ مانگ لە خۆپێشاندان و هاتنە سەرشەقامی مامۆستایان و جەماوەری ستەمدیدە لەدژی تالان و برۆ و بڕینی موچە و نەمانی خزمەتگوزاریەکان، دەسەڵاتە تالانچیەکەی بۆرژوا-ناسیۆنالیستی کورد لە جیاتی وەلامدانەوە بەخواستە رەوا و بەرحەقەکانی جەماوەر، پەنای بردەبەر سەکوت و داپلۆسین. یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە لە ماوەی ئەم دوو مانگەدا، لە لایەکەوە بەوپەڕی ریاکاریەوە رووپۆشی"پشتیوانی لەخواستی خۆپیشاندەران"ی دابوو بەسەر ناوەرۆکی تالانگەرانە و سەرکوتگەرانەی خۆیدا، ئیتر پەتی سەبری بچڕاو خەسڵەتی سەرکوتگەرانەی خۆی و دوژمنایەتی راستەقینەی خۆی لەگەڵ خواستی خەڵک پیشان دا. ئەگەر ئەمە ببێتە وانەیەکی تر بۆ خەڵکی بێدەرەتان و ناڕازی کوردستان و پەیبردن بە ناوەرۆکی راستەقینەی یەکێتی، ئەوکات لە ئێستاوە دەبێتە دەسکەوتێکی ئەم قۆناغەی ناڕەزایەتیەکان. ئیتر پێویستە ئەم راستیە لەبەرچاوی هەموو خەڵک بێت کە یەکێتی لەگەڵ خەڵک بێداد دەکات و لەگەڵ تالانچیش تالان دەکات و هەرکاتیش بە چەواشەکاری و فریودان ناڕەزایەتی خەڵکی بۆ جڵەونەکرا، ئامادەیە بە زەبری چەکی دەزگاکانی سەرکوت و "پێشمەرگە قارەمانەکان" و داپلۆسین پەلاماری ئەو خۆپیشاندانانە بدات کە گوایە تا دوێنێ ریاکارانە لافی پشتیوانی لێدەدا.

بزوتنەوەی گۆڕانیش هێشتا بەرژەوەندی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە خۆی وەکو لایەنگری خۆپیشاندانەکان و خواستەکانی خەڵک نیشانبدات. ئەم جۆرە خۆنواندنە تەنها بۆ ئەوەیە ناڕەزایەتی

خەڵک بکاتە کارتی فشار لەسەر پارتی بۆ چونە ژێرباری خواستەکانی و گێڕانەوەیان بۆسەر کورسی سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران. ئەگەر پارتی مل بەمە بدات، نەوشیروان مستەفا دیسانەوە بانگەوازی خەڵک دەکات بۆ "ئارام راگرتنی شەقام" و بە ئاژاوە ناوزەدکردنی خەڵکی برسی و نارازی. بەڵام هەر ئێستاش بزوتنەوەی گۆڕان و نەوشیروان مستەفا لەبەرامبەر ئەو پرسیارەدا قەراریان گرتوە کە؛ چۆنە خۆیان لایەنگری خواستی خۆپیشاندەران و یەکێتی هاوپەیمانیان سەرگەرمی داپڵۆسینی خۆپیشاندەران و رفاندنی هەڵسوڕانن؟ چۆن دەکرێت هەم هاوپەیمانی خۆپیشاندەران و هەم هاوپەیمانی داپڵۆسێنەری خۆپیشاندەران بیت؟! لەڕاستیدا گۆڕان هاوپەیمانی راستەقینەی داپڵۆسینەکەی یەکێتی و هاوپەیمانی درۆینەی خۆپیشاندەرانە. ئەمەش مۆری دووڕوویی دەنێت بە ناوچەوانی بزووتنەوەی گۆڕانەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕاستی راشکاو و یەکڕووە. روون و راشکاو دەڵێ هەموو داهاتی کوردستان بە تاڵان دەبەم، هیچ خزمەتگوزاریەک و تەنانەت موچەی خەڵکیش نادەم، دەسەڵاتیش پاوانە بۆ بنەماڵەی بارزانی، هەرکەسیش دەنگی ناڕەزایەتی بەرزبکاتەوە بەلولەی چەکی "پاراستن و زێرەڤانی" فیشەک دەخەمە دەمیەوە. هەرچی حزبە ئیسلامیەکانە لەنێوان دووڕوویی گۆڕان و یەکێتی ویەک روویی پارتی و سنگ دادڕینیش بۆ بێدەرەتانی خەڵکدا، یاری دەکەن و چەند روویی دەکەن. لەنێوان ئەم چەند جەمسەرەدا پەلەقاژە بۆ پاراستنی پێگەی خۆیان لە دەسەڵات و سەپاندنی ئەحکام و داب ونەریتەکانی داعش دەکەن. جگە لەوانە هیچی دیکە لە هەگبەکەیاندا نییە.

خەڵکی ستەمدیدە و بێدەرەتانی کوردستان چارەکە سەدەیەکە لە دژی ئەم دەسەڵاتە نگریسە خەبات دەکەن و داخوازی بەرزدەکەنەوە و لەو پێناوەدا قوربانی دەدەن. بەڵام ئەزمونی ئەم چارەکە سەدەیە بەم خەڵکە دەڵێت کە ئەمانە گوێی بیستنی دەرد و محنەت و خواستەکانی خەڵکیان نیە. لەم چارەکە سەدەیەدا تاقە یەک داخوازی و ویستی خەڵکی کوردستانیان بە تەواوی و راستگۆیانە جێبەجێ نەکردووە. تەنانەت سەرەتاییترین پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانەیان کردوە بە ئاواتێکی دوورە دەست بۆ خەڵک. ئەم ئەزمونە بە دەنگی راشکاو و بەرز بەخەڵکی کوردستان دەڵێت هەر جۆرە چاوەڕوانیەک لەم دەسەڵاتە و لە هەرکام لە حزبەکانی بەشدار لەم ئەزمونە، وەکو خواردنەوەی ژەهرێکی کوشندە وایە. لەڕاستیدا ناکۆکیەکی لەچارە نەهاتوو لەنێوان ویست و بەرژەوەندی خەڵک و بەرژەوەندی ئەم دەسەڵاتە و لایەنەکانی بەشداربووی هەیە. خەڵک ژیانێکی شایستە بەم سەردەمە و خۆشگوزەرانی دەوێ، بەڵام خۆشگوزەرانی خەڵک بەمانای ئەوە دێت ئەم حزبە بۆرژوازیانە دەست لەتاڵان و بڕۆی داهاتی کۆمەڵگا هەڵگرن. ئەمەش فەلسەفەیەک بۆ داسەڵاتدارێتی ئەوان ناهێڵێتەوە. ئەوان بۆیە ئەوەندە عاشق و تامەزرۆی دەسەڵاتن تا بیکەنە شاڕێی بەرزکردنەوەی قەڵای سەروەتی خۆیان. لەڕوانگەی ئەوانەوە دەسەڵات بۆ ئەمە نەبێت نەبوونی باشترە. بۆیە بە چنگ و ددان هەوڵی راگرتنی دەسەڵاتی داسەپا و گەندەڵ و سەرکوتگەر و کۆنەپەرستی خۆیان دەدەن و هیچ گومانێکش لەوەدا نیە کە دوا قەترەی توانای فریو و داپڵۆسێنەرانەی خۆیان بۆ راگرتنی دەسەڵاتەکەیان بەکاردەبەن.

## پێویستی و پێداویستیەکانی ڕووخاندنی دەسەڵاتی بۆرژوازی قەومی تالانچی!

خەڵکی کوردستان لەسایەی ئەم دەسەڵاتەدا چارەکە سەدەیەکە جۆرەها نەهامەتی و بێدەرەتانی و ژیانی سەخت و تراژیدیان تەحەمول کردوە. سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەم دەسەڵاتە وەکو بەرەی کوردستانی لە ١٩٩١ و دوای ئەوە هەڵبژاردنی پەرلەمان، دەورانێک بێبەری بوونی خەڵکیان لە سەرەتاییترین پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانە و لە کارەسات و نقومکردنی ژیانی ئەم خەڵکەیان بە "ساوایی حکومەت"ەکەیان پاساو دەدا. هەر ئەوکات بۆ دزینی قوتی خەڵک بە تەخشانکردنی چەواشەکاری لەبابەت "مامۆستا سەری بەرزی بۆ موچە نەوی ناکات" خەبات و نارەزایەتی ئەو قۆناغەیان جڵەوکرد. دواتربە شەڕی کۆنەپەرستانە و ماڵوێرانکەری ناوخۆیان فەزای خەباتی جەماوەریان تێکدا و ئەو شەڕەیان کرد بە بەهانەی بێدەرەتانی خەڵک. پاشان ساڵانێک خەڵکیان لەچاوەڕوانی یەکخستنەوەی دەسەڵاتە میلیشیاییە دوولەت بوەکەیان و رێککەوتننامەی ستراتیژیدا راگرت. لە دوای مایەپوچ بوونی دەسەڵاتەکەیان لە گشت ئەو پرۆسە ١٢ ساڵیەدا، ئینجا جەنگ و داگیرکاری ئەمریکایان وەکو ئومێدێک دەرخواردی خەڵک دا و ژەهراوی ناسیۆنالیستی و نەتەوە پەرستیان کردە ئەفیونێک بۆ تەفرەدانەوەی خەڵک. گوایە ئاسۆی دوارۆژێکی گەشاوە بۆ خەڵکی کوردستان لەگرەوی ئەوەدایە ئەم خەڵکە لەپشتی سیاسەتی پاشکۆیی بۆ میلیتاریزمی ئەمریکا و پرۆژە نەتەوەپەرستانەکانی ئەم حزبانە راوەستێت، تاوەکو ئەوان بتوانن مافی ئەم خەڵکەی کە لەلایەن بۆرژوازی کوردەوە بە تالان براوە، بە فیدراڵیزمی کۆنەپەرستانەی قەومی لە سکی حکومەتی عێراق و "نەتەوەی عەرب" دەربیهێنن. دوای لاچونی پەردەی فریوکاری لەسەر هەموو ئەوانە و تا رادەیەکی زۆر روونبوونەوەی بەرچاوی خەڵک لە ئاست سیاسەت و ئاسۆی تەقلیدی بۆرژوا ناسیۆنالیستی کوردی، ئینجا بزوتنەوەی گۆڕان و رەوتە ئیسلامیەکان بە پەیامی پوچ و فریوکارانەی چاکسازیەوە سوار سەری خەبات و نارەزایەتی جەماوەری بوون. گفتی ئەوەیان بە خەڵکدا کە ئەگەر ئەوان دەنگ بێنن و برۆنە پەرلەمان دەتوانن گوشارێک بۆ چاکسازی دروست بکەن و خەڵک لە نەهامەتی رزگار بکەن. بەم جۆرە گۆڕان و هاوپەیمانە ئیسلامیەکانی لە مەیدانی سیاسی قوتبونەوە و توانیان خەبات و نارەزایەتی جەماوەری و قوربانیەکانی بە تایبەت لە بزووتنەوەی ١٧ی شوباتدا، بکەن بە دەستمایەی شەریک بونەوەیان لە دەسەڵات و داهاتی بە تالانبراو. هەر کە بەم ئامانجە حەقیرانەیەش گەیشتن بانگەوازی خەڵکیان کرد کە "شەقام ئارام راگرن" و دەرفەت بکەنەوە بۆ دەسەڵاتی تالانچی تا بە ئارامیەوە لەسەر تالان و برۆ و لوشدانی داهات و قوتی خەڵک بەردەوام بێت. خۆشباوەڕی بە گۆڕان و ئیسلامیەکان لە راستیدا گورزێکی گەورە بوو لە خەبات و نارەزایەتی ئازادیخوازانەی جەماوەری بێدەرەتان. بزووتنەوەی ١٧ی شوبات بەرهەمی زیاتر لە ٢٠ ساڵ بێزاری خەڵک لە زوڵم و ستەمی بۆرژوازی کورد و ئاستێک لە بەرچاو ڕوونبونەوەی خەڵکی کوردستان بوو، کە لە جەرگەی نەشونمای هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەی ناوچەکە و بە کاریگەری وەرگرتن لە شۆڕشی میسرو تونس، گەیشتە ئاستی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری. بزووتنەوەی گۆڕان و ئیسلامیەکان ئەم بزووتنەوەیەیان بەرەوهەڵدێربرد و کردیان بە دەستمایەی سەودای قۆناغێکی خۆیان لەگەڵ یەکێتی

و پارتی. باجی ئەمە لەسەر خەڵک بە درێژکردنەوەی تەمەنی نگریسی ئەم دەسەڵاتە و بێسەمەر مانەوەی دەورەیەکی دیکەی خەباتی جەماوەری تەواو بوو.

هەستانەوەی سەرلەنوێی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی و بێباکی دەسەڵات بەرامبەر داخوازیە رەواو سەرەتاییەکانی خەڵک و گوێنەدان بە فەوتانی ساڵێکی خوێندنی دەیان هەزار قوتابی و خوێندکار، لەوەش ملهوڕانەتر هێرشە داپڵۆسینەرەکانی ئەم دواییانە بۆ سەر جەماوەری ناڕازی، بۆ چەندەهەمین جار حوکمی رووخاندنی ئەم دەسەڵاتەی دایەوە دەستی خەڵکی کوردستان. ئەم خەڵکە هیچ رێگایەکی بۆ ئاڵوگۆڕ و ژیانێکی باشتری لە پێش نەماوە جگە لەوەی کە لە هەناوی بەردەوامی دان بە ناڕەزایەتیەکانی ئێستادا، ئامادەکاری بۆ بەرامبەرکێی کۆتایی لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە و رووخاندنی بکرێت. لەم کارەدا دەبێ بەڕۆشنی ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە لەم رووبەڕوو بونەوەیەدا لەگەڵ پێویستی ریزبەستن لە دەوری ئاسۆیەکی رادیکاڵ بۆ ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە پێناو ئایندەیەک کە دوور بێت لە نەهامەتیەکانی ئێستا، دەبێ ئامادەکاری بۆ ئەوە بکرێت کە سەرجەم حزبە بۆرژوازیەکانی کوردستان بە پارتی و گۆڕان و یەکێتی و ئیسلامیەکانەوە، بە هەموو توانایان لە بەرامبەر بزووتنەوەیەکی وەهادا دەوەستنەوە. بێگومان هەرکامیان لە پێشدا هەوڵدەدات بۆ فریوکاری و بەلاڕێدابردن و بەرتەسک کردنەوەی ئاسۆی ئەم خەباتە بە جۆرێک کە جگە لە ئاڵوگۆڕپێکردنی پشکەکانی دەسەڵات لە نێوان ئەم حزبانەدا گۆڕانێک بە قازانجی ئازادی و خۆشگوزەرانی و بەگەڕکەوتنی ئیرادەی خەڵک روونەدات. بەلام هەرکات لەم پێناوەدا فریوکاری و بەلاڕێدابردن برەوی نەما و نەیتوانی خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵک جڵەو بکات، هەموو ئەم هێزانە بە تۆمەت بارکردنی خەباتی جەماوەر بە ئاژاوە گێڕی و بەهانەی پڕوپوچی دۆخی ناسک و بەرژەوەندی باڵای کورد و....دەکەونە بەرامبەر ئەم خەباتە و سەرئەنجام ئامادەن بە هەموو هێزی چەکدارو دەزگاکانی سەرکوت خەڵتانی خوێنی بکەن.

خستنەڕووی ئەم ئاسۆیە هەڵبەت بە مانای ئەوە نیە کە رووخانی ئەم دەسەڵاتە بکرێتە دروشمی هەر جۆرە ناڕەزایەتی و هاتنەمەیدانێکی جەماوەری. ناڕەزایەتیەکانی رۆژانەی خەڵک پێویستە داخوازی دیاریکراو بکەن بە دروشمی خۆیان کە بەپێی گرفت و کێشە دەمودەستەکانی خەڵک و هەروەها هاوسەنگی هێزو هەموو لایەنەکانی ئامادەیی بزووتنەوەی جەماوەری دیاری دەکرێن. هەر پێشرەویەک لە داسەپاندنی داخوازیە دەمودەستەکان هاوکات دەتوانێ هەنگاوێک لە چونەپێشەوە و گۆڕینی هاوسەنگی هێز بەقازانجی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانە فەراهەم بکات. بەلام هێنانەگۆڕێی مەسەلەی پێویستی رووخاندنی ئەم دەسەڵاتە لە دوو روەوە بایەخی گرنگ و چارەنوسساز پەیدا دەکات؛

١: بردنی ئەم ئاسۆیە بۆ ناو خەباتی جەماوەری و چەسپاندنی ئەو باوەڕەی کە ئەم دەسەڵاتە هیچ چاکسازیەک هەڵناگرێت و هەر حزب و لایەن و سیاسەتێک کە بیەوێ خەباتی جەماوەری لە بازنەی مانەوەی دەسەڵاتی ئێستادا بخولێنێتەوە، کۆنەپەرستانە و رێگرە لەبەردەم ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی و تەنانەت چارەسەری کێشە دەمودەستەکانی ئێستاش. هەنگاوی یەکەم ئەوەیە کە ریشەی ئەم ئاسۆیە لە ناو جەماوەری کرێکار و خەڵکی ستەمدیدە بەهێز بکرێت و خەباتی

## پێویستی و پێداویستیەکانی ڕووخاندنی دەسەڵاتی بۆرژوازی قەومی تالانچی!

جەماوەری ئاسۆی تەسک و کۆنەپەرستانەی ڕەوتە بۆرژوازیەکان تێپەڕێنێ. پێویستە ڕەخنەیەکی شۆڕشگێرانە لەم دەسەڵاتە و لە هەلومەرجی ئێستا بدرێتە دەستی بزووتنەوەی جەماوەریەوە. ئەم ڕەخنەیە دەتوانێ ببێتە بنەمای سیاسی جیاکردنەوەی ریزی بزوتنەوەی جەماوەری لە ڕەوتە بۆرژوازیەکان کە هەوڵدەدەن ئەم بزووتنەوەیە بکەنە مەقاشی دەستیان بۆ گەیشتن بە مەرامەکانیان.

٢ هێنانە گۆڕێی ئەم ئاسۆیە و دانانی لە دەستوری کاری بزووتنەوەی جەماوەری بەمانای دابینکردنی پێداویستیەکانی جێبەجی کردنیەتی لەڕووی ڕەوتی سیاسی- تاکتیکی و ئاسۆی سیاسی و ڕێکخراوەیی و رابەری و شێوەکانی خەباتەوە. لە ئێستادا لەگەڵ ئەوەشدا کە هەندێک کات دروشمی "بڕوخێ بڕوخێ" لە ناو خۆپیشاندانەکاندا دەووترێنەوە، جا چ بەشێوەی خۆبەخۆیی لە ئەنجامی تورەیی خەڵکدا بێت یان یان بەپێی سیاسەتی عەجولانە و چەپڕەوی منداڵانە وەیان ئاکامی یاری کردنی سیاسی لایەنە بۆرژوازیەکان بێت بە خەباتی جەماوەری لە پێناو مەرامەکانی خۆیان، بەڵام لە راستیدا ئەم کارە لە دەستوری بزووتنەوەی جەماوەریدا نیە. هەر بەو بەڵگە سادەیەی کە هیچ کارو هەوڵێک بۆ دابینکردنی مەلزوماتەکانی لە دەستور و لە ئارادا نیە. نەک هەر لە ئاردا نیە، بەڵکو لەبەرچاویش نیە و جێگای باسیش نیە. لە دەستور دانانی ئاسۆی ڕووخاندنی دەسەڵاتی مافیا و تالانچی و داپڵۆسێنەری بۆرژوازی کورد، دروشمێک نیە بۆ یاریکردنی نابەرپرسانە و عەجولانە بەچارەنوسی خەباتی جەماوەری، بەڵکو بە مانای لە دەستور دانانی جۆرێکی ترە لە کارکردن بۆ ئامادەکاری کە دەرەقەتی ئەم مەسەلەیە بێت. ڕەنگە نە پێویست و نە گونجاوبێت لە خۆپیشاندانەکانی ئێستادا ئەم دروشمە بوترێتەوە، بێگومان بەرزکردنەوەی ئەم دروشمە بەبێ لەبەرچاوگرتنی هاوسەنگی هێز و پێداویستیەکانی، دەتوانێ دەستی دەسەڵات بۆ سەرکوت بکاتەوە. مەسەلەی گرنگ ئەوەیە کە ئامادەکاری بۆ دابینکردنی مەلزوماتەکانی ئەم کارە بکەوێتە دەستوری بزوتنەوەی جەماوەریەوە.

یەکێک لە لایەنە هەرە لاوازەکانی بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری ئەم قۆناغە نارێکخراوی و رۆڵی لاوازی چینی کرێکارە لەم بزووتنەوەدا. بە پێچەوانەی دەیەی نەوەتەکان کە بە دەستپێشخەری و رابەری و رۆڵی بەرجەستەی کۆمۆنیزم و هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیست لە زۆرێک لە ناوەندەکان، رێکخراوە کرێکاری و جەماوەریە رادیکاڵەکان هاتنەمەیدانەوە و رۆڵێکی سازدەر و رابەری گرنگیان لە بزووتنەوەی جەماوەری ئەو قۆناغەدا بینی، لەوانە بە تایبەت )یەکیتی بێکاران، رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان، رێکخراوەکانی نەخۆشخانەکان و ئاوارەکان و کارگەکان..هتد. ( لەم قۆناغەدا تا ئەو رادەیەش کە شێوازێک لە رێکخراوبون هاتوەتە ئاراوە )دەستەکانی نارەزایەتی و لیژنەکانی مامۆستایان و ...( بەڵام زۆر دوورە لەو ئاستەی کە  رێکخەر و رابەری بزوتنەوەی ڕووخاندنی دەسەڵاتی تالانچی و داپلۆسێنەری حزبە بۆرژوازیە قەومیەکان بێت. ئەم ئاستە لە رێکخراوبوون کە  دەرکەوتووە بێگومان گرنگی خۆی هەیە، بەڵام گرنگیەکەی لەوەدایە کە دەستپێشخەریەک بنوێنێ بۆ پێکهاتنی ڕێکخراوەی جەماوەری رادیکاڵ لە ناوەندەکانی کار و خوێندن و گەڕەکەکان، دەستپێشخەری بکات بۆ بەرپاکردنی شورا و سەندیکا و یەکێتیە کرێکاری

و جەماوەریەکان. لە جیاتی ئەوەی کە زۆرتر جەختی لەسەر بانگەوازکردن بێت بۆ ئاکسیۆن و خۆپیشاندانی یەک لەسەر یەک و سەرئەنجام ماندوبوون و نائومێدبونی جەماوەر، پێویستە کاری سازدەرانە بکات بۆ رێکخراکردن و بردنەسەری توانای بزووتنەوەکە بە رێکخراوبوون و سەربەخۆکردنی ریزەکانی لە رەوتە بۆرژوازیە جیاجیاکان. پێویستە جەخت لەسەر پەیوەستکردنی چینی کرێکار و رۆڵی پێشرەوی ئەم چینە بکرێت. بەبێ هاتنەمەیدانی کرێکاران و گۆرانی ناوەندە کرێکاریەکان بەمەیدان و سەنگەرێکی ئەم بزووتنەوەیە، پێشرەوی ئەستەم و دابرانی بزووتنەوەکە لە ئاسۆ بۆرژوازیە کۆنەپەرستەکان و سەرئەنجامیش رەوتی ئاڵوگۆری بنەرەتی لە کۆمەڵگادا بە ئاکام ناگات.

ئەگەر ئێستا نە تەنیا بۆ هەڵسوراوان و رابەرانی رادیکاڵ و چەپ و کۆمۆنیست و شۆرشگێر، بەڵکو بۆ بەشێک لە جەماوەری نارازیش ئەو راستیە رۆشنبوەتەوە کە بەبێ روخانی ئەم دەسەڵاتە بۆرژوازی قەومیە تالانچیە، چارەسەرێکی راستەقینە بۆ مەینەتیەکانی ئێستا و پێکهاتنی ئاڵوگۆری بنەرەتی مەیسەر نابێت. ئەوکات دەبێ ئەوەش رۆشن بێت کە رووخاندنی ئەم دەسەڵاتە و جێگاگرتنەوەی بە دەسەڵاتێکی ئازادیخوازانەی پشتبەستو بە ئیرادەی خەڵک کە بتوانێ بە شێوەیەکی شۆرشگێرانە کێشەکانی ئێستا چارەسەر بکات و کوردستان لە گێژاوی هەمەلایەنەی فیدراڵیزمی قەومی شکستخواردو و دەسەڵاتی میلیشیایی تالانکەر دەربهێنێت، جۆرێکی تر لە کار دەخوازێت کە جیاوازیەکی چۆنایەتی هەیە لەوەی تا ئێستا دەکرێت. ناوەرۆکی ئەم کارە بریتیە لە بەرجەستە کردنی رەخنەیەکی سۆسیالیستی و رادیکاڵ لە دۆخی ئێستا و لە ناسیۆنالیزم و نەتەوەپەرستی و پەردەهەڵماڵین لەسەر کۆنەپەرستی مەیلی فریوکارانەی چاکسازی، بەهێزکردنی مەیلی روخاندنی ئەم دەسەڵاتە لە ناو جەماوەرو بزووتنەوەی نارەزایەتی، دابینبوونی رابەرایەتیەکی سیاسی عەمەلی شۆرشگێر و رادیکاڵ و جەسور بۆ ئەم بزووتنەوەیە، وە دەستبەکاربوون بۆ رێکخراوبوون و بەرپاکردنی بەکردەوەی شورا و رێکخراوە جەماوەریە رادیکاڵەکان کە هەم دەتوانن ئامرازی سەرخستنی بزووتنەوەی نارەزایەتی ئێستابن چ بۆ دەستەبەرکردنی خواستە دەستبەجێکان و چ بۆ بردنەسەری توانای بزووتنەوەکە تا ئاستی بزووتنەوەی رووخاندنی دەسەڵاتی ئێستا، هەم دەتوانن ئۆرگانەکانی دەسەڵاتداریتی جەماوەوری شۆرشگێرانەبن لە جێگای دەسەڵاتی سەرو خەڵکی ئێستا. ئەمە ئەرکی هەر حزب و لایەن و هەڵسوراوانێکە کە هەڵپێچانی دەسەڵاتی بۆرژوا قەومی و میلیشیایی و بەرپاکردنی دەسەڵاتێکی پشت بەستوو بە ئیرادەی خەڵک و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سکولارو غەیرە قەومی لە کوردستاندا بە کاری دەم و دەستی خۆی بزانێت.

٧ دیسەمبەری ٢٠١٦



# تەوەرێك دەربارەی شەڕی موسڵ

خوێنەرانی ئازیز

ئەمەی بەردەستان گفتوگۆیەکە لەگەڵ هەریەك لە هاوڕێیان محسن کەریم، عوسمان حاجی مارف و خەسرەو سایەدا سەبارەت بە شەڕی موسڵ. دیارە مەسەلەکە تەنها قەتیس نەبۆتەوە و نابێتەوە بە شەڕ لە موسڵ، بگرە هەموو ئەو مەسەلە سیاسی و بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریانەی زلهێزە جیهانی و ناوچەیی و هێزە ناوخۆییەکان بە شوێنیەوەن لە خۆئەگرێت. ئەم گفتوگۆیە هەوڵی داوە لایەنی جۆراوجۆر و مەسەلەکان بە شێوەیەکی فراوان داپۆشێ، بەڵام بێگومان هێشتاش کۆمەڵێك مەسەلە ئەمێننەوە کە پێویستە لە ڕوانگەی کۆمۆنیستیەوە بدرێنە بەر شرۆڤە و لێکدانەوە. شایەنی وتنە کە گفتوگۆکە لە سەرەتای مانگی دیسێمبەری ئەمساڵدا سازدراوە.

**دیدگای سۆشیالیستی**

دیدگای سۆشیالیستی: با یەکەم پرسیار لەوەوە دەست پێ بکەین کە بۆچی لە ئێستادا، یان چەند ڕۆژێکی کەم پێش لێدانی موسڵ، تازە باس هاتە سەر موسڵ؟ بۆچی پێشتر فەلوجە، تکریت وکوێ و کوێ هەبوو، بەمجۆرە لە وردەکاری و باسی سیاسی نەهاتە پێشەوە؟ بۆچی موسڵ وەك سەنتەرێکی مەسەلەکان خۆی ئەنوێنێ تەنانەت لە سیاسەتی کۆمۆنیستەکانیشدا؟



**موحسین کەریم:**

بەبڕوای من مەسەلەی شەڕی موسڵ لە چەند ڕووەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە وەک لە هێرش بۆسەر ئەنبارو تکریت و سەلاحەدین و ئەو ناوچانەی دیکە. یەکەم: موسڵ وەکو پێگەی جوگرافیەکەی و دانیشتوانی چ بۆ داعش و چ بۆ حکومەتی عێراق بایەخی تایبەتی هەیە. موسڵ دووەم شاری گەورەی عێراقە دوای بەغدای پایتەخت و ناوەندی دەسەڵات و پایتەختی خەلافەتی داعشە. شکستهێنانی داعش لە ناوەندی دەسەڵاتیدا سەرکەوتنێکی سیاسی و سەربازی گەورە دەبێت بۆ حکومەتی عێراق و دەسەڵاتی خۆی بەسەر سەرجەم ناوچەکانی عێراقدا زاڵ دەکاتەوە، بۆیە جەنگی موسڵ بۆ داعش جەنگێکی چارەنوسسازە. دووەم: موسڵ و جەنگی موسڵ تەنها بۆ حکومەتی عێراق و داعش بایەخی نییە، بەڵکو بۆ ناسیۆنالیزمی کوردو حکومەتی هەرێم و هەریەکە لە تورکیا و ئێران و ئەمریکاش بایەخی گرنگی هەیە. موسڵ لەباری سیاسیەوە پێگەیەکی تایبەتی بۆهەریەکە لەو لایەنانە هەیە، کە ئەنبارو تکریت ئەو بایەخەیان نەبووە. ناسیۆنالیزمی کورد سەبارەت بە موسڵ و دەسەڵات و بەڕێوەبردنی داهاتووی موسڵ ئیدیعای هەیە، تورکیا و ئێران وەکو دوو هێزی ناوچەیی بەوجۆرە لەشەڕی موسڵ دەڕوانن کە هەرکام لە هێزە عێراقیە هاوپەیمانەکانیان دەستی باڵای هەبێت لە وەدەرنانی داعش، دەستی ئەو لە دیاریکردنی هاوکێشە سیاسیەکانی عێراقدا باڵاتر دەبێت. ئەمریکا وەکو سەرکردەی واقعی جەنگی موسڵ، دەرکردنی داعش لە موسڵ بە سەرکەوتنی خۆی دەزانێت لە دەخالەتی زیاتری لە بارودۆخی سیاسی عێراق و کەم کردنەوەی هەژمونی سیاسی ئێران لە عێراق و هەروەها پێگەیەکی باشتر بۆخۆی بەرامبەر روسیا دەستەبەر بکات لە جەنگی دژی داعش لە ناوچەکە. تەنانەت هێزێکی وەکو پەکەکە هەوڵی ئەوە دەدات لەجەنگی موسڵدا جێگایەکی پێ ببڕدرێت تا بتوانێ وەکو هێزێکی بەشداری جەنگەکە لەدەستکەوتە سیاسیەکانی سودمەندبێت.

بەمجۆرە دەبینیت کە هێزو بەرژەوەندی جۆرواجۆرو بگرە دژ بەیەک لە جەنگی موسڵدا قاچیان دێتە ناو مەیدانەوە، کە دەرکردنی داعش دەتوانێ دەرگای کێشمەکێشێکی سیاسی و بگرە سەربازی خوێناوی بەسەر خەڵکی ناوچەکەدا بکاتەوە. بێجگە لەو کارەساتە مرۆییەی کە هەر ئێستا لە جەنگی نێوان ئەم هێزانەو داعشدا بەسەر خەڵکی مەدەنی ئەم شارەدا هێنراوەو ژیان و مانەوەی فیزیکی خەڵکی ئەو شارەی لەبەردەم گوولەی تۆپ و مووشەکی فڕۆکەو تۆڵەسەندنەوەی میلیشیا نەتەوەپەرست و تائیفیەکان ڕاگرتوە، ئایندەیەکی تاریک ڕووبەڕووی خەڵکی موسڵ دەبێتەوە، کە ڕەنگە کاریگەریەکەی لە دەسەڵاتی تیرۆریستانی داعش کارەساتبارتر بێت! کەواتە ئەو جێگاوڕێگایەی کە جەنگی موسڵ هەیەتی و ئەو مەترسیە سیاسی و کارەساتە مرۆییانەی کە لەهەناویدا هەڵیگرتووە بۆ کۆمۆنیستەکانیش مەسەلەیەکی هەستیارو جێگای بایەخی زۆرە.

**دیدگای سۆشیالیستی: بەڵام هاوڕێ محسن بە پێویست ئەبێ بێینە سەر ئەو لایەنەی کە بۆچی بۆ کۆمۆنیستەکان ئەم مەسەلەیە جێگای بایەخە؟ یانی هەستیاریەك کە تۆ باسی ئەکەی بۆ کۆمۆنیزم، وەك بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، ئەبێ بکاتە ئەوەی ڕۆشنگەری و بەرزکردنەوەی هوشیاری زیاتر بدرێ و هاوکاتیش سەرخەتی چیکردن بخرێتە بەردەم کۆمەڵگا، ئێوە چ قسەیەکتان هەیە لەم ڕووەوە؟**

**موحسین کەریم:**

وەکو ووتم بایەخ و هەستیاری پرسی شەڕی موسڵ بۆ کۆمۆنیستەکانیش لەوێوەیە کە بۆ بۆرژوازی و هێزە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی جێگایەکی هەستیاری هەیە. هەر لەبەرئەو جێگایەشی کە بۆئەوان هەیەتی، بەدەست و ددان بە کەیسی موسڵەوە گیردەبن و لێی نابنەوە. ئەوەش وادەکات کە پرسی موسڵ تەنیا لە چوارچێوەی شەڕێکی سەربازی چەند مانگە لەگەڵ داعشدا چاوی لێنەکرێت و خوێندنەوەی بۆنەکرێت. بێجگە لە خودی ئەو کارەسات و ماڵوێرانی و قوربانیانەی کە هاوکات بەشێکە لە پرۆسە سەربازیەکەی "دەرکردنی داعش" لە موسڵ، ئایندەی شارەکەو دانشتوانەکەی ڕووبەرووی تاریکی و نارۆشنی دەبێتەوە، بەهۆی ئەگەری ململانێ و شەڕی نێوان "هێزە سەرکەوتوەکان" بەسەر داعشدا. بێگومان کاریگەری ئەو بارودۆخەی کە دوای دەرکردنی داعش لەموسڵ دێتەپێشەوە، نەک تەنها خەڵکی موسڵ بەڵکو ئەگەری ئەوەی هەیە خەڵکی عێراق بە گشتی لەناو ئاگری خۆیدا بسوتێنێ و بۆ ساڵانێکی زۆر کۆمەڵگای عێراق و کوردستانیش بۆناو سیناریۆیەکی ڕەش و تاریک کێش بکات.

کەواتە بۆ کۆمۆنیزم و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی کۆمەڵگای کوردستان و عێراقیش، مەسەلەی موسڵ، مەسەلەیەکی هەستیارە و بەو ڕادەیەی لە ڕووی سیاسی و سەربازیەوە بتوانێ نەخشی تێدا هەبێت ، بەو ڕادەیە دەتوانێ لە ئایندەی سیاسی عێراقدا دەورو کاریگەری بەرچاوی هەبێت. ئەگەرچی بەداخەوە لە ڕووی سەربازیەوە تازە ئەم دەرفەتە بۆئەم بزوتنەوەیە نەماوەتەوە، بەڵام هێشتا لە ڕووی سیاسیەوە فرسەتی ئەوە هەیە کە دەوری خۆی ببینێت. ئەویش بەوجۆرە دەکرێت کە سیاسەت و پیلانی هێزەکانی بەشدار لە جەنگی موسڵ و ئاکامە زیانبارەکانی جەنگی ئەم هێزە کۆنەپەرستانە کە بەناوی جەنگی دژی داعشەوە بەرێیان خستوە، بۆ جەماوەری عێراق وکوردستان ڕوون بکاتەوە و جەماوەری لێ هوشیاربکاتەوە. تاوانەکانیان دژی خەڵکی مەدەنی و وێرانکردنی ماڵ و خەستەخانەو خوێندنگاو سەرچاوەی ژیانیان لەئاستی ناوخۆو دەرەوەی عێراق و کوردستاندا لەقاوبدات و ڕیسوای بکات. هاندان و خۆشکردنی ئاگری ڕق و کینە و دوبەرەکی نەتەوەیی و مەزهەبی و گیانی تۆڵەسەندنەوە کەلەلایەن ئەو هێزانەوە وەکو بەشێک لە سیاسەتی "جەنگی دژی داعش" و هەروەها بۆ دابینکردنی جێ پێی خۆیان لەناو هاوکێشەی سیاسی-سەربازی دوای دەرکردنی داعش لە موسڵ بەڕێوەی دەبەن، ڕیسوا بکرێت. هەوڵ بدرێ چ لەئاستی ناوخۆو چ لەئاستی نێونەتەوەییدا پشتیوانی بۆ خەڵکی موسڵ پەیدابکرێ تا لەدوای

دەرکردنی داعش، ئەم هێزانە دانیشتوانی ئەم شارە گیرۆدەی شەڕی تایئفی و نەتەوەیی و مەزهەبی نەکەنەوەو دووبارە دەسەڵاتێکی ڕەشی ئیسلامی –نەتەوەپەرست بەسەر خەڵدا نەسەپێننەوە، بەڵکو دوای کردنە دەرەوەی داعش، خەڵکی موسڵ دەرفەتێکی بۆ برەخسێت کە وەکو هاولاتی ئازاد بڕیار لەسەر داهاتووی سیاسی و ژیانی کۆمەلایەتی خۆیان بدەن بە دوور لە داعش و ئەفکاری داعش و سەرجەم ئەو هێزانەی کە دەیانەوێ جۆرێک لە دەسەڵاتی داعش ئاسای دیکە بەسەر خەڵکی موسڵدا داسەپێننەوە. چی لەباری ژیانی خەڵکی موسڵ دەگۆڕێت ئەگەر لەداعش ڕزگاریان ببێت، بەڵام بکەونە ژێر چەپۆکی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و حەشدی نیشتمانی و چەکدارەکانی بنەماڵەی نوجەیفیەکان و عەشیرەتەکان و بەکرێگیراوەکانی دەوڵەتی فاشیستی تورکیاو رژێمی دژی ئینسانی ئێران و جەنەراڵەکانی ئەمریکاو چەک بەدەستەکانی بارزانی و ... تاد؟!

**دیدگای سۆشیالیستی:هەر لە کاتی گرتنی موسڵ لە لایەن داعشەوە لە ١٠ ی حوزەیرانی ٢٠١٤ ەوە و دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بانگەوازی ڕووبەڕووبوونەوەی داعشی لە ئاستی سیاسی و سەربازیدا کرد و بۆ ئەو مەبەستەش دەستەی بەرگری جەماوەری پێکهێنا. بەڵام حزب نەیتوانی چالاکانە ئەم پڕۆژەیە بەرێتە پێشەوە. لێرەدا لە دوو ئاستدا پرسیارەکان ئەخەینە ڕوو. ئایا ڕەخنەیەك کە لەوبارەیەوە بگیرێت چییە و لاوازی حزب چی بوو لەم بارەیەوە؟ ئایا سیاسەتی بەرەنگاربوونەوەی داعش، و بەمجۆرەش تیرۆریزمی ئیسلامی، بە هێزی چەکداری جەماوەری چ لە موسڵ و لە عێراق و چ لە ناوچەکە بە گشتی کارێك نییە کە کۆمۆنیستەکان لە ئاستێکی ستراتیژیکدا بۆ خۆیانی دابنێن؟ گەروایە ئەم کارە چۆن بکرێت؟**

### موحسین کەریم:

سەبارەت بە بەشی یەکەمی پرسیارەکەتان، هۆکاری سەرنەکەوتنی حزب لەو کارەدا دەکرێ بە چەند هۆکارێک ڕوون بکرێتەوە، کە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ خودی حزب و بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ دەرەوەی حزب. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر حزب ئەوەیە، کە بەداخەوە مەسەلەی چەکداری و ئەزموونی کاری چەکداری لەناو حزبی ئێمەدا زۆر لاوازەو ئەمەش لەگەڵ مێژووی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقەوە لەسەرەتای پێکهاتنیەوە کێشەو گرفتێکی جددی حزب بووە. ڕاستە بۆ دەورەیەک حزب جۆرێک لە ڕێکخستنی چەکداری هەبووە، بەڵام تەنها لەو ئاستەدا بووە کە لانی کەمی پارێزگاری لە سەرکردایەتی و بنکەو بارەگاکانی بکات. ئەم گرفتە لەگەڵ حزبدا هاتووەو تا ئێستاش ماوەتەوە. ڕێکخستنی هێزی چەکداری جەماوەری پێویستی بە ئەزموونی چەکداری و شارەزایی لە ڕێکخستن و بوونی فەرماندەی ناسراو هەیە، کە خەڵک لەدەوری کۆببێتەوە. سەرباری ئەوەش دروستکردنی هێزی چەکداری – تەنانەت جەماوەری – پێویستی بە

ئیمکاناتی مالی و خەرجی زۆر هەیە، کە بەداخەوە لەوبارەوە حزب تواناییەکانی زۆر مەحدود بوو، و دەرەقەتی ئەو کارە نەهات. بۆیە دەبینیت سەرباری هەوڵەکانی ئێمە، بەڵام بەداخەوە نەمانتوانی کە ئەو سیاسەتەی حزب بەسەرەنجام بگەیەنین.

فاکتەری دووەم، دەرەوەی حزب، یان هەلومەرجی بەدەر لە ئیرادەی حزب بوو. ئەوەبوو سەرەتای هێرشی داعش بۆسەر موسڵ، خەڵکی کوردستان زۆر هەستی بە مەترسی داعش نەدەکرد، تا ئەوکاتەی کە هێزەکانی داعش بەرەو ناوچەکانی دیکەی نزیک کەرکوک کشان و هەروەها هێرشیان کردە سەر شەنگاڵ و مەترسییان لەسەر هەولێر دروست کرد. لەو ماوەیەدا خەڵک تووشی جۆریک لە شۆک و بێبڕوایی هاتبوو و هیچ گیانێکی بەرەنگاری هەستی پێنەدەکرا، چونکە دەیبینی پێشمەرگە بەو هەموو کەرەستە جەنگی و ئەزموونی شەڕەی کە هەیبوو لەبەردەم هێرشەکانی داعشدا وەکو پوولی دۆمینە دەڕوخان و هەڵدەهاتن. پڕوپاگەندەی خودی بەرپرسە پلەباڵاکانی حکومەتی هەرێم و هێزی پێشمەرگە بەرامبەر بە توانا سەربازی و چەکداریەکانی داعش و گەورەکردنی، کاریگەری خراپی لەسەر رۆحیەتی خەڵک و توانای بەرەنگاربوونەوەیان دانا. بەڵام دوای ئەوەی لە شەنگاڵ جۆرێک لە بەرەنگاری دروست بوو، و لە کوردستانی سوریاش داعش لوتی دای لە بەردی بەرەنگاری خەڵک و هێزە سیاسیەکانی ئەوێ، فکرەی بەرەنگاری دژی داعش تا ڕادەیەک بوژایەوە. بەڵام هێشتا بەو ڕادەیە نەبوو، کە بتوانێ وەکو هێزێکی سەربەخۆ دەربکەوێت. لە هەندێ شوێن جۆرێک لە گروپ و دەستەی چەکداری جەماوەری دروست بوون، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە ڕاستەوخۆ مەترسی هێرش و پەلاماری داعشیان لەسەر بوو وەکو شارۆچکەی خانەقین، کە ئەو گروپانە هەڵدەستان بە پاراستنی شارەکەو دەستەو مەفرەزەی چەکدارییان پێکهێنابوو بۆ ئەو مەبەستە. هەروەها بەشێک لە خەڵکیش وەکو خۆبەخش لەناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە لەگەڵ پێشمەرگە بەشداری شەڕیان دەکرد. بەشێوەیەکی گشتی خەڵک کاری بەرپەرچدانەوەی سەربازیی داعشی دابوە دەست هێزەکانی پێشمەرگە و حزبە دەسەڵاتدارەکانیش خۆیان هەموو هەوڵێکیان بۆئەوە بوو، کە ئەو کارە هەر بە وەزیفەی خۆیانی بزانن نەک جەماوەر، و تەنها دەوری جەماوەریان لەوەدا دەبینیەوە کە یارمەتی لۆجستی بدات بەهێزەکانی ئەوان.

بێگومان ئێمە بەشێک بووین لەو هەوڵە سەربەخۆیانەی کە ویستمان هێزێکی بەرەنگاری چەکداری جەماوەری دروست بکەین. بەڵام بەهۆی ئەو کەموکوڕیانەی لەخاڵی یەکەمدا باسم کرد و هەروەها بەهۆی ئەوەی کە هێزی ڕێکخستنی ئێمە بەپێی پێویست لەوناوچانە نەبوو، کە لە داعشەوە نزیک بوون و زیاتر لە ناوچەی سلێمانی بوو، کە ئەویش ڕاستەوخۆ مەترسی داعشی لەسەر نەبوو و میزاجی گشتی بەوجۆرە نەبوو هێزی چەکداری دروست بێت. وەکو وتیشم ئەو کەسانەی ئامادەیی شەڕی داعشیان هەبوو لەگەڵ پێشمەرگە دەڕۆیشتن. بۆیە مەسەلەی بەرەنگاری چەکداری جەماوەری دژی داعش بەداخەوە سەرکەوتنی بەدەست نەهێناو بگرە لە شارۆچکەی خانەقین کە سەربەخۆ لە هەوڵەکانی ئێمەش خۆیان دەستیان بۆ دروستکردنی هێزی چەکداری جەماوەری بردبوو، ئەو هێزە بەرەو پوکانەوە ڕۆیشت و نەما.

سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەتان دەبێ بڵێم کە سیاسەتی حزب لەپەیوەند بە داعش و تیرۆریزمی ئیسلامیەوە، بێجگە لە بەڕێخستنی شەڕێکی فکری- سیاسی- کەلتوری هەمەلایەنە دژی ئەم بزووتنەوە سەرتاپا کۆنەپەرست و دژی بەشەریە و هەروەها دژی بنەما کۆمەڵایەتی و فکریەکانی تیرۆریزمی ئیسلامی و داعشیزم، بڕوای بەوە هەیە کە تیرۆریزمی ئیسلامی و داعش دەبێ بەهێزی چەک لەسەر سنگی خەڵک و کۆمەڵگا دووربخرێنەوە و پاک بکرێنەوە. داعش و تیرۆریزمی ئیسلامی لەگەڵ کۆمەڵگای مۆدێرن و ئینساندۆستی و پێشکەوتنخوازی و بەها یەکسانیخوازو شارستانیەکان ناتەبان و ناتوانن لەگەڵیدا هەڵبکەن، بەشێوازی تیرۆر و کوشتن و دڕندەیی دەیانەوێ ڕووبەڕوویان بوەستنەوەو بەریان پێبگرن. بۆیە کۆمەڵگا بۆ پاراستنی خۆی ناتوانێ بەشێوازی خەباتی سیاسی و فکری بەتەنها دژیان بوەستێتەوەو دەبێت بۆ دوورخستنەوەی مەترسیان لەسەر خۆی لەکاتی پێویستدا دەست بۆ چەکیش بەرێت. لەو مەبدەئەوە ئێمە بڕوامان وایە کە دەبێ لە ڕووی چەکداریشەوە شەڕی داعش بەتایبەتی و تیرۆریزمی ئیسلامی بە گشتی بکرێت.
بەڵام دەربارەی ئەوەی کە چۆن ئەم شەڕە سەربازیە لەگەڵ داعش یان تیرۆریزمی ئیسلامیدا بکرێت، من بڕوام وایە کە وەکو چۆن شەڕی فکری و سیاسی لەگەڵ ئیسلامی سیاسی و لەگەڵ بنەمای فکری و کۆمەڵایەتی دروستبوون و مانەوەی دەبێت خەباتێکی هوشیارانەی جەماوەری بێت و تەنگەبەر نەکرێتەوە بە شەڕی نێوان دوو گروپی سیاسیەوە، بەهەمان شێوەش شەڕی سەربازی لەگەڵ تیرۆریزمی ئیسلامی دەبێ خەسڵەت و بوعدێکی جەماوەری بەخۆوە بگرێت. دیارە من ئەو مەسەلەیە ڕەت ناکەمەوە، کە هێزێکی سیاسی چەکداری شەڕی هێزێکی تیرۆریستی ئیسلامی بکات، بەڵام بەبڕوای من بەشداری جەماوەر و بەرەنگاری چەکدارانەی جەماوەر لەدژی تیرۆریزمی ئیسلامی و داعشیزم پێویستیەکی کۆمەڵایەتی و پڕبایەخە بۆ ئەوەی کە ببێتیە تەواوکەری ئەو جەنگە فکری و سیاسیەی لە دژیان بەرێ دەخرێت. پێویستە جەماوەر وەکو هێزێکی کاریگەر لە ڕووی سیاسی و فکری و سەربازیەوە بەشدار و نەخشی کارایان هەبێت لە کۆتایی هێنان بە دەرودوکانی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی ئیسلامیدا. تەنها لەو ڕێگایەوە دەتوانرێ کۆتایی بە تەمەنی ئیسلامی سیاسی بهێنرێو ڕەگ و ڕیشەی فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم بزووتنەوە تاسەر مۆخ کۆنەپەرست و دژە ئینسانییە هەڵتەکێنرێت.

**دیدگای سۆشیالیستی: کەوایە ئەو هەنگاوە عەمەلیانەی کە لەم مەیدانەدا پێویستە بگیرێنە بەر چین؟ واتە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسی و سەربازی لە دژی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی ئیسلامی؟**

### موحسین کەریم:

هەڵبەتە دەبێ لە دوو ئاستدا مەسەلەکە ڕۆشن بکەمەوە. یەکێکیان شەڕی سیاسیە لەگەڵ ئیسلامی

سیاسیدا و ئەوی دیکە شەڕی سەربازی لەگەڵ تیرۆریزمی ئیسلامیدا. مەبەستم ئەوەیە کە ئێمە هەموو کاتێک بانگەوازی شەڕی سەربازی دژی ئیسلامی سیاسی  ناکەین، مەگەر ئەو کاتەی دەستی بۆ تیرۆرو بەرپاکردنی جەنگی تیرۆریستی و نائارامکردنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا بردبێت. بەڵام شەڕی سیاسی و فکری لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا بۆ پاراستنی کۆمەڵگا لە مەترسی تیرۆریزمی ئیسلامی، بۆ پاراستنی بەها مرۆیی و پێشکەوتوەکانی کۆمەڵگا، بۆ پاکردنەوەی کۆسپە فکری و نەریتی و باوەکان لەبەردەم گەشەی کۆمەڵایەتیدا، لەبەردەم جێبەجێبوونی مافە سەرەتایی و هاوچەرخەکانی مرۆڤدا، پێویستە. شەڕی سیاسی لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا وەکو هێزێکی بۆرژوایی کۆنەپارێزو کۆنەپەرست و راستڕەوی پەڕگیر، کە رێگری لە هوشیاربوونەوەی چینایەتی جەماوەری بێبەش دەکات، پێویستە. هێزێکی بۆرژوازی کە سەرچاوەی ڕۆژڕەشیەکانی خەڵکی هەژارو بێدەرامەت دەگەڕێنێتەوە نەک بۆنایەکسانی چینایەتی، بەڵکو بۆ بەشی خودا کە دەبێ پێی ڕازی و شوکور بن، دەنا بەر غەزەبی خودا دەکەون. شەڕی سیاسی ئەم بزووتنەوە کۆنەپەرستەی بۆرژوازی پێویستە، چونکە دوژمنی سەرسەختی ئامانج و بیروباوەڕە یەکسانیخوازو کۆمۆنیستی و سۆشیالیستیەکانی چینی کرێکارو جەماوەری بێبەش و زەحمەتکێشەو گەورەترین خزمەت بە مانەوەی ئەم سیستەمە چەوسێنەرایەی بۆرژوازی دەکات. کرێکار و خەڵکی چەوساوەو زوڵملێکراو ئەسیری بیروباوەڕی بۆرژوازی و دەسەڵات و نیزامەکەی دەکات. دەبێ  بەرنامەی سیاسی و ئەجندای ئەم بزوتنەوەو هێزو گروپانەی ئیسلامی سیاسی، وەکو پارێزەری دەسەڵات و نیزامی سیاسی- کۆمەڵایەتی مەوجودی بۆرژوازی بە جەماوەر بناسێنین و جەماوەری پێ قانع بکەین. دەبێ لە ئاکامی کاری هوشیارکردنەوەی ئێمەوە جەماوەر بەو بڕوایە بگات کە شەڕی ئیسلامی سیاسی لەگەڵ حکومەت و دەوڵەتدا لەسەر بەشی خۆیانە لە دەسەڵاتی سیاسی کۆمەڵگا. لە کوردستانیش شەڕی گروپ و هێزەکانی ئیسلامی سیاسی لەگەڵ حکومەتی بۆرژوازی کورد لەسەر دەسەڵات و بەشی خۆیانە لە فەرمانڕەوایی کوردستان، نەک شەڕبێت لەسەر ژیان و قووتی خەڵک و لەسەر ئازادی و مافە سەرەتاییەکانیان. دەبێ ناوەڕۆکی سیاسەتی ڕیاکارانەی ئەوان بۆ خەڵک ڕوون بکەینەوە. دەبێ نمونەکانی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی لە ئێرانەوە تا تورکیا و لە ئەفغانستانەوە تا سعودیە و میسری سەردەمی محمد مورسی و تونسی ژێر دەسەڵاتی بەرەی "النهضة" و غەنوشی و تا دەسەڵاتی ڕەشی داعش بۆ خەڵک ڕوون بکرێنەوە. دەبێ کارکردی ڕەوت و گروپە ئیسلامیەکان لە مەغریبەوە تا جەزائیرو فەلەستین و لوبنان و لیبیا و عێراق و کوردستان و کردەوە تیرۆریستانەکانیان بخرێنە بەردەستی خەڵک. تاوانەکانیان لە تەقاندنەوە و تیرۆری خەڵکی مەدەنی لە ناو شارەکانی عێراق و سوریا و لیبیا و میسر و تونس و وڵاتانی ئەوروپا بەردەوام وەبیری خەڵکی بهێنرێنەوە. دەبێ هەوڵ بدەین جەماوەر بەو لێکدانەوانە لەسەر ئیسلامی سیاسی قانع بکەین. خەڵک بەو قەناعەتە بگەن کە ئەگەرچی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان بەناوی  بەرگری لە خواستی خەڵک و چارەسەری هەژاری و برسێتی و وەستانەوە بە ڕووی زوڵم و زۆری حکومەت دەرهەق بە خەڵکی بێبەش و چەوساوە، خۆ نمایش دەکەن و ڕەخنە لە سیاسەتەکانی حکومەت دەگرن، بەڵام ئەو هەموو

مەزڵومیەتەی خەڵکیان بۆئەوە دەوێ، کە بە ناوی ئەوانەوە ژمارەیەک کورسی پەرلەمان و چەند وەزیرێکیان لە حکومەتە نایەکسان و چەوسێنەرو زاڵمەکەی هەرێمدا دەست بکەوێ.
شەڕی سیاسی لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا، بێجگە لەوەی کە شەڕە لەگەڵ بزوتنەوەیەکی لە ڕادەبەدەر کۆنەپەرستی بۆرژواییدا و پێدوایستی خەباتی چینایەتی و هوشیارانەی چینی کرێکارە و ئەرکێکی یەجگار گرنگی سەرشانی کۆمۆنیستەکان و یەکسانیخوازانە، هاوکات دروستکردنی قەڵغانێکی سیاسی و فکریە بۆ پاراستنی کۆمەڵگا لە تیرۆریزمی ئیسلامی. گەشەی ئیسلامی سیاسی، بە ناچاری بە مانای بردنی کۆمەڵگایە بۆ ناو کەشوهەوای تیرۆرو تۆقاندن و داسەپاندنی حوکم و یاسای داعشی، کە پشتی بە دەقەکانی شەرع بەستووە. بە مانای سەپاندنی حوکمی دەستبڕین و شەلاق لێدان و جەڵدەو مل پەڕاندن و لەخاچ دان و زیندەبەچاڵ کردنە. کەواتە بۆ پاراستنی کۆمەڵگا و بۆ فەراهەمکردنی زەمینەی گەشەو هەڵدانی ئازادنەی مرۆڤەکان و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا و بەرقەراربوونی بەهاو پێوانە ئینسانی و مۆدێرن و هاوچەرخەکان دەبێ شەڕێکی هەمەلایەنی فکری و سیاسی لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا بکرێ و جەماوەر ڕابکێشرێتە ناو ئەو جەنگەوە و خۆی تێیدا بەشدار بێت. واتە خەڵک وەکو پاراستنی ئەو بەهاو پێداویستیە کۆمەڵایەتی و ئینسانیانە بێتە شەڕی ئیسلامی سیاسیەوە. ئەم شەڕە هەموو کاتێک، تا ئیسلامی سیاسی دەورو کارکردی لە کۆمەڵگادا هەبێت، کاتیەتی و دەبێ بکرێت. بەڵام شەڕی چەکداری لە دژی تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسیدا لەوکاتانەدا زەرورەت پەیدا دەکات کە هۆکارە سیاسیەکان بە تەنها وەڵامدەرەوە نەبن و پێویست بکات بۆ ڕزگارکردن و پاراستنی کۆمەڵگا لە مەترسی تیرۆر و تاوانەکانی ئیسلامی سیاسی پەنا ببرێتە بەر چەک و شەڕی سەربازیش.
وەکو پێشتر ئاماژەم پێکرد بە داخەوە فرسەتی ئەوەی جەماوەر دەوری هەبێت لە شەڕی چەکداری دژی داعشدا تا ڕادەیەکی زۆر تەواوبووە، ئەگەرچی چەند نمونەیەکی شایستەمان لەبەردەستدایە لەوبارەوە، وەکو بەرەنگاری خەڵکی کوبانی لە کوردستانی سوریا، بەرەنگاری خەڵکی شەنگاڵ دوای کارەساتی شەنگاڵ، شەڕی بەرگری جەماوەری لە شاری کەرکوک لەکاتی دزەکردنی داعش بۆ ناو شارەکە. بەڵام مەبەستی من لە شەڕی چەکداری جەماوەری لەدژی تیرۆریزمی ئیسلامی ئەوەیە، کە ئەو نمونانەی سەرەوە ببنە جۆرێک لە جەنگی سەراپاگیرو بەردەوام کە جەماوەر بە فراوانی و تا کۆتاییهێنان بە مەترسی تیرۆریزمی ئیسلامی درێژەی پێ بدات. واتە جەماوەر وەکو هێزێکی ڕێکخراوی چەکداری لە مەیدان ئامادەبێت. ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە خەڵک خۆیان لە میلیشیای جەماوەریدا ڕێک بخەن. دەیان گروپی چەکداری جەماوەری لەناو شارەکاندا پێک بێن، کە لە ڕووی سەربازیەوە دەورەیان بینیبێت، شارەزای بەکارهێنانی چەک و شێوازی شەڕی ناوشارەکان بن، بەرپرس و فەرماندەکانیان لەلایەن خۆیانەوە لە کەسانی شارەزاو دڵسۆز دیاری کردبێت، لە ڕووی ڕێکخستنی سەربازیەوە، شێوازی گونجاو و خاوەن زەبت و ڕەبتی باڵایان دروست کردبێت و پەیوەندی مۆدێرن و ئینسانیان لەنیوان خۆیاندا دامەزراندبێت. هەروەها مانیفێستی هێزی جەماوەری لە ڕووی ئامانجەکان، بنەماکان و پێودانگە ئینسانیەکانی هێزەکەو چۆنیەتی جێبەجێکردنیان لە کاتی جەنگدا بە ڕوونی خرابێتە ڕوو.

## تەوەرێك دەربارەی شەڕی موسڵ

هەڵبەت بەشداریکردنی جەماوەر لە جەنگی سەربازی دژی تیرۆریزمی ئیسلامی، سەرەتا ئامادەیی سیاسی و فکری پێویستە، دواتر ئامادەسازی پراتیکی و سەربازی. ئەگەر خەڵک لە ڕووی فکری و سیاسیەوە قەناعەتیان بەوە نەکردبێت، کە دەبێ شەڕی سەربازی تیرۆریزمی ئیسلامی بکەن، ئەوکاتە ئامادە نابن چالاکانە بەشداری ئەو شەڕە بکەن. سەرەنجام دروستبوونی هوشیاریەکی سیاسی و ئامادەیی فکری و سیاسی پێشمەرجی ئامادەیی جەماوەرە بۆ بەشداری چالاکانەو کاریگەر لە جەنگێکی چەکداری دژی تیرۆریزمی ئیسلامی. ئێمە دەبێ لە ڕووی سیاسی و فکریەوە جەماوەر بۆ ئەو روبەرووبونەوەیە ئامادەبکەین، تا لەکاتی پێویستدا ئامادەی بەرەنگاربونەوەی چەکداری هەبێت دژی تیرۆریزمی ئیسلامی. ئەوەی بەداخەوە لە جەنگی دژی داعشدا وون بوو، نەبوونی ئەو ئامادەییە فکری و سیاسیەی جەماوەر بوو بۆ وەستانەوە دژی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی ئیسلامی، بۆیە لە کۆتاییدا جەنگی سەربازی لەدژی داعش لەلایەن جەماوەرەوە بەجێ هێڵرا بۆ ئەو هێزانەی کە شەڕی هەمەلایەن و سەراپاگیر لە دژی داعش ناکەن و تەنها لە چوارچێوەی جەنگێکی سەربازیدا دەیهێڵنەوە کە دەست بۆ بنەما فکری و کۆمەڵایەتیەکانی داعش و داعشیزم نابەن!

### عوسمان حاجی مارف:



من پێم خۆشە لێرەدا دوو خاڵ باس بکەم لە پەیوەند بەم مەسەلانەوە کە هاوڕێ محسن دەیڵێ. خاڵێک کە پێویستە تەئکیدی لەسەر بکەینەوە بەتایبەتی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی ئەم شەڕە لە ئێستادا بە دەورو نەخشی دەوڵەتی ئەمریکاوە بەستراوە، کە نەخش و ئامانجی سیاسی ئەمریکا هەوڵدانیەتی بۆ گۆڕینی هاوسەنگی هێز بەقازانجی خۆی وەک محسن وتی لە بەرامبەر ڕووسیا و جەمسەرەکانی تردا. هەر بۆیە ئەم شەڕە لە ئێستادا بۆ دەوڵەتی ئەمریکا خۆی لە دەرهێنانی شاری موسڵە لە ژێر دەستی داعش بەهەر نرخێک بێت دیاری کردووە، شەڕی موسڵ لە ناو گێژاوی سیاسی ناوچەکە و کێشمەکێشی لایەنەکان لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕستدا لە ئێستادا مەوقعیەتێکی حەساسی بۆ پێگەی ئەمریکا و ئاڵوگۆر لە هاوکێشەی سیاسیدا وەرگرتووە. ئەمریکا بۆ هەڵسانەوەی بەشێک لە شکستەکانی و خەونی پاراستنی باڵادەستی تاک قوتبیەکەی ئەم شەڕە بە هەموو کارەساتەکانیەوە هەر دەبێت بکات، تا هەنگاوێک لەبەرامبەر ڕەقیبەکان و جەمسەرەکانی بەرامبەری بەرێتە پێشەوە. هەر بۆیە ئەم شەڕە لە دواجاردا بە چ بارێکدا بۆ ئەمریکا بە حساب دێت، بە دوای دەرپەراندنی داعشیش کۆتاییەکەی دیار نییە و ئاکامەکانی هەمەلایەن دەبێت، کە پێشتر قسەمان لەسەر کردووە.

خاڵێکی تر کە لە بارەی لاوازی هێزی چەکداری جەماوەریەوە پێوستە ئاماژەی پێ بکەین، دەوری

باڵادەستی و ئەزمونێک، کە حزبە ناسیۆنالستەکان لە عێراق و کوردستاندا لە بارەی ڕێکخستنی هێزی چەکداریەوە بینیویانە و زاڵیان کردووە، بەو مانایەی کە مەوقعیەت و جێگاوڕێگای دەسەڵاتی بۆرجوازی و حزبەکانیان هەمیشە هەوڵیان داوە دەورو ئیرادەی جەماوەری خەڵک بخەنە لاوەو گۆشەگیری کەن و بێ ئیرادەو بێ دەسەلاتی بکەن، و چاوەڕوانی و ئاسۆیەک بخەنە بەردەمی چارەنووسی خەڵک کە چاوەڕانبن کەسان و لایەن و پاڵەوانان هەن فریاترەسیانن. خودی ئەم ئاراستەیە لە زۆرلایەنەوە کارکردی لەسەر جەماوەری خەڵک بە سلبی بەجێ هێشتووە تا ئاستی بێ ئیرادەکرن و نائومێد بوون بە خۆ، هەر لەم ڕەواجی دوورخستنەوەیەی دەوری خەڵکدا، کارکردی لەسەر ڕێکخستنی چەکداریش بە قورسی داناوە، بەتایبەتی حزبە ناسیۆنالستەکان هەمیشە هێزی تایبەتی چەکدار بە حزبەکەیان بە شیوەیەکی وەها ڕێکخستوە و ناو لێناوە، کە گوایە سەرەکیترین و گەورەترین سەرچاوەی ڕزگاری خەڵکن، تا ئەو ئاستەی بە ناوی شۆرشی چەکداری و فیداکاری و تەقدیسی پێشمەرگایەتی و شەهید بوونەوە و لەسەرو ئێرادەی خەڵکەوە خۆیان بکەنە خاوەنی کێشەکان و هێزی زاڵ و تەنها ئومێدێک/ ئەم دەورەیان مێژووی چەند دەیەی واقعیەتی سیاسی عێراق و کوردستانە، هەر بۆیە ڕێکخستنی هێزی چەکداری جەماوەری دوور لە ئاسۆ ئەو فەزاو باڵادەستی حزبە ناسۆنالستەکاندا کارێکی ئاسان نییە و کاری زۆر و بە دیقەت و هوشیاریەکی جدی پێویستە.

**دیدگای سۆشیالستی: بە دوای ڕاگەیاندنی ئەو بەیانەی حزب کە لایەنگری لە شەڕی ئێستای موسڵ ناکات، ئەوە دیارە کە هەندێك بە لێکدانەوە و تێگەیشتن و بۆچونی خۆیەوە و هەندێکیش لە ناڕۆشنیدا بەو جۆرە باسی هەڵوێستی حزب ئەکەن کە گوایە مانای ئەو بەیانە لایەنگری لە داعش دەگەیەنێت. وەڵامی ئێوە چۆنە لەبەرامبەر ئەم ئدعا بێ ناوەڕۆکەدا، هەروەها گەر هەڵوێستی حزب لەو بارەیەوە ڕۆشن بکەیتەوە کە بۆچی پێتان وانیە ئەمە شەڕ بێت لە دژی داعش؟ ئەگەر ئەمە شەڕ نیە دژی داعش، ئەی ئەو شەڕە ڕاستەقینەیە کامەیە و پێویستە کێ بیکات بە تایبەتی لەم هەلومەرجەی ئێستادا کە دەوڵەتە زلهێزەکانی دنیا پێیان لە موسڵ و ناوچەکەدایە؟**

**عوسمان حاجی مارف:**

پێم باشە لە سەرەتادا هەر بە شێوەیەکی سادە بڵێم کە ئەم هێرشە بۆ سەر شاری موسڵ نەک ڕزگارکردنی شارەکە و دانیشتوانەکەی نییە، بەڵکو وێرانکردنی ئەو شارەو ئاوارەکردن و کوشتاری بەکۆمەڵی دانیشتوانەکەیەتی، وەک ئەو شەڕەی کە تا ئێستا لە حەلەبدا بەردەوامە. گەر لەم واقعیەتەوە بڕوانینە ئەم شەڕە، ئاخۆ چ دڵخۆشی و ئومێدێک جێگای پێشوازیە کە پێناسەی ئەو شەڕە بکات بە ڕزگاری شاری موسڵ، یان گەر ئەم شەڕە مایەی کوشتاری بە کۆمەڵ و کارەساتی نائینسانی گەورەیە ئاخۆ ئەوە چ بۆچوون و بیرکردنەوەیەکە بە ئەرێنی بڕوانێتە ئەم شەڕە؟ بۆ

دەبێت لایەنگری لە تۆپباران و وێرانکردن و کارەساتی نائینسانی و کوشتنی بە کۆمەڵ بکەین؟ واتە ئەسڵی باسەکە هەڵوێستە لەسەر ئەوەی ئایا قەبوڵی بکەین دانیشتوانی موسڵ بکرێنە سوتەمەنی ئەم شەڕە؟ هەر هێزێک دابینی ئەوە بکات دانیشتوانی موسڵ پارێزراو سەلامەت دەبن. ئەو کات قسەیەکمان نابێت و بابڕۆن داعش تەفروتونا بکەن، واتە گەر ئێمە لەڕوانگەی بەرگریکردن لە ژیانی دانیشتوانی موسڵەوە هەڵوێستمان دیاری بکەین، ئایا دەبینە لایەنگری داعش. با لێرەدا کەمێک بوەستین و بچینە ناو ئەو پرسیارەی کە ئایا ئەم وێرانکردن و کوشتاری بەکۆمەڵ و ئاوارەکردنەی کە ئێمە بە مەترسی دەزانین، لە لایەنێکی ترەوە ئایا بەڕاستی ئەم شەڕە، شەڕە دژ بە داعشە؟ واتە گەر شەڕە دژی داعش یان بە پێچەوانەوە بەرژەوەندی ترو مەسەلەی تری لە پشتە، کە ناوی شەڕی دژ بەداعشیان لێ ناوە؟ پێویستە ڕۆشن بکرێتەوەو لایەنەکانی لێک بدرێتەوە و دیاری بکرێت. بە شێوەیەکی بەرجەستە خاڵە ئەرێنیەکانی گەر بە قازانجی خەڵکە دیاری بکرێن، بەش بەحاڵی خۆم کە بۆم ڕۆشنە ئەم شەڕە دژ بە داعش و دژ بە تیرۆر نییە، چونکە بە جیا لەو واقعیەتەی کە داعش لە موسڵ دایە و دەسەڵاتدارەو دانیشتوانەکەی بە بارمتە گرتووەو بە دڕندانەترین شێوە مامەڵەی خەڵک دەکات و لە تراژیدیایەکی بەردەوامدایە، کە پێویستە ئیتر ئەمە کۆتایی پێبێت، بەڵام ئەم هێرشەی جەمسەرەکانی وڵاتانی زلهێزی دنیا و ناوچەکە، کە لە ژێر ناوی دژی تیرۆردا ڕێکیانخستووە ،یەکەم: تەواوی ئەو لایەنانە وەک جەمسەری تیرۆرزمی دەوڵەتی لەو مەیدانەدا خەریکن بەرژەوەندیەکانیان و کێشمەکێشی نێوانیان لەبەرامبەر وێرانکردنی شاری موسڵ و لەناوبردنی دانیشتوانەکەی دەبەنە پێشەوە و شەڕ دژی تیرۆر ناکەن، شەر بۆ گۆڕینی هاوسەنگی هێز دەکەن. دووەم: بەمانایەکی تر ئەمە شەڕی نێوان جەمسەرە تیرۆرستەکانە، کە داعش و ئیسلامی سیاسی و جمهوری ئیسلامی ئێران و سعودیەش جەمسەری ترن لەم شەڕەدا.

دەمەوێت ئەوە بڵێم، کە خودی واقعیەتی ئەم شەڕە بە مانەوەی داعش یان دەرکردنی داعش لە موسڵدا ئاکامەکەی بە هەردوو باردا تراژیدیایەک و کارەساتێکی نامرۆڤانەی گەورەیە بەرامبەر دانیشتوانی موسڵ. بۆیە ئاسان نییە هەڵوێست گیری تەنها لەو ڕوانگەیەوە بکرێ و بە ئیجابی سەیری ئەوە بکرێت داعش لە موسڵ دەردەکرێت. ئەو هەڵوێستەی دیوی لایەنی تری شەڕەکە نەناسێ و نەبینێ یان بەکەم سەیری بکات، تەنها داعش لەم شەڕەدا بخوێنێتەوە و کارەساتەکانی شەڕەکەی پێ ئاسایی بێت، دەکەوێتە بەرامبەر هەڵوێستێکی نادروستەوە و دەبێتە لایەنگری لایەنی بەرامبەر بە داعش، کە دەوڵەتانی ئیمپریالی و تیرۆرستین، یاخود تەنها دەبێتە ڕەوتێکی دژ بە ئیسلامی سیاسی. لە هەمان کاتدا دەکەوێتە جەنجاڵی وەهمی بۆچوونی زاڵی بۆرجوازی کە ڕایانگەیاندووە ئەم شەڕە شەڕی دژی تیرۆرە. بەڵام لە دنیای واقعدا بەتایبەتی لەدوای ئەو ئاڵوگۆڕو کارەساتانەی بەرەورووی سوریا بۆتەوە، بۆ هەموو لایەک ڕوونە جەمسەرە ئیمپریالیستەکان چ دەورو کارکردێکیان هەیە لە هەوڵدانیان بۆ یەکلایی کردنەوەی ئایندەو چارەنووسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و هەر جەمسەرێکی جیهانی و وڵاتانێکی ناوچەکە بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆیان لە ناو شەڕی موسڵدا دەخالەت دەکەن و کێشی دەکەن بۆ نەخشەکانیان بە

مەبەستی گۆڕینی هاوسەنگی هێز بە قازانجی خۆیان.
هەر ئەم هەلومەرجەشە کە دەبینین چ کارەساتێک و وێرانکاریەکی لە حەڵەبدا خوڵقاندوە. هێرشی ئێستا بۆ سەر موسڵ ناتوانرێت لەو واقعیەتە جیا بکەینەوە، لەوەی کە دەڵێین ئەمە وێرانکردنی موسڵە نەک ڕزگارکردنی، کە لە ئەزموون و دەوری کێشمەکێش و شەڕی جەمسەرە ئیمپریالیستەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەم جەمسەرانە شەڕی نێوان خۆیان دەکەن بۆ دابەشکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لە سەرحسابی وێرانکردن و خولقاندنی کارەساتی نائینسانی و بەکار هێنانی مەترسیترین چەکی وێرانکەر.
با بێینەوە سەر ئەسڵی باسەکە، واتە ئەگەر ئێمە لە کاتێکدا لایەنگری ئەم هێرشەی ئێستا ئاماژەمان پێدا لەلایەن جەمسەرە کۆنەپەرستەکانەوە کە هەر لەسەرەتاوەو لە ناواخنی خۆیدا وێرانکاری و کوشتاری بەکۆمەڵی تیا نمایش دەکرێت، لایەنگری نەکەین ئایا ماناکەی ئەوەیە کە دەبینە لایەنگری داعش، بەڵام بۆ نمونە گەر ئەو هەڵوێستەی ئێمە تەنها لەو ڕوانگەیەوە بێت تەنها شەڕێکی نێوان جەمسەرە ئیمپریالستەکانە و داعش بەدژی ئیمپریالیست وێنا بکرێت، ئەو کاتە دەتوانین بڵێین وایە ئەو هەڵوێستەی حیزبی ئێمە نادروستەو دەکەوێتە بەرەی ئیسلامی سیاسی و کۆنەپەرستیەوە، چونکە ئێمە دەڵێین و وتومانە داعش هێزێکی دڕندەیەو دەبێت کۆتایی پێبێت وەهەر لایەنێک ئەم دەورە ببینێت بە ئیجابی دەیبینین. بەڵام کێشەکە لەوەدایە ئەو وێنایەمان لا نییە و کەس ناتوانێ بیسەلمێنی کە ئەم شەڕە دژ بەداعشە و کۆتایی داعشە. لەوانەیە لەم شەڕەدا داعش دەرپەڕێنرێت، بەڵام بەبەهای وێرانکاری موسڵ و لە ناوبردنی دانیشتوانەکەی بێت، داوتریش تەواوی ئەو هێزانەی بەشدارن لەم شەڕەدا نەک هیچ  ئامادەکاریەکی ئینسانیان بۆ پاراستنی دانیشتوانی موسڵ نەکردووە، بەڵکو کێشمەکێشی نێوان خۆیان ئەو پەیامەمان پێ ذەدەن، کە بارگرژی زیاترو کارەساتی زیاتر دەکەنە ئایندەی موسڵ و ناوچەکە. هەر وەک ئاماژەم پێدا بە هەردوو بارەکەیدا، واتە گەر ئێستا دانیشتوانی موسڵ ژیانیان لە دۆزەخ دایە بە دەست دەسەڵاتی داعشەوە، مەبەستی ئێمە ئەوەیە، کە ئەم هێرشەی سەر موسڵ نەک دانیشتوانەکەی لەو دۆزەخە دەرناهێنێ بەڵکو پرۆسەیەکی خێرایە بۆ سوتاندنیان. ئێمە دەمانەوێت ئەم کارەساتە ڕوونەدات و لە هەوڵی ڕوونکردنەوەی ئەو واقعە تاڵ و نائیسانیەداین. شەڕ لە دژی داعش نابێت وێرانکردنی موسڵ و کوشتاری دانیشتوانەکەی بێت. ئەو هێزانەی لەو شەڕەدا بەشدارن، ئاخۆ چ پێداویستیەکی پاراستنی خەڵکیان لە ئەستۆ گرتووە، یاخود لایەنێکی وەک حەشدی شەعبی چی کەمترە لە داعش وا شەرەفی پاڵەوانێتی ڕزگاری موسڵی پێ سپێردراوە؟ بەم مانایە دەڵێین ئەم شەڕە ڕزگارکردنی شاری موسڵ نییە، بۆیە ئەو بۆچونەی پێی وایە بەم هێرشە دانیشتوانی موسڵ ئاسودە دەبن و ڕزگاریان دەبێت و کابوسێکیان لەکۆڵ دەکەنەوە و بە ئیجابی لێکی دەداتەوە، دەکەوێتە بەرگری لە شەڕی جەمسەرە ئیمپریالیەکان و کۆنەپەرستەکان. مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەوە تێڕوانینی یەک لایەنەیەو بێ سود و زیانبەخشە بۆ هەر لایەن و کەسێک کە تەنها لایەنێکی ئەم شەڕە بناسێ و بە ئیجابی بیبینێت. هەروەها بە قازانجی ئایندەی خەلکی بیناسێت.
شەڕی ڕاستەقینەی دژ بەداعش دەبێت بە دەوری جەماەری خەڵک و هاتنە مەیدانی خەڵک و

ئیرادەی خەڵک بەڕێوە بچێت. گەر ئەمە ئامادە نییە و ئێستا ناکرێ، مانای ئەوە نییە تەسلیم بە شەڕێک بین، کە لە بەرنامە و نەخشە و جێبەجێکردنیدا ژیانی ملێون ئینسان دەخاتە مەترسیەوە و چاوەڕوانی گەورەترین کوشتاری بەکۆمەڵی تیا بەدی دەکرێت. ئەم شەڕە شەڕی خەڵکی موتەمەدن و ئێمە نییە و نابێت هیچ چاوەڕوانیەکی ئەرێنیمان لێی هەبێت. دەوری تەواوی ئەو هێزانەی لە شەڕی موسڵدا بەشدارن، مێژووی سیاسیان نەک تەنیا ئەوەی دەوری جدیان دیوە لە بێ ئیرادەکردنی خەڵک و وەلاتانی دەور و دەخالەتی خەڵک، بەڵکو خاوەنی مێژوویەکن لە تاوانی گەورەی دژی ئینسانی. هەر خۆشیان دەوریان بووە لە دروست کردن و پشتیوانی کردنی تیرۆرستاندا و بەهێزکردنی دەستە و تاقمی ئیسلامی سیاسیدا. لەم شەڕەی ئێستاشیاندا گەر داعش بەگەورەترین قوربانی بەشەری لە موسڵ دەرپەڕێنن، بەڵام لەهەمان کاتدا لە چوارچێوەی واقعیەتی پێکهاتەیاندا کە نەتەوەچێتی و تائیفەگەری و ئیسلامی سیاسی و خورافات رەواج پێ دەدەن، خولقێنەری زەمینەی چەندین گروپی درندە و تیرۆریستی تر دەبن. بەرگرتن بەم کارەساتەنە پێویستی بە هاتنەمەیدانی ڕیزی بەرینی خەڵکی موتەمدن و ئازادیخواز هەیە لە ئاستی جیهاندا.

**دیدگای سۆشیالیستی: با بێینە سەر لایەنێکی تری ئەم شەڕە. شەڕی موسڵ چۆن پەیوەست دەبێتەوە بە شەڕی حەڵەب و ڕەقە و سوریا بە گشتی؟ ئەبعادە ناوچەیی و جیهانیەکانی ئەم شەڕە چۆنە؟**

**عوسمان حاجی مارف:**

واقعیەتێک کە لە سوریادا دەگوزەرێ بەتایبەتی دوای شۆڕشەکانی میسرو تونس، سایەیەکی تەواوی بەسەر ناوچەکەدا کرد، بەڵام دیمان کە دەوری وڵاتانی ڕۆژئاوا و دەوڵەتی ئەمریکا چۆن ڕەوتی شۆڕش و ناڕەزایەتییە جەماوەریەکانیان کردە شەڕێکی ناوخۆ و خوڵقاندنی سیناریۆیەکی تاریک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە هەمان کاتدا شکستی ستراتیجی دەوڵەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا و کۆتاییهاتنی دەوری تاک قوتبی و باڵادەستی ئەمریکا بەسەر جیهاندا، بارزبوونی دەوری ڕووسیا و چین لە بەرانبەر دەورو مەوقعیەتی ئەمریکادا کاریگەریەکی تر بوو لە ئاڵۆزبوون و فراوان بوونی ناجێگیری سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕستدا. دەتوانین بڵێین بارگرژیەکانی ئۆکرانیا، لیبیا، یەمەن، سوریا و عێراق وێنای کێشمەکێش و شەڕی جیهانی جەمسەرە ئیمپیریالیەکانە. هەر لەم ڕاستایەشدا گروپە ئیسلامیە تیرۆرستەکان و هێزێکی وەک داعش لە نێوان ئەم گێژاوە سیاسی و جەمسەرە ئمپریالیستیانەدا زەمینەی گەشەی بوونی خۆی سوود لێ ببینێ و توانی ببێتە جەمسەرێکی تری شەڕەکە و مەترسی بخاتە سەر ناوچەکە و جیهان. واقعیەتی شەڕی حەلەب شەڕێکی گەورەی بەرژەوەندیەکانی جەمسەرە ئیمپریالیەکانە بە تایبەتی ڕووسیا و ئەمریکا، کە لە لایەن ڕووسیاوە جەخت کردنەوەیە بۆ بەرگری لە دەسەڵاتی ئەسەد و مانەوەی تا جێگاوڕێگای ڕقوسیا لە هاوکێشەی سیاسی ناوچەکەدا بپارێزێ، بەهەمان شێوە دەوڵەتی ئەمریکا بە پاڵپشتی لە ئۆپۆزسیۆن و هەوڵدان بۆ وەلانانی ئەسەد، بەرژەوەندی خۆی دەبینێتەوە. ئەمە واقعیەتی

سەرچاوەی وێرانکاری و کارەساتەکانی حەلەب و بارگرژیەکانی سوریایە. پرۆسەیەک کە بەناوی ڕزگارکردنی موسڵەوە بەڕێوە دەچێت لە چوارچێوەی هەمان هەلومەرجی سیاسی و کێشمەکێشی وڵاتانی زلهێزی دنیا و ناوچەکەدایە. هەرچەندە واقعیەتی هێزێکی وەک داعش کە لە موسڵدا دەسەڵاتدارو داگیرکەرە، بەڵام بەو مانایەی کە ئەم هێرشەش بۆ موسڵ شەڕی نێوان جەمسەرە ئمپریالیستی و وڵاتانی ناوچەکەو هێزە ئیسلامیەکان و داعشە، ئەمە هیچ لەو مەسەلەیە ناگۆڕێت، کە ئامانجی ئەم شەڕە چۆن هەر لایەنێک لە جەمسەرەکان دەیانەوێت لەم شەڕەدا هاوکێشەی سیاسی و هاوسەنگی هێز بە قازانجی خۆیان بگۆڕن. ئاکامی شەڕەکە گەر خراپتر نەبێت بە وینەی حەلەب باشتر نابێت. هەر لە ئێستاوە کێشەی لایەنەکان لە دوای دەرکردنی داعش لە موسڵ ئاڵۆزو مەترسیدارە، ئێستا ئەو هێزانە لەبەرانبەر داعشدا یەکیان گرتووە و بونەتە بەرەیەکی بەناو "شەڕ دژ بە داعش"، بەڵام بەجیا لەو کارەساتانەی لەم شەڕدا ڕوو دەدات، بەڵا و کارەساتی گەورەتر کە چاوەڕوانکراوە دوای نەمانی داعشە لە موسڵدا. ئەو بەرەیە وەها هەڵدەوەشێتەوە و دەتەقێتەوە، کە چاوەڕوانی لە جۆرەها ڕووداوی شەڕ و پێکدادانی تر مەترسیەکی گەورەیە بۆ ناوچەکە. هەر لەم واقعیتەوەیە دەتوانین بڵێین، کە نەمانی داعش لە موسڵ نەک زەمانەتی ئاسودەیی و ئارامی سیاسی و پاراستنی ئەمنیەتی خەڵک ناکات، بەڵکو کارەسات و بەڵای گەورەتر دەخاتە بەردەم ڕێگای ژیان و گوزەرانی خەڵکی ناوچەکە، بۆیە ئەو بۆچونەی کە پێی وایە ئەم شەڕە ئەرێنیە و بەڵایەک بەسەر خەڵک کەم دەکاتەوە، دەبێت بۆ خۆی بێکار لەماڵەوە دانیشی و چاوەڕوان بکات تا کۆتایی شەڕەکە و دواتر بەدوای خاڵە ئەرێنیەکان بگەڕێت کۆیان بکاتەوە.

**دیدگای سۆشیالستی: بەشداری هێزی حزبەکانی کوردایەتی لەم شەڕەی موسڵدا چۆن دەبینن؟ وەك ئاگادارن هەر لەگەڵ دەرچوونی دۆناڵد ترەمپدا ناسیۆنالیزمی کورد و بە تایبەت بارزانی کەوتنە دەربڕینی پشتیوانی و کار گەیشت بەوەی کە لە بەرەکانی شەڕەوە گفتوگۆیان لەگەڵ پێشمەرگەدا ئەکرد و خۆشحاڵی خۆیان بۆ بوونی ناوبراو بە سەرۆکی نوێی ئەمریکا دەردەبڕی. لە کاتێکدا ئەو زۆر بە ڕۆشنی لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا باسی لەوە ئەکرد کە ''پێشمەرگە شەڕکەری باشن و ئەبێ بەکاریان بهێنین.''**

## عوسمان حاجی مارف:

ئەحزابی ناسیۆنالیستی دەسەڵاتدار لە کوردستاندا هەمیشە سیاسەت و بەرژەوەندیەکانیان گرێداوە بە بەرژەوەندی و سیاسەتی وڵاتانی ئیمپریالی و ناوچەکەوە، شەڕی کەنداو و تا ڕوخانی حزبی بەعس نمونەیەکی بەرجەستەیە، کە چۆن پارتی و یەکیەتی وەک هێزی میلیشیا خۆیان گونجاند و سازدا لە ناو ستراتیژ و سیاسەتی دەوڵەتی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکەدا. ئەوەی لێرەدا جێگای وەبیر هێنانەوەیە، بە تایبەتی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان لە کاتی داگیرکردنی موسڵ لە لایەن داعشەوە، بەهەڵوێستێکی بێ مانا وەک ئەوەی پێشوازی لە داعش بکات وابوو. ئەوەی

ڕاگەیاند کە "دەکرێ داعش دراوسێیەکی باش بێت و زیانی نەبێت بۆ کورد." چونکە ئەوکاتە ئاشکرابوو کە سعودیە، تورکیا و قەتەر پشتیوانیان لەدەوری داعش دەکرد، و پارتیش بەرژەوەندیەکانی خۆی لە پەیوەست بەو سێ وڵاتەوە دەبەستەوە، بۆیە دەبوو هەڵوێستێکی لەو شێوەیە بەیان بکات. بەڵام دواتر دوای ئەوەی ڕووداوەکان ئاڵوگۆڕی تری بەخۆوە بینی، لە هەموو شووێنێکی دونیاوە نەفرەت لە بوونی داعش دەکرا وەک دوژمنێکی جیهانی ناسێنرا، هەروەها داعشیش هێرشی کردە سەر ناوچە کوردنشینەکان و کارەساتی گەورەی لە شەنگالدا خوڵقان، مقاوەمەتی جەماوەری بەرانبەر داعش هێنایە گۆڕ و شەڕ لەدژی داعش لە هەموو لایەنێکەوە بوو بە زەرورەتێک. پارتی لە ناچاریدا وەها ڕاگەیاند، کە دەچێتە ناو بەرەی شەڕ دژ بە داعش، لە لایەکی تریشەوە لە ناو ئەو هەموو گێژاو و کارەساتانە و کوشتنی بەکۆمەڵدا و مەترسیەکانی داعش لە تەواوی ناوچەکەدا و دوای داگیرکردنی موسڵ ئاوارەبونیکی بێ شومار پەرش و بڵاوبووەوە، بەرزانی وتی فرسەتە بۆ دەوڵەتی کوردی، کە ئەم دروشمەشی لەو کاتەدا بە مانای مقاومەت نەکردنی داعش بوو. جگە لەوەش سوود وەرگرتن لە بوونی داعش بۆ شەڕ و کێشمەکێشی لەبەرانبەر حکومەتی ناوەندیدا. ئێساتش بەو پێیەی دەوڵەتی ئەمریکا پێویستی بەوەیە وەڵام بە شکست و پاشەکشەی سیاسەتەکانی خۆی لە ناوچەکەدا بداتەوە بۆ ئەوەی هاوسەنگی هێز بە قازانجی خۆی بەرامبەر وڵاتانی زلهێزی جیهان بگۆڕێت. دەیەوێت بەهەر بەهاو ڕوودانی هەر کارەسات و وێرانکاریەک بێت، موسڵ لەژێر دەستی داعش دەربهێنێت. ئاشکرایە کە ئیستا ئەم شەڕە بە دەورو نەخشی ئەمریکا ڕێکخراوە و بە ڕێوە دەچێت. ئەمریکا پێویستی بە ئاڵوگۆر لە هاوکێشەی سیاسیە لە ناوچەکەدا، بۆ ئەمەش هێزە کوردیەکان لە ئێستادا بە حکومی نزیکیان لە شەڕی موسڵەوە و ناشتوانن لە چوارچێوەی پلان و نەخشەکانی ئەمریکا دەرچن، ئامرازێکی باشن کە ئەمریکا فرێیان داتە ناو ئاگری شەڕەکەوە. حزبەکانی کوردایەتیش کە لە چوارچێوەی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکادا جێگاو ڕێگایەکیان بەدەست هێناوە، ئێستاش بەو جۆرەی بۆ ئەمریکا پێویستە و سیاسەتەکانی پێ دەچێتە پێش، پارتی و یەکێتی هێزەکانیان خستۆتە خزمەت شەڕی ئێستای ئەمریکا دژ بە داعش.

لە ئاستێکی وەها باڵادا ئەم حزبانە سیاسەتەکانیان گرێداوە بە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاوە، ناتوانن سەربەخۆبن و لە هەمان کاتدا ترسی ئەوەیان هەیە گەر لەهەر ئاڵوگۆڕو پێشهاتێکدا کە لە سیاسەتەکانی ئەمریکادا ڕوویدات، ئەمانی تیا فەرامۆش بکرێن و بخرێنە لاوە، بەو مانایەی لە ئەگەری ئەوەی ئەمریکا پێویستی بە حزبەکانی کوردایەتی نەمێنێت، چونکە بەجیا لەوەی پارتی و یەکێتی وەک دووهێزی میلیشیا پابەندن بە بەرژەوەندی و نەخشەکانی دەوڵەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، بەڵام لەلایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە هیچ پەیمان و زەمانەتێکی لە بەرنامەو ستراتیژەکەیدا لە ئارادا نییە بۆ ئایندەی کوردستان و هیچ جێگا و ڕێگایەکی ڕۆشنیشی نەخستۆتە ڕوو بۆ دەورو جێگای پارتی و یەکێتی، چونکە ئەمریکا بە گوێرەی کێشمەکێش و بەرژەوەندیەکانی لە بەرانبەر وڵاتانی زلهێزی تری دنیادا نەخشەکانی دیاری دەکات و ئەمان بەکار دەهێنێت، بەتایبەتی لە ئێستادا لەبەرانبەر ڕووسیادا. بۆیە پارتی و یەکێتی بەجۆرێکی گاڵتەجار و ڕیسوا و دەستبەجێ دەچنە پاڵ

ترامپ و پەیمانی دڵسۆزی پێدەدەن. ئەمەش واقعیەتی سیاسەتی حزبەکانی کوردایەتیە، کە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی بۆرجوازی کوردی هەمیشە لە چاوەڕوانی و ئومێدو پاشکۆبووندان بە وڵاتانی زلهێزی دنیاو ناوچەکەوە، و ئاکامی ئەم سیاسەتانەیان هەرچی بەسەر خەڵکی کوردستاندا دێت بۆیان مەسەلە و گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ترامپ هەرچیەک بێت و هەر چیەک دەکات، دەست بەرداریان نەبێت و بەکاریان بهێنێت.
ئەم واقعیەتەش لە پاشکۆ بوونی حزبەکانی کوردایەتی بە سیاسەت و نەخشەکانی دەوڵەتی ئەمریکاوە لە بیست و پێنچ ساڵی دەسەڵاتیاندا شێوازێکە لە نوێنەرایەتی کردنی بەرژەوندی سەرمایە و سەرمایەدارن لە کوردستاندا، کە پەیوەندی کار و سەرمایە لە ئاستی نزمترین کاری هەرزاند ڕابگرێت و کرێکاران بکاتە کۆیلەی ڕەهای کار و کەڵەکەی سەرمایەش لە بەرزترین ئاستدا بەرێوە بچێت. دەسەڵاتداری حزبە میلیشیاکان بە قۆرخ کردن و بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانی کوردستان، کە ڕیزێکی بەرین لە کرێکاری هەرزان و بێکاری و هەژاری و برسێتیان کردۆتە واقعی ئێستای دانیشتوانی کوردستان و بوونی کەمایەتیەک لە ملیاردێر، خەڵکیان ناچار کردووە ببنە بەشێک لە هێزی چەکداری حزبەکان و ببنە سوتەمەنی شەڕەکانیان، کە ناچاریان دەکەن لە بەرەکانی شەڕ بە شان و باڵی ئەمریکا و ترامپدا هەڵبدەن. ئەم شێوازەش بۆ خۆی جارێکی تر بێ ئیرادەکردنی زیاتر و زەلیل کردنی ئینسانەکانە بە چەوسانەوەی زیاتر و ڕەواجدان بە خورافاتی قەومی و چاوەڕوانی و ئومێدبوون بە ئەمریکا و ترامپ لە پێناو پاراستنی سەرمایە و سەرمایەداراندا. ئاکامەکەشی بوونی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشە بە سوتەمەنی شەڕەکانیان، هەر بۆیە شەڕی موسڵ نەک شەڕی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ئازادیخواز و موتەمەدن نییە، بەڵکو ئاکامەکەشی نادروستە ئەو ناوەی لێبنرێت کە هەلومەرجێکی ئاواڵە و لەبار بۆ خەباتی کرێکاران فەراهەم دێنێت.

**دیدگای سۆشیالیستی: باسکردن لە شەڕی موسڵ ئاڵۆزییەکی هزری بەسەر جیهاندا هێناوە. بەجیا لە لێکدانەوەکانی میدیای بۆرژوازی جیهانی، کە لە پێناو ئاوکردن بە ئاشی جەنگخوازیدا، زهنیەتی مرۆڤایەتی هاوچەرخیان بەوە داگرتووە کە هێزە هاوپەیمانە بەشدارەکان داعشی خوێنخۆر لەناودەبەن، دوو گۆشەنیگای جیاوازی تریش دەبینرێن. یان ڕەخنە لە دژی دەوڵەتە ئیمپرالیستیەکان خەست دەکرێتەوە و بەمجۆرەش فۆکەس لەسەر تیرۆریزمی ئیسلامی کاڵ دەبێتەوە، یاخود ئەوەندە دژی ئەمەی دووەمیان و ئیسلامی سیاسییە و پەرۆشی لەناوچوونی ئەم تیرۆریزمەیە، چاوی لە ئاستی تیرۆریزمی دەوڵەتی و بەمجۆرەش وێرانکاریەك کە ئەم شەڕە بە دوای خۆیدا ئەیهێنێ وەك پێویست نابینێ. لێکدانەوەی تۆ لەم بارەیەوە چییە؟**

# تەوەرێك دەربارەی شەڕی موسڵ



**خەسرەو سایە:**

ئەگەر ئەو دوو گۆشە نیگا جیاوازەی کە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەی بۆ دەکەن، وردتر فۆرمۆڵە بکەیەنەوە، دەتوانین وەک دوو ڕوانگەی پێچەوانە و نادروست، لەپەیوەند بە جەنگی ئێستای موسڵەوە، لەژێر چەمکەکانی "ئەنتی ئیمپریالیستی" و"ئەنتی ئیسلامی" دا کۆ بکەیەنەوە. ڕوانگەی " ئەنتی ئیمپریالیستی"، کە شەڕی موسڵ دەباتەوە نێو هەمان چوارچێوەی تەقلیدی "جەنگ و میلیتاریزم"ی دەوڵەتانی ئیمپریالیستیەوە و بەعەینەکی لیبراڵ چەپێکی زهنیگەراوە لێی دەڕوانێت، نایەوێت و ناتوانێت تایبەتمەندیەکانی ئەم جەنگە و هێزە واقعیە بەشدارەکان و ئامانجەکانیان، لەجەرگەی دونیای سەرمایەداری دوای شکستی ستراتیژی "نەزمی نوێی جیهانی" ئەمریکا، ببینێ. ئیسلامی سیاسی وەک جوڵانەوەیەکی بۆرژوازی، کە لەدوای ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەرەوە، شەڕێکی جیهانی لەدژی ئەمریکا ڕاگەیاند، وەک لایەنێک لە جەنگی تیرۆریستان بە ئامانج و ستراتیژی تایبەتی خۆیەوە ڕۆڵی لەم شەڕەدا هەیە، کە ناکرێ لە ژێر پەردەی شەڕی نێوان دەوڵەتانی ئیمپریالیستی ئەمریکاو ڕوسیادا، حسابی بۆ نەکرێ و لەبەرامبەردا هەڵوێستی لێنەگیرێ. بە تایبەتی کە ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمەکەی لەمڕۆدا مەترسیەکی جدیە بۆ سەر کۆمەڵگای بەشەری. ڕەوتە ئەنتی ئیمپریالیستیەکان، تا ئەو ڕادەیەی لە پێگەی ڕابردووی زوڵم و زۆری داگیرکاری ئیستعماری و "ئاشتیخوازی و ئینساندۆستی" سەروچینایەتیەوە، هەڵویست لە جەنگ و میلیتاریزمی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی دەگرێ. زۆرجار لە کەنار ڕەوت و دەوڵەتانی ئیسلامیدا، بەهۆی ئەوەی ئیدعای دژی ئەمریکایی دەکەن، ڕادەوەستێ. بانگەواز بۆ "ڕاوەستانی جەنگ" و بەدەستەوەگرتنی "بزوتنەوەی ئاشتیخوازی و دژی جەنگ" و دووبارەکردنەوەی لە هەرسەردەمێکدا وەک شیعارێکی هەویەتی بەرامبەر بە لە ئارادابوونی هەر جەنگێکی بەکردەوە و تایبەت، ڕەنگدانەوەی ئەو زهنیگەرایی و بۆچونە سەروچینایەتیە لیبرال و ئینساندۆستانەیەیە، کە ڕەوتەکانی پشتی ڕوانگەی ئەنتی ئیمپریالسیتی، بۆ سیاسەتی پاسفیستانەی خۆیان بەرامبەر هێزە بەشدارەکان لە هەر شەڕیکی کۆنکرێتدا دووبارەی دەکەنەوە. لە کاتێکدا لە سونەتی مارکسیستەکاندا وانیيە، کە بە شیعاری "ئاشتی و ڕاوەستانی جەنگەوە" بچینە سۆراغی جەنگەکانەوە.

لە بەرامبەریشدا ڕوانگەی "ئەنتی ئیسلامی" وەک خەسڵەتێکی ڕەوتە دژی ڕژێمیەکان، لە ولاتانی ڕۆژهەڵاتیدا، ڕاوەستانەوە بەرامبەر بە ئیسلامی سیاسی لە دەرەوەی کێشمەکێشی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی مامەڵە دەکەن و بەهەر ڕادەیەک جەنگ و میلیاتریزمی ئەم دەوڵەتانە، لە دژی ئیسلامی سیاسی بێت و ڕووی لە لاوازیان بکات، بەو ڕادەیەش باری "پۆزەتیڤ" و "ئیجابی" تیا بەدی دەکەن، تەنانەت ئەگەر بە نرخی کوشتار و کاولکاری فراوانیش تەواو ببن. ڕەوتەکانی پشتی

ئەم ڕوانگەیە لە چاوی مشکەوە جەنگەڵستان دەبینن و پێیان وایە هیچ ئاژەڵێک هێندەی پشیلە دڕندە نییە! لەکاتیکدا، جەنگی ئێستای موسڵ لەگەڵ ئەوەدا کە تیرۆریزمی دەوڵەتی ئەمریکای وەک لایەنێکی سەرەکی خستۆتە مونافەسەیەکی جەنگی و تیرۆرستیەوە لەبەرامبەر ڕوسیا و هاوپەیمانەکانیدا، خۆی ئەڵقەیەکە لە جەنگێکی فراوانتری نێوان دەوڵەتانی ئیمپریالیستی ڕوسیا و ڕۆژئاوا و دەوڵەتانی ناوچەکە و چەندین هێزی بۆرژوازی محەلیەوە، لەسەر داهاتوی دونیا و ناوچەکە. لە ڕوانگەی ئەم ڕەوتە ئەنتی ئیسلامیەدا، پێداگری لەسەر ئەوەی کە "جەنگ لەدژی داعش مەحکوم دەکەیت یان نا"، میحوەری هەر هەڵویست گرتنێکی چەپ و کۆمۆنیستیە. کەوایە مادەم جەنگ و کێشمەکێشی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی و ناوچەکە ڕووی لەوەدەرنانی داعشە و بەم جۆرەش ئیسلامی سیاسی تیا دەدۆڕێ، نابێ مەحکوم بکرێ و فشارەکان بۆ خاوبوونەوەی لەسەر لایەنە دەرگیرەکان لەم جەنگەدا دابنرێ. تەنانەت ئەگەر کارەساتی ئینسانی و کاولکاری و کوشتاری بە کۆمەڵیشی لێبکەوێتەوە. ئەم ڕەوتە ئەنتی ئیسلامی و دژی ڕژێمیانە، کە بەرامبەرەکانیان بە "پاسفیست" تۆمەتباردەکەن، بەکردەوە خۆیان سیاسەتی چاوەڕوانی و ڕاوەستان بەدیار تیرۆریزمی دەوڵەتی و وجەنگی نێوان دەوڵەتانی ناوچەکە و زلهێزی دونیاوە، بەو وەهمەوە ڕاگرتووە، کە ئەمریکا و غەرب بەدەرپەڕاندنی داعش لە موسڵ، ئیسلامی سیاسی لاواز دەکەن!
بە بڕوای من هەردوو ئەم ڕوانگەیە، لە دەرەوەی لێکدانەوەیەکی کۆمۆنیستی و ئینسانی بۆ جەنگی ئێستا ڕاوەستاون و ناتوانن لە بەرژەوەندی جیهانی کرێکارانەوە هەڵوێست بگرن.

**دیدگای سۆشیالیستی: کەواتە لێکدانەوەیەکی سێیەم هەیە، هەروەك لە بەیانی حزب و هەندێك لە باسەکاندا بینراوە. ئەم لێکدانەوەی سێیەمە دەبێت پێداگری لە چی بکات؟**

**خەسرەو سایە:**
هەروەک پێشتر ئاماژەم پێدا، سەرەتا لەڕوانگەی تەحلیلیەوە دەبێ شەڕی موسڵ لەچوارچێوەی جەنگێکی فروانتر، کە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا لەئارادایە، لێکبدرێتەوە وسەرنجی بۆبدرێ. جەنگێک کە واوەتر لە داعش و ڕەوتەکانی تیرۆریزمی ئیسلامی، ئەمریکا وڕوسیا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، چەندین هێزی ناوچەیی و محەلی و دەستەوتاقمی چەکداری قەومی و مەزهەبی، تیا بەشدارە و هەریەکەشیان لەڕەوەندی دوبارە سازدانەوەی دونیا و ناوچەی ڕۆژهەلات و جێگیرکردنی هاوکێشەیەکی نوێدا، بۆ بەدەستهێنانی دەسەلاتی زیاتر و گەیشتن بە ئامانجی تایبەتی خۆی کەوتونەتە کێشمەکێش و ململانێیەکی جەنگیەوە. بەواتایەکی تر جەنگی موسڵ وەک یەکێک لە مەیدانەکانی جەنگ لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، لە درێژەی توندبوونەوەی دژایەتی و مونافەسەی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی و دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە، لەپێناو برانەوەی بازنەی نفوز و ڕۆڵ و جێگا و ڕێگای هەریەکە لەم هێزانە، لەژێر ناوی "جەنگ لەدژی تیرۆر" و "پاکسازی موسڵ

لەداعش" هاتۆتە کایەوە. بە دیاریکراوی ئەکرێ بڵێین کە پەلاماردانی سەربازی بۆسەر موسڵ، پرۆژەیەکە کە ئەمریکا دوای ساڵێک نەخشە کێشان و ئامادە سازی بۆی، لەڕاستای ڕاگرتنی باڵانس و هەستانەوەی ڕۆڵی شکست و رووڵەخواری سیاسی و ستراتیژی خۆی لەبەرامبەر نەیارە جیهانی و ناوچەییەکانیدا، وەک پێداویستیەک دەستی بۆبردووە.

پاشان دەبێ ماهیەتی ئەم جەنگە، لە دەرەوەی پرۆپاگەندەی جەنگی و بانگەشەی ئەوەی کە لایەنەکان سەبارەت بە خۆیان لەم جەنگەدا دەیڵێن، سەرنجبدرێ وبکرێتە بنەمای لێکدانەوە و هەڵویستگرتن. دروشمی "ئازادی موسڵ و کۆتایهێنان بە تیرۆرو داعش"، کە وەک چەترێک ڕیزێک لە دەوڵەتان و هێزگەلی ناوچەیی و محلی، کۆنەپەرست وناکۆک بەیەکی لەژێر سایەی خۆیدا کۆکردۆتەوە، ئەیانەوێت لە بەرگی دژایەتی تیرۆردا، ناوەڕۆکی کۆنەپەرستانە و کاولکاری و ئینسانکوژی جەنگەکەیان داپۆشن و ڕای گشتی جیهانی پێ چەواشە بکەن. لەکاتێکدا ئەم هێزانە لە بنەرەتدا خۆیان هێز و لایەنی تیرۆریستین و تیرۆر بەشێکە لە کارنامەی سیاسیان. ئەمریکا کە خۆی لە سێنتەری تیرۆریزمی نێودەوڵەتیدا ڕاوەستاوە و لە کاولکردن و کوشتاری خەڵکی عێراقدا مێژویەکی خوێناوی تۆمارکردووە، بەسادەیی ناتوانرێ، وەک هێزی ڕزگارکەری عێراق، لە تیرۆر و تیرۆریزمی داعش قەبوڵبکرێ. دەوڵەتانێکی کۆنەپەرستی وەک سعودیە، تورکیا، ئێران، کە هەر یەکەیان خاوەنی کارنامەیەکی ڕەش و خوێناویە، لەبەرامبەر هاولاتیانی ژێردەستیاندا و بەم یان بەو جۆرەش لەسەرهەڵدانی خودی داعشدا ڕۆڵیان هەیە، قیافەی "دژی تیرۆر ودژی داعش بوون" بە هیچ جۆرێک بە باڵایان ناخوات. ئەم دەوڵەتانە کە لە دونیای پڕ لە ناڕۆشنی و قەیران و ئەو گێژاوە سیاسیانەی رووی لە سەرمایەداری جیهانی و نەزمەکەی کردووە، ئەمڕۆ هەم خۆیان لەگەڵ بێئاسۆیی و قەیران لە ناوخۆدا بەرەو ڕوون وهەم فرسەتیان وەرگرتووە، تا ڕاستەوخۆ لەسەر سازدانەوەی سیستەمەی ئەمنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەدەستهێنانی باڵادەستی ناوچەیی، بکەونە بەرامبەر بەیەکەوە، لەم ڕاستایەشدا ئامادەن تا گەیشتن بە ئامانجە گڵاوەکانیان، دەیان شاری وەک موسڵ لەناوچەکەدا، بەناوی دژی تیرۆرەوە بەخاک یەکسان بکەن. لەمانیش لەخواروتر دەوڵەتی عێراق وعەبادی و بارزانی وحکومەتی هەرێم، حەشدی شەعبی و میلیشیای سونەکان.. کە ڕاستەوخۆ لەژێر سایەی هەمان دروشمی مەحبوبی ئەمریکادا، یانی "شەڕ لە دژی تیرۆر" کۆبوونەتەوە، خۆیان و دەسەڵات و نفوزیان بەسەر خەڵکەوە بەرهەمی سەرهەڵدان و درێژەکێشانی سیناریوی ڕەش و تیرۆر و تەقینەوە و ڕقەبەریە قەومی و ئاینی و تیرەگەرییەکانە ..

کەوایە جەنگێک کە لەلایەن هێزگەلێکی لەم جۆرەوە دەبرێ بەڕێوە، نەک هەر لە هەموو سەرێکیەوە جەنگێکی کۆنەپەرستانە و دژی ئینسانیەوە و بە هیچ جۆرێک هەڵگری لایەنی پۆزەتیڤ ورزگاری بەخشی بۆ خەڵکی ناوچەکە بەگشتی وخەڵکی شاری موسڵ بەتایبەتی نییە، تەنانەت نەک هەر تیرۆرو داعش لەناو نابات، بگرە، کردەیەکی میلیتاریستی کۆیرانەیە کە"ڕزگاری خەڵکی شاری موسڵ"ی کردۆتە پاساوێک بۆ داسەپاندنی تراژیدیایەکی ئەوپەڕی خوێناوی و کۆمەڵکوژی ئینسانی. تەنانەت بەپێچەوانەی ئەوانەوە کە "لایەنی پۆزەتیڤ ورزگاربونی خەڵک لەدەستی داعش" لەم جەنگەدا دەبیننەوە، ئەم جەنگە بەو ئەگەرەوە کە داعش لەموسڵ وەدەرنێ، نەک هەرئارامی و

ژیانەوە و گێڕانەوەی "ئاهێک" بۆ خەڵکی ئەم شارە بەدوای خۆیدا ناهێنێ، بەڵکو بوار بۆ سەرهەڵدان ودرێژەکێشانی شەڕی قەومی وئاینی، شەڕی نێوان دەستە و تاقمی میلیشیایی، لەسەر داهاتوی ئەم شارە و چۆنیەتی سازدانەوەی دەسەلات لە عێراق وناوچەکەدا، دەکاتەوە و هاوکاتیش، کێشمەکێش و مونافەسەی ئێستای نێوان دەوڵەتانی ناوچەکە و دەخاڵەتی سیاسی و سەربازیان لەعێراقدا دێڵێتەوە. بێگومان لەوەها حاڵەتێکیشدا، تیرۆر و تەقینەوە و سەرهەڵدانەوەی داعش لە فۆرمێکی تردا، ئەگەرێکی ئەکیدە.

لەبەرامبەر جەنگێکی لەم بابەتەدا ئەو شتەی کەدەبێ بە سادەیی لەلایەن هەر هێزێکی کۆمۆنیستی و چەپ و ئینساندۆستەوە پێداگری لەسەر بکرێ، ڕاوەستانەوەیە بەرامبەر بەتەواوی لایەنە بەشدارەکان و خۆدی جەنگەکەیان. نابێ بەهیچ جۆریک و لەژێر هیچ ناوێکدا، لایەنەکانی ئەم جەنگە کەمتر لە بکوژان و ماڵ کاولکەری خەڵکی بێدیفاعی شاری موسڵ بناسرێن، دەبێ خەڵکی موتەمەدنی جیهان بەرامبەر بە کوشتار و کاولکاری و کۆمەڵکوژیەک کە ئەمریکا و هاوپەیمانانی لەناوچەکەدا بەناوی"شەڕ لە دژی تیرۆریزمی داعش"ەوە دەستی بۆبردووە، بێتە دەنگ و بەهاتنە مەیدان و توندکردنەوەی فشار، دەستی میلتاریستی و جەنگخوازی، دەوڵەتانی ئیمپریالیستی و ناوچەکە و هێزە هاوپەیمانەکانیان، لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست کۆتایی پێ بهێنرێ وچارەنوسی خەڵکی ئەم ناوچەیە بۆ بڕیاری خۆیان بەجێبهێڵدرێ. لەهەمان کاتدا دەبێ پێداگری لەسەر ئەوە بکرێ کە کۆتایی هێنان بە داعش و تیرۆریزمی ئیسلامی، لەوێوە نییە کە کۆمەڵگای بەشەری لەچاوەڕوانیدا، بەدیار هێزە ئاسمانیەکانی ئەمریکاوە ڕاگیرێ، تا داعش لەموسڵ دەرکات! بەڵکو لەوێوەیە کە چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخواز و موتەمەدن، چ لە ئاستی ناوچەکە و چ لە ئاستی جیهانیدا، لەپێناو وشککردنی سەرچاوەکانی مانەوەی ئیسلامی سیاسی و سەرهەڵدانی تیرۆریزمەکەی بێتەمەیدانەوە. لەوانە بەستنی هەمو ئەو ڕێگایانەی هاوکاری داعش دەکەن، پاککردنەوەی ناوچەکە لە میلیاتریزم و هێزی جەنگی دەوڵەتان، چارەسەرکردنی کێشەی فەلەسەتین و کێشەی کورد، دامەزراندنی دەسەلاتی سکولار و نەقەومی و نەمەزهەبی لە ناوچەکە و .. هیتر. بە بڕوای من هەڵەی هەر کۆمۆنیستێک لەوێوە دەست پێدەکات کە بە عەینەکی"مەحکوم کردن وەیا نەکردنی" ئەمریکاوە لەم شەڕە بڕوانێ ، وەیا ئەوانەی کە لە هەڵویستەکانیاندا تەنها "جەنگی ئیمپریالیستەکان" دەبینن و ڕێگایەک ناخەنە بەرپێی کۆمەڵگای بەشەری بۆ ڕزگاربوون لە تیرۆریزمی ئیسلامی کە لە بوعدێکی جیهانیدا، بۆتە مەترسیەک.. بە کورتی ئەمانە ئەو چوارچیوەیەن کەدەبێ پێداگریان لەسەر بکرێ.

**دیدگای سۆشیالیستی: مەنسور حکمەت لە باسی (دنیا دوای ۱۱ ی سێپتێمبەردا) زۆرتر جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەمە شەڕی دوو جەمسەری تیرۆریستیە، ئیسلامی و دەوڵەتی. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئایا لەم سەردەمە نوێیەدا و دوای ۱٥ ساڵ لەو لێکدانەوەیەی ئەو کە دنیا ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و دەوڵەتە زلهێز و ئیمپریالیستیەکان لە هەوڵی خۆئارایشدانەوەدان بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی جیهان،**

## تەوەرێك دەربارەی شەڕی موسڵ

**ئایا واقعەن ئەمەی ئێستاش هێشتا شەڕی ئەم دوو جەمسەرە ناوبراوەی تیرۆریزمە؟ یان ململانێی ئەم زلهێزانەیە لەپێناو ئامانجی دابەشکردنەوەی جیهاندا؟! جیاوازی ئەو کات و ئێستا بە کۆنکرێتی چییە؟ و ئایا ئێمە دەتوانین ئەوەی ئەم سەردەمەش بەو چوارچێوەیەوە قەتیس بکەینەوە کە مەنسور حکمەت دەیڵێت؟**

**خەسرەو سایە:**

بەدڵنیاییەوە ئەو جەنگەی کە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا دەگوزەرێ، چ لەڕوانگەی هێزە بەشدارەکان و ئامانجەکانیانەوە، و چ لە ڕوانگەی ئاڵوگۆڕە جیهانیەکان و مێژوویەک کە تیا شکلی گرتووە، ناتوانرێ کتومت وەک دۆخی ١٥ساڵی دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر پێوانە بکرێ و بە تەنهاش لەچوارچێوەی شەڕی دووبەرەی تیرۆریستی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی دەوڵەتی ئەمریکادا لە قاڵب بدرێ. هاوکاتیش ئەمە ناکاتە ئەوەی کە جەنگی ئێستا بە وێنەی جەنگە ڕاستوخۆ و کلاسیکەیەکانی ڕابردووی نێوان دەوڵەتان و بلۆکە ئیمپریالیستیەکان وەک ئەوەی لەسەردەمی جەنگەکانی یەکەم و دووەمی جیهانیدا ڕوویانداوە، سەرنجبدرێ. چونکە جەنگی ئێستا لە نێوەڕاستی کێشمەکێش و شەڕی دووبەرەی تیرۆریستیدا، پای دەوڵەتانێکی ئیمپریالیستی وەک ڕوسیا و دورکەوتنەوەی دەوڵاتانی غەرب لە هەژموونی ئەمریکا و هاوکات جەمسەرگرتنی دەوڵەتان و هێزگەلێکی ناوچەیی لە نێوان ئەمریکا و ڕوسیادا، لەپاڵ ڕۆڵی تیرۆریزمی ئیسلامیدا، بەرهەم هێناوە. بەم جۆرەش ئەم جەنگە لە ڕوانگەی زەرورەتە ئابوریەکانی دونیای سەرمایەداری و مەتڵوبیەتی چینایەتیەوە بۆ بۆرژوازی جیهانی لە دوا نەتیجەدا، ڕووی لە سازدانەوەی دونیا و دابەشکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە نیوان هێزە بەشدارەکاندا، کە دیارە لە هەمان کاتدا بە مانای پەکخستن و شکستپێدانی پرۆژەی دونیای یەک قوتبیە، کە ئەمریکا لە ساڵی ٩١ەوە بە شوێنیەوەیەتی. بەڵام بۆ خستنەڕووی وەڵامی کۆنکرێتی پرسیارەکەتان و زیاتر ڕۆشنکردنەوەی خاڵی جێگای مەبەستی من ڕێگا بدەن سەرنجێکی کورت لە پێشینە مێژوویەکانی جەنگی ئێستا بدەم:

ساڵی ٩١ بەدوای هەڵوەشانەوەی دونیای دووقوتبی "شەرق وغەرب"، دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا، "ستراتیژی نەزمی نوێی جیهانی" بەدەستەوە گرت، کە ئامانج لێی بەرگرتن بە ڕۆڵی پوکانەوە و ڕوو لەخواری ئەمریکا و سازدانەوەی دونیای یەک قوتبی بوو بە ڕابەری تاک لایەنەی خۆی. بەم پێیەش جەنگی یەکەمی کەنداو لەدژی عێراق وەک مەتڵوبیەتێکی جیهانی بۆ چینی بۆرژوازی لە ئەمریکا بەدەستەوە گیرا و سەرەتای ئاڵوگۆڕێکی فراوانی جیهانی دەستی پێکرد. ئەم جەنگە ئەگەرچی بوژانەوەیەکی بەسەر ڕۆڵی باڵادەستی و میلیستارستی ئەمریکادا هێنا و تا ڕادەیەک هێزە ئابوری و سەربازی و سیاسیەکانی دەوڵەتانی ئەوروپا و یابان و گەلێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ڕاکێشایە ژێر سیبەری سیاسەت و ڕۆڵی ئەمریکاوە، کە لە شەڕ و کێشمەکیشدا لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا درێژە پێدەری بوو، بەڵام نەیتوانی دونیا بەپێی ستراتیژی نەزمی نوێی جیهانی بە یەکجاری یەکلابکاتەوە و بەمجۆرەش ڕوڵی ڕابەری جیهانی ئەمریکا بە کراوەیی لە نێوەندی ئاڵوگۆڕە جیهانیەکانی ئەم دەیەیەدا هێشتەوە. لە درێژەی ئەم بارودۆخە جیهانیەدا، کردەوە

تیرۆریستیەکەی ١١ی سێبتەمبەری ٢٠٠١ ، لەئەمریکادا، نەک هەر "ستراتیژی نەزمی نوێی جیهانی" ئەمریکا و مەسەلەی سازدانی دونیای یەک قوتبی بە ڕابەری ئەمریکای بردە نێو هەلومەرجێکی تازەوە، بەڵکو دەرگای بە ڕووی جەنگێکی جیهانی تیرۆریستی لە نیوان دوقوتبی تیرۆریستی ئیسلامی و دەوڵەتیدا خستە سەرپشت. جەنگێک کە مۆری خۆی نا بە نێوچەوانی مەسەلە سیاسی و سەربازی و ئابوریەکان و تەواوی ئەو کێشمەکێشانەی کە لەنێوان دەوڵەتانی ئیمپریالیستی و ناوچەییدا، لە ئارادابوو. بەوتەی مەنسور حکمەت:

> تاوانی تیروریستی سامناکی ١١ی سپتامبەری ٢٠٠١ لەدژی بەشەرییەت و کوشتاری هەزاران کەس لە خەڵکی بیدیفاع لە ئەمریکا، جیهانی خستوتە بەر دەروازەی یەکێک لە تاریکترین و خویناویترین سەردەمەکانی مێژووی هاوچەرخ. ئەوەی کە دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا ناوی لێ ناوە جەنگی جیهانی لەدژی تیروریزم، لە ڕاستیدا چوونی جیهانە بۆ ناو قوناغێکی تازە و وێرانسازی لە جەنگی جیهانیی تیروریستەکاندا.

ئەم ڕووداوە کە لەلایەکەوە بووە بەهانەیەک بەدەستی ئەمریکاوە تا لەژێر ناوی "شەڕ لەدژی تیرۆر"دا، تەواوی تواناو ئیمکاناتە سەربازیەکانی خۆی بۆ بەکردەوە دەرهێنانی هەمان ستراتیژ و هەمان ئامانجی پێشوو بکەوێتە پەسیجی جەنگیەوە و سەرەنجام هاوپەیمانیەتیەکی جیهانی لەدژی تیرۆر بەرابەری خۆی شکڵ پێبدا و دەوڵەتانێکی نەیاری لە "لیستی میحوەرەکانی تیرۆر"دا جیگیرکرد. لە لایەکی تریشەوە ١١ی سیپتەمبەر جگە لەوەی ئیعلانی شەڕێکی جیهانی تیرۆریزمی ئیسلامی لەدژی ئەمریکا و غەرب بوو، لەهەمان کاتدا ئەو ئەوەشی بە گوێی دونیادا دا، کە ئیسلامی سیاسی وەک قوتبێکی تیرۆریستی بۆسەر ئاستی ستراتیژێکی جیهانی هەڵکشاوە و ئیدعای دەسەڵاتدارێتی و بەڕەسمی ناسینی پێگەی دەوڵەتی خۆی دەکات لەئاست جیهان و ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا. لە چوارچیوەیەکی ئاواشدا، شەڕی ئەمریکا لەدژی ئەفغانستان، بە بەهانەی تۆڵەسەندنەوە لە بنلادن و تاڵیبان دەستی بۆ برا. بەلام ئەوەی مەعلوم بوو کە ئامانجی ئەمریکا لەم شەڕەدا نە بۆ دەستکۆتاکردنی تیرۆریزم بوو و نە تەنانەت لە دژی ئیسلامی سیاسی وهەڵپێچانی ڕەوتەکانی بوو، بەڵکو ئەم شەڕە بەردەبازێک بوو بۆ خۆئامادەکردن و سوڕانەوەی سوکانی ماشێنی جەنگ بەرەو ڕۆژهەلاتی ناوەراست، کە عێراقی بە نیشانە گرتبوو. سەرەنجام شەڕی دووەمی کەنداو هەردوو ساڵ دواتر و لە ٢٠٠٣دا، بەخێرایی گیرایە بەر و ڕووخانی ڕژێمی عێراق و داگیرکردنی لە لایەن ئەمریکاوەی بەدوای خۆیدا هێنا. زەلکاوێک کە بەدوای داگیرکردنی عێراق و سیاسەتێک کە بۆ سازدانەوەی دەوڵەت لەسەر بنەمای قەومی و ئیسلامی و تیرەگەری بە ناوی دیموکراسیەوە لەلایەن ئەمریکاوە گیرایەبەر. زەمینەی مقاوەمەتی چەکداری بۆ ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی و دەرکەوتنی ئەلقاعیدە خۆشکرد، دەرکەوتنی زەرقاوی ودەیان دەستەوگروپی چەکداری تیرۆریستی کە کۆمەڵگای عێراقیان ڕاکێشایە نێو تونێلێکی تاریکی تیرۆر و کوشتار و تەقینەوە و کاولکاریەوە. بەکردەوە عێراق بووە مەیدانی ڕاستەوخۆی شەڕی هەردوو جەمسەری تیرۆریستی ئیسلامی و دەوڵەتی، کە لە جەرگەیدا دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام، واتە داعش، لەلایەن زەرقاویەوە ڕاگەیەندرا. بەلام درێژەکێشانی بارودۆخ لە عێراق و کشانەوەی هێزەکانی

## تەوەرێك دەربارەی شەڕی موسڵ

ئەمریکا، جارێکی تر ئەمریکای لەگەڵ بێئاکامی و شکستێکی ستراتیژیدا بەرەو ڕووکردەوە و ڕوئیای شکڵدان بە جیهانی یەک قوتبی وەک خەونێک هێشتەوە. بەتایبەتی بەدوای سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی و دەخاڵەتی سەربازی ناتۆ لە لیبیا، پاشان گۆڕانی شۆڕش لە سوریا بە جەنگی ناوخۆ، هەموو ئەمانە کە لە درێژەی خۆیدا دەخالەتی سەربازی ڕوسیا و دەوڵەتانی ناوچەکەی لێکەوتەوە و لە پاڵ ڕێکەوتنی ئەتۆمی نێوان ئێران و ئەمریکادا، جەنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستای بردە هەلومەرجێکی ترەوە، کە ئیتر ناتوانرێ بە تەنها لە چوارچێوە و قاڵبی ڕووبەڕووبونەوەی دووبەرەی تیرۆریستی، ئیسلامی وتیرۆریزمی دەوڵەتی ئەمریکادا، لێکدانەوەی بۆ بکرێ. بە واتایەکی تر جەنگێک کە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا، لەعێراق و سوریا و لیبیا و یەمەن و سۆماڵ و گەلێک وڵاتی تر بەڕێوەدەبرێ، ئەگەرچی لەژێر ناوی "جەنگ لە دژی تیرۆر"دا درێژەی هەیە، بەڵام لە چوارچێوەی ناجێگیری سیاسی و ئابوری و شەڕی نیوان هێزە ئیمپریالیستیەکان، دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و هێزە نیوخۆییەکان و ئیسلامی سیاسیش وەک تەرەفێک بەرێوەدەبرێ و لە ئاست هەر وڵاتەشدا تەرەفەکانی دەرگیر لەجەنگدا، لە هاوکێشەیەکی کۆنکرێتتردا قەراریان گرتووە و هەریەکەیان بە تایبەتمەندی خۆیەوە وەک یەکێک لە ئەڵقەکانی جەنگێکی فراوانتری ناوچەیی جێگایان گرتووە. بۆ نمونە جەنگ لە موسڵ وەک یەکێک لە ئەڵقەکان ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانانیەوە لەدژی داعش (وەک ڕەوتێکی تیرۆریستی ئیسلامی) بۆ ئامانجی هەستانەوەی باڵانسی هێز لە بەرامبەر ڕوسیادا، لە سوریادا گیراوەتەبەر کە لە زۆر ڕووەوە لە شەڕی حەلەب جیاوازە و جێگایەک نییە بۆ دەخالەتی ڕاستەوخۆی سەربازی ڕوسیا. بەڵام شەڕ لە یەمەن بەتەواوی بەجێ هێڵراوە بۆ هێزە نیوخۆییەکان و کێشمەکێشی دەوڵەتانی ناوچەکە کە لە سەرێکدا سعودیە و قەتەر ڕاوەستاوە و لە سەریکیتریدا ئێران ئامادەگی هەیە. لە لیبیاش ڕۆڵی داعش و ئیسلامی سیاسی و گروپەکانی دیاردەیەکی بەرچاوە.. بە بروای من ئەمانە لایەنی کۆنکرێت و تایبەتمەندی جەنگی ئێستایە.

**دیدگای سۆشیالیستی: بەڵام هاوڕێ خەسرەو ڕوسیا خۆشی ڕایگەیاند، کە پشتیوانی هێزە ناوخۆیی و ناوچەییەکان ئەکات بۆ"شەڕی دژی داعش" لە موسڵ کە ڕۆشنە مەبەستی هێزەکانی وەك حەشد ئەلشەعبیە، وەك هێزێکی پارامیلیتاری کە لە دروستکراوی ئێرانە. ئەمەش لێکچونێك لەگەڵ دروستکردن و پشتیوانی حوسیەکان لە یەمەن لە لایەن ئێرانەوە لە بەرامبەر سعودیەدا نیشان دەدات. سەرئەنجام ئایا ئێوە ئەمە وەك دەرکەوتەی شەڕی بە وەکالەت (پرۆکسی وۆر) ئەبینن؟ بە واتایەکی تر هێزە ئیمپریالیستەکان لە هەندێ ناوچە ڕاستەوخۆ بەشداری شەڕن لە ناوچەکەدا، نەك تەنها لە موسڵ، و لە هەندێك ناوچەش هێزە ناوخۆییەکان (بە وڵاتە ناوچەییەکانیشەوە) بەکاردێنن، ئێوە ئەمە چۆن دەبینن؟**

**خەسرەو سایە**

ئەوە ڕاستە کە لە جەنگی ئێستادا، دەوڵەتانی ناوچەکە و بگرە جیهان بەپێی بەرژەوەندی هاوبەشیان بە جۆرێک لە جۆرەکان دابەشبوون بەسەر چەند جەمسەرێکدا و بەم پێیەش لەکەنار یەکتردا ڕاوەستاون و لە هەندێ کات و شوێنیشدا وەک تەواوکەری بەرنامەی سیاسی و عەسەکەری یەکتر ڕۆڵ دەگێڕن، بەڵام من وای نابینم کە "شەڕی بەوەکالەت" چەمکێکی دروست بێت بۆ پێناسەکردن و تەعمیمدانی لە شێوەیەکی گشتیدا بەسەر ڕۆڵی دەوڵەتانی ناوچەکە و هێزە نیوخۆییەکان لە جەنگی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. چونکە ئەم چەمکە وەک کۆدێک لەباری مێژووییەوە پەیوەستە بەسەردەمانی دونیای دوجەمسەری "شەرق غەرب" و دابەشبونی دەوڵەتان لە هاوکێشەیەکدا کە ئەم دوو جەمسەرەی خستبووە شەڕێکی سارد و بەردەوامەوە. ئەمە بەو مانایەی کە لەلایەکەوە دەوڵەتانی ئیمپریالیستی کە لە هەردوو جەمسەرەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، لەلایەن ئەمریکا و ڕوسیاوە ڕێبەرایەتی دەکران، سەریان لە موسابەقەیەکی میلیستاریستی و ئەتۆمی مەترسیداری وادا دەرهێنابوو کە تیاچوونی هەموو دونیای لە سادەترین ڕوبەرووبونەوەی ڕاستەوخۆی سەربازی نێوان خودی ئەم دەوڵەتانەدا دەکردە 'ئیمکان" و ئەگەرێک، هەربۆیە جەنگی سارد لە فۆرمی جەنگە ناوچەیی و بڕگەییەکاندا، کە بە وەکالەت لەلایەن وڵاتانێکەوە دەبران بەڕێوە، ڕێگایەک بوو بۆ بەلاداخستنی بارگرژیە سیاسیەکان و لەهەمان کاتدا درێژەدان بە کێشمەکشی نێوان هەردو جەمسەرە ئیمپریالیستیەکان. لە لایەکی تریشەوە، خودی سەرهەڵدانی هەردو بلۆکی شەرق و غەرب، دابەشبونیکی ئایدۆلۆژی، دابەشبوون لە فۆرمی حکومەتیدا، لە نیزامی ئابوری و سیستەمی ئەمنی و بازرگانیە ناوچەییەکانی بەسەر دونیادا داسەپاند و سەرەنجام بەشێکی زۆر لە وڵاتانی جیهانی لە نێوان خۆیدا دابەشکرد. تەنانەت سەرهەڵدانی دەوڵەتانی تازە لە ڕۆژهەڵات لەسایەی دابەشبوونە ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ئابوریەکانی ئەم دوو بلۆکەدا ئیمکانی شکڵگرتنیان بۆ زامن بوو. لە واقعیەتێکی ئاوادا ئەم دەوڵەتانە کە وەک حەوزەی نفوزی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی قەراریان گرتبوو، بەپێویست لە بازنەی سیاسەتەکانی دەوڵەتانی هەردوو جەمسەری شەرق وغەربدا، دەجولانەوە و بۆ ئەوەی کە بتوانن بەرژەوەندیە ئابوری و بازرگانی و ئەمنیەتیەکانی خۆیان زامن کەن، ناچاربوون، لە نیزاعاتە ناوچەییەکاندا، لەپەیوەند بەسیاسەتی دەرەکی ئەمریکا و ڕوسیاوە، دەرکەون و شەڕی بەوەکالەتیان بۆ ئەنجام بدەن.

بەڵام دونیای ئەمرۆ کە هێشتا هیزە ئیمپریالیستیەکانی لە چوارچێوەی جەمسەرە ئایدیۆلۆژی، ئابوری، نورمی حکومەتی و ئەمنیەتیە جیاجیا و دژبەیەکەکاندا، یەکلانەکردۆتەوە، هێشتا مەسەلەی دابەشکردنەوەی جیهان لەنێوان هیزە ئیمپریالیستیەکاندا، بەسەرەنجام نەگەیشتووە و بەم پێیەش دونیای سەرمایەداری لەگەڵ نارۆشنی و گێژاوێکی سیاسیدا بەرەوڕووە. بەپێویست دەوڵەتان و هێزەکانی، بەبەرژەوەندی سەربەخۆ وکارنامەی سەربەخۆی خۆیانەوە هەم خستەۆتە بەرامبەر بە یەکەوە و هەم بەپێی بەرژەوەندی هاوبەشیان لەکەنار یەکدا ڕای گرتوو.

لەمانەش زیاتر تایبەتمەندیەک کە جەنگی ئێستای پێدەناسرێتەوە و لە جەنگە کلاسیکیەکانی تری وەک جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم جیای دەکاتەوە، خەسڵەتی تیرۆریزمەکەیەتی، ئەمە بەومانایە

## تەوەرێك دەربارەی شەڕی موسڵ

نا کە بەناوی تیرۆریزمەوە وەیا لەدژی تیرۆر پاساو دەدەرێ، بەڵکو بەو مانایەی کە بەرەکانی، وەک ئەوەی کە لە هەرجەنگێکدا ڕۆشن و زانراوە، نادیارە. واتە حزوری سەربازی ڕاستەوخۆی هەردوو بەرەی جەنگ نارۆشن و گەلێک جار یەکتەرەفە و گەلێ جاری تر تێکەڵاوە. تیرۆر لە تاریکیدا، تیرۆری ئاسمانی و بۆمباران، دەستبردن بۆ سەرپێخستنی دەستەجاتی میلیشیای چەکداری محەلی، سیاسەتی کۆنتراکردنی میلیشیا قەومی و ئاینیەکان، تا ڕاکێشانی ماشینی جەنگی .. ئەمانە لایەنە سەرەکیەکانی جەنگی ئێستایە کە خەسلەتی جەنگی تیرۆریستانی لەخۆگرتەوە، جەنگێک بەبێ ئەوەی هیزە ئیمپریالیستیەکان ئیتر ناچاربن بەوەی راستەوخۆ دەستبەرن بۆ حزوری سەربازی زەمینی تیایدا. لەم پەیوەندەدا ئەگەر سەرنج بخەینە سەر تابلۆی ڕاوەستان و رۆڵگێرانی هێزەکان لەجەنگی ئیستادا، "جەنگی بەوەکالەت" بەمانای دەقیقی چەمکەکە خۆی دەرناخات. بۆنمونە، شەڕ لە حەڵەب کە هێزەکانی ڕوسیا و ئێران و حزبوڵای لوبنانی رۆڵی سەرەکی دەگێرن تا سوپای سوریا خۆی، ئایا لەم حاڵەتەدا کێ شەڕی بەوەکالەت بۆکێ دەکات؟ یا ئەوەی کە قاسم سلێمانی و هێزەکانی ئێران لەعێراقدا زیاتر ڕۆڵی هەیە لەچاو سوپای عێراقدا، ئایا دروستە بڵێین ئیران شەڕی بەوەکالەت بۆ عێراق دەکات؟ هەرلەم بارەوە بارزانی و هێزی پێشمەرگە لەپشتەوە لەگەڵ ئەمریکادا بە ٤١٥ ملیۆن دۆلار هاوکاری ڕێکەوتون، بەڵام لە ئەرزی واقعدا، ئەم هێزە لەژێر فەرمان وبریاری سوپای عێراقیدایە، ئایا بارزانی شەڕی بەوەکالەتی کام لایەن دەکات، عێراق یان ئەمریکا؟ لەمەش زیاتر هەموودەزانین هێزەکانی سعودیە لە جەنگی یەمەندا کۆنترۆڵی شەڕیان بەدەستەوەیە تا ئەو دەسەڵاتەی پێی دەڵێن "حکومەتی شەرعی یەمەن"، کەوایە دەکرێ بلێین سعودیە شەری بەوەکالەت بۆ یەمەن دەکات؟.. تەنانەت ئەگەر سەرنج لەئامادەگی هێزەکانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بدەین کە بەشێکی زۆریان دەخاڵەتیان لە جەنگی ناوچەکەدا هەیە و لە هاوپەیمانێتیدان لەگەڵ ئەمریکادا، بەڵام ڕۆڵگێڕانیان سەربەخۆتر دەردەکەوێ، لەوەی کە جەنگی بەوەکالەت بۆئەمریکا ئەنجام بدەن... بە کورتی دەمەوێ بڵێم کە واقعیەتی هیزە ئیمپریالیستیەکان و دەوڵەتانی ناوچەکە لە دۆخێکی ناجێگیر و قەیراناوی دونیای سەرمایەداریدا کە بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی دونیا و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کەوتونەتە جەنگەوە، توانای ڕاوەستانی سەربەخۆ و هێز نواندن و ڕۆڵگێڕانیان لە دەرەوەی "جەنگی بەوەکالەت" داناوەتەوە و هەر لایەنە سەرەرای هاوجوتی و هاوبەشی خۆی لەگەڵ سیاسەت و بەرنامەی ئەم یان ئەو دەوڵەتی ئیمپریالیستیدا، بەلام کەوتۆتە شوێن بەرژەوندی تایبەتی خۆیەوە و چاوی لە بەدەستهێنانی جێگاورێگا و نفوزی خۆیەتی. نمونەی تورکیا و جێگۆرکێ سیاسیەکانی بەڵگەیەکی زیندوە بۆ ئەم حوکمە.

ڕێبوار ئەحمەد

# "ئازادی موسڵ"
# یان شەڕی کۆنەپەرستانەی جەمسەرەکان؟!

شەڕێکی وێرانکەر ناوچەکەو کۆمەڵگای بەشەری خستوەتە بەردەم مەترسیەکی گەورە. میدیای نۆکەر زۆر بەخەستی خەریکی شۆرینەوەی مێشکی خەڵکی ناوچەکە و جهیانە. خۆیان دەڵێن ئۆپەراسیۆنی موسڵ کارەساتێکی سامناکە و نزیکبوەتەوە. ئەم شەڕە کێشمەکێش لەسەر ئایندەی عێراق و ڕۆژهەلاتی ناوەراست دەخاتە قۆناغێکی ترەوە. ئەمە باسێکی هەمەیەلایەنەیە لەسەر ئەم شەڕە. تەوەرە سەرەکیەکانی بریتین لەمانە:

- ئاکامە وێرانکەرەکانی ئەم جەنگە و ئایدۆلۆژیی پاساوگەرانەی ئامانجە واقعیەکان لەپشتی پڕوپاگەندەی جەنگیەوە؟
- جەنگ لەسەرچییە؟ ماهیەتی ڕاستەقینەی "شەر لەدژی تیرۆر"، شەڕی جەمسەرەکان.
- ڕۆڵی دەوڵەتانی ناوچەکە ئێران، سعودیە، تورکیا، هەروەها دەسەڵات لەعێراق وکوردستان، بەشداری پێشمەرگە.
- ئاکامەکانی ئەم جەنگە لەسەر ئاسایشی ناوچەیی وجیهانی؟ ئایندەی عێراق .
- سەرخەتی سیاسەتی سۆسیالیستی، هەڵویستێکی ئەنتەرناسیونالیستی.

## ئۆپەراسیۆنی "ئازادی" یان وێرانکای موسڵ ؟!

موسڵ سێهەمین شاری گەورەی عێراقە دوای بەغدا و بەسرە. پارێزگایەکە کە بەچەند ملیۆن دانیشتوانەوە و یەکێک بوو لە مەڵبەندەکانی شارستانیەت و رۆشنبیری و خوێندن و پیشەسازی.

## "ئازادی موسڵ" یان شەڕی کۆنەپەرستانەی جەمسەرەکان؟!

بەرۆژی روناک لەلایەن سوپای عێراقەوە لە ماوەی چەند سەعاتێکدا بە دەریایەک چەک و جبەخانەوە پێشکەش بە داعش کرا. دوو ساڵ زیاترە لەژێردەستی دڕندانەی داعشدا وێران و خاپور بووە و دانیشتوانەکەی لەجەهەنمدا دەسوتێنرێت. ماوەی ئەم دوو ساڵە گوایە ئامادەکاری دەکرێت بۆ ئازادکردنەوەی. لەم دوو ساڵەدا سوپای عێراق و حەشدی شەعبی و جۆرەها میلیشایی دەستسازی رژێمی دڕندەی جمهوری ئیسلامی، هەروەها هێزی پێشمەرگە لەلایەن ئەمریکای سەرکردەی تیرۆریزمی دەوڵەتی جهیانیەوە ڕاەهێنرێن و گولاجی قوەت و ڤیتامینیان دەدرێتێ بۆ "پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ."

ئێستا شاری موسڵ لە ناوەوە بەدەستی داعش دەسوتێ و لەهەمولایەکیشەوە بەهێزی زەبەلاحی سەربازی جۆراوجۆر ئابلۆقە دراوە. هەرچی هێزی دەوڵەتی و داروەستەی ئینسانکوژی دنیا هەیە کراوە بەپێکهاتەی ئەم ئابلۆقە سەربازیە. چەندین میلیشیای شیعەی گۆشکراو بەرشتنی خوێنی ئەوەی مۆری "سونە" دراوە لەنێوچەوانی سازو ئامادەکراون. هەروەها هێزی پێشمەرگەی گۆشکراو بەنەتەوەپەرستی کوردی لەلایەکەوە، جەندرمەی بارهێنراو بەفاشیزمی تورکیش لەلایەکی ترەوە، پێکهاتەی ئەم ئابلۆقەیەن. بەڵام ئەمە هێشتا روخسار و دیمەنەکەیە ئەگینا بەڕاشکاوی هەرچی دەوڵەتی تیرۆریست و خوێنڕێژی دنیا و ناوچەکە هەیە دەستی لەم ئابلۆقەدان و ئۆپەراسیۆنەدایە؛ جمهوری ئیسلامی کە بەئەندازەی دانیشتوانی موسڵ هەر خەڵکی لەسێدارە داوە، ئسرائیل کە لەجیهاندا بەقەسابیکردنی ئینسان ناوبانگی دەرکردوە، سعودیەی عەرەبی و دەوڵەتانی خەلیج کەسیمبولی کۆنەپەرستی و شمشێرو سەروملپەڕاندنن، دەوڵەتی فاشیستی تورکیا کە کۆمەڵکوژی ئەرمەنی کردوە و ئێستاش بەدڕندانەترین شێوەی تیرۆریستی خەریکی داپڵۆسین و عەسکەرتاریەت و کوشتاری خەڵکی کوردستانە، سوریای بەشار ئەسەدی خوێنڕێژ، پاشماوەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی خاوەن مێژویەکی بەخوێن نوسراو...هەموو ئەم دەستە خوێناویانە بەسەر دووبەرەی دژبەیەکدا دابەشبون کە لایەکیان ئەمریکا سەرکردایەتی دەکات، واتە تاکە بەکارهێنەری چەکی ئەتۆمی لەجیهاندا کە لەماوەی چەند چرکەیەکدا سەدان هەزار ئینسانی بێئاگا و بێگوناهی لە هیرۆشیما و ناکازاکی کردوە بە خۆڵەمێش. لایەکەی تریشیان روسیا سەرکردایەتی دەکات کەهێشتا بۆنی بۆمبە کۆکوژەکانی لە چیچان و حەڵەبی خاپورکراو تەواونەبوە.

ئاسمانی موسڵ وەکو ترافیکێکی تەسکی لێهاتوە کە تیایدا ئەو فڕۆکە جەنگیانەی لەلایەن ئەمریکا و غەرب و روسیا و دەستو پێوەندەکانیانەوە ئامادەکراوە، تیایدا مەترسی روداوی هاتوچۆیان لێدەکرێت. ئەگەر گولە و باروتی چەکی کلاسیک و بچوک نادیدەبگرین، هێشتا چەند بەرابەری ژمارەی دانیشتوانی موسڵ تەنها بۆمب و موشەک ئامادەکراوە کە بەسەر ئەم شارەدا ببارێت. ئەمە لە کاتێکدا بە ئاماری دەوڵەتان و هێزە ئابلۆقەدەرەکان زیاتر لەیەک ملیۆن مرۆڤی بێگوناهو بێتاوان و بێدیفاع لەم شارە گیریانخواردوە. ئەگەر بیانەوێ هەڵبێن بەر لەهەموشت دەبێ بتوانن سەریان لە چەقۆی خوێناوی داعش دەربازبکەن، دوای ئەوە ئەگەر بەردەستی میلیشیا شیعەکان بکەون کۆمەلکوژیان دەکەن. ئەگەر بەخت یاوەریانبێت و بگەنە کوردستان ئەوە دەتوانن سەریان زیندوبهێڵنەوە و لە ناو کارەساتی بێدەرەتانی و پرسوکایەتی تاوانبارکردنیان بە "عەرەبی داعش"

ڕۆژگار بەسەربەرن. ئەگەرنا دەبێ لە ناو موسڵی ئابلۆقەدراو و بۆمباران و درندەیی داعشدا چاوەڕێی مەرگی خۆیان بکەن. هەروەها ئەگەر پلانی دارێژراو بۆ ئۆپەراسیۆنی "ئازادسازی موسڵ" جێبەجێ بکرێت، زەحمەتە ئاسەوارێکی شارو شارستانی و مەدەنیەت بەپێوە بمێنێ. کەوایە ئۆپەراسیۆنێک کە تیایدا خەڵکی موسڵ کۆمەڵکوژبکرێت و شارەکە بکرێت بە وێرانە، تەنها دەتوانێ پرۆسەی وێرانسازی بێت نەک ئازادکردن. هەروەکو ئەوەی بەناوی "ئازادسازی" ئەفغانستان لەدەست تالیبان و عێراق لەدەست سەدام حسێن کردیان، کەسەرباری کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی بێگوناهو خاپورکردنی ئەو کۆمەڵگایانە، ئاسەوارێکیان لە مەدەنەیەت نەهێشتەوەو کردیان بەمەیدانی ڕمبازێی قاعیدەو سەدرو بەدرو داعش..

## پاساوە ئایدیۆلۆژیەکانی ئەم جەنگە

هاوشان لەگەڵ ئەم ئابۆڵەقە و ئامادەسازی سەربازی و ڕیزبەستنەی هێزە ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانیەکاندا، هەر هێز و هەر بلۆک و هەرلایەنێکی ئەم شەڕە بیروهۆشی خەڵک بەپروپاگەندە و بۆمبارانێکی خەستی تەبلیغاتی دەکوتێتەوە و بە ئایدۆلۆژی جەنگی هۆش و بیری خەڵکی دنیا و ناوچەکەیان لە مەنگەنەداوە. دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا و هاوپەیمان و دەستوپێوەندەکانی لەزیاتر لەدوو ساڵ لەمەوبەرەوە میدالیای قارەمانی "جەنگی دژی تیرۆریزم و پاراستنی خەڵکی دنیا لە تیرۆر"یان داوە لە یەخەی خۆیان. وای وێنا دەکەن گوایە جەنگی دژی داعش و بەدیاریکراویش ئۆپەراسیۆنی "ئازادی موسڵ" بڕگەیەکی گرنگە لەم جەنگە بۆ لەناوبردنی تیرۆر و داعش. وای وێنا دەکەن کە ئەمریکاو غەرب ڕابەری شارستانیەت و پارێزەری ئەم شارستانیەتەن لەو بەڵای تیرۆریزمەی کە نەک هەر دانیشتوانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی نوقمی خوێنکردوە، بەڵکو لە جەرگەی شارستانیەتی غەرب و وڵاتانی ئەورپاییشدا بە لێشاو هاوڵاتیان ڕاپێچی مەرگ دەکات. بۆ خەڵکی نیگەران و بێبەدیلی ئەورپا کە شایەتی کۆمەڵکوژیەکانی فەرەنسا و ئەلمانیا و بەلژیکا و ١١ی سێپتەمبەر و چەندین کارەساتی ترن، وا دێتەبەرچاو هیچ شتێک لەوە بەڵگەنەویستتر نەبێت کە ئەم خەڵکە دەبێ ستایش و هەربژی بڵێن بۆ ئەمریکا و هاوپەیمان و دەستوپێوەندەکانی کە گوایە خەریکن تۆڵەی ئەو قوربانیانە دەکەنەوە و بەشەریەت لەم دڕندە ئینسانکوژانە ڕزگار دەکەن! ڕوسیا کە لەم کاروانی پێشبڕکێیەی لە ئاستی ناوچەکدا لە ئارادایە، سەرەتا بە پشتگرتنی جمهوری ئیسلامی و بەرگری ڕاشکاوانە لە دەسەڵاتی سەرکوتگەری بەشار ئەسەد ڕۆلی خۆی دەگێرا. دواتریش لە دەرفەتێکدا ناکارایی هێرشەکانی ئەمریکا و غەرب و هاوپەیمانەکانی کرد بە بەهانە و بە تەوژمێکی زیاترەوە ڕاستەوخۆ خۆی کرد بە مەیدانەکەدا. ڕوسیا پۆزی پەیگیری لە تێکشکاندنی داعش و بەم جۆرە سەندنەوەی میدالیای قارەمانیتی لە "ناوبردنی تیرۆریزم" لە بلۆکی ئەمریکای کردوە بە پروپاگەند و ئایدۆلۆژیای جەنگی خۆی. تورکیا و سعودیە و دەوڵەتانی خەلیج و ئێران و ئیسرائیلیش، هەر کامیان بەپێی بەرژەوەندیەکانیان لە پاڵ یەکێک لەم بلۆکانەدا جێگای خۆیان گرتوە و جگە لە پروپاگەندەی بەشداری لە پاراستنی جیهانی شارستانی لە مەترسی تیرۆر، بەهانەی پارێزگاری لە ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان و وەستانەوە بەرامبەر مەترسیەکانی پارچەپارچەبونی

## “ئازادی موسڵ” یان شەڕی کۆنەپەرستانەی جەمسەرەکان؟!

عێراق لەسەر ئاسایشی ناوچەییان، کردووە بەچوارچێوەی ئایدۆلۆژی جەنگی و پاساوی دەخاڵەتیان لەم شەڕە. هەموان فەزایەکیان خوڵقاندوە کە ئەگەر جیهان ئەم هەموو پارێزەرەی هەبێت ئیتر پێویست نیە بەشەریەتی ئازادیخواز هیچ نیگەرانیەکی لە تیرۆریزم هەبێت! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نیگەرانیەکی سەرتاپاگیر دنیای داگرتوە. لەڕاستیدا هەرچەندە بەشەریەتی ئازادیخواز ئەگەر لەبەرامبەر ئەم تۆپبارانە تەبلیغاتی و ئایدۆلۆژیا جەنگیانەدا دامابێت و بەرچاوڕۆشنیەکی تەواوی نەبێت، بەڵام لە دەرونەوە ناتوانێت باوەر بەم خەمخۆریە لەڕادەبەدەرەی ئەم دەوڵەت و بلۆکە چنگ خوێناویانە بکات.

لەئاستی ناوخۆی عێراقیشدا میلیشیا شیعەکان بەڕابەری حکومەتی عەبادی و لایەنە ئیسلامیە شیعەکان و لەواقعدا بەپلان و فەرمانی جمهوری ئیسلامی، مێشکی خەڵک بەوە دەکوتنەوە کە ئەوان وەکو دەوڵەت و نوێنەری خەڵکی عێراق خەریکن ئەرکی سەرشانی خۆیان ئەنجامدەدەن بۆ ئازادکردنی خاکی وڵات لەدەستی تیرۆریستان و دابینکردنی ئاسایش بۆ هاوڵاتیان. هەرچی ناسیۆنالیزمی کورد و حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و دەسەڵاتەکەیانە، ئەوە زیاد لەپێویست بەشداری لەم ئۆپەراسیۆنەدا بەمایەی شانازی دەزانن. گوایە هێزی پیشمەرگە لەسەراسەری دنیادا شانازی ئەوەی پێبڕاوە کە لەجیاتی هەموو خەڵکی جیهان شەڕی تیرۆر دەکات و نازناوی قارەمانێتی ئەم قۆناغەی دنیای بەدەستهێناوە. لەم بارەیەوە سەرانی کوردایەتی و دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان، دنیای شارستانی بەقەرزاری خۆیان دەزانن. جگە لەمەش بەشداری چالاکانەی هێزی پێشمەرگە لەم ئۆپەراسیۆنەدا بە ئەرکێکی پیرۆزی نیشتمانی و نەتەوەیی دەناسێنن و گوایە ئەم بەشداریە لەسەرو هەموو شانازیەکەوە، کارێکی پێویستە بۆ گێڕانەوەی “ناوچە دابڕاوەکان” بۆ سەر هەرێمی کوردستان. مسعود بارزانی پۆزی فەرماندەی مەیدانی ئەم جەنگە لێدەدات بەبێ ئەوەی باکی لەوە هەبێت کە خەڵکی کوردستان و جیهانیش لەبیریانە دووساڵ لەمەوبەر کاتێک داعش موسڵی داگیرکرد، بێگوێدانە خەمی ئاسایشی جیهانی، رایگەیاند کە “داعش کێشەی لەگەڵ کورد نیە و ئیمەش کێشەمان لەگەڵ داعش نیە، لەم فرسەتەدا کە داعش هاتووەتە ناوەوە، ئێمە بەشێک لە ناوچە دابڕاوەکانمان وەرگرتوەتەوە و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دادەمەزرێنین”.

هەرچی داعشە لەسەر ستەمکێشی خەڵکی سونە مەزهەبی عێراق بەدەست حکومەتی ناوەندی و نەفرەتی خەڵکی ناوچەکە لە ستەمکاری ئەمریکا و غەرب دەلەوەڕێ. ئەوەی کە دەبینین لەجەرگەی ئەوروپای شارستانیدا لاوانێک ئامادەن دەست لەژیانی خۆیان هەڵگرن و پەیوەستبن بەمجاهدنی ئیسلامی داعشەوە، یان پشتێنی بۆمبڕێژکراوی داعش ببەستن و لەگەڵ خۆیاندا بە لێشاو خەڵکی بێتاوان راپێچی مەرگ بکەن، مەسەلەیەکی لەوە قوڵتر و ئاڵۆزترە کە بکرێت تەنها بەجۆرێک لە شێتی و حەماقەت راڤەبکرێت. ئەمریکا بە بەهانەی ئازادکردنی عێراق لە دکتاتۆریەتی سەدام کۆمەڵگایەکی شارستانی وەکو عێراقی کرد بەوێرانە و جەهەنمێک کە ١٣ ساڵە خەڵکەکەی تیایدا دەسوتێن و سەدان هەزاریان راپێچی مەرگ کراون. ئەمریکا پشتیوانی راشکاو و بێشەرمانەی دەوڵەتی خوێنڕێژی ئیسرائیلە کە خەڵکی فەلستینی لە کارەساتدا نوقم کردوە. لە جەرگەی شارستانیەتی غەربیدا راسیزم خەڵکی هەراسان کردوە و ئەو لاوە ٢٠-٣٠ ساڵانەیەی کە لە غەرب

لە دایكبوە و جگە لەو وڵاتەی كە تیایدا لە دایكبوە هیچ جێگایەكی تر بە مەملەكەتی خۆی نازانێ، تەنانەت ناتوانێ و نازانێ بە زمانی دایكی خۆی قسە بكات، بەڵام دیسانەوە بە هۆی ئەوەی سەری رەشە یان بە رەگەز عەرەب یان موسڵمانە وەكو بێگانە مامەڵە دەكرێت. كاندیدی سەرۆكایەتی ئەمریكا دەیەوێ بەدروشمی دوژمنایەتی لەگەڵ خەڵكی موسڵمان و رەشپێست و دەرگا داخستن بە رویاندا، گرەوی هەڵبژاردن بەرێتەوە. لە ناوخۆی عێراقدا لەو ساتەوە ئیسلامی شیعە كۆڵەكە سەرەكیەكانی دەسەڵاتی كەوتە دەست شەڕی پاكتاوكردنی لەدژی سونی مەزهەبەكان بەرپاكردوە، لەسەردەمی نوری مالكیدا ئەم ستەمكاریە گەیشتە لوتكە. ئێستاش ئەو ملیۆنەها هاوڵاتیەی كە تاوانیان تەنها ئەوەیە سونی مەزهەبن و كەوتونەتە ژێر چەپۆكی داعشەوە، ئەگەر هەڵبێن و لە دەستی داعش گیان دەربازبكەن بەرەو ناوچەكانی تری عێراق، میلیشیای شیعە قەتلوعامیان دەكات. ئەگەر بگەنە كوردستان وەكو "عەرەب و داعشی" سوكایەتی دەكرێن. ئەگەر لە دەستی شەپۆل و تیمساحی دەریای ئیجە رزگاریان بێت و بگەنە ئەوروپا، مافی پەنابەریان پینادرێت. چارەسەری ئەم ملیۆنەها ئینسانە بێگوناهە چیە؟ لەغیابی بەدیلێكی كارای موتەمەدن و شۆڕشگێڕانەدا، داعش رەوتێكی ئیسلامی دڕندە و تیرۆریست و خوێنڕێژە و رێك لەسەر ئەم ستەمە لەو ملیۆنەها ئینسانە بێتاوانە كە قوربانیانی هەڵاواردنن، دەلەوەڕێ. لە ستەم و نەفرەتی ئەوان و كاردانەوەی كوێرانەیان كەڵك وەردەگرێت و ئاڵای خۆی دەدات بەدەستیانەوە. ئەمەش ئایدۆلۆژی جەنگ و خۆكوژی داعشە، نەک ریزبەستن بۆ بەهەشت و حۆری باڵابەرزو پاڵدانەوە لە لێواری جۆگەلەی شیرو هەنگوین.

## شەڕی "دژی تیرۆریزم"

گەورەترین درۆ و ریاكاری و تەفرەدان لەپشتی ئەم دەستەواژەیەوە خۆی حەشارداوە. بەئەندازەی نوكە دەرزیەک راستی و حەقیقەت لەو ئۆقیانوسە لە پڕوپاگەندە نیە كە لە پشتی ئەم دەستەواژەیەوە مێشكی خەڵكی دنیا دەشۆرێتەوە. ئەمانە ئەفغانستانی وێرانبویان وێرانتركرد بەناوی شەڕی دژی تیرۆریزمەوە پاشان كۆڵكە نۆكەرێكی خۆیان لەسەر كورسی دەسەڵات دانا، كەچی تائێستا تیرۆریزم نەک هەر ئەو كۆمەڵگایەی لەنێو هەراسانیەكی گەورەدا راگرتووە، بەڵكو هەموو دنیای خستوەتە بەردەم مەترسی گەورەوە. لە ٢٠٠٣ بە بەهانەی لەناوبردنی مەترسی چەكی كۆكوژ لەسەر ئاسایشی جیهانی و رزگاركردنی خەڵكی عێراق لە سەدامی دیكتاتۆر و پشتوپەنای تیرۆریزم، جەنگێكی خوێناویان بەرپاكرد و كۆمەڵگایان دەیانساڵ گێڕایەوە بۆ دواوە، پاشانیش دەیان سەدامۆكە و دارودەستەی تیرۆریستیان خستە جێگای سەدام و كۆمەڵگایان نوقمی تیرۆركرد. لە لیبیا بەناوی كۆتایهێنان بەدكتاتۆریەتی قەزافیەوە تیرۆرزمیان بەرەڵای گیانی خەڵک كرد. لە سوریا بەناوی كۆتایهێنان بە ئیستبدادی بەشار ئەسەدەوە ئەو وڵاتەیان كرد بەلانەی تیرۆریزم و ئەو جەهەنمەیان دروست كرد كە گڕەكەی دەچێت بەسەر هەموو خەڵكی ناوچەكەدا. ئەمجارە " ئۆپەراسیۆنی ئازادی موسڵ" دەكەنە مەنجەنیق بۆ خەڵكی ناوچەكە. ئاخۆ دەبێ ئەڵقەی داهاتوی ئەم بەربەریەت و ریاكاریە چیبێت؟! بەپێی ئەوەی تا ئیستا تەجروبەكراوە ئاخۆ ئەم

## "ئازادی موسڵ" یان شەڕی کۆنەپەرستانەی جەمسەرەکان؟!

ئۆپەراسیۆنە چ لێشاوێکی تیرۆریستی تازە رووبەڕووی خەڵکی ئەم ناوچەیە دەکاتەوە؟ ئایا دوای ئەم هەموو ساڵە لە تیرۆری دەوڵەتی و کوشتار و وێرانکردن بەچەکی کۆکوژ و بۆردومان، دوای دەیان ساڵ پەروەردەکردنی تیرۆریستانی ئیسلامی و بوارکردنەوە بۆ تیرۆریزم، هێشتا کارەساتی تر پێویستە تاوەکو خەڵکی دنیا راستی درۆ و فریوکاری ئەمریکا و غەرب و دەوڵەتانی زلهێزیان بۆ دەرکەوێت؟ ئەمانە ئەو سیناریۆ تەڵخەی قەومی و دینی و تائیفیەیان هێنایەکایەوە کە خەڵکی ناوچەکەی بەرداوەتە گیانی یەکتری. بەر لە سیناریۆکانی ئەم بەربەریەتە کەس لە عێراقدا بە زورنای شیعەو سونە هەڵنەدەپەڕی، کە ئێستا خەریکی هەڵدڕینی ورگی یەکترین.

هەموو بزوتنەوەی کۆنەپەرستانە و تیرۆریزمی ئیسلامی و خودی داعش تەنهاو تەنها دەستکردی رابەرانی جەنگی "دژی تیرۆر"ی ئەمڕۆن. ئیسلامی سیاسی لە بنەڕەتەوە بزوتنەوەیەکی تیرۆریستە و ستراتیژەکەی لەسەر بناغەی تیرۆرو تۆقاندن و داپڵۆسین داڕێژراوە. هیچ رەوتێکی ئیسلامی بە خەسڵەت بێبەری نیە لە تیرۆریزم. بەرجەستەبونی خەسڵەتی تیرۆریستیان یان بەرجەستە نەبونی تەنهاو تەنها پەیوەندی بە هەلومەرج و هاوسەنگی هێزو دەرفەتەوە هەیە. خۆکوژی لە مێژودا لە دەرەوەی تیرۆریزمی ئیسلامی هەبوە و هەیە، بەڵام ئەوە ئیسلامی سیاسیە ئەمەی کردوە بە نەریتێک بۆ کوشتاری کوێرانە و بە لێشاوی خەڵکی مەدەنی و تەنهاش نەریتی ئەوە. ئەم باندە ئیسلامیانە بە پەیامی پرتوکاو و کۆنەپەرستانەیان، بە دوژمنایەتی کوێرانەیان لەگەڵ هەموو ئاوات و ئارەزویەکی ئینسانی و ئازادیخوازانە، بەهەموو نامۆبونێکیان بە شێوە ژیانی سەردەمیانە، بە کەلەپوتیان بەرامبەر ژن و مافی ژنان..و...هیچ کات لە ئەنجامی کار و چالاکی سیاسی و رێکخراوەیی و برەوی فکرو ئایدۆلۆژیا رۆڵێکی ئەوتۆیان لە مەیدانی سیاسی نەک جیهان تەنانەت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقادا نەبووە. مێژوی رۆڵ پەیداکردنی ئەم جرۆجانەوەرانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی توندبونەوەی کێشمەکێش و سەرهەڵدانی شەڕی ساردی نێوان دو بلۆکی شەرق و غەرب. هەروەها ئەو کێشمەکێشانەی کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا لە کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقادا بەرژەوەندی بلۆکی غەربیان دەخستە مەترسیەوە. بەدیاریکراوی ئەمانە بەر لەهەموولایەک گۆشکراوی دەستی ئەمریکا و بلۆکی غەربن. ئەوان باریانهێنان و لە پشتیاندان و پڕ چەک و گیرفانپڕیان کردن، بۆ ئەوەی لە شەڕی ساردا دژی بلۆکی شەرق هەڵیانسوڕێنن، بۆ ئەوەی لە مەسەلەی فەلەستیندا دەردەسەری بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەب سازبکەن، بۆئەوەی لە دژی مەیدانداری و رۆلی گەورەی بزوتنەوەی چەپ و کرێکاری لەو ناوچانەدا بەکاریانبخەن..و..بەر لەوە ئەم باندانە لە پەراوێزی کۆمەڵگاکانی ئەم ناوچەیەدا کەوتبون و لە کونە تاریکەکاندا خەریکی راوی کێچ و ئەسپێی سەرو ریشیان بوون.

لەشەڕی ئەفغانستاندا پڕچەک و بەهەموو شێوەیەک دەستیان پڕکردن تا شەڕی سۆڤیەتیان پێبکەن و سەرئەنجام بەدەسەڵاتیان گەیاندن. لەدنیای عەرەب بە دیاریکراوی لە میسرو فەلەستیندا کە لە جەمسەرگیری ئەوکاتەی دنیاندا لەپاڵ بلۆکی سۆڤیەت راوەستابون، بلۆکی غەرب بەڕابەری ئەمریکا داروەدەستە ئیسسلامیەکانی قوتکردەوە لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمی عەرەبدا. لە ئێراندا چونە ژێربالی خومەینی و حزبولاوە بۆسەر کورسی دەسەلات تا شۆڕشی ١٩٧٩ دژی رژێمی پاشایەتی

پێسەرکوت بکەن. بەمجۆرە ئیسلامی سیاسی وەکو بزوتنەوەیەکی تیرۆریستی خاوەن رۆڵ لەمەیدانی سیاسی ناوچەکەدا جێگای پەیداکرد.
پێویست نیە بۆ دەرخستنی ئەم راسیانە زۆر بگەڕێینەوە بۆ مێژوی دەیان ساڵ لەمەوبەر. دارودەستە ئیسلامیەکانی هەر ئەمڕۆی لیبیا بەپشتیوانی غەرب و ناتۆ بۆ تەمێکردنی ئەوانەی وەکو قەزافی لە فەرمانی ئەمریکا دەردەچن ئەم رۆڵەی ئیستایان پەیداکرد. خودی ئەم داعشەی ئێستا کە دنیای خستوەتەبەر هەڕەشەی تیرۆریزم، دەستکردی ئەمریکایە. خانمی هیلاری کلنتۆن راشکاوانە دانی بەوەدا ناوە کە خۆیان داعشیان دروستکرد و ئەمڕۆ لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا بەڕویدا دەدەنەوە و ناتوانێ ئینکاری لێبکات. ئەمریکا هەر چەند ساڵ لەمەوبەر لەبەرامبەر بەشار ئەسەدی گوێ لە مشتی روسیادا، داعشی لە منداڵدانی ئۆپۆزیسیۆنی "شورشگێڕانە"ی سوریاوە هێنایە دنیاوە و پرچەک و تیروتەسەلی کرد و بەم رۆژەی گەیاند. با لە دوێنێ و چەند ساڵ لەمەوبەریش بگوزەرێین، هەر ئێستا ئەمریکا راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ خەریکی پرچەککردنی دارودەستەی (بزوتنەوەی ئیسلامی و بەرەی نوسرەیە لە سوریا) کە داعشی سبەینێن. لەمبارەیەوە رۆژی یەکشەمە٢ی ئۆکتۆبەری رابردو نوێنەری روسیا لە نەتەوە یەکگرتوەکان (ڤیتالی جۆرکین) لە کۆبونەوەی تایبەتی ئەنجومەنی ئاسایشدا مەسەلەکەی بەڕەسمی باسکردوە. لە راپۆرتێکی (ئیسنا کە لە تۆڕی هەواڵی راشاتودی) وەرگیراوە، یەکێک لە فەرماندە سەربازیەکانی باندی (بەری نصرەت) بەناوی (ئەبولعەز) لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ پرگین تودنهوفەر-نوسەری کتیبی ١٠ رۆژ ژیان لەگەڵ داعش لە خەلافەتی ئیسلامی، کە پەیامنێری رۆژنامەی (کۆئلەری) ئەڵمانیە و لە رۆژی ١٧ی سەپتەمبەر لە حەڵەب ئەنجامدراوە، دەڵێ؛ *"لەلایەن واشنگتۆنەوە چەک و تەقەمەنیمان بۆ رەوانە دەکرێت و راهێنەرانی ئەمریکایی بۆ مەشق پێکردنی بەرەی نوسرەت و چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم چەکانە، هاتون بۆ سوریا بۆ ئەوەی لە دژی دەوڵەتی سوریا سەرکەوتن بەدەستبهێنن ."* هەروەها دەڵێ:

> *" ئەو تانکانەی بۆ ئێمە رەوانە دەکرێن لە لیبیاوە رەوانە دەکرێن و بە رێگای تورکیادا بە دەستمان دەگات کە هەندێک جاریش قاعیدەی موشکهاوێژیشی لەگەڵدایە. ئێمە ئێستا موشەکی (تاڤ) ی ئەمریکیمان هەیە و بەم جۆرە توانیومانە کۆنترۆڵی هەندێک ناوچە بکەین. لەو کاتەشدا کە بەرەی نوسرەت ئابلۆقەدرابو کەسانێکی سەربە دەوڵەتانی تورکیا و قەتەرو سعودیەو ئیسرائیل و ئەمریکامان لەگەڵدابو کە بە سود وەرگرتن لە سەتەلایت و راکێت و دوربینی شوناسای ئەمنیەتی تایبەتی هاوکاریان دەکرد ".* هەروەها دەڵێ" *بەرەی نوسرەت چەندجار بۆ سەرخستنی ئامانجەکانی لەلایەن ئەم دەوڵەتانەوە کۆمەکی ماڵی پێگەیشتوە. بۆ نمونە لەوانە جارێک پێنج سەد ملیۆن لیرەی سوری لە سعودیە وەرگیراوە، جارێکی تر بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوەندێکی راهێنانی سەربازی لە (المسلمە) یەک ملیۆن ونیو دیناری کوەیتیمان لە سعودیە وەرگرتوە. ئێستا ئیسرایلیش هاوکاریمان دەکات چونکە ئەو لە جەنگدایە لەگەڵ دەوڵەتی سوریا و حزب الله. هەروەها غەرب رێگا بۆ مجاهدین هەموار دەکات بۆ ئەوەی خۆیان بگەیەننە سوریە. ئێمە مجاهدینێکی زۆری ئەڵمانی و فەرەنسی و*

## “ئازادی موسڵ” یان شەڕی کۆنەپەرستانەی جەمسەرەکان؟!

*بەریتانی و ئەمریکی و هەموو وڵاتە غەربیەکانمان هەیە”.* هەمان رۆژنامە نوس لە گفتوگۆدا لەگەڵ محەمد عەلوش-یەکێک لە فەرماندە سەربازیەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی- کە ئەندامە لە کۆمیتەی باڵای گفتوگۆی ئۆپۆزیسیۆن لەگەڵ دەوڵەتی سوریایە لە دەمی عەلوشەوە دەڵێ؛ *“ گروپەکەی ئێمە لە پێشدا بەشێک بو لە بەرەی نوسرەت و پێشتر لە تورکیا بوو دواتر پەیوەست بوو بە ئۆپۆزیسیۆنی ئازادەوە”.*

لە راستیدا ئیسلامی سیاسی بەبێ هاوکاری و پشتیوانی غەرب و دەوڵەتانی گوێلەمشتیان ناتوانێ وەکو هێزێکی خاوەن رۆڵ و برەودار تەنانەت لە خودی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بمێنێتەوە. کێشەی ئێستای غەرب و ئەمریکا و روسیا و جەنابی بارزانی فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەشی لەگەڵدابێت، تیرۆریزم نیە. هەمویان ئامادەن کڵاو بۆ داعش فڕێدەنە ئاسمان بەومەرجەی پێ لەبەرەکەی خۆی درێژتر نەکات و لە جڵەو دەرنەچێت و بەرژەوەندیەکانی ئەوان نەخاتە مەترسیەوە. واتە بۆ نمونە بەو مەرجەی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەر قەتلوعامێک دەکات بیکات، بەڵام دەست بۆ ئەمریکا و ئەورپا درێژنەکات. هەر بەوجۆرەی کە لە سۆماڵ و ئەفریقا چەندین باندی چەکداریان بەرداوەتە گیانی خەڵک و تا ئیستاش سەرقاڵی کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکن، بەبێ ئەوەی غەرب باسێک لە تیرۆریزمیان بکات و ئۆپەراسیۆن بۆ لەناوبردنیان بەرپابکات. هەریەک لەو بلۆک و ریزبەستنانە ئامادەن فەرشی سور بۆ خەلیفەی داعش راخەن بە مەرجێک بەرژەوەندیەکانی ئەوان رەچاوبکات و لە ریزی ئەواندا جێگایەک بۆ خۆی بگرێت. مەگەر دووساڵ لەمەوبەر کاتێک داعش موسڵی گرت بارزانی نەکەوتە ساتوسەدا لەگەڵی؟ مەگەر راشکاوانە پەیامی ئاشتەوایی نەدا بە داعش و نەیوت کێشەمان لەگەڵ یەک نیە؟ مەگەر شەنگاری وەکو چەپکەگوڵ پێشکەش نەکردن؟!

لەوانەش بگوزەرێین مەگەر هیچ شتێک لەوە ئاشکراترو راشکاوترە کە داعش ئیستاشی لەگەڵ بێت بە هاوکاری هەمەلایەنە و بێسنوری سعودیەو قەتەرو تورکیای توڵە سەگانی ئەمریکا دەسەڵات و تیرۆریزمی هەوسار پچڕاوی دەچەرخێنێ؟ کەس هەیە نەزانێ تورکیا لانەی داعش و پردی هاتوچۆ و کەناڵی بازرگانی و خەستەخانەی تیمارو ..و...داعشە؟ ئایا ئەوە لەکەس شاراوەیە کە سعودیە تەنانەت پارەی حەجاجەکانیش دەخاتە دەستی داعشەوە؟ کەس هەیە نەزانێ قەتەر بانکی داعشە؟ مەلەفی بازرگانی سەرمایەداران و سەرانی سەر بەدەسەڵاتی هەرێمیش لەگەڵ داعشدا، مەلەفێکە و هەموو خەڵکی کوردستان لێی ئاگادارن. ئایا دەکرێت ئەم تیرۆریستە دەوڵەتیانە و ئەم داعش پەروەرانە کێشەیان تیرۆریزم بێت و شەڕی لەناوبردنی تیرۆر بکەن؟ ئەگەر بە ئەندازەی نوکە دەرزیەک کێشەیان لەگەڵ تیرۆریزم هەیە، با زەحمەتی شەڕو قارەمانبازی و وێرانکای کۆمەڵگا و کوشت و کوشتار نەکێشن، لە جیاتی ئەوە زەحمەتبکێشن خۆیان بپێچنەوە و ملیانبشکێنن و لە ناوچەکە برۆنە دەرەوە. لە جیاتی شەڕی داعش گوێی نۆکەرەکانیان راکێشن با چەک و تەقەمەنی و پارە لە داعش ببڕن و ئاسانکاری بۆ نەکەن. بەم جۆرە داعش لە سویچەوە دەکوژێتەوە و خەڵکی ئەو ناوچانەی دەسەڵاتی داعشی تیایە هەر بە شەق و بەرد داعش راودەنێن. مەگەر خەڵکی کۆبانی ئەم کارەیان نەکرد سەرباری پشتیوانی ئەو دەوڵەتانە لە داعش؟ لە

کوردستانیش بارزانی و حزبەکانی کوردایەتی لە جیاتی ئەوەی خۆیان بکەن بە قارەمانی ئۆپەراسیۆنی تەفروتوناکردنی یەکجاری موسڵ و رۆڵەی کرێکارو زەحمەتکێش بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی ئاغاکانیان بەکوشتبدەن و ئاشوبی قەومی گەرم بکەن، با برۆن مشوری داعشە نوستوەکانی کوردستان بخۆن، برۆن رووبەڕووی داعشی دەمامکداری کوردی ببنەوە، برۆن یاساکانیان لە داعشیزم داماڵن و خەمی وەزارەتی ئەوقافەکەیان بخۆن کە بووە بە کارگەی بەرهەمهێنانی داعش.

## سێکوچکەی شەڕ لەسەر دەسەڵات

لەودیوی هەموو پڕوپاگەندەکان و ئایدۆلۆژی جەنگی هەموو لایەنەکانی ئەم شەڕە تیرۆریستیەوە کە خەڵکی جیهان و ناوچەکەی پێ چەواشە دەکەن، شەڕێکی کۆنەپەرستانەی خوێناوی لە ئارادایە لەسەر دەسەڵات و نفوزی بلۆکە جیهانیەکان و داروودەستە لۆکاڵیەکانیان. ئەم جەنگە لەدژی تیرۆریزم نیە، لەسەر تیرۆریزم نیە، هیچ لایەن و هیچ بەشداربویەکی ئەم شەڕە کێشەی جدی لەگەڵ خودی تیرۆر و تیرۆریزمدا نیە و خۆیان هیچیان بێبەری نین لە تیرۆریزم. ئۆپەراسیۆنی وێرانکردنی موسڵیش هیچ نیە جگە لە شەڕێکی تیرۆریستی لەسەر دەسەڵات و ناوچەی نفوز. دەرهێنانی موسڵیش لە دەستی داعش هیچ لە مەترسی تیرۆریزم لەسەر جیهان کەم ناکاتەوە. ئەمریکا و غەرب دوای ناکامیان لە عێراق و سوریا و داشکانی دۆخی ناوچەکە بە قازانجی جمهوری ئیسلامی کلک گرێدراو لەگەڵ بلۆکی بەرامبەریان بەسەرکردایەتی  روسیا، هەروەها دوای بێسەمەربون و ناکامبونی سپاردنی بەرەکانی ئەم شەڕە بە نۆکەر و بریکارە ناوچەییەکانی وەکو سعودیە و قەتەرو ئیسرائیل و تورکیا، تیرۆریزمی داعشی کردوە بە پاساوێک بۆ دوبارە هاتنەوە مەیدانی راستەوخۆ لە جەنگی ناوچەکە و داشکاندنەوەی بە قازانجی خۆی و بەهێزکردنی ناوچەی نفوزی. ئامانجی ئەمریکا بریتیە لە چەسپاندن و پەرەپێدانی باڵادەستی خۆی بەسەر ناوچەکە و جیهاندا. بریتیە لە کورتکردنەوەی دەستی نەیارەکانی. وەکو هەمیشە لەهەموو دەرفەتێک کەڵک وەردەگرێت تا بەهێزنواندن و شەڕ و ملهوڕی پێگەی خۆی لە جیهان و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پتەوبکات. بەدیاریکراوی ئامانجی ئەمریکاو غەرب و ناتۆ، لە گشت ئەم سیناریۆیەی لە سوریا بەرپایان کردوە، لەسەرکار لابردنی بەشار ئەسەدی گوێلەمشتی روسیای رەقیب و هاوپەیمانی جمهوری ئسلامی لە ئەمریکا یاخیە. ئەمەش بەنرخی باراندنی کوێرەوەری و کوشتاری بێشوماری خەڵکی بێگوناهو وێرانکاری دەبەنەپێشەوە. ئەمجارە ئەمریکا بەنیاز نیە هێزی سەربازی خۆی بخاتە ناو شەڕەوەو تەرمی سەربازەکانی لە تابوتدا بەرێتەوە. لە جیاتی ئەمە بۆمباران و کوشتاری بە کۆمەڵ لە خەڵکی بەشمەینەت دەکات. ئەو هەموو ستایش و هەڵنانەی دەرحەق بەهێزە عێراقیەکان دەیکات، لەبەرئەوەیە ئەمجارە ئەوان لەجیاتی سەربازەکانی خۆی "وەکو سەگی راو"* بەکاربهێنی و ئەگەر لەم شەڕەدا قوربانیەک پێویست بێت لەوان بکەوێت، پاشانیش دوای تەواوبونی بۆمباران و تەختبونی شارەکە و نەمانی تەپ و تۆز، ئەوان بنێرێتە سەر لاشە بێگیانەکان.

## "ئازادی موسڵ" یان شەڕی کۆنەپەرستانەی جەمسەرەکان؟!

بۆ جەمسەری بەرامبەریش بەسەرکرادایەتی روسیا، دەخاڵەت لە جەنگی سوریا بە ناوی پەلاماری پەیگیرانەتر بۆ لەبەینبردنی داعش و تیرۆریزم، مەبەستی دەرهێنانی جڵەوی دۆخی ناوچەکەیە لە دەستی ئەمریکا و غەرب و هێشتنەوەی بەشار ئەسەد و سوریایە لەژێر نفوزی خۆی. بە مانایەکی تر شەڕی راستەقینەی سوریا و ناوچەکە، واتە ئەو شەڕەی کە بەناوی لە ناوبردنی داعش و تیرۆریزمەوە لە ئارادایە و بە دەستپێکرنی ئۆپەراسیۆنی موسڵ توندتر دەبێتەوە، شەڕی ئەم دو جەمسەرە جیهانیەیە کە هەرکامیشیان دەوڵەتانێکی گوێلەمشتی خۆیان لە ناوچەکەدا هەیە. شەڕێکە لەسەر دەسەڵات و ناوچەی نفوز و باڵادەستی و ئارایشی سیاسی ناوچەکە.
پاشکۆ ناوچەییەکانی هەردوو جەمسەریش لە چوارچێوەی بەرژەوەندی باڵای جەمسەرەکانی خۆیاندا، هەروەها لە کێشمەکێشە ناوچەییەکاندا، ئامانجی دیاریکراوتریان هەیە. جمهوری ئیسلامی کە حکومەتی عەبادی و هێزە ئیسلامیە شیعەکانی عێراقیشی لەدەستدایە، کلکی لەگەڵ جەمسەری روسیا گرێدراوە. جمهوری ئیسلامی عێراق بە ناوچەیەکی نفوزی خۆی دەزانێ. دەسەڵات لە عێراقدا وەکو سێگۆشەیەکی لێهاتوە کە لایەکی گەورەو دولای بچوکتری هەیە. ئێران لایە گەورەکەی کە ئیسلامی شیعەیەو خاوەن پێگەی بەهێزو سەرەکیە لە دەسەڵات، بۆ خۆی مسۆگەرکردوە. لایەکی تری سێگۆشەکە کە ناسیۆنالیزمی کوردە، دیسان بەشێکی "یەکێتی نیشتمانی و گۆڕان" لە چوارچیوەی نفوزی ئێراندا ئەژمار دەکرێن. لەم کێشمەکێشەدا کە هاتوەتە ئاراوە بە چنگ و ددان هەوڵدەدات ئەم ناوچەی نفوزەی خۆی بپارێزێ و لەدەستینەدات. لێکترازانی یەکپارچەیی خاکی عێراق هەڕەشەیەکە لەسەر ئەم ناوچەی نفوزەی ئەو. نیگەرانی گەورەی ئێران لە پارچە پارچە بونی عێراق لەوێوەوەیە کە بە مەترسیەکی گەورەی دەزانێ بۆ شکڵگرتنی دەوڵەتێکی سونی کە پشتەدات بە تورکیا و سعودیەوە. لەوەش مەترسیدارتر لە گشت کێشمەکێشی تورکیا-سعودیەو ئێراندا بە قازانجی ئەوەی یەکەمیان رۆڵدەگێڕێ. تەنانەت شکڵگرتنی دەوڵەتی قەومی کوردیش جیگای نیگەرانی جدیە بۆ ئێران، چونکە پێیوایە ئەم دەوڵەتە پشتەدات بە ئەمریکاوە و ئەم لایەی سێگۆشەکەشی لەدەست دەرئەچێت.. نەک هەر ئەوەندە بەڵکو شکڵگرتنی ئەم کیانانە لە سبەینێدا لە ناو خودی ئێراندا سەرئێشەو گرفت بۆ جمهوری ئیسلامی دروست دەکەن. بۆیە رژێمی ئێران لە پێگەی براوەی شەڕی عێراق و بەرگری لە ناوچەی نفوزی خۆی دەچێتە شەڕێکەوە کە رەقیبەکانی بەرپایان کردوە. لەم باریەوە چ بە دەخاڵەتی راستەوخۆ چ بە سوپای عێراق و چەندین میلیشیایی شیعەی دەستسازی ئێران بەڕابەری و سەرپەرشتی سولەیمانی قاسمیانیەوە، پێداگری توند دەکات لەسەر بەشداری لەئۆپەراسیۆنی موسڵ.
لەبەرامبەردا میحوەری تورکیا - سعودیە - قەتەر سەرمایەیان لەسەر هێزە سونیەکان و ناسیۆنالیزمی عەرەب و پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو هێزی باڵا دەستی کوردستان داناوە و یاری بە کارتی تورکمانیش دەکەن. ئامانج و پلانیان ئاشکرایە کە دەیانەوێ گرەو لە ئێران بەرنەوە، لانی کەم لەم ناوچەی نفوزەی ئێران بەش بۆ خۆیان بپچڕن. جیاوازیەکە ئەوەیە کە ئەم میحوەرە بە پێچەوانەی ئیرانەوە کە بەشداری لە شەڕێکدا دەکات کە لە دەرەوەی ویست و ئیرادەی ئەو بەرپابووە، ئەمان خۆیان شەڕەکەیان بەرپاکردوە، خۆیان لە پشتی داعش و گشت ئیسلامی سونە

راوەستاون. تاوەکو ئێستاش هاوکات لەگەڵ چەواشەکاری و پاساوسازی بۆ لەشکرکێشی و دەخاڵەتیان گوایە شەڕی تیرۆریزم دەکەن، داعش پڕچەک و بەهێزدەکەن. ئەم میحوەرە لە پێگەی جەمسەرە ناکامەکەیان هەم لە عێراق و هەم لە سوریا، دەیانەوێ لەم شەڕەدا باڵانسی دۆخەکە بە قازانجی خۆیان بگۆڕن و ڕەوتی ئارایشی سیاسی داهاتوی عێراق و سوریا و ناوچەکە بەپێی بەرژەوەندیەکانی خۆیان ئاراستەبکەن. هەر بەوجۆرەی لە شەڕی جەرابلوسدا هەنگاوێک خۆیان بردەپێشەوە. تورکیا ئەمە ناشارێتەوەو ڕاشکاوانە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە ئەگەر ئێران لای سەرەکی سێگۆشەی سیاسی عێراقی مسۆگەر کردوە ئەوە دوو لایەکەی تر واتە ناسیۆنالیزمی کوردو ناسیۆنالیستە عەرەب و سونەکان جێگای ئومێدن بۆ تورکیا و بەدەستهێنانی پێگە و دەستوەردان لەدۆخی سیاسی عێراق. لەم ڕوانگەیەوەیە کە ئەردۆگان پێداگری توند لەسەر ئەوە دەکات کە " *موسڵ موڵکی موسڵاویەکان و تەلەعفەر موڵکی تەلەعفەریەکانە، دوای ئازادکردنی ئەو ناوچانە تەنها دەبێ عەرەبی سونە و تورکمانەکان و کوردە سونیەکان لەوێ بمێننەوە- گفتوگۆ لەگەڵ کەناڵی هەواڵی ڕوتانای عەرەبی* ". لەگەڵ ئەوەی تورکیا هێزە سەربازیەکانی خۆی لەناوچەکانی دەوری موسڵ جێگیرکردوە، هەروەها لەگەڵ ئەوەدا کە ئەردۆگان و بەرپرسانی تورکیا هەڵوێستێکی توند دەردەبڕن، بەڵام ئەوەی کە ئایا سوپای تورکیا ڕاستەوخۆ تەنانەت بەبێ مۆڵەت، بەکردەوە دەچنە ناو شەڕی موسڵ و شاری موسڵەوە یان نا؟ هیچ لەو ڕاستیە ناگۆڕێت کە لەهەموو دەرفەتێک کەڵک وەردەگرێت بۆ بەهێزکردنی ڕەوتە ئیسلامیە سونیەکان و کارتی تورکمانەکانیش بەکاردەهێنێ بۆ ئەوەی لە بەرامبەرکێ لەگەڵ ئێراندا لەسەر ئایندەی دەسەڵات و نەخشەی سیاسی عێراق هەنگاوێک بڕواتە پێشەوە. بێگومان ئەمە بۆ داپۆشینی قەیرانە هەمەلایەنەکانی ناوخۆی خودی تورکیا و هەروەها سنوردانانیش بۆ ئەو هێزە کوردیانەی دەردەسەری گەورەیان بۆ دروست کردوە، کەڵکی خۆی دەبێت.

هەردوو ئەم جەمسەرانە و هێزە پێکهێنەرەکانی، تەنانەت کلکە عێراقیەکانیشیان بەرژەوەندی و ئامانجی ڕۆشنی خۆیان دەناسن و بە پلانەوە کاری بۆ دەکەن. ئەوەی لەم نێوەدا بە لۆژە لۆژ و سەرلێشێواوی تەنها و تەنها ڕۆڵی دەسکەلا دەبینێت، دەسەڵات و حزبەکانی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردە. ئەم بزوتنەوەیە و حزبەکانی کە هەمیشە سیاسەتی کەڵکوەگرتن لە قڵشتی نێوان دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهان هەم تاکتیک و هەم ستراتیژیان بووە، لەئیستادا چاویان لەم کێشمەکێشە بڕیوە و لەهەوڵدان لەم ڕێگایەوە پێگەیەکی زیاتر بۆ خۆیان پەیدابکەن. ئەوان سەرمەستن بەوەی کە جەنابی بارزانی وەکو فەرماندەیەکی مەیدانی ناوببرێت و لەلایەن جێگری پریزدنتی ئەمریکاوە سوپاسنامەی بۆ ڕەوانە دەکرێت لە بەرامبەر ئەوەی ئامادەیە بەهێزی پیشمەرگەوە بە ناوی "هاوپەیمانی جیهانی شەڕی دژە تیرۆر" مل بە فەرمانی ئەمریکا بێت و بەشداری کارا بکات. ئەم حزبانە کە ئێستا بەسەر هەردوو جەمسەرە ناوچەیی و جیهانیەکدا دابەشبوون، هەر بەشەیان لە ڕوانگەی جەمسەرەکەی خۆیەوە، بەڵام هاوڕان لەسەر بەشداریکردن. وەکو هەمیشە ئامادە بەفەرمان و بەفیدای سیاسەتی زلهێزە کۆنەپەرستەکانن. لە ڕاستیشدا نە تەنیا دەوڵەتی کوردی تەنانەت هیچ ئایدەیەکی ڕۆشن بۆ بۆرژوا-ناسیۆنالیستی کورد و مەسەلەی کورد،

## "ئازادی موسڵ" یان شەڕی کۆنەپەرستانەی جەمسەرەکان؟!

جێگایەکی لە سیاسەت وستراتیژی هیچ یەک لەم دوو جەمسەرەدا نیە، بەڵکو تەنها وەکو کارت و دەسکەلا بەکاریان دەهێنن و لە ئێستادا وەکو ئەمری واقع مامەڵە لەگەڵ دەسەلاتەکەیان دەکەن. ئەوەی ئەم ئەمری واقعە تا کوێ بڕدەکات دیار نیە. بەڵام ئەوە ڕۆشنە کە هەمیشە ئاکامی کارەساتباری ئەم خۆگرێدانەیان بە سیاسەتی هێزە جیهانی و ناوچەییەکانەوە بە کارەساتی گەورە لەسەر خەڵکی کوردستان تەواو دەبێت. ئەمجارەش دەیانەوێ چارەنوسی ئەم خەڵکە بکەنەوە بە قوربانی بە ئومێدی ئەوەی لە ئایندەدا لە بری ئەم خۆش خزمەتیە ئاسۆیەکی تر بەڕوی دەسەڵاتی قەیرانگرتویان بکرێتەوە.

هەرچی ئەو بەرەکەی تری شەڕەکەیە، واتە داعش، دیسان شەڕ لەسەر دەسەلات دەکات. داعش وەکو باندێکی تیرۆریستی هەوساربچڕاوی لەدەستدەرچوو کە توانیوێتی بەشێک لە ناسیۆنالیزمی کلکوگوێ کراو و بێئاسۆی عەرەبیش بخاتە پشتی خۆی، بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی هەوڵدەدات. ئەو مەسەلانەی بەدەستیانەوە گرتوە وەکو؛ دەردو مەینەتەکانی خەڵکی عەرەب و موسڵمان، ستەمی غەرب لە شەرق، دوژمنایەتی دەوڵەتانی غەربی لەگەڵ خەڵکی موسڵمان، ستەمکاری و کوشتاری بە کۆمەڵی سونی مەزهەبەکان لەلایەن حکومەتی مالکی و میلیشیا شیعەکان و جمهوری ئیسلامیەوە..و..هەر هەموو تەنها و تەنها تا ئەو جێگایە بۆ داعش مەسەلەن کە لەو نەهامەتیانە کەڵک وەرگرێت بۆ هێزهەڵخڕاندن لە پشتی خۆی لەپێناو بەهێزکردنی پێگەو دەسەڵاتی خۆی لەپێکهاتەی دەسەلاتداریێتی بۆرژوازی ناوچەکەدا. دوژمنایەتی کوێرانەی داعش لەگەڵ ئەمریکاو غەرب، سەرمایەیەکی سیاسیە لە کۆمەڵگاکانی ئەم ناوچەیەدا کە خەڵکەکەی بە حەق ئەمریکا و غەرب بە هۆکارێکی سەرەکی نەهامەتیەکانی خۆیان دەزانن. نەهامەتیەکانی وەکو جەنگ و داگیرکاری و وێرانکردنی کۆمەڵگا، نەهامەتی خەڵکی فەلستین بەدەست دەوڵەتی تیرۆریستی ئیسرائیلەوە، نەهامەتی سونی مەزهەبەکان بەدەست دەسەڵاتی شیعەکان لە عێراق....تیرۆریزم ئامرازی سەرەکی دەستی هەموو ئیسلامی سیاسیە بۆ قوڵکردنەوەی قڵشت و ناکۆکی ئاینی و مەزهەبی و قەومی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەم ناکۆکی و قڵشتانە زەمینەی لەبار بۆ گەشەکردنی ئەوان دەخوڵقێنێ و ڕێگای گەیشتنیان بە دەسەڵاتی سیاسی هەموار دەکات.

### شەڕی تیرۆریستی خەتەری تیرۆریزم زیاتر دەکات

ئەم شەڕە تیرۆریستیە کە گوایە شەڕێکە بۆ لەناوبردن و بنەبڕکردنی تیرۆریزم، نەک هەر مەترسی تیرۆریزم لە ناونابات و تەنانەت کەمی ناکاتەوە، بەڵکو گەورەترو مەترسیداتری دەکات. بە دەرهێنانی موسڵ و تەنانەت ڕەقەش لە دەست داعش، ئەم ڕەوتە بەشێک لە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆی لە دەست دەدات، بەڵام خولێک لێدەدات و لە جێگایەکی ترەوە پەلامار دەهێنێت و دوبارە سەربەرز دەکاتەوە. تا ئەو هۆکارو زەمینانە لە ئارادابن کە داعش و ئیسلامی سیاسی لەسەریان دەلەوەڕێت، وە تاوەکو تیرۆریزمی ئیسلامی لەلایەن دەوڵەتانی غەربی و گوێ لەمشتەکانیانەوە هاوکاری بکرێت، ئەم جۆرە ئۆپەراسیۆنانە تۆزقاڵێک لە مەترسی تیرۆریزم کەم ناکەنەوە. بۆ ئەوان رومادی نا موسڵ، عیراق نا سوریا، سوریا نا لیبیا، ئاسیا نا ئەفریقا و ئەو هەموو کۆمەڵگایەی کە ئەمریکاو غەرب و ناتۆ لەبەریەک هەڵیوەشاندون و کردونی بە لانکەی لەبار بۆ تیرۆریزم.

لانی کەم ئێمە لە دوای ١١ی سەپتەمبەرەوە هەمو رۆژێک شایەتی دنیایەک پڕوپاگەندەین بە ناوی شەڕ بۆ لەبەینبردنی تیرۆریزم. هەموو رۆژێک شایەتی ئەلقەیەکی تازەی لەشکرکێشی و جەنگ و وێرانکاری و کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی ستمەدیدەین بەناوی شەڕی دژی تیرۆریزمەوە. ئاماری قوربانیەکانی ئەم جەنگانەی کە گوایە بۆ گێڕانەوەی ئاسایش و ئارامی بۆ خەڵکی جیهان بەرپاکراون لە ئەژمارکردن و مەزەنەکردن نایەن. ژمارەی ئەو قوتابخانە و نەخۆشخانە و رەوزەو ماڵ و ئاپارتمان و پرد و ڕێگاو بانانەی کە خاپورکراون، سەد بەرابەر لەوە زیاترە کە تیرۆریزمی ئیسلامی خاپوری کردون. ئەو پاشەوپاش گەڕانەوەیەی بەسەر کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەپێنراون، چەندین بەرابەر زیاترە لەوەی لە دەستی تیرۆریزمی ئیسلامی دێت. ئەو قڵشت و ناکۆکیانەی لە نێوان قەوم و میللەت و پێڕەوانی دیانەت و مەزهەبەکاندا بە سیاسەت و کارکردی ئەمریکاو غەرب و ناتۆ پەرەیان پێدراوەو بون بە زەمینەی پەرەسەندن و بەرهەمهێنانەوەی تیرۆریزمی ئیسلامی، زۆر لەوە زیاترە کە راستەوخۆ بە رۆڵی ئەم بزوتنەوە تیرۆریستە دەیتوانی پەیدابێت و پەرەبسەنێ. لەگەڵ ئەوەشدا رۆژبەرۆژ و ساڵ بەساڵ مەترسی تیرۆریزم زیاترو زیاتری کردوە. ئەگەر ١٥ ساڵ لەمەوبەر تەنها کوشتاری خەڵکی بێتاوانی ئەمریکا کرانە ئامانج، وە ئەگەر ١٣ ساڵ لەمەوبەر تەنها بەغداو شارەکانی عێراق و کوشتاری هاوڵاتیانی بێگوناهی ئەم کۆمەڵگایە لە ناو شەقام و بازاڕو جێگای کارو ماڵی خۆیاندا، دەستیان لەسەر دڵیانبو و بەکۆمەڵ راپێچی مەرگ دەکران، ئەوە دوای ١٥ ساڵ کوشتارو خاپورکردنی چەندین کۆمەڵگا و دوای چەند ئەلقەی شەڕی نەبڕاوەی "دژی تیرۆریزم"، ئێستا داعش و تیرۆریزمی ئیسلامی لە ناوچەیەکی فراواندا دەسەڵاتی بەدەستهێناوە. لەوەش زیاتر ئەمڕۆ لە ئەفریقاوە تا خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لە ئاسیاوە تا ئەوروپا و ئەمریکا و ئوسترالیا، لە بەغداوە تا پاریس و برۆکسل و بەرلین و واشنگتۆن، تیرۆریزمی ئسیلامی کۆمەڵگا نوقمی خوێن دەکات. ئەم مێژوە بە خوێن و مەرگ و کارەسات نوسراوە ئیتر هیچ گومانێک لەسەر پڕوپوچ بونی "شەڕی دژی تیرۆریزم" ناهێڵێتەوە. ئەوەی بە ناوی شەڕی دژی تیرۆریزمەوە لە ئارادایە، شتێک نیە جگە لە شەڕی تیرۆریستی تیرۆریستان، جگە لە شەڕی نێوان تیرۆریزمی دەوڵەتی بەڕابەری ئەمریکا لەگەڵ تیرۆریزمی ئیسلامی دوێنێ بەڕابەری قاعیدە و ئەمڕۆ بەڕابەری داعش و سبەی بەڕابەری یەکێک لەباندە دەسکەلاکانی ئەمڕۆی ئەمریکا و غەرب. هەربۆیە ئەم شەڕە تا درێژە بکێشێت و تا بەشەریەتی ئازادیخواز و متەمەدنی دنیا مەیدان بۆ ئەم جەمسەرە تیرۆریستیانە خاڵی بهێڵنەوە، دەبێ چاوەڕوانی پەرەسەندنی زیاترو قوربانی زیاتر بکەین.

هیچ کات و بەهیچ جۆرێک ئامانجی رابەرانی "شەڕی دژی تیرۆریزم" و ئەم جۆرە شەڕ و ئۆپەراسیۆنە سەربازیانە، لە ناوبردنی تیرۆریزم و ئیسلامی سیاسی نیە، بەڵکو هەمیشە ئامانجێکی کۆنەپەرستانە لە دوو توێیدا خۆی حەشارداوە. تا ئەو جێگایەش بە بەرامبەرکێ لەگەڵ تیرۆریزمی ئیسلامیدا دەگەڕێتەوە، تەنها هێز نیشاندانێکە بۆ ئەوەی سنوری خۆی بزانێت و پێی لێدرێژنەکات و لە جڵەو دەرنەچێت. ئەگەر لەم چوارچێوەیە دەرنەچن تەنانەت وەکو دەوڵەتی ئیسلامی تیرۆریست دەتوانن لەسەرکاریش بن و حوکمڕانیش بکەن. ئەوەی کە چ بەڵایەک بەسەر خەڵکی کۆمەڵگاکان

دەهێنن، بۆ غەرب و ئەمریکا زۆر ئاساییە. تەنانەت تیرۆریزمەکەشیان دەتوانێ پەسەندبێت بەو مەرجەی قوربانیەکان تەنها خەڵکی بێگوناهی کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا بێت و دەست بۆ غەرب و ئەمریکا درێژ نەکەن. بەڵام جیاواز لەمەش بنەبڕکردنی تیرۆریزمی ئیسلامی بەئۆپەراسیۆنی لەم بابەتە لە بنەڕەتەوە هەراو هوریایەکی پوچ و بێ بنەمایە. وەکو منصور حکمەت دەڵێ "لێکدانەوەکانی خۆیان (واتە غەرب و ئەمریکا) نشانیدەدات کە ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی ئیسلامی یەک بارەگایەکی مەرکەزی و یەک فەرماندەیی هاوبەش و یەک رێکخراوی هەرەمی نیە، بزوتنەوەیەکی نێونەتەوەییە کە لە کۆمەڵێک شانە و رێکخراو و تۆڕ و ناوەندی دەوڵەتی پێکهاتوە کە بە کۆمەڵێک پەیوەندی رەسمی و نارەسمی، وەکو بزوتنەوەیەکی نهێنی، بە کۆمەڵێک داهێنانی فراوانەوە لە ئاستی لۆکاڵیدا پێکەوە بەستراون". کردەوەیەکی سەربازی بەم جۆرە و دەرهێنانی موسڵ لە دەستی داعش بەبێ گرتنەبەری رێگای کارا بۆ لەبەینبردنی زەمینەکانی داعش و ئیسلامی سیاسی، بەبێ دەستبردنی بۆ شکاندنی ئەو دەستانەی کە لە پشتیاندەدات و ورگ و گیرفانیان تێرو پڕچەکیان دەکات، تەنها دەتوانێ ئەو ئاکامەی هەبێت کە لە جیاتی کۆکردنەوەی هێزەکانیان لە موسڵ یان هەر جێگایەکی تر، شانە و گروپەکانیان بە دنیادا بڵاوبکەنەوە بۆ بەڕێخستنی روباری خوێن. تەنانەت تۆڵەی شکستە سەربازیەکانیان بە هێرشی تیرۆریستی بەرفراوانتر لە شەرق وغەربدا بۆ سەر خەڵکی مەدەنی بکەنەوە.

## کوردستان و ئۆپەراسیۆنی "ئازادی موسڵ"

ئەم شەڕە شەڕی خەڵک نیە، دواتر دێمەسەر ئەم باسە لە ئاستی نێونەتەوەیی بۆ خستنەڕوی سیاسەتێکی ئەنتەرناسیۆنالیستی بۆ هەموو بەشەریەتی موتەمەدن. بەڵام لەم بەشەدا باسی ئەوە دەکەم کە ئەم هەڵوێستە بۆ خەڵکی کوردستان مانایەکی زۆر تایبەتی تری هەیە. بەو هۆیەوە کە ئەحزابی بۆرژوازی دەسەڵاتداری کورد عەزمیان جەزم کردوە کە وەکو هەمیشە بۆ خۆشخزمەتی بە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی خەڵکی کوردستان فیدابکەن و لە ریزی پێشەوە بۆ ئەم شەڕە راپێچیان بکەن. مێشکی خەڵکیان بەوە شۆریوەتەوە گوایە بەم جۆرە بەشێک لە "ناوچە دابڕاوەکان" ی کوردستان دەگێڕنەوە بۆسەر خاکی هەرێم! وەکو ئەوەی کە تا ئێستا بەختەوەری زۆریان بۆ خەڵکی دانیشتوی هەرێم مسۆگەر کردبێت!

ئەمە ریسکێکی یەکجار گەورەیە نەک هەر بەگیانی رۆڵەی کرێکارو زەحمەتکیشەوە کە لە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەدا چەکدارکراون و بەم جۆرەش لێشاوێکیان لێدەکەن بەقوربانی، بەڵکو لەمەش مەترسیداتر ئەوەیە کە چارەنوسی هەموو خەڵکی کوردستان دووچاری گێژاو و کارەساتێکی گەورە دەکەن و بۆ ناو ئاشوبێکی پڕمەترسی راپێچی دەکەن. بەو جۆرەی پلانی بۆ دانراوە و تەنانەت بەو جۆرەی کە خودی سەرانی ئەم جەنگە و بەرپرسانی وەزارەتی جەنگی ئەمریکا و غەرب راشکاوانە دانییپیادەنێن، جەنگی موسڵ کارەساتێکی سامناک دەبێت. کارەساتێک دەبێت کە لە مێژودا بە خوێن تۆمار دەبێت. بەشداری خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگە بە ناوی خەڵکی کوردستانەوە لە خولقاندنی ئەم کارەساتەدا، قڵشتێکی قەومی گەورە و دوژمنایەتیەکی مەترسیدار

بەدوای خۆیدا دەکاتە ملی خەڵکی کوردستانەوە کە بە ئاسانی کۆتایی نایەت. ئەو بەشە لە دانیشتوانی ئەو ناوچانە کە بەخت یاوەریان بێت و لەم جەنگە کارەساتبارەدا گیان بەدەرکەن، هەروەها خەڵکی عەرەبزمان بەگشتی، هێزی پێشمەرگە و بەم جۆرەش خەڵکی کوردستان بە شەریکی ئەو کوشتار و خاپورکردنە دەزانن کە لەسەر دەستی هێزە ئەمپریالیستەکان و دەوڵەتان و میلیشیا شیعەکان رودەدات و گیانی تۆڵەسەندنەوە لە ناخیاندا دەچێنێت. رەوانەکردنی هێزی پێشمەرگە بۆ ناو شەڕێکی بەم جۆرە لە پێناوی رازیکردنی دڵی زلهێزەکان و بە ئومێدی گەیشتن بەو ئامانجانەی رایانگەیاندوە و بەهرەمەندبونی ناسیۆنالیزمی کورد لە پێگەیەک لە ئایندەی عێراق و فراونکردنەوەی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتە گەندەڵ و خێڵەکیەکەی ئێستایان، تەنها لەو حزبانەی کوردایەتی دەوەشێتەوە کە ٢٥ ساڵە تاڵانوبڕۆ دەکەن و ستەمکاریان گەیشتوەتە رادەیەک کە فاشیزم و سەرکوتگەری رژێمی بەعسیان لە بیری خەڵک بردووەتەوە.

جەنابی بارزانی فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگە کە دوێنێ لەگەڵ داعش سەودای دەکرد و شنگالی پێشکەش کردن، ئەمڕۆ دەیەوێ هێزی پێشمەرگە رەوانەی موسڵ بکات بۆ ئەوەی پایەکانی کورسی دەسەڵاتی نامەشروعی خۆی مەحکەمتر بکات. ئیتر باکی لەوە نیە کە بە تایبەت بەو پەیامەوە کە جەنابی رایگەیاندوە؛ گوایە ناوچە دابڕاوەکان دەگێڕێتەوە سەر خاکی کوردستان، لەلایەن خەڵکی موسڵی عەرەبزمانەوە هێزی پێشمەرگە وەکو هێزێکی داگیرکەر و دەسکەلای ئیمپریالیستی مامەڵە دەکرێت. ئەمە یاری کردنە بە ئاگرو نانەوەی ئاشوبێکی ماڵوێرانکەر. ئەوەی کە گومانێکی تیانیە ئەوەیە کە هیچ سەروەری و ئایندەیەکی باشتر و ئازادیخوازانە لەم رێگایەوە بەنسیبی خەڵکی کوردستان نابێت. هێشتا ئەو برینانەی بە هوتافکێشانی سەرانی ناسیۆنالیزمی کورد بۆ حاجی بوش لە کوشتاری خەڵکی عێراق لە ١٩٩١و پاشان پێشلەشکری بۆ جۆرج بوشی کوڕ لەشەڕی داگیرکردنی عێراقدا، لە نێوان خەڵکی کوردزمان و عەرەبزماندا هەڵیانکەندوە سارێژ نەبوە. کەچی خەریکن بە بەشداری لە خاپورکردنی موسڵدا جارێکی تر قەتماغەکەی هەڵدەدەنەوە و برینەکە قوڵتر دەکەنەوە.

ئەگەر مەسەلە گێڕانەوەی ناوچە ناکۆکی لەسەر و دابڕاوەکان بێت، ئەوە نە کوشتاری خەڵکی عەرەب و نە بە کوشتدانی نابەرپرسیارانەی پێشمەرگەی پێویستە. ئەو مەسەلەیە رێگای سیاسی هەیە. دەسەڵاتی بنەماڵەکانی بارزانی و تاڵەبانی دەتوانن ئەوەندە چاوچنۆک و تاڵانچی نەبن، لەپێشدا بەختەوەری بۆ ئەو ناوچانە دابین بکەن کە خەڵکەکی بەدەستیانەوە گرفتاربون و رژاونەتە سەر شەقام، ئەوکات دەتوانن سەرنجی خەڵکی ئەو ناوچانەش بۆ ئەم پەیوەستبونە راکێشن. دەسەڵات لە کوردستاندا دەتوانێ بە دابینکردنی خۆشبەختی و ئازادی و تێروتەسەلی بۆ خەڵک، بژاردەی پەیوەستبونی ئەو ناوچانەش بخاتە دەستوری خەڵکەکەیەوە و ئارەزومەندیان بکات بۆ ئەم پەیوەستبونە. ئەگەرنا هەر ئێستا خۆ بەشی زۆری دەسەڵاتی شاری کەرکوک بە دەست ناسۆنالیزمی کوردەوەیە، لە کاتێکدا هێشتا لەوێ ئەو بەشە لە دانیشتوانی کوردزمان کە موچەکەیان لای عەبادیە زۆر خۆشبەختترن لەوانەی موچەکەیان لای بارزانی و تاڵەبانیە. کەوایە بۆ دەبێ ئارەزوی بژاردەی پەیوەست بون بە مەملەکەتی قەڵەمڕەوی دوو بنەماڵەی بارزانی و

## "ئازادی موسڵ" یان شەڕی کۆنەپەرستانەی جەمسەرەکان؟!

تاڵەبانیان هەبیت؟!

**شەڕی تیرۆریستی، ئایندەی عێراق و مەیدانی نەبەردی خەڵکی ئازادیخواز!**
**سەرخەتی سیاسەتی سۆسیالیستی لە ئاستی عێراق و کوردستان**

سەرنجێکی کورت لە ناوەرۆکی میدیای رەسمی و غەیرە رەسمی، لە پەیام و لێدوانەکانی سەرانی لایەنە بەشدارەکانی ئەم شەڕە، وە ئەگەر لەوەش قوڵتربینەوە لە ناسینەوەی ئامانجی هەریەک لەو لایەنانە، بەڕۆشنی دەریدەخات کە ئۆپەراسیۆنی موسڵ بەرەو ئەوە دەڕوات کێشمەکێشی لایەنەکان لەسەر چارەنوسی عێراق و دەسەڵاتی سیاسی پێبنێتە قۆناغێکی تازەوە. بەدەر لە ئامانجی زلهێزە جیهانیەکان کە پێشتر باسمان کرد، لەم شەڕەشدا پەرەدان بەناکۆکی و ئەلگۆی قەومی و دینی دەبەنە پێشەوە. لەئاستی هێزە ناوخۆیە عێراقیەکانیشدا هەر کامیان بەمەبەستی دەستڕاگەیشتن بەبەشی زیاتر لەئایندەی عێراقدا بەشداری دەکەن لە پەرەدان بە ناکۆکی قەومی و مەزهەبی. هەموویان سەرباری ناکۆکیە توندو بەرژەوەندە ناکۆکەکانیان، بەئاراستەی گەیاندنی ئەم ناکۆکیە قەومی و مەزهەبیانە بە ئاستێکی ترسناکتر لەوەی ئێستا هەیە، رۆڵدەگێڕن. هەر هەموشیان سورن لەسەر پێناسەکردنی دەسەڵات و دەوڵەت لە هەر فۆرم و پانتاییەکدابێت بە ناسنامەی قەومی و مەزهەبی. با ئەم جارە لەم رووەوە سەرنجێکی کورت بدەینەوە لە رۆڵ و مەرامەکانیان.

حکومەتی عەبادی و میلیشیا شیعەکانی سەر بە دەوڵەتی ئێران، بۆ لێدان لە پێگەی سونە و بەرگرتن لە ئەگەری شکڵگرتنی دەسەڵاتێکی سونی، یان بە مانایەکی تر بۆ فەتحی قەڵایەکی گەورەی هێزە سونی مەزهەبەکان دەڕۆنە شەڕی موسڵ. قەیس خەزعەلی سەرۆکی کەتائیبی ئەلحەق لەم بارەیەوە راشکاوانە دەڵێ *" هێزەکانی حشدی شەعبی لەشەڕی موسڵدا سەرکەوتو دەبن و لەم شارەدا دەمێننەوە ."*لەوێش چاوەڕوان دەکرێت ئەو کارەسات و کوشتارە بە کۆمەڵانەی لە رومادی و فەلوجە و ناوچەکانی دیکەی قەڵەمڕەوی هێزە سونەکان کردیان، بە زیادەوە دوبارەی بکەنەوە. ئەگەر وا نەکەن بۆیان فەتح ناکرێت و ناتوانن تیایدا بمێننەوە.

هێزە سونی مەزهەب و میلیشیا عەشایەر و ناسیۆنالیستە عەرەبیەکانی بەشدار لەم ئۆپەراسیۆنەش، مەبەستی نزیک و دیاریکراویان هەوڵدانە بۆ ئەوەی دوای دەرپەڕاندنی داعش، موسڵ و ناوچەکانی دەوروبەری لە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆیاندا بمێنێتەوە و بەم پێگەیەوە دەوربگێڕن لەدیاریکردنی نەخشەی سیاسی و دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەو داعشیانەی تائیفەکەیان لە داهاتوی عێراقدا. بۆ ئەم مەبەستەش بەرژەوەندی خۆیان لەگەڵ میحوەری سعودیە- تورکیا گرێداوە. ئەم میحوەرە وای لێکدەداتەوە کە ئەگەر بتوانن ئەم ناوچەیە وەکو قەڵەمڕەوی نفوزی خۆیان مسۆگەربکەن، هەم فاکتۆرێکی گرنگ دەبێت بۆ ئایندەی پێگەی سونە لە ئارایشی سیاسی دەسەڵاتی بورژوازی عێراق و هەم دەستی تورکیا و سعودیە دەکاتەوە بۆ ئەوەی کارتی جۆراوجۆر بۆ بەرامبەکێ لەگەڵ ئێران و نفوزی لەعێراق و ناوچەکە بەکاربهێنن. لەم بارەیەوە تورکیا ئارەزوی خۆی بۆ بەرپاکردنی هەرێمی موسڵ نەشاردوەتەوە.

ناسیۆنالیزمی کورد بەشداری لەم شەڕە بە رێگایەک دەزانێ بۆ ئەوەی لە ئارایشی سیاسی

داهاتودا پێگەی مسۆگەر و پتەوبکات. دەیانەوێ لەم دەرفەتە کەڵک وەرگرن بۆ فراوانکردنەوەی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتیان و بە وتەی خۆیان " گێڕانەوەی بەشێک لە ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان بۆسەر خاکی هەرێم". وای لێکدەدەنەوە کە دەتوانن لەم دەرفەتەدا دەسەڵاتی خۆیان بەسەر هەندێک لەو ناوچانەدا بکەن بە ئەمری واقع و لە داهاتودا لە کێشمەکێش لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی عێراق لەم پێگە تازەیەوە مشتومڕو کێشمەکێشەکانیان بەرنەپێشەوە. هاوکات ئەمە بە هەلێکی باش دەزانن بۆ پڕچەککردن و بارهێنان و پتەوکردنی ڕۆڵ و پێگەی هێزی پێشمەرگە لە هاوکێشەی سەربازی داهاتوی عێراقدا. لەم ساتەدا کە جەماوەری خەڵکی کوردستان لەدژی دەسەڵاتی تاڵانچی و قەیرانگرتویان ڕژاونەتە سەرشەقام، ئەمە هەلێکیشە بۆیان تا هەراوهوریای شەڕ و "ئۆپەراسیۆنی ئازادی موسڵ" بکەنە ڕێگایەکی خۆدزینەوە لە خواستەکانی خەڵک.

تا ئەوجێگایەی کە بە بەدیلی ئازادیخوازانەی بەشەریەتی موتەمەدن و جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و کۆمۆنیزم دەگەڕێتەوە، ڕێگاچارەی کارساز بۆ هەمو کێشەکان و ئایندەیەکی پڕ لە بەختەوەری تەنها بە شۆڕشی کرێکاری و بەرپاکردنی کۆمەڵگای سۆسیالیستی مەیسەر دەبێت. بەڵام بەداخەوە بە هۆی نائامادەیی چینی کرێکار و پێگەی لاوازی کۆمۆنیزمی ئەم چینە لەجەرگەی ئەم بارودۆخەدا، ئاسۆیەکی نزیک بۆ سەرکەوتنی ئەم بەدیلە دیارنیە. لەوەش بترازێت بیگومان مانەوەی عیراقێکی یەکپارچە لانی کەم لەسایەی دەوڵەتێکی غەیرە قەومی و غەیرە مەزهەبیدا کە بە دور لە دەستەبەندی و ناسنامەی قەومی و دینی بە چاوێکی یەکسان تەماشای هەموو هاوڵاتیانی بکردایە، دەیتوانی ئایندەیەکی باشتربێت بۆ ئەم کۆمەڵگایە. عیراقێکی یەکگرتوی غەیرە قەمی و سیکیولار زامنی ئەوە بوو لە جیاتی گرفتاربونی هاوڵاتیان بە کێشەو ناکۆکی و ئاشوبی قەومی و مەزهەبیەوە، کە ئەلگۆی داسەپاوی غەرب و ئەمریکایە بۆ ئەم کۆمەڵگایە، ئەم خەڵکە لەسەروی ناسنامە دروستکراوە قەومی و دینی و مەزهەبیەکانەوە دەستی هاوچارەنوسی بخەنە ناودەستی یەکترەوە. ئەوکات ئەم کۆمەڵگایە لە هەمو رویەکی ژیانی ئابوری و سیاسی و شارستانی و پێشکەوتن و ئارامی و ئاسایش و بەختەوەریەوە داهاتویەکی باشتری دەبوو. بەڵام دیسان بەداخەوە بەهۆی نائامادەیی ریزی ئازادیخوازی و سیکیولاریزم و چینی کرێکارو کۆمۆنیزم، تازە وادیێتەبەرچاو کە لەم دەوریەدا دەرفەتی ئەم بەدیلەش لەدەستچوە.

ئێستا ئەمری واقع ئەوەیە کە عێراق بە کردەوە دابەشکراوە بەسەر قەڵەمڕەوە قەمی و مەزهەبیە لۆکاڵیەکاندا. قڵشتی نێوان شیعەو سونە، ناکۆکی نێوان قەومیەتەکان بە سیاسەتی ئەمریکا و غەرب و هێزە لۆکالیە قەومی و دینی و تائیفیەکان ئەوەندە قوڵکراوەتەوە، کە تازە ڕاگرتنی ئەم کۆمەڵگایە لە چوارچێوەی خەریتەی سیاسی ئێستای عێراقدا، بەکردەوە تەنها شەڕو ناکۆکی کۆنەپەرستانە و نەبڕاوەی ئێستا درێژە پێدەدات. واتە بەردەوامبونی ئەم دۆخە بەکردەوە مانایەکی نیە جگە لەبەردەوامی شەڕو ئاشوبی ئەم ١٣ ساڵە کە خەڵکی تیادا دەسوتێت و بەلێشاو ڕووبەڕووی مەرگ دەکرێنەوە. پێداگریش لەسەر گێڕانەوەی بۆ عێراقێکی یەکپارچە، لانی کەم لەم دۆخەدا هەم خەیاڵی و هەم کۆنەپەرستانە و هەم پردەردەسەریە بۆ دانیشتوانێک کە بە ناسنامەی داتاشراوی قەومی و مەزهەبی کراون بە خوێنخۆری یەکتری. خەیاڵیە چونکە جگە لە سەختی کارەکە ئەم ئاڵایە ئێستا

## “ئازادی موسڵ” یان شەڕی کۆنەپەرستانەی جەمسەرەکان؟!

لەلایەن هیچ هێزێکی خاوەن پێگەو ڕۆڵی سیاسی جدیەوە بەدەر لەوەی بۆرژوازی بێت یان کرێکاری بەرزناکرێتەوە. کۆنەپەرستانەیە چونکە لەم دۆخەدا پێداگری روکەشیانە لەسەر یەکپارچەیی عێراق بەبێ بونی ستراتیژێکی سیاسی ڕۆشن بۆ ئەم مەبەستە، بەکردەوە مانای چونەژێرباری ئاڵای ئەو هیزە بۆرژوازیانەیە کە دەیانەوێ بەناوی یەکپارچەیی عێراق و شێوەکانی فیدراڵیزمی قەومی و مەزهەبیەوە، تا ئەبەد ئاشی شەڕی قەومی و تائیفی بگێڕن و نانی لێبخۆن. سەرئەنجام پڕەردەسەری بونی ئەم دۆخەش ئاشکرایە، چونکە تازە ئەم هێزانە گیانی تائیفەگەری و قەومپەرستیان بردوەتە ناو خەڵکەوە و ئەم ئالایەیان داوەتە دەستیانەوە. مانەوەی هەر ڕۆژێک زیاتری ئەم دۆخە بە نرخی کوشت و کوشتارو پاشەوپاش گەڕانەوەی زیاتر و لەمپەر دروستبونی گەورەتر لەبەردەم داهاتویەکی ئازاد و شۆڕشی رزگاریبەخشی کرێکاران و جەماوەری سەتەمدیدە تەواو دەبێت. تەنانەت بەهۆی ئەوەی ئاشوبی قەومی و تائیفی بەرچاوی گرتون، بەهۆی ئەوەی کە پڕوپاگەندی برایەتی کرێکار و بۆرژوازی لەسەر بنەمای هاومەزهەبی بون و هاوقەومی بون دوچاری خۆشباوەڕیکردون، وە لەبەر ئەوەی کە نازانرێت لەم دۆخە ئاڵۆزکاوەدا دەبێ یەخەی کێ بگیرێ بۆ بەهرەمەندبون لە پێداویستی و خزمەتگوزاریە هەرە سەرەتاییەکانی ژیان، لەمپەری گەورە لەبەردەمە تەنانەت بۆ بەرپاکردنی بزوتنەوەی نارەزایەتی و سیاسی شۆڕشگێڕانەی بەهێز کە توانای سەپاندنی خواستەکان و ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی هەبێت.

لەم روانگەیەوە کۆمۆنیزم و بەرەی ئازادیخوازی، دەبێ بە چاوێکی کراوەوە لەم دۆخە بڕوانن. لەجیاتی مامەڵەی ئایدۆلۆژی مامەڵەی سیاسی و واقع بینانە لەگەڵ ئەم دۆخە بکەن. دەبێ ئەوەی بوە بە ئەمری واقع لەبەرچاو بگرن، ئەویش دابەشبونی بەکردەوەی عێراقە بەسەر چەند ناوچەدا کە لە هەرکامیاندا دەسەڵاتێکی ناوچەیی و میلیشایی باڵادەستە. تازە مەیدانی جەنگی چینی کرێکارو کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی و سیکیولاریزم، مەیدانی شەڕ لەسەر خەریتەی سیاسی ئەو پانتاییە نیە کە پێی دەڵێن عێراق، نە یەکپارچەیی عێراق، نە دابەشکردن و رەسمیەتدان بە دابەشبون لەسەر بنەمای قەومی ومەزهەبی، نە لیکهەڵپێکانی فیدراڵیانەی دەسەڵاتە میلیشیاییەکان، هیچیان ناتوانن ئاڵای ئەو جەنگەبن کە ئەمڕۆ دەبێت لەلایەن بەرەی ئازدیخوازی و چینی کرێکارەوە لە دژی ستەم و نائەمنی و ئاشوب و بێدەرەتانی بەرپا بکرێت. مەیدانە سەرەکیەکانی نەبەردی ئەمڕۆی ئەم بەرەیە بریتین لەمانە؛

یەکەم :مەیدانی خەبات و پێداگری لەسەر بەرجەستە بونی ئیرادەی خەڵک لە دەسەڵات و غەیرە قەومی و غیرە مەزهەبی بونی هەردەسەڵاتێک کە لە هەر گۆشەیەکدا دێتەسەرکار. واتە شەڕ ببرێتە سەر ماهیەتی دەسەڵاتگەلێک کە لەو ناوچانەی بە ئەمری واقع لیکدابڕاون، دێنە شکڵگرتن. ڕێگا نەدرێت ناسنامەی قەومی ومەزهەبی و هەڵاواردنی هاوڵاتیان بە دەستورو قانون و کارکردی دەسەڵات قوڵتربکرێتەوە و بچەسپێنرێت. نابێ ڕێگابدرێت بە دروستبون و بەرەسمیەتی ناسینی هیچ دەسەڵات و دەوڵەتێکی قەومی و مەزهەبی. چونکە جگە لە شەڕو پاکسازی قەومی و مەزهەبی ئاکامێکی تری نابێت، ئەمجارە شەڕو کوشتارەکان لەژێر ناوی دەوڵەتی شیعە و سونە، دەوڵەتی کورد و عەرەب، بەردەوامی پەیدا دەکات. هێشتا دابەشبونی عێراق رەسمیەتی

وەرنەگرتوە، بەڵام چونەپێش لەمەیدانی شەڕ لەسەر خەسڵەتی دەسەڵات و لەسەر بەرجەستەبونی ئیرادەی خەڵک و غەیرە قەومی و غەیرە مەزهەبی بونی هەر دەسەڵاتێک کە لە ناوچە دابڕدابڕکراوەکانی عێراق دادەمەزرێت، هەم یەکێکە لە مەیدانەکانی نەبەردی ئەمڕۆی کرێکار و زەحمەتکێش بۆ دانی ئاراستەیەکی بەرەوباشترچون، هەم تەنانەت بنەمایەکی باشە بۆ ئەوەی کە ئەگەر لەڕەوتی ئاڵوگۆڕەکاندا هەڵبژاردەی یەکپارچەبونەوەی عێراقیش لە ئاردا بمێنێت. یان لانی کەم دەوڵەتانێک بەرپابن کە دراوسێی باش و دۆستبن و خەڵکەکەشی لەجیاتی دوژمنایەتی و یەکترکوشتن، گیانی هاوچارەنوسیان لەگەڵ یەک هەبێت. ئەمە بە لەبەرچاوگرتنی گشت دۆخی ئێستا ڕێگای ئایندەیەکی هاوچارەنوس و لانی کەم دور لە دژمنایەتیە لە نێوان ئەو خەڵکەی بەپێی دین و مەزهەب و قەومیەتی جیاجیا دەستەبەندەی کراون بەدوژمنی یەکتر. مەیدانێکی گرنگی ئەو خەباتەی دەتوانێ داهاتوی ئەم کۆمەڵگایە لە نەهامەتی و مەرگەساتی داعش و هەمو لایەنە بۆرژوازیە قەومی و دینیەکان دوربخاتەوە، لە ئێستادا هاتنەمەیدانە بەڕیزی سەربەخۆ بۆ پێداگری لەسەر غەیرە قەومی و غەیرە دینی بونی دەسەڵات و دەستورو یاساکانی.

**دوەم** :بەرگری لە مەدەنیەت و ماف و ئازدیە مەدەنیەکان و خۆشگوزەرانی. لە ١٣ ساڵی رابردودا پاشەوپاش گەڕانەوەیەکی گەورەیان بەسەر ئەم کۆمەڵگایەدا سەپاندوە. بەڵام هێشتا رەوتی ڕوخاندنی زیاتری مدەنیەت و لەژێرپێنانی سەرەتایترین مافە مەدەنیەکان هەر بەردەوامە. ئەو ئایندەیەش کە غەرب و ئەمریکا بۆ ئەم ناوچەیەیان چنیوە، هەروەها ڕۆڵ و کارکردی هێزە قەومی و دینی و مەزهەبیەکان هەتا بێت زیاترو زیاتر مەدەنیەت نابوت دەکەن و پاشەوپاشگەڕانەوەی زیاتر دادەسەپێنن. لێدانی سەنگەری بەرگری لە مەدەنیەت، لە مافە مەدەنیەکان، بەرگری لە ئازادیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، پەرەدان بە بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری لەپێناو سەپاندنی خزمەتگوزاریەکان و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی. مەیدانێکی دیکەی خەباتی کۆمۆنیزم و چینی کرێکارو جەماوەری ئازادیخوازە. پێویستە دەسەڵات لە ژێرگوشاری توندا دابنرێت بۆ سەپاندنی مەدەنیەت و ئازادی و خۆشگوزەرانی ئابوری و کۆمەڵایەتی. نابێ ڕێگابدرێت بە بەهانەی شەڕو هیچ دۆخێکی تایبەتیەوە ماف و پێوانە مەدەنیەکان پێشێلبکرێن.

**سێهەم** :لەبارەی ئەم شەڕەوە کە لە ئارادایە، دواتر دێمەسەر باسی سیاسەتێکی سۆسیالیستی لەبەرامبەر شەڕی تیرۆریستی و دەخالەتی ئەمپریالیستی و دەوڵەتانی کۆنەپەرست لە ناوچەکە بەشێوەیەکی گشتی. بەڵام لەم بەشەدا تا ئەو جێگایەی کە بە هەڵوێستی تایبەتی تری خەڵکی عێراق و کوردستان لەبەرامبەر ئەم شەڕە و خودی ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی موسڵیش دەگەڕێتەوە، وەکو خەڵکێک کە راستەوخۆ بانگێشە و راپێچدەکرێن بۆ شەڕەکە، پێویستە پێداگری لەسەر ئەوە بکرێت کە نابێ ئەم خەڵکە ببنە بەشێک لەم شەڕە تیرۆرستیە لەسەر دەسەڵات کە هێزە بۆرژوازیە قەومی و مەزهەبیەکان سەربازگیری بۆ دەکەن. نابێت ببن بە لەشکری ڕەش و پیادەی ئەم هێزانە کە بە ناوی شەڕی داعش و ئازادی موسڵەوە بانگیشەی بۆ دەکەن. جگە لەوەی بەشداری لەم شەڕە دەیانکات بەقوربانی مەرامە کۆنەپەرستەکانی ئەو هێز ودەوڵەتانە، کۆمەڵگاکەشیان بۆ ناو رۆچونی زیاتر لە ناکۆکی و شەڕی قەومی و تائیفیدا پاڵپێوەدەنێت. خەڵکی ئازادیخوازی عێراق و کوردستان

و هێزو لایەنەکانی لایەنگر لە مەدەنیەت لەئاستی عێراق و ناوچەکە دەتوانن و پێویستە لەڕیزی پێشەوەی بزوتنەوەی بەشەریەتی موتەمەدن بۆ کۆتایهێنان بەشەڕی تیرۆریستی و دەسکۆتاکردنی جەمسەرەکانی راوەستن.

**ئەم شەرە شەڕی بەشەریەتی موتەمەدن نیە!**
**هەڵوێستی نێونەتەوەیی بەرامبەر ئەم شەڕە، ئەرکی کۆمۆنیزمە ئەم بێدەنگیە بشکێنێ!**

ئەم شەڕە تیرۆریستیە چارەنوسی هەموو مرۆڤایەتی خستوەتە بەردەم مەترسیەکی گەورە. بەشەریەتی موتەمەدن قوربانی ئەوەڵ و ئاخری ئەم شەڕەیە. بەڵام هیچ یەک لە جەمسەرەکانی ئەم شەڕە جەمسەری ئەم خەڵکە نیە. بەشەریەتی موتەمەدن دەبێ ریزێکی دیکەی جیاواز و سەنگەرێکی سەربەخۆ لە دژی هەموو لایەنەکانی ئەم شەڕە وێرانەکەرە لێبدات. بەرەی ئەم خەڵکە هاتنەمەیدانێکی سەربەخۆیە لە ئاستی نێونەتەوەییدا بۆ وەستانەوە دژی ئەو هۆکارانەی کە ئیسلامی سیاسی لەسەری دەلەوەڕێت، لە دژی سیاسەت و دەوڵەتانێک کە لە پشتی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی ئیسلامیەوە راوەستاون، وە سەرئەنجام لە دژی ئەو ملهوڕی و لەشکرکێشی و سیاسەتە کۆنەپەرستانەیەی کە جەمسەرە جیهانیەکان بە ناوی "شەڕی دژی تیرۆریزم" بەڕێوەی دەبەن. ئەرکی کۆمۆنیزمە بێدەنگی ئێستا بشکێنێ و دەستپێشخەری بکات بۆ هێنانەمەیدانی جارێکی تری ئەو بزوتنەوە عەزیمەی کە لەسەردەمی جەنگی ٢٠٠٣ی غەرب بەڕابەری ئەمریکا دژی عێراق خۆی نمایشکرد. بە تایبەت بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دەوڵەتانی غەربی بە بەهانەی فریوکارانەی جەنگی دژی داعش و لەناوبردنی تیرۆریزم، خەڵکی موتەمەدنی غەربیان دوچاری جۆرێک لە پاسیفیزم کردوە، نەک هەر لە مەیدانی وەستانەوە بەرامبەر ئەو بەربەریەتەی کە ئەم دەوڵەتانە لەڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا بەڕێوەی دەبەن، بەڵکو تەنانەت لەمەیدانی خەبات و نارەزایەتیە کرێکای و جەماوەریەکان لە خودی غەربدا بۆ سەپاندنی خواستەکانیان بەسەر دەوڵەتاکاندا.

دڵخۆشکردن بەوەی کە دەوڵەتانی زلهێز و ئیمپریالیست بەم جەنگە مەترسی تیرۆریزم لەسەر کۆمەڵگای بەشەری لادەبەن، خۆشباوەڕیەکی بێپاساو و لە راستیدا ژەهرێکە دەرخواردی ئەم خەڵکەی دەدەن. هەڵوێستی بەشەریەتی موتەمەدن ناتوانێ خۆشباوڕی و دەستەوئەژنۆ مانەوە بێت بەرامبەر ئەو بەربەریەتەی هەردوو جەمسەری جیهانی و درێژکراوە ناوچەیەکانیان لە عێراق و سوریا و ناوچەکە بەناوی شەڕی دژی داعش بەرێوەی دەبەن. گرتنەبەری هەڵوێستێکی چالاک و پێشڕەو، هەروەها هاتنەمەیدانێکی بەرینی جیهانی بۆ بەرگرتن لەم بەربەریەتە و بە شکستکێشانی هەمو لایەنەکانی، مەیدانی نەبەردی بەشەریەتی موتەمەدنە. بەکردەوە دەرهێنانی ئەم هاتنەمەیدانە ئەرکی چینی کرێکارو کۆمۆنیزم و هێزو بزوتنەوە سۆسیالیستی و ئازادیخوازانەکانە. مەیدانی نەبەرد و سەنگەری بەشەریەتی ئازادیخواز سەنگەری بەرگریە لەمافی خەڵکی فەلەستین بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، سەنگەری وەستانەوەیە لە دژی ستەمی مەزهەبی و دینی، سەنگەری وەستانەوەیە دژی راسیزم و دەمارگیری نەژادی و نەتەوەیی و دینی و مەزهەبی،

پێداگریە لەسەر هاوپشتی و هاوچارەنوسی خەڵکی ئازادیخواز و ستەمدیدەی دنیا....سەنگەری پێداگریە لەسەر مافە جیهانداگرەکانی مرۆڤ و وەستانەوەیە دژی "هەر کۆمەڵگایەک بەپێی فەرهەنگی خۆی"، سەنگەری پێداگریە لەسەر غەیرە قەومی و غەیرە دینی بونی دەسەڵات و دەوڵەت و دەستورو یاساکان، سەنگەری خەباتە بۆ ناچارکردنی زلهێزەکان و دەوڵەتانی کۆنەپەرست بۆ دەسهەڵگرتن لە دەخاڵەت و ڕەهاکردنی مافی خەڵک بۆ نوسینی چارەنوس و یەکلاکردنەوەی مەسەلەی دەسەڵات بەپێی خواست و ویستی ئازادانەی خۆیان...ئەمە پێویستی بە هاتنەمەیدانێکی بەرین و دەخاڵەتێکی چالاک و پێشڕەوانەی چینی کرێکارو هێزە سۆسیالیست و پێشکەوتنخوازەکانە لەسەرتاسەری جیهاندا.

بێگومان تەفروتوناکردنی داعش و وەدەرنانی لە هەموو ئەو ناوچانەی دەستی بەسەردا گرتوە، وە بە دیاریکراوی ئازادکردنی دانیشتوانی بەدیلگیراوی شاری موسڵ، خواستێکی ئینسانی و ئازادیخوازانە و پێشڕەوە و دەبێ بە توندی پێداگری لەسەر بکرێت. بەڵام ئەمە ئەرک و کاری خودی خەڵکی موسڵ و خەڵکی عێراقە بە پشتیوانی بەشەریەتی ئازادیخوازی جیهان و هێزە رادیکاڵ و شۆڕشگێڕ و سۆسیالیستەکان و هەموو ئەو هێزانەی کە هیچ شوناسنامەیەک جگە لە شوناسنامەی ئینسانی بەرەسمی ناناسن و خەباتی بۆ دەکەن. بێگومانیش کوتانەوەی سەری داعش کارێک نیە کە ئەم خەڵکە ستەمدیدەیە تەنها بۆ خۆیان مسادەرەی بکەن و دەستی هیچ لایەک بگرن کە بیەوێ سەری داعش بکوتێتەوە و تەفروتونای بکات. بەڵام ئەم کارە بە شەڕی تیرۆریستی و بۆمباران و خاپورکردنی ئەو شارە و کوشتاری خەڵکەکەی بە دەستی زلهێزە ئیمپریالیستەکان و هیزە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە مەیسەر نابێت. بەشەریەتی موتەمەدن نابێ ڕێگابدات ئەم هێزانە خراپ کەڵک لە نەفرەت لە داعش وەرگرن و لە پێناو ئامانجە دژی ئینسانیەکانی خۆیاندا، نابێ ڕێگابدرێت لەشکرکێشی و جەنگی تیرۆریستی و وێرانکاری وەکو "شەڕی دژی تیرۆریزم" بە خەڵک بفرۆشرێ. ئەوەی کە بەشەریەتی ئازادیخواز دەبێ بەسەر ئەم هیزانەدا فەرزی بکات و ئەوەی کە پێویستە ئەم دەوڵەت و هێزانە لەژێر گوشاری بەشەریەتی موتەمەدندا ملکەچی بن، بریتیە لەوەی باروبنەیان بپێچنەوە و لە ناوچەکە بڕۆنە دەرەوە، هەروەها ناچاربکرێن خۆیان و گوێلەمشتەکانیان دەستهەڵگرن لەهاوکاری و پڕچەککردنی داعش و تیرۆریزمی ئیسلامی. بەم جۆرە ئەم گانگەستەریزمە لە سویچەوە دەکوژێتەوە. ئەودوای کارەکە وازلێبێنن بۆ خەڵکی ناوچەکە تا ئەم باندانە لە ریشەوە دەربهێنن و بە ئیرادەی خۆیان دەسەڵاتی دڵخوازی خۆیان بەرپابکەن.

**لە سێ پەرەگرافدا**

ئەو سیناریۆی جەنگ و لەشکرکێشیەی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرپاکراوە و بڕیارە ئۆپەراسیۆنی "ئازادی موسڵ" ئەلقەیەکی تازە بەڵام زۆر کارەساتبارتری بێت، دورو نزیک پەیوەندیەکی بە تیرۆریستبونی داعش و لەناوبردنی تیرۆریزمەوە نیە. داعش و گانگەستریزم و تیرۆررزمی ئیسلامی دەسکردی خودی ئەمریکا و غەربە نەک هەر لە سوریا و عێراق بەڵکو لە

## “ئازادی موسڵ” یان شەڕی کۆنەپەرستانەی جەمسەرەکان؟!

هەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقادا. ئەمانە پەروەردەی دەستی خۆیانن، خۆیان پڕچەک و مەیدانداریان کردون بۆ بەکارهێنانیان لە دژی نەیارەکانیان، بۆ بردنەپێشی سیاسەت و مەرامە دژی ئینسانی و کۆنەپەرستانەکانیان، بۆ کۆسپ و لەمپەر دروستکردن لەبەردەم گەشەی بزوتنەوە کرێکاری وچەپ و سۆسیالیست و پێشکەوتنخوازەکان.
جەنگی “دژی تیرۆریزم” کە دەهە و نیویکە لەژێر ئەو ناوەدا بانگیشە و کوشتاری بە کۆمەڵ و وێرانکاری دەکرێت، شەڕێکی تیرۆریستیە لەلایەن هەموو جەمسەرەکانیەوە لەسەر دەسەڵات و بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و ناوچەی نفوز. ئەم شەڕە تیرۆریستیە بە پێچەوانەی شەڕە تەقەلیدیەکانی نێوان دەوڵەتانەوە، لە جیاتی خوێنی هەر سەربازێکی دەوڵەتە ئیمپریالیستی و ملهورەکان، گیانی سەدان هاوڵاتی مەدەنی و بێگوناهو بێئاگا لە هۆکارو ئامانجەکانی ئەم شەڕە، لەسەر شەقام و لە ناو قوتابخانە و شوێنەگشتیەکان و لە ناو ماڵی خۆیاندا دەکات بە قوربانی. لەجیاتی بۆمبارانی هەر سەربازگە و بنکەیەکی سەربازی دەیان قوتابخانە و نەخۆشخانە و رەوزە و رێگاوبان و سیما مەدەنیەکان و ماڵ وحاڵی خەڵک خاپور و وێران دەکات. هەر بەم پێوانەیە شەڕێکی تیرۆریستیە. لەڕوانگەی ئەمریکا و غەرب و دەوڵەتانی سەرکوتگەری هاوپەیمانیان وەکو سعودیە و تورکیا و قەتەر و ئیسرائیل، رێگایەکە بۆ قەرەبوی شکستەکانی رابردویان لە عێراق و سوریا و ناوچەکە. لە روانگەی بلۆکی روسیا و هاوپەیمانەکانیەوە وەکو جمهوری ئیسلامی ئیران و حکومەتی عەبادی لە عێراق، رێگایەکە بۆ ناکام کردنەوەی هەوڵی غەرب و ئەمریکا و پتەوکردنی پێگەی سیاسی خۆیان و بەرگرتن لەو سیناریۆ و هەوڵانەی کە بەرژەوەندی باڵا و پاشکۆی ناوچەییان دەخاتە مەترسیەوە. بۆ تیرۆریزمی ئیسلامیش شەڕێکە لەسەر دەسەڵات و جێگا پەیداکردن لە پێکهاتەی سیاسی دەسەڵاتی بۆرژوازی ناوچەکەدا. هیچ یەک لەو دوو بلۆکە جیهانی و ناوچەییە، کێشەیان لەگەڵ خودی تیرۆریزمی ئیسلامی و تەنانەت دەسەڵات پەیداکردنیشی نیە، مەبەستیان هێزنیشاندان و لەقاودان و دەستەمۆکردنیەتی بە پێی بەرژەوەندیەکانی خۆیان.
ئەم شەڕە شەری خەڵکی عێراق و بەشەریەتی موتەمەدن نیە، بەڵکو بە پێچەوانە شەڕێکە بۆ وردوخاشکردنی ژیان و ئیرادەی سیاسی و تەڵخکردنی چارەنوسیان و خاپورکردنی هەر سیمایەکی مەدەنی کە مابێتەوە. شەڕێکە بۆ سەقامگیرکردنی ئەو بەربەریەتەی لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە لە ئاستێکی فراوانی جیهاندا بەسەر بەشەریەتی موتەمەدن بە گشتی و خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەتایبەتی داسەپێنراوە. مەیدانی نەبەردی بەشەریەتی موتەمەدن دروست بە شکستکێشانی ئەم بەربەریەتەیە؛ بە تیرۆریزم و ئینسانکوژی داعش و هەمو تیرۆریزمی ئیسلامیەوە لە ئاستی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و هەموو جێگایەکی جهیاندا، بە ملهوڕی و تیرۆریزمی دەوڵەتی و هەردوو جەمسەری جیهانی و هاوپەیمان و دەستوپێوەندە ناوچەییەکانیانەوە. هاتنەمەیدانە بۆ پشتیوانی لەخەباتی خەڵکی موتەمەدنی ناوچەکە بۆ بەرگری لەمەدەنیەت و ئازادی و خۆشگزەرانی. ئەم کارە هاتنەمەیدانێکی بەرین و پێشڕوانەی بەرینتر لە بزوتنەوەی دژی جەنگی ٢٠٠٣ دەخوازێ، بۆ دەسکۆتاکردنی جەمسەرەکانی ئەم بەرامبەرکێ تیرۆریستیە، بۆ ناکام کردنەوەی سیناریۆی قەومی و مەزهەبی کردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەبەدیکردنی شەڕی

پاکتاوی قەومی و مەزهەبی، بۆ بە شکستکێشانی راسیزم و فاشیزم و ستەمکاری دەوڵەتانی زلهێز، بۆ بەرگری لەمافە جیهانداگرەکانی ئینسان و چەسپاندنی شوناسی ئینسانی و تورهەڵدان لە شوناسە کۆنەپەرستە قەومی و ئەتنیکی و دینی و مەزهەبیەکان لە سەراسەری جیهاندا، بۆ بەرگری لە مافی خەڵکی فەلەستین لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ. لەیەک رستەدا بۆ هەڵتەکاندن و ریشەکێشکردنی هەموو ئەو هۆکارو زەمینانەی کە داعش و تیرۆریزمی ئیسلامی لەسەری دەلەوەرێ. بەربەریەت حەتمی نیە، پەرەگرتنی بزوتنەوەی پێشکەوتوانەی بەشەریەتی موتەمەدن لەئاستێکی بەرینی جهیانیدا دەتوانێ بۆ یەکجاری ئەم مەترسیە لەسەر کۆمەڵگای بەشەری هەڵگرێت. دەتوانێ گوشارێکی توند لەسەر جەمسەرە جیهانیەکان بەکاربخات و ناچاریان بکات ئەم ناوچەیە بەجێبهێڵن و بریاردان لەسەر چارەنوسی سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وازلێبێنن بۆ خەڵکەکەی، دەتوانێ ئەو دەستانە لەبنەوە بشکێنێ کە داعش و تیرۆریزمی ئیسلامی پەروەردە و پرچەک و مەیداندار دەکەن و بەم جۆرەش خودی خەڵک توانای بەسەر ئەوەدا دەشکێتەوە کە تیرۆریزم و ئینسانکوژی ئیسلامی تارومار بکات. ئاسایش و ئارامی و دڵنیایی و بەختەوەری دنیا پێویستی بەهاتنەمەیدانی عەزیمی بەشەریەتی موتەمەدنە دژی راسیزم و تیرۆریزمی دەوڵەتی و تیرۆریزمی ئیسلامی و هەڵاواردن، پێویستی بەپێداگری بەشەریەتی موتەمەدنە لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەراستی غەیرە قەومی و غەیرە مەزهەبی و شوناسی ئینسانی و مافە جیهانداگرەکانی ئینسان.

ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

* دەربڕینێکە منصور حکمەت لەسەردەمی شەڕی ئەفغانستاندا بەکاریهێناوە.



خەسرەو سایە

# پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

## ئاناتۆمی بۆرژوا ناسیونالیزم لەبەرگی چاکسازیدا.

## ٤

### ئامانجی پەروەردەیی، تەندروستی، ژینگەیی و رۆشنبیری، بزوتنەوەی گۆران و سنورەکانی ڕیفۆرمی بۆرژوایی

لەم بەشەی باسەکەماندا دەچینە سەر ڕەخنەگرتن لە تەوەرەی سێهەم کەلەبەشی دووەمی پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕاندا، لەژێر ناونیشانی: "**ئامانجی پەروەردەیی، تەندروستی، ژینگەیی و رۆشنبیری**" دا جێگیرکراوە. بەڵام هەروەک ئەوەی بابەتەکانی ئەم تەوەرە ڕاستوخۆ پەیوەندیان بە ژیان و گوزەران و خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکانەوە هەیە و لەدوا ئەنجامیشدا گەرەکیەتی ستانداریکی کۆمەڵایەتی و ئاستێک لە بژێوی و دەستەبەرکردنی ئازادیەکان، لەژێر ناوی "دادی کۆمەڵایەتی"دا بەرەسمی بۆ هاوڵاتیانی کوردستان بناسێنێ، پێویست دەکات ئێمەش بەر لەوەی لەسەر بەندەکان و دانەبەدانەی بابەتەکانی ئەم تەوەرەیە ڕاوەستین، سەرەتا سەرنجێک لەو چوارچێوە گشتیە بدەین کە بابەتەکانی ئەم تەوەرەیەی تیا کۆکراوەتەوە تا ئەوەش نیشان بدەین سنور و مەودای چاکسازیەکانی ئەم حزبە لەم پەیوەندەدا تا کوێ دەڕوا. بە واتایەکی تر دەمانەوێت لەسەرەتاوە ئەوە نیشان بدەین کە بزوتنەوەی گۆران چ وێنایەکی کۆمەڵایەتی بۆ ئایندی

کوردستان هەیە و چ ئاستێک لە ژیان و ئازادی و خزمەتگوزاری، بەڕەسمی بۆ خەڵکی کوردستان دەناسێ و لە ڕوانگەی بەرژەوەندیەکانی چ بەشێکی کۆمەڵگاوە، ئەم ئاستەی دیاری کردووە وبۆی کەوتۆتە هەوڵی چاکسازیەوە!

**"ستانداردی کۆمەلایەتی" بزوتنەوەی گۆران،**
**و سنورەکانی ڕیفۆرمی بۆرژوایی:**

بێگومان هەرحزبێکی سیاسی لەپشت تەواوی لێکدانەوە و ڕەخنەکانیەوە لە کۆمەڵگاو سیستەمی زاڵی سیاسیو ئابوری و هەموو ئەو سەرنجانەی کەلەبەرامبەر دۆخی مەوجوددا دەیخاتەڕوو، سەرەنجام دەیەوێت بەخەڵک نیشان بدات کەبەدوای چ جۆرە ئاستێک لەژیان و گوزەران و خزمەتگوزاریەوەیە و هاوکات چ ئاستێک لەمافو ئازادی بۆ هاولاتیان بەڕەسمی دەناسێنێ. وە بۆ دەستەبەرکردنی هەموو ئەمانەش بەشوێن نەهێشتنی چ جۆرە جیاکاری و جیاوازیەکەوەیە کەگیرۆدەی کۆمەڵگا بووە؟ ئەمانە بەدڵنیایەوە باسی ئاڵتەرناتیڤ و دانی وێنایەک لەو کۆمەڵگایەی کەئەو حزبە خەبات بۆ بەدەستهێنانی دەکا و تێدەکۆشی تا لەڕێگای گەیشتن بەدەسەلاتەوە کۆمەڵگا لەچوارچێوەیدا بەڕێوەببات، دێنێتە ئاراوە. بەم پێیەش مەسەلەی ستانداردە کۆمەلایەتیەکان و دابین کردنی هەرئاستێک لەباشبژێوی و ئازادیەکان، لەمافو خزمەتگوزاریەکان، ڕاستەوخۆ پەیوندیان بەو جۆرە لەنیزامی سیاسی و سیستەمی ئابوریەوە هەیە کەهەر حزبە لەبەرنامەی خۆیدا کردویەتیە ئامانجو ئەڵتەرناتیڤ بۆ داهاتوی کۆمەڵگا و وە هەر لەم چوارچێوەیەدا سنور ومەودایان بۆ دیاری دەکات.

بەلام ئەم حکومە و ئەم ڕوانگەیە لەپەیوەند بەبزوتنەوەی گۆرانەوە، وەک ئەوەی کەحزبێکە لەباوەشی بزوتنەوەی کوردایەتی و لەنێو خانەوادەی ئەحزابی ناسیونالیزمی کوردەوە داکەوتووە، ئاڵتەرناتیڤێکی تر کەلە دەرەوەی سیستەمی دیموکراتی و فیدرالیزم و ئابوری سەرمایەداری و وبازاڕی کۆمپانیاکان و دەسەلاتێک کە حزبە بۆرژوا ناسیونالیستەکان دایان مەزراندووە، بەدەستەوە نادات، هەربۆیە نە ئێمەو نە هیچ کەسێک ئەو چاوەڕوانیەی نییە کەئەم حزبە لە پرۆگرامەکەیدا، وێنای کۆمەڵگایەکی ئەوپەڕی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەرانی پشتبەستوو بەدەخاڵەتی ڕاستەوخۆی خەڵک بەدەستەوە بداو لەم چوارچیوەیەشدا ستانداردێکی بالای کۆمەلایەتی بۆماف و ئازادیەکان و باشبژێوی هاولاتیان و دابینکردنی فراوانترین ئاستی خزمەتگوزاریەکان، بەڕەسمی بناسێنێت. تەنانەت چاوەڕوانی ئێمە و هەر ئینسانیکی زەحمەتکێش و کارگەر لەبزوتنەوەی گۆران ئەوە نییە کە بەشوێن داوای بەگشتی کردن و خۆڕایی کردنی بوارەکانی خزمەتگوزاری و کالا پێویستەکانی ژیانی ڕۆژانەی هاولاتیانەوە بێت و لانی کەم نمونەیەک لەجۆری "دەوڵەتی خۆشگوزەران"ی سۆسیال دیموکراتەکانی سەدەی ڕابردووی کردبێتە دوا ئامانجی خۆیی و ڕیفۆرم و سیاستە چاکسازیەکانی تا ئاستی هێنانەکایەوەی "کۆمەڵگای بیمەکان ودابینکردنی کاری تەواو و خزمەتگوزاریەکان"، لەبەرامبەر دۆخی ئێستادا وەک

ئاڵتەرناتیڤێک هەڵبژێرێت. بەڵکو ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئەو ستانداردە کۆمەڵایەتیەیە، کەلەدونیای سەرمایەداری ئەمڕۆدا بەرجەستە بۆتەوە و لەژێر فشاری جوڵانەوە کۆمەلایەتیەکان و لەڕەوتی خەباتی نەوە یەک لە دوایەکەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بەشەریەتی موتەمەدندا، بەسەر دەوڵەتانی بۆرژوازیدا داسەپاوە و ئیتر وەک بەشێک لەڕای گشتیدا ڕەسمیەتی وەرگرتووە. ئەمڕۆ مەسەلەکانی لانی کەمی ژیانێکی پارێزراو و مسۆگەر، دابینکردنی بیمە و خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان، ژینگە وسەلامەتی ئینسانی، ئازادیە فەردی و کۆمەڵایەتیەکان، مافەکانی منالان و پیروپەکەوتە، یاسای کارو مافەکانی کرێکاران، ڕەتکردنەوەی سزای کوشتن و لەسێدارەدان، مەسەلەکانی لەشفرۆشی وئالودەبوون بەمادده هۆشبەرەکان، لەباربردنی کۆرپە، یاساکانی کۆچ و پەنابەری، سەلماندنی مافەکانی توانبارو تۆمەتلێدراو... زۆر لایەنیتری ژیانی ئینسانی بونەتە بابەت گەلێکی جدی وبەم یان بەو ئاستە لەدەستوری نیزامە سیاسیەکان، لەیاسا وبڕیارە دەوڵەتی و نێودەوڵەتیەکان و لەبەرنامەی حزبو لایەنە سیاسیەکاندا، ڕەنگی داوەتەوە. تەنانەت لەزۆر جێگای دونیا و لەژێرسایەی دەسەڵاتەکانی چینی بۆرژوازیدا، لەئاستێکی بەرزدا، (بۆنمونە لەوڵاتانی ئەسکەندەناڤی) بەشێکی زۆر لەم مەسەلانە وەک یاسا جێگیرکراون و وێنای ستانداردێکی پێشڕەوی کۆمەڵایەتیان بەدەستەوە داوە، کەلەبنەڕەتەوە ئیلهامگرن لەچەند پرەنسیپ و پێوانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەوانە:

١/ مەبدەئی موقەدەس بونی ئینسان خۆیی و پاراستنی حورمەتی ئینسانی، وەک بنەمایەک بۆ جێخستنی فەرهەنگ وداب و نەریتی پێشڕەو ومۆدێرن لەکۆمەڵگادا.

٢/ باوەڕبوون بەپرەنسیپی دەخاڵەتی ڕاستەوخۆ وبەردەوامی خەڵک لەبەڕێوەبردنی سیستەمی حکومڕانی و کارگێڕیدا.

٣/ سەلماندنی سەریح وبێمەرجی ئەوپەڕی ئاست لەئازادیە فەردی و مەدەنیەکان، بەشێوەیەکی یەکسان بۆ هەمو هاوڵاتیان.

٤/ سکولاریزم و مافی هاوڵاتی یەکسان، وەک ڕێچکەو بنەمایەک بۆ هەڵوەشاندنەوەی جیاکاری ودابەشکردنی ئینسانەکان بەپێی ئینتمای جنسی، نەژادی قەومی ودینی و.. وەک پێوانەیەک بۆ لەبەرچاوگرتنی نیزامێکی سیاسی کەتێیدا هاوڵاتیان لەبەرامبەر یاسا ودەستوری وڵاتدا بەیەکسان ڕادەگری.

٥/ مەبدەئی هەقی ژیان وباشبژێوی وکۆمەڵگای پڕ خزمەتگوزاری گشتی. وەک پێوانەیەک بۆ بەرپرسیارکردنی دەوڵەت و نیزامی سیاسی لەبەرامبەر هاوڵاتیاندا.

٦/..

لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە بزوتنەوەی گۆڕان تاچەند لەپرۆگرامەکەیدا پشتی بەم مەبدەئو پێوانانە بەستوە وبەچ ڕادەیەک خۆی بەم ئاستە جیهانیەوە پەیوەست کردووە و سەرەنجام لەچ چوارچێوە و ئاستێکدا مافو ئازادیە فەردی ومەدەنیەکان، خۆشگوزەرانی و دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی بۆ هاوڵاتیانی کوردستانی بەڕەسمی ناسیوە؟

لەسۆنگەی ئەم خاڵانەی سەرەوە کاتێک سەرنج لەسەرتاپای پرۆگرامی بزوتنەوەی گۆران وخودی

ئەو تەوەرانەی پەیوەندیان بەمافو ئازادی و بژێویەکانی خەڵک و خزمەتگوزاریەکانەوە هەیە بدەین، ئەوا بەڕۆشنی دەبینین کە ئەو پێوانەو حوکمانەی سەرەوە نەک هەر بەدەستەوە نەگیراون، بگرە لەکەمترین ئاستدا ڕەنگدانەوەیان نییە و بەرجەستەش نابنەوە. بزوتنەوەی گۆران وەک هەرحزبێکی ناسیونالیستی، کە لەڕوانگەی چەمکەکانی نەتەوە وسەروەری نیشتمان وخاکەکەیەوە لەکۆمەڵگای کوردستان دەڕوانی، بەپێویست ئینسان وناسنامەی ئینسانی نەک هەر پێوانەیەک نیە بۆ دیاری کردنی مافو ئازادیەکان و باشبژێوی کۆمەلایەتی، بەڵکو چەمکی ئینسان بەگشتی وکارگەرو زەحمەتکێش بەتایبەتی کراوەتە پاشکۆیەک بۆ خزمەتکردن بە" نەتەوەو نیشتمان" وگیان فیداو قوربانیدەری ئەو قەوارە سیاسیەی کەنەتەوە پێی گەییشتوە. بەتایبەتیش کاتێک بزوتنەوەی گۆڕن ئەزمونی دەسەلاتداریتی ٢٥ساڵەی تالانچیان، بەدەستکەوتی خەڵک دەزانێ و دیموکراسی و پەرلەمان و حکومەتی ژێر سایەی دەسەلاتە ناوچەییەکانی ئەحزابی میلیشیایی وداموەدزگای ئەمنی و هێزی سەرکوتگەرەکانیان، وەک چوارچێوەیەکی موسبەت بۆ دەور و دەخاڵەتی خەڵک لەبەرێوەبردنی ولاتدا، بەدەستەوە دەگرێ، بەپێویست پارێزگاری لەو نیزامە سیاسیە دەکات کە٢٥ ساڵە مافو ئازادی و خۆشگوزەرانی خەڵکی کوردستانی لەخوارترین ئاستدا ڕاگرتووە . لەمەش زیاتر بزوتنەوەی گۆڕان لەم ئەزمونەدا، کەوتۆتە دوای ئابوری بازاڕ، کەرتی تایبەتی، کۆمپانیا و ڕۆڵی بازرگانانی ئەهلی وحکومی.. وە تا ئەو ئاستە ڕۆڵیان بەڕەسمی دەناسێ، کەحکومەت بەئاشکرا خۆی لەبەرپرسیارێتی بەرامبەر بەژیانی هاولاتیان و دابین کردنی لانی کەمی خزمەتگوزاریەکان بدزیتەوە، لەئاوەها حاڵەتێکدا نەک قسەکردن لە کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەران بۆتە خەونێک بەڵکو زامنکردنی ژیانێکی مەرەو مەژی ڕۆژانە بۆ زۆرینەی هاولاتیان کەوتۆتە قورگی شێرەوە. لەپاڵ ئەمانەشدا بزوتنەوەی گۆران کەنە خۆی وەک حزبێکی سکولاریست دەناسێنێ ونە وەک مەبدەئیش لایەنگریەتی، بەپێویست مافو ئازادیە فەردی ومەدەنیەکان، سنوردار و ناڕۆشن بەیان دەکا و خستویەتیە ژێر سێبەری موقەدەساتی قەومی و سەوابتی دینی ئیسلامەوە. لەحالێکی واشدا، نەک هەر دابو نەرێتی دواکەوتوانەو فەرهەنگی کۆنەپەرستانەی قەومی و دینی وەک "ڕەسەنایەتی و باوەری زۆرێنە" دیلێتەوە، بەڵکو جیاکاری ئینسانەکان لەیاسادا لەسەر بنەمای جنس، نەژاد، ئاین و کەمایەتی ئیتنیکی و زۆرینەی قەومی دەکاتە حالەتێکی ئەبەدی. سەیر لەوەدایە کە ئەم حزبە لەپرۆگرامە سیاسیەکەیدا چەندین جارو لەپەیوەند بەچەند باسیکەوە دەستەواژی"سودوەرگرتن لەئەزمونی ولاتە دیموکرات و پێشکەوتوەکانی جیهان"ی دوبارەکردۆتەوە و وەک سەرچاوەیەک ئاماژەی بۆ کردووە، کەچی نە سکولاریزم، نە یەکسانی هەمەلایەنەی ژنو پیاو، نە بیمە کۆمەڵایەتیەکان و بەرپرسیارێتی دەوڵەت لەدابینکردنی خزمەتگوزاریەکاندا، نە مافی هاولاتی بوونی یەکسان، نە ئازادیە فەردی و مەدنیەکان بەشیوەیەکی ڕاشکاوانە و ڕۆشن دەبینرێ، لەکاتێکدا خەسڵەتی پێشکەوتوبوونی ئەزمونی ولاتانی جیهان لەبنەڕەتەوە بەم مەسەلانەوە دەناسرێتەوە. تەنانەت بزوتنەوەی گۆڕان سەرەڕای ئەوەی خۆی لەبەشێکی زۆری ئەو خواست و مافانەی کەلەم سەردەمەدا دانیان پێدانراوە، لاداوە و بەهیچ جۆرێک نەچۆتە سۆراغیانەوە، لەهەمانکاتدا ئەو مەسەلانەشی کە پەیوەندیان بەژیان و ئازادیەکانی

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

هاوڵاتیانەوەیە و بوونەتە جێگای باس، بەناڕۆشنی و کەموکورتی زۆرەوە ئاماژەیان پێکراوە و لەدوتویی دەربڕینی بێناوەڕۆک ونامفهومدا، لەپرۆگرامدا جێگایان بۆکراوەتەوە

بەڵام لەکەنار هەموو ئەو ڕاستیانەی سەرەوەدا، نابی ئەوە لەبیر بکەین کە بزوتنەوەی گۆڕان لەسەربنەمای ئەوەی داکۆکی لە ئەزمونی حکومڕانی ٢٥ ساڵەی حزبە بۆرژوا ناسیونالسیتەکانی کوردستان دەکاو هەر ئەمەش بە"دەستکەوتی هەمو گەلی کوردستان" دەزانێ و لەم نێوەشدا ئامانجی سەرەکی سیاستە ڕیفۆرمخوازیەکەی و تەواوی هەوڵەکانی بۆ چاکسازی، بەوە دیاری کردووە کە کوردستانی عێراق و ئەزمونەکەی بەرەو "دامەزراندی هەرێمێکی بەهێز" بەرێ، بەپێویست هەر لەم چوارچیوەیەشدا سنورەکانی خۆی بۆ مافو ئازادیە فەردی و مەدەنیەکان، ئاستی خزمەتگوزاری و بیمەکان، ئاستی گوزەران و هەڵگرتنی جیاوازیەکان، فەرهەنگ و ناسنامەی ئینسانەکان و هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بەژیانی هاوڵاتیانەوەیە، دەکێشێ. بە واتایەکی تر دەرکی سنوردارانە و بۆرژوازیانەی بزوتنەوەی گۆڕان لەمەودای مافو ئازادیەکان، ئاستی بژێوی و خزمەتگوزارەیەکان، بەو قەدەرەیە کە کۆمەک بەهێنانەکایەوەی "هەرێمێکی بەهێز" بۆ نەتەوەی کورد بکات کە توانای خۆڕاگری لەبەرابەر دوژمناندا هەبێت. ئەمە ئەو چوارچێوە و ستانداردە کۆمەڵایەتیەیە کە بزوتنەوەی گۆڕان وەک وێنایەک بۆ ئایندەی کوردستان لەبەرگی چاکسازیدا بەدەستیەوە داوە، کە بێگومان لەجەوهەردا، نەک هەر ئاستیکی ڕوو لەخوارو دواکەوتوانەیە، بگرە پێچەوانەیە لەگەڵ تەوەقوعاتی خەڵکی مەدەنی و شارنشینی کوردستاندا. بێگومان جێگاوڕێگای کۆمەڵایەتی بزوتنەوەی گۆڕان وەک ڕەوتێکی ناڕازی سەرمایەدارانی ئەهلی و خاوەن کۆمپانیای وورد و درشت و ئیلیتیکی سیاسی لەڕۆشنبیرانی ناسیونالیست و لیبراڵ، کە نیگەرانن لە قۆرغکاری ئەحزابی میلیشیایی و کەوتونەتە شوێن تەعدیل کردنی سیستەمی حوکمڕانی ئیستا و ئەزمونە دیموکراتیەکەیەوە، ناچارە لەژێر فشاری ناڕەزایەتیە جەماوەریەکاندا و لەگەڵ قوڵبوونەوەی کەلێنە چینایەتیەکاندا، بەبەرگی چاکسازی و ڕیفۆرم خوازیەوە، وێنایەکی بەرتەسک و ئاوەژوو لەمافو ئازادیەکان و لەئاستی بژێوی و خزمەتگوزاریەکان بدات بەدەستەوە. بەڵام بۆ سەلماندی زیاتری ئەم ڕاستیانە وەرن با پێکەوە لەسەر خاڵ و بەندەکانی ئەم تەوەرە ڕاوەستین کە پەیوەندیان بەژیان و گوزارەانی هاوڵاتیانەوە هەیە.

## یەکەم:سیستمی پەروەردە و خوێندن، چاکسازی بەپێوانەی بزوتنەوەی گۆڕان:

لەبارەی سیستەمی پەروەردە و خوێندن لەکوردستاندا، سەرەتا پرۆگرام ئاماژە بەدۆخێکی قەیراناوی دەکا وپاشان زیاتر لە٢٠ خاڵ وەک هەنگاوەکانی چاکسازی لەم بوارەدا ڕیزدەکات. بەلام بەرلەوەی ئاماژە بۆخاڵەکان و ناوەرۆکی چاکسازیەکان بکەین بابزانین، پرۆگرام چ خوێندنەوەیەک بۆ دۆخی ئێستای سیستەمی پەروەدە و خوێندن دەکات:

" کەرتی خوێندن و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستاندا وەک هەمو کەرتەکانی تر لە قەیراندایە. بەڵام قەیرانی ئەم دو سێکتەروە، بە بەراورد لەگەڵ سێکتەرەکانی تر، مەترسی زیاتری بۆ سەر گەشەی سامانی مرۆیی و پەیکەرەی کۆمەڵایەتی هەرێم هەیە. تائێستا لە

> هەرێمی کوردستاندا سیستمێکی رۆشن بۆ پەروەردە و خوێندن لەئارادا نیە، چەند ساڵ جارێک بەپێی مەزاجی کابینە وەزاریەکان و وەزیر و مەکتەب - سیاسی حیزبەکان گۆڕانکاری ڕوکەش لە سیستمی پەروەردە و خوێندنی باڵادا کراوە. .. تا ئێستا پرۆگرامی خوێندن و میتۆدی وانەوتنەوە لە قوتابخانە و زانکۆکانی هەرێمدا لە ئاستێکی نزم و دواکەوتودایە... ژێرخانێکی پەروەردەیی و زانکۆیی لەئارادا نیە کە توانای لەخۆگرتنی نەوەی نوێی هەبێ و ئامێر و پێداویستیەکانی پێگەیاندنی مەعنەوی و جەستەیی بۆ فێرکاران دابین بکا... تائێستا ژمارەیەکی زۆری قوتابیان و خوێندکاران، بگرە مامۆستایانیش نائاشنان بە زمانە بیانیەکان و پرۆگرامی خوێندنی هاوچەرخ... هەرچەندە ئەو بودجەیەی کە بۆ سێکتەری پەروەردە و خوێندنی باڵا سەرف دەکرێ لە ئاستی پێویستدا نیە، بەڵام گەر کەرتی گشتی ئەو دو سێکتەرە بەراورد بکرێ بە کەرتی تایبەت و قوتابخانە نمونەییەکان بەڕونی دەردەکەوێ کە بڕێکی زۆری ئەو بودجەیە لە خزمەتی هەڵاوسانی کارگێڕیی و بیرۆکراسیەتی بێ بەرهەمدا سەرف دەکرێ." ( هێڵەکانی تەئکید هی ئێمەن) *

ئەم دەربڕینانەی سەرەوە ئەگەرچی چەند ڕاستیەکی لەخۆ گرتووە، بەڵام هێشتا ئەو دۆخە ناهەموارەی کە قەیرانی سیستمەی پەروەردەو خوێندنی لە کوردستان بەرەو داڕمانێکی یەکجاری بردووە ناخاتەڕوو. بەتایبەتی کە ئەمڕۆ بەجیا لەو دۆخەی کەمامۆستا و قوتابی و فەرمانبەرانی ئەم بوارە، ڕووبەڕویان بۆتەوە، بەجیا لەکەمی ئیمکاناتەکانی پەروەردە و خویندن، یەک واقعیەتی بەرچاو ئەوەیە کە دەسەڵات تا هاتووە بەرپرسیارێتی خۆی لەبەرامبەر ئەم خزمەتگوزاریەدا، دزیوەتەوە و لەهەوڵدابووە تایبەتی بکاتەوە و وەک هەرکاڵایەکی تر بەبازاڕی کڕینو فرۆشتنی سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکانەوە بیبەستێتەوە. ئەمڕۆ لە کوردستان کەدەیان و سەدان کۆمپانیای ئەهلی وحزبی بەشێکی زۆری دایەنگاو باخچەی ساوایان و قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگا نمونەییەکانیان گرتۆتەدەست و دەرگا لەبەردەم دەیان دەوڵەتی وەک تورکیا، سعودیە، ئیران، قەتەر، ئەمریکا وبەریتانیا و...ئاوەڵا بووە و ئەم بازاڕەیان گەرم کردووە و کردوویانەتە مەیدانیکی قازانج هێنان و مونافەسەی بەدەستهێنانی نفوزی سیاسی وئایدیۆلۆژیان، ڕاستەوخۆ لەئارادابوونی سیستەمی مەرکەزی و یەک ستانداردیی لەبواری پەرەوەردە و خوێندندا، کە هەموو هاوڵاتیانی کوردستان بەبێ جیاوازی لێ بەهرەمەندبێت، بەیەکجاری هەڵوەشاندۆتەوە و لەسەر پێگەی جیاکاریەکی کۆمەڵایەتی وچینایەتی زەق دایناوەتەوە. ئەمڕۆ لە کوردستان ئەوە تەنها کوڕو کچ و مناڵانی دەوڵەماندان و سەرمایەدارن و بەرپرسانی حزبی و حکومەتە، کە دەتوانن بەهۆی توانایی دارایی و دەست ڕۆیشتویانەوە لەباخچەی ساوایان، قوتابخانەی نمونەیی، زاکۆ و پەیمانگا ئەهلیەکان، بە زمانەکانی تورکی، ئینگلیزی، ئەلمانی و فەرەنسی.. و لەکوالیتیەکی بەرزدا، پەروەردەببن و بخوێنن و بڕوانامە بەدەست بهێنن و دواتریش بەساناترین ڕێگا ڕوو لەدەرەوەی

ێرە بەدواوە هەموو هێلەکانی تەئکید لەلایەن ئێمەوە زیاد کراون ولەدەقی پرۆگرامدا نین

وڵات بکەن. لەولاشەوە ئەوە زۆرینەی خەڵکی کەمدەرامەتە کەدەبێ چاولەبەری خوێندگا حکومیەکان بێت، ئەویش بەلە ئەستۆگرتنی مەسروفاتی یەکجار زۆری پێداویستیەکانی خوێندن و هاتوچۆوە. لەپاڵ ئەمەدا تێکەڵ کردنی باوەرە قەومی و ئیسلامیەکان وزاڵکردنیان بەسەر میتۆد و پرۆگرامی خوێندندا، دیسانەوە ئەم بوراەی لەناوەرۆکە زانستیەکەی داماڵیوە و لەفەزایەکی ئایدیۆلۆژی قەومی و دینیدا خنکاندویەتی. "زانکۆی کوردۆلۆژی" و کۆلێژی "زانستە ئاینیەکان"، هاوکات دەخاڵەتی وەزارەتی ئەوقاف و ڕێگەدان بەکردنەوەی قوتابخانەی ئاینی وناچارکردنی خوێندکاران بەخوێندنی ئەم بابەتانە هەرلەقۆناغی باخچەی ساوایانەوە تا سەرەتایی و ناوەندی.. ئەم واقعیەتە نەک هەر ئەم بوارەی لەئاستێکی دواکەوتوی پڕلەمترسیدا ڕاگرتووە ، بەڵکو خوێندکارانی کوردستانی لەنێو زەلکاوی خورافەی قەومی و ئاینیدا چەقاندووە و گیرۆدەی چەندین نەرێت و فەرهەنگی دواکەوتوانە و پیاوسالارانەو کێنەتۆزی و ڕقەبەری کردووە. لەپەیوەند بەدۆخێکی ئاواوە بزوتنەوەی گۆڕان - هەروەک لەتێکستەکانی سەرەوەدا هێناومانەتەوە- چەند گرفتێک وەک دەرهاویشتەی "قەیرانی سیستمی پەروەردەو خویندن" بەئەنجام وەر دەگرێ ، لەوانە: گرفتی "سیستەمی پەروەردەو خویندن و میتۆدی وانە ووتنەوە"، "پێداویستیەکانی خوێندن و کەمی قوتابخانە"، "پرۆگرام و بابەتەکانی خوێندن"، و گرفتی"جیاوازی نیوان کەرتی گشتی وکەرتی تایبەت و قوتابخانە نمونەیەیەکان".. بەلام وەلامی بزوتنەوەی گۆڕان بەم گرفتانە چییە وهەنگاوە چاکسازیەکانی چین؟.

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پیکرد، پرۆگرام بۆ وەلامدانەوە بەو گرفتانە، لیستێکی زیاتر لە٢٠ خاڵی ڕیز کردووە کەلێرەدا هەوڵدەدەین لەپەیوەند بەهەریەک لەو گرفتانەوە چەند سەرەقەڵەمێکیان لێهەڵگرین، تا ناوەڕۆک وسنوری چاکسازیەکان دەرخەین:

١/ گرفتی سیستەم: پرۆگرام دەڵێت:

> " - کارکردن بەپێی فەلسەفەیەکی نوێ بۆ پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستاندا بە سودوەرگرتن لە ئەزمونی وڵاتە دیموکرات و پێشکەوتوەکانی جیهان.."
>
> لەخاڵیکیتردا دووبارە دەڵێت:
>
> "- چاکسازیی لە سیستمی زانکۆییدا، بەجۆرێک لەگەڵ گیانی سەردەم و پێداویستی و پلانی ستراتیجی هەرێمدا بگونجێت. سودوەرگرتن لە ئەزمون و میتۆدی زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهان بۆ تازەکردنەوەی خوێندنی باڵا، .."

لەم خاڵانەدا بزوتنەوەی گۆران دەخوازێ کار بە" فەلسەفەیەکی نوێ بکاو میتۆدی زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهان" بەدەستەوەبگرێ، بەڵام پێمان ناڵیت ئەو فەلسەفە نوێیە چیە وکامەیە کەلەوڵاتە دیموکرات و پێشکەوتوەکانی جیهانەوە بۆ هەرێمی کوردستانی دەگوازنەوە؟ هەروەها "پیلانی ستراتیژی هەرێم" بەکام فەلسەفە و میتۆدەوە دادەڕێژرێ؟ ئایا دەتانەوێت سیستمێکی سکولار و پشتبەستوو بەفەلسەفەی زانستگەرایی و میتۆدی ئەزمونگەریی بخنە شوێنی سیستەمی ئیستاو دەستی دین ونەتەوە چێتی لەبواری پەروەردەو خوێندن ڕەهاکەن، یان لەدەرەوەی ئەم گۆرانکاریە دەتانەوێت چاو لەوڵاتانی پێشکەوتوو ببڕن؟ ئایا بەبێ گۆڕانکاریەکی لەم جۆرە ئاماژە

دان بەدەستەوەژەی "سود وەرگرتن لە ئەزمونی ولاتانی پێشکەوتو" چ بەهایەکی هەیە جگەلە داپۆشینی ناوەرۆکی کۆنەپەرستانەی باوەرو بۆچونی قەومی ودینی وهێشتنەوەی لەسیستەمی پەروەردەو خوێندنا؟

٢/ گرفتی دابین کردنی پێداویستیەکانی خوێندن، پرۆگرام ئاوا وەڵام دەداتەوە:

"- تەرخانکردنی بەشێکی گەورەتری بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ پەروەردە و پێگەیاندن و خوێندنی تەوزیمی، گەشەدان بە باخچەکانی منداڵان و پێشخستنی قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەییەکان.

- بچوککردنەوەی پۆلی خوێندن لەڕوی ژمارەی قوتابیان، ..

- دابینکردنی پێداویستیە مادیی و دەرونی و ژیانیەکان بۆ مامۆستایانو قوتابیان،

- کارکردن بۆ نەهێشتنی جیاکاریی لەنێوان ئاستی خزمەتگوزاریی و خوێندن، لەنێوان قوتابخانەکانی گوند و شاردا، لەنێوان ئاستی قوتابخانە نمونەییەکان و قوتابخانە ئاساییەکاندا.

- گرنگیدان بە کتێبخانە، فێرکاریی ئەلیکترۆنی، تاقیگە، شوێنی ئەزمونکردن و..

- گرنگیدان بە هونەری شێوەکاری، موزیک و شانۆ .."

ئەم خاڵانە چەند ڕاستی دەخەنە ڕوو، یەکەمیان، بەهیچ جۆرێک ناچێت بەلای ئەوەدا کە بە ڕۆشنی دەسەڵات لەدابین کردنی پێداویستیەکانی خوێندن و لە ئەستۆگرتنی ژیانو ژیاری مامۆستا و قوتابیان و کارمەندانی ئەم بوارە بەرپرسیار بکات. تەتانەت کاتێک باسی تەرخان کردنی "بەشێکی گەورەی بودجەی هەرێم" دەکات پێمان ناڵێت برەکەی چەندە و لەچاو بودجەی دەزگای ئاسایش و موچەی ئەحزاب و کاربەدەستانی باڵای حکومەت و میدیاکانیاندا چەندە. دووەم باسی "خوێندنی تەوزیمی- ئیجباری" دەکات بەلام پێمان ناڵیت لەچ ساڵێکی تەمەنەوە بۆ چ ساڵێکی تری تەمەن، هاوکات باس لەوەش ناکات کەخوێندنی تەوزیمی بەپێویست دەبێ لەنێوان ئەو ساڵە دیاریکراوانەدا کەئیجباریە دەبێ بەخۆڕایی بێت و تەواوی مەسروفاتەکەی لەئەستۆی دەسەڵاتدا بێت!. سێهەم باس لەنەهێشتنی جیاوازی نیوان "قوتابخانەی نمونەیی و ئاسایی، شارو گوند" دەکات، لەکاتێکدا مەسەلەکە هەڵوەشانەوەی ئەم جۆرە دابەشبوونە و جێخستنی سیستەمێکی مەرکەزی و یەکستانداردیە، بەڕادەیەک کەلەژێر سایەیدا هەموو لایەنەکانی ئەم بوارە چونیەک بەڕیوەبەرێت. چوارەم باس لەگرنگیدان بەتاقیگە، فیرکاری ئەلکترۆنی، هونەرو شێوەکار و.. دەکات بەلام مەعلومی ناکات ئەم خزمەتگوزاریانە خۆرایی دەبن یان ئەویش بەمەرجی پارەو ڕسوماتەوە گرێدەدرێتەوە!.

٣/ گرفتی بابەتەکانی خوێندن. پرۆگرام لەم بارەشەوە دەڵێت:

"- پێداچونەوە بە پرۆگرامی بەشە زانستیەکان لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا، پێداچونەوە بە ڕێژەی وەرگرتن و ئەولەویەتی هەندێک بەشو کۆلێژ، بەجۆرێک بەشی زۆری کادیرانی نەوەی نوێ بەگوێرەی پێداویستیە حکومی و نیشتمانیەکانو پلانی پێشوەخت ئامادەبکرێن.

- بایەخدان بە زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی لە هەمو ئاستەکانی خوێندندا، بەتایبەتی

لە زانکۆکاندا.
- کارکردن بۆ ستاندەرایزی زمانی فەرمی کوردی بەتایبەتی لە زانکۆکان و نێوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیدا.
- پاککردنەوی پرۆگرام و میتۆدی خوێندن و ئەکادیمی لە فیکر و ئاکاری تاکڕەوی، شۆڤێنیزم و دۆگماتیزم، بەتایبەتی لە بەشە مرۆییەکاندا، وەک مێژو، یاسا، سیاسەت، هونەر، ئەدەبیات و زانستە کۆمەڵایەتییەکان. بەگەڕخستنی ئەو زانستانە تا خزمەتی هەقیقەتی مەعریفیی، بیرکردنەوەی نەوەی نوێ، پەیڤین و گوتاری رەخنەیی بکەن، نەک خزمەتی گوتاری باڵادەست و بەرژەوەندیی دەسەڵاتداران بکەن.
- بایەخدان بە گەشتی زانستی، سروشتناسی، ئاسەوارناسی، ئەتنۆگرافی و گەشتی گەشتوگوزاریی خوێندکاران بەگوێرەی پسپۆڕییان لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا."

لەبەرامبەر ئەم گرفتەشدا پرۆگرام پێمان ناڵێت لەسەر بنەمای چ سیستەم وفەلسەفەیەک پێداچونەوە بەپرۆگرام و بابەتەکانی خوێندندا دەکات و لەشوێنەکەیدا چ جۆرە بابەتێک دادەنێ!. هاوکات باس لە پاککردنەوەی تاکڕەوی و دۆگماتیزم وشۆڤێنیزم لەپرۆگرام و بابەتەکانی خوێندندا دەکات، بەلام بەهیچ جۆرێک ناچیت بەلای بابەتە قەومی ودینیەکاندا، وەک بڵێی دۆگماتیزم وتاکڕەوی و شۆڤێنیزم لەم باوەڕە ئایدیۆلۆژیانەوە سەرچاوە ناگرن!.

٤/ باقی ئەو خاڵانەی دەمێنێتەوە، وەڵام بەهیچ گرفتێک نادەنەوە و زیاتر بۆ ڕازاندنەوەی پرۆگرام دەرج کراون لەوانە:

" - ئامادەکردنی قوتابی بەوەی تەنها بونەوەرێکی وەرگر و پاسڤ نەبێت، بەڵکو تاکێکی بیرکەرەوەش بێت، ..
- دانانی پلانی هاوبەش لەنێوان وەزارەتەکانی پەروەردە، خوێندنی باڵا، پلاندان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی تری هەرێم و نێوەندەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ گەشەدان بە سامانی مرۆیی لە ئێستاو ئایندەدا.
- کردنەوەی زانکۆ و بەشە زانستییەکان، وەرگرتنی خوێندکاران بەگوێرەی زەمینەو پلانی پێشوەخت.
- پێگەیاندنی نەوەی نوێ بەشێوازێکی هاوچەرخ، چەکدار بە زانیاریی ئەلیکترۆنی و تەکنەلۆجیای سەردەم،
- ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی زانکۆکان و سەربەخۆیی فیکری ئەکادیمی."

ئێستا ئیتر ڕۆشنە کەسنوری چاکسازیەکانی بزوتنەوەی گۆڕان لەبواری پەروەدە و خوێندندا، لەهەمان دۆخی مەوجوددا قەتیسەو هەڵگری ستاندارێکی کۆمەڵایەتی جیاواز لەوەی کەهەیە نییە، چونکە نە بەشێوەیەکی سەریح وڕۆشن سیستەمێکی جیاوازی سکولاریستی و زانستگەرایی بۆئەم بوارە دەخاتەڕوو، وەنە وەک خزمەتگوزاریەکی گشتی، کەلە ئەستۆی دەسەڵاتدا بێت چاوی لێدەکات. تەنانەت بەڕۆشنی باس لەخواستی خۆڕایی کردنی پەروەدەو خوێندن لەتەمەنێکی دیاریکراوەوە بۆ تەمەنێکیتر ناکات و بەگشتی ئەم بوارە لەبازاڕی کڕین وفرۆشتندا دیلێتەوە و

هاوکات مانەوەی قوتابخانە نمونەیی و ئەهلیەکانیش، بەفەرز وەردەگریَ. تەنانەت ڕاشکاوانە قسەیەک لەسەر پاککردنەوەی پرۆگرام وبابەتەکانی پەرەوەردەو خوێندن، لەدیدو باوەری قەومیو دینی ناکا.

## دووەم: خزمەتگوزاری تەندروستی و ژینگەپارێزی، چاکسازی بەنرخی بازاڕ!

لەبەندی دووەمدا پرۆگرام دێتە سەر باسی "چاکسازی لەسیستەمی تەندروستی و ژینگە پارێزیدا"، سەرەتاش لەڕیگای پێشەکیەکەوە کە بۆ ئەم بەندە نوسراوە، ئاماژە بەقەیرانێک دەکات کەلە کەرتی تەندروستی وپیسبوونی ژێنگەی هەرێمی کوردستاندا هەیەو هەرلەوێشدا ئەو هۆکارانە دەخاتەڕوو کەبونەتە هۆکاری ئەم قەیرانەو نزمبوونەوەی "تێکڕایی تەمەنی هاولاتیان". کەوایە بابزانین پرۆگرام چ خوێندنەوەیەک بۆ قەیرانەکە دەکا وهۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێنێتەوە:

> " بەشێک لە قەیرانی کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستاندا پەیوەندیی بە بێبەرنامەیی حکومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە هەیە، بەشێکیشی پەیوەندیی بە نەبونی هوشیاریی کۆمەلایەتی و نەبونی رۆشنبیریی خۆپاراستن و ژینەگەپارێزییەوە هەیە لەناو هاولاتیاندا. سەرباری نەبونی داتای زانستی ورد سەبارەت بە تێکڕای تەمەن لە هەرێمی کوردستاندا، بەلام لاوازیی نەخۆشخانە و کلینیکە گشتی و تایبەتەکان، نەبونی رۆشنبیریی تەندروستی لای هاولاتیان، خراپی کوالیتی دەرمان و ئامێری پزیشکی و نەبونی کوالیتی کۆنترۆڵ بەسەر بازرگانیی دەرمانەوە، لەپاڵ مامەڵەی خراپی کەرتی تەندروستی و دەسەلاتداران لەگەڵ پزیشک و کارمەندانی تەندروستی و لاوازیی رۆڵی پەرلەمان لە چاودێریکردنی وەزارەتی تەندروستی و کەرتی تایبەتی تەندروستی... هەمو ئەم هۆکارانەوە پێکەوە وایانکردوە تێکڕای تەمەنی هاولاتیان لە ئاستێکی نزمدا بێ. تائێستا رون نییە کەرتی تەندروستی کوردستان بەگوێرەی چ سیستمێکی تەندروستی کاردەکاو چ مامەڵەیەک لەگەڵ کەرتی تایبەتدا دەکا. هەرچەندە حکومەت بودجەی بۆ کەرتی گشتیی تەندروستیی دابین کردوە، کەچی بەشێکی زۆری هاولاتیان ناچارن لەکاتی نەخۆشی و قەیرانی تەندروستیدا، بەپارەی تایبەتی خۆیان لە کلینیکی تایبەت و زۆرجاریش لە نەخۆشخانەی تایبەتدا، یان لە دەرەوەی ولات چارەسەر وەرگرن.

ئەم دەربڕینانەی سەرەوە، نە وێنایەکی دروست و واقعی دۆخی ئێستای کەرتی تەندروستی و ژینگەپارێزی بەدەستەوە دەداو نە هۆکاری قەیرانەکەش بەدروست دەستنیشان دەکات. بەتایبەتی ئەگەر مەسەلەی خزمەتگوزاری تەندروستی وژێنگە پاریزی، لەڕوانگەی دابینکردنی مافی ژیان و سەلامەتی ژینگەی کۆمەلایەتی، هاولاتیانی کوردستانەوە، وەک ئەرکێک کەلەسەرشانی دەسەلات و حکومەتە لەبەرچاو بگرین، ئەوا دەبێ بلێین کەدامێن و ئاستەکانی قەیران وکێشەو گرفتەکانی کەرتی تەندروستی و ژینگەی هەرێم، زۆر دارڕخاوترە لەوەی کە بخرێتە ئاستی "لاوازی نەخۆشخانە و کلینیکە گشتی و تایبەتەکان" و" خراپی کوالیتی دەرمان و ئامێری پزیشکی و نەبونی کوالیتی کۆنترۆڵ بەسەر بازرگانی دەرمانەوە"، تەنانەت دۆخەکە هەر ئەوەندە نییە کە

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

"دەسەڵاتداران مامەڵەی خراپ لەگەڵ پزیشک و کارمەندانی تەندروستی"دا دەکەن، وەک ئەوەی کە پرۆگرامی بزوتنەوەی گۆران وێنای لێگرتووە، بەڵکو دارمان و هەڵوەشانەوەی کەرتی تەندروستی و ژینگە پارێزی لەوێوە دەست پێدەکات کەیەکەم، سیستەمی چاودێری پزیشکی گشتی لەهەرێمی کوردستان لەئاستی سفردایە. ئەمە بەو مانایەی کە سیستەمی پزیشکی خێزانی و کلینیکە لۆکەڵیەکان کەشەورۆژ لەخزمەتی هاوڵاتیاندا بن وباری تەندروستی وژینگەی تەندروست بۆ سەرجەم دانیشتوانی کوردستان، بخەنە ژێر کۆنترۆڵ و بەدواداچوون و چاودێری بەردەوامەوە، لەهیچ ئاستێکدا نە لەبەرنامەی حکومەت و دەسەڵاتدایە و نە وەک بەشێک لەخزمەتگوزاری تەندروستی ئیستای هەرێمدا بوونی هەیە. وە لەئاستی کۆمەڵگاشدا، نەبوونی چاودێری پزیشکی وەک یەکێک لە ئەرکەکانی حکومەت کەخۆی لەهەڵمەت و سیستەمەکانی وقایەو بەگژاچوونەوەی ئەو نەخۆشی و دەردانەدا دەبینێتەوە کەپێشبینی توشبون و بلاوبونەوەیان لێدەکرێ و ئەگەری ئەوەیان هەیە لەژینگەی هەرێمی کوردستاندا سەرهەڵبدەن. ئەمرۆ لەهەرێمی کوردستان بەهۆی نەبوونی سیستەمی چاودێری پزیشکیەوە لەئاست خێزان و تاکو کۆمەڵگادا، نەخۆشیەکانی دڵ وشێرپەنجەو هەناو.. مافی ژیان و سەلامەتی ژینگەیی تەواوی کۆمەڵگای خستۆتە بەردەم هەڕەشەیەکی ئەکیدەوە. دووەم، دەسەڵات لەگەڵ ئەوەدا خۆی لەبەرپرسیارێتی دابین کردنی خزمەتگوزاریەکان بەگشتی و خزمەتگوزاری تەندروستی دزیوەتەوە، لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بە بەرنامەوە وەک یەکێک لەسیاسەتەکانی حکومەت، هەوڵی بەتایبتی کردنی سەکتەری تەندروستی داوە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەستی لە خزمەتگوزاری تەندروستی گشتی هەڵگرتووە و بەرەو پوکانەوە پاڵی پێوەناوە. ئەمرۆ کەدەیان و سەدان خەستەخانەی ئەهلی و کلینیک و موختەبەرو ناوەندەکانی دەرمان فرۆشی پانتایی ئەم سیکتەرەیان داگیر کردووە و لەسەرویانەوە چەند کۆمپانیایەک بازارەکەیان کۆنترۆڵکردووە، مەسەلەی تەندروستی و ژیانو سەلامەتی ژینگەیی هاولاتیان وەک هەر کاڵایەکی تر بەتەواوی هەواڵەی بازارِو مونافەسەی سەرمایەدارانی کەرتی ئەهلی وکۆمپانیاکان کردووە. لەلایەکی تریشەوە ئەم واقعیەتە، تۆڕێک لەعیادەی لاکۆڵان و کلینیکە شەوانە ڕۆژەکانی، بەکواڵتی کەم و پسپۆری نزمەوە لەبەر هەرزان بونی نرخ تیایاندا، بۆنەتە مەیدانیک بۆ وەڵامدانەوە بەنەخۆشی وگرفتی تەندروستی هاوڵاتیان. لەکەنار ئەم دۆخەدا، لەلایەک بازاری دەرمانفرۆشی کەدەرگای لەسەر ئامادەبوونی جۆرەها مادە ودەرمانی بیکەڵک خستۆتە سەرپشت، بەیکجاری سیستەمی چارەسەری چونیەک و ستانداردی لەبین بردووە، لەلایەکی تریشەوە ئەم دۆخە مونافەسەی نیوان پزیشکان خۆیان، نیوان ئەوان و بازاڕ و کارمەند وپەرستاران، نیوان ئەوان و کۆمپانیا وبەرپرسانی حکومەت و.. توندتر کردۆتەوەو لەقاڵبێکی "پلەبەندی/ مەراتیبی" باڵادەستو ژێردەستەدا دایناوەتەوە و گیانی خۆبەخشانە و بەهاناوە چوونی نەخۆش و پەکەوتەی تیا خنکاندوون. بەلام لێکدانەوەی دۆخەکەو خوێندنەوە بۆی هەرچیەک بێت بابزانین بزوتنەوەی گۆران هۆکاری ئەم دۆخە بەچی دەبینێ؟

لەوەڵامدا پرۆگرام پێمان دەڵێت کە:

" بەشێک لە قەیرانی کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستاندا <u>پەیوەندیی بە بێبەرنامەیی</u>

حکومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە هەیە، بەشێکیشی پەیوەندیی بە نەبونی هوشیاریی کۆمەڵایەتی و نەبونی رۆشنبیریی خۆپاراستن و ژینگەپارێزییەوە هەیە لەناو هاوڵاتیاندا"
ئەم دەربڕینە جگەلەوەی بەشێک لەهۆکاری بارخراپی دۆخی ئێستای کەرتی تەندروستی لەهەرێم دەخاتەوە سەر شانی هاوڵاتیان و دەسەڵات بەیەکجاری وەک بەرپرسیاری یەکەم و ئاخر ناناسێت، لەهەمانکاتدا هەقیقەتی دەسەڵات وحکومەت بەوەی کە "بێبەرنامەیە" پێچەوانە دەکاتەوە. لەبەرامبەردا جێی خۆیەتی لە بزوتنەوەی گۆران بپرسین کەئایا خودی ناهوشیاری هاوڵاتیان لەکوێوە هاتووە، تابەشێک لەبەرپرسیارێتی دۆخی ئێستای کەرتی تەندروستی بخرێتە سەرشانیان؟ ئایا ئەم حاڵەتە زکماکیە و لەجەستەی خۆیاندایە، یان بەرهەمی هەمان ئەو ستانداردەیە لەژیان و گوزەران کەدەسەڵاتداران بەسەریاندا سەپاندوویانە؟، ئاخر هاوڵاتیەک کە کاربکا و کرێچی بێ وموچەی نەبێ، هاوڵاتیەک کە سادەترین کاڵای پێویستی ژیانی خۆی و خێزانەکەی لەبازاڕدا بکڕێ وبەشوێن دابینکردنی ژیانەوە بێت و لەولاشەوە دەسەڵات هیچ هەوڵێکی هوشیاردەرانە وبارسوکی ژیانی هاوڵاتیانی لەئەستۆ نەگرتبێت، تاچەند ڕەوایە خراپی دۆخی کەرتی تەندروستی و ژینگە پارێزی بخرێتە ئەستۆی؟ تا ئەوەشی بەهۆکاری بێبەرنامەیی دەسەڵات دەگەڕێتەوە، واقعەکە ڕێک بەپێچەوانەوەیە و ئەوە بەرنامە و خودی سیاسەتی دەسەڵاتە کە بەمەبەستی شان خاڵی کردنەوەی خۆی لەوەڵام دانەوە بەخزمەتگوزاری تەندروستی و ژینگەپارێزی، ئەم کەرتەی هەنگاو بەهەنگاو تەسلیم بە بازاڕی سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکان کردووە و تا هاتووە ئەهلی کردۆتەوە. بێگومان ئاکامی ئەمەش پوکانەوەی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکانی کەرتی گشتیە. کەسێک ئەگەر خۆی لەگێلی نەداو کارکردەکانی دەسەڵات لەچەند ساڵی ڕابردوودا ببینێ، بەسادەیی ئەوە دەسەلمێنێ کە حکومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکان نەک بێبەرنامە نەبوون، بەڵکو بەرنامەیان ئەوە بووە کە حکومەت لەڕێگای تایبەتی کردنەوەی کەرتی تەندروستیەوە، شانی خۆی لەبەرپرسیارێتی بەرامبەر هاوڵاتیان دەرکێشی. بەلام پێدەچێت بزوتنەوەی گۆران لەبنەڕەتەوە موخالیفی هەبوونی کەرتی تایبەت وسپاردنی خزمەتگوزاریە تەندروستی و ژینگەییەکان بەسەرمایەداران و کۆپانیا ئەهلیەکان نەبێت، هەر بۆیە نەک باسی هەڵوەشاندنەوەیان ناکات بگرە بەشوێن ئەوەوەیە کەچۆن حکومەت "مامەڵە لەگەڵ کەرتی تایبەتدا بکات". بەلام بابزانین پرۆگرام چ هەنگاوێک لەڕاستای ئەم دۆخەدا، بەناوی چاکسازیەوە بەدەستەوە گرتووە؟
لەمبارەوە پرۆگرام نزیکەی ٢٠ خاڵی وەک چاکسازی لە بورای تەندروستی ژینگەی هەرێمدا خستۆتەڕوو، بەلام وەک ئەوەی کە بەشێک لەو خاڵانە، هیچ بەدەستەوە نادەن و زیاتر پرۆگرامەکەیان پێ ڕازێندراوەتەوە و زیاتریش باری تەکنیکی وهاندنیان هەیە ئێمە لێرەدا قسەیان لەسەر ناکەین وتەنها لەسەر ئەوخاڵانە ڕادەوەستین کەمانای عەمەلی هەنگاوەکانی چاکسازی لەخۆ نیشان دەدەن:

"- بنیاتنانی ژێرخانێکی هاوچەرخ بۆ کەرتی تەندروستی بەگوێرەی پێوەرە جهانییەکان، بەسودوەرگرتن لە ئەزمونی وڵاتە پێشکەوتوەکان."

- بایەخدان بە نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن وەک بەشێک لە کەرتی تەندروستی گشتی،

کە دەبێت بێبەرامبەر بەهانای هاولاتیانەوە بچن. دابەشکردنی شارە گەورەکان بەسەر چەند کەرتێکدا کە هەر کەرتە و نەخۆشخانەی فریاکەوتنی تایبەت و ژمارەیەکی گونجاو ئۆتۆمبێلی ئەمبولانسی هەبێت.

- دانانانی پلانی زانستی بۆ کردنەوەی سەنتەری پزیشکی لە پسپۆڕییە وردەکاندا لە شارە گەورەکان و لقی هاریکار لە شارۆچکە و ناوچە کەناریەکاندا. گەشەدان بە خزمەتگوزاریی تەندروستی لە شارۆچکە و گوند و ناوچە دوردەستەکاندا، دابینکردنی ئۆتۆمبێلی ئەمبولانس بۆ گەیاندنی نەخۆشی ئەو ناوچانە بەسەنتەرە نزیکەکانی تەندروستی.

- گرنگیدان بە تەندروستی کۆمەڵگا، چاودێریکردنی جۆری دەرمان، رۆشنبیریی تەندروستی و پرنسیپی خۆپاراستنی پێشوەخت لەسەر ئاستی تاکەکەس و کۆمەڵگە.

ئەم خالانە باس لەبنیاتنانی "ژێرخانێکی هاوچەرخ" دەکا و وەک ئەوەی عادەتی گرتووە "سود لەئەزمونی ولاتە پێشکەوتەوەکان وەردەگرێ" هەروەها باس"لە پلانی زانستی" دەکا و تەنانەت گرنگیدان بەتەندروستی کۆمەڵگا و چاودێری کردنی جۆری دەرمان"ی خستۆتە دەستورەوە، بەلام ئەوەی وەک هێڵێکی نارۆشن لەم خالانەدا خۆی دەردەخات، جێگای حکومەت و بەرپرسیارێتی دەسەلاتە. واتە ئەم خالانە دەسەلات و حکومەت بەڕۆشنی بەرپرسیار ناکاو کەرتی تەندروستی وەک خزمەتگوزاریەکی گشتی کەلە ئەستۆی حکومەت و دەسەلاتدابێت بەرۆشنی ڕاناگەیەنێت. بەتایبەتی ئەگەر باس لەژێرخان و پلانە، ئەگەر باس لەدابینکردنی نەخۆشخانە و ئەمبولانس و دەرمانە، ئەگەر دابەشکردنی شارە گەورەکانە بەسەر کەرتەکانی تەندروستی و فریاکەوتندا.. ئەوا دەبێ بەر لە هەموو شتێک لایەنی بەرپرسیار دیاری بکرێ وئەم هەنگاوانە لەپای پێشکەشکردنی خزماتەگوزاری بۆ هاولاتیاندا پێناسەی بۆ کرابێت. بەپێچەوانەوە ئێستا لەکوردستان دەیان خەستەخانەی وەک هەواری شار وکلینیکە ئەهلیەکان بەوپەڕی "ژێرخانی پتەو" و بەسود وەرگرتن لەئەزمونی ولاتان لەکوردستاندا دامەزراون، بەلام ئایا ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشی دەکەن بەخوارِاییە ولەچوارچێوەی ئەرکی حکومەتدا لەئەستۆ دەگیرێت؟ . بەدڵنیاییەوە نا. هەر بۆیە ئەو قسانەی سەرەوە هیچ نادات بەدەستەوە و تەنها وەک دەربڕینێکی لەفزی و بەلێندان بەخەڵک خراونتە بەرگی چاکسازیەوە. بەلام ئەم ڕاستیە کاتێک ڕۆشنتر خۆی دەردەخات کە پرۆگرام بە پەرۆشەوە چاو لەکەرتی تایبەت دەکات.. ئەوەتا لەچەند خالدا دەلێت:

"- چاکسازی لە سیستمی تەندروستیدا بەجۆرێک کە تەنها حکومەت پارە لە کەرتی گشتیی تەندروستیدا سەرف نەکا، بەڵکو بەگوێرەی پێویست خزمەتگوزاریی تەندروستی لە کەرتی تایبەت بکرێتەوە و بێبەرامبەر یان بەرامبەر نرخێکی رەمزیی بیداتەوە بە هاولاتیان، بەتایبەتی ئەوانەی ئاستی بژێوییان نزمە و دوچاری نەخۆشیی سەخت دەبنەوە.

- بەرەنگاربونەوەی پاوانکاریی کەرتی تەندروستی، چ لەناو حکومەت و چ لەناو بازاڕدا، هاندانی نەوەی نوێی پزیشکو کارمەندانی تەندروستی تا بەشداریی لە بنیاتنان و خزمەتگوزاریی کەرتی تەندروستیدا بکەن.

- هاندانی کەرتی تایبەتی خزمەتگوزاریی تەندروستی لەلایەن حکومەتەوە. دانانی دەستەیەکی پسپۆڕ بۆ سەرپەرشتی و چاودێریکردنی نەخۆشخانە ئەهلیەکان و بەخشینی پلەبەندیی پێیان بەگوێرەی پێوەرە جیهانییەکان. ئەو نەخۆشخانانەی کە بۆ ماوەیەکی درێژ لە پلەیەکی لاوازدا دەمێننەوە دادەخرێن."

لەم خاڵانەدا بەرۆشنی دەردەکەوێت کە بزوتنەوەی گۆڕان کەرتی تایبەت و خاستەخانە ئەهلیەکان بەهۆکارێک بۆ هەڵوەشانەوەی خزمەتگوزاری گشتی و بەرپرسیاریتی حکومەت لەبەرامبەر هاوڵاتیاندا و بەستنەوەی بەبازارەوە نازانێ، بگرە خوازیاری مانەوەیەتی و هاوکات داوا لە حکومەت دەکات خزمەتگوزاریان لێبکرێتەوە و "پلەبەندی"یان پێببەخشێ!. ئەمە ئەو چاکسازیەیە کەبڕیارە بزوتنەوەی گۆڕان بەسود وەرگرتن لەئەزمونی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهانەوە بۆ کوردستان سەرەوژێر بکاتەوە.

لەبارەی "پلەبەندی" پزیشک وکارمەندی بوراەکانی تەندروستیەوە پرۆگرام دەڵێت:

"- چارەسەرکردنی قەیرانی بیرۆکراتی و پلەبەندیی لە نێوەندە تەندروستیەکاندا بەجۆرێک کەشێکی دادپەروەرانە لەناو نەخۆشخانەکاندا، لەنێوان پزیشک و بەرپرس، پزیشک و کارمەند، کادیری تەندروستی و نەخۆشدا بێتەئاراوە. لێپێچینەوەی یاسایی و دادوەریی لە هەر کەمتەرخەمی و تاوانێک کە دەرهەق بە ژیان و تەندروستیی هاوڵاتیان ئەنجام بدرێ.

- بایەخدان بە پزیشک و کارمەندانی تەندروستی، بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و پیشەییان، کردنەوەی خولی تایبەت بۆیان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بەشێوەیەکی دادپەروەرانە. پێرەوکردنی فێرکاریی پزیشکیی بەردەوام CME بۆ گشت پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی بەگوێرەی پێوەرە جیهانیەکان."

ئەم دەربڕینانە جگەلەوەی بۆ ڕازاندنەوەی پرۆگرام و هاندانی ئەخلاقیانە دانراون هاوکات ئەو ڕاستیە پەردە پۆشدەکات کە "قەیرانی بیرۆکراتیەت" و نەمانی کەشێکی دادپەروەرانە لەنێوان پزیشک و کارمەنداندا، خۆی ڕەنگدانەوەی، گرێدانەوەی ئەم سیکتەریە بە مونافەسەی بازاڕو ململانێی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، لەلایەک و هەر دوو کەرتەکەش لەگەڵ بەرپرسیارانی حکومەتەدا، لەلایەکی ترەوە. هاوکات بەرئەنجامی سیستەمێکی پلەبەندی کراوی ئیمتیازات بەخشینە کە تەواوی بەڕێوەبەرایتیە حکومیەکانی لەسەر دامەزراوە. بەتایبەتی کەبیرۆکراتیزم ومەرتەبەکردنی کارمەند لەسیستەمەکانی کارگیڕی بۆرژواییدا لەسەر دانو دابەشکردنی ئیمتیازاتە ئابوریەکان و جێگاورێگای ئەفراد تیایدا بەڕیوە دەچێت. کاتێک کە بزوتنەوەی گۆران بەشوێن خۆماڵی کیردنی کەرتی تەندروستی و خزمەتگوزاریەکانەوە نەبێت و هاوکات خوازیاری هەڵوەشانەوەی کەرتی تایبەتی نەبێت، چۆن دەتوانی بیرۆکراتی لەناوبەرێت و کەشێکی دادپەروەرانە لە نەخۆشخانە و دامەزراوە تەندروستیەکاندا جێبخات!..

لەکۆتاییشدا پرۆگرام مەسەلەی بیمەی تەندروستی دێنێتە ئاراوە ودەڵێت:

"- پیادەکردنی سیستمی بیمەی تەندروستی بۆ هاوڵاتیان بەجۆرێک هاوڵاتیان لە هەر ئاستێکی بژێویدا بن، دەوڵەمەند بن یان هەژار، فەرمانبەر بن یان بێکار، لە کەرتی تایبەت

کار بکەن یان کەرتی گشتی... بێبەش نەبن لە خزمەتگوزاری بیمەی تەندروستی. دەرکردنی یاساو ڕێنمایی و بڕیاری پێویست بۆ ئەو مەبەستە بەجۆرێک تەنها دەوڵەمەند و خاوەن دەرامەتی بەردەوام باجی بیمەی تەندروستی لەسەر بێ، لەوان بترازێ حکومەت بەرپرسیارێتی بیمەی تەندروستی هاولاتیان بگرێتە ئەستۆ."

بێگومان داواکردنی بیمەکردنی تەندروستی هاولاتیان هەنگاوێکی باشە، بەلام ئەم داوایە بۆ حزبێکی وەک بزوتنەوەی گۆڕان ناتوانێ بەجدی وەربگیرێت، چونکە ئەو نەخوازیاری بەگشتی کردن وبەگشتی مانەوەی کەرتی تەندروستیە و نەوەک ئەرک و بەرپرسیارێتیەکی حکومەت داوای بەخۆرایی کردنی ئەم خزمەتگوزاریەی لەبەرنامەکەی خۆیدا جێگە کردۆتەوە. بەپێچەوانەوە، سیاسەتێکی چاکسازی کە لە کەرتی تەندروستیدا بە دواوەیەتی، ڕاگرتنی بالانسی نێوان کەرتی تایبەت و حکومیە، یانی ئەوەی کە خزمەتگوزاری تەندروستی لەپەیوەند بەبازارو مونافەسەی سەرمایەداران و کۆمپانیاکانەوە بمێنێتەوە، کارێکی ئاواش جێگایەک بۆ بیمەکردنی تەسەل وپایەدار کە هەموو هاولاتیانی کوردستان لێی بەهرەمەندبن ناهێڵێتەوە. ئەمەش تەنها ئەوە دەگەیەنێ کە بزوتنەوەی گۆران چاکسازیەکانی بەنرخی بازار پێشکەش دەکات!

لەپوەیوەند بەمەسەلەی ژینگەشەوە، پرۆگرام پێمان دەڵێت: "لەپاڵ قەیرانی کەرتی تەندروستیدا ژینگەی کوردستان <u>ڕو لە پیسبون و ژاکان دەکا</u> ولەبارەی هۆکارەکەشیەوە دەنوسێ:

"<u>.. پیسبونی ژینگەی کوردستان بەشێکی پەیوەندیی بە قەیرانێکی جیهانی گەورەترەوە هەیە، بەلام بەشێکی ناوخۆییە و پەیوەندیی بە نەبونی ڕۆشنبیریی ژینگەپارێزییەوە هەیە لای هاولاتیان، بەشێکیشی پەیوەندیی بە بێبەرنامەیی و نابەرپرسیارێتی و چاوپۆشینی دەسەلاتەوە هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئاو و خاک و سروشت و هێنانی ئەو ئامێر و شمەکانەی کە ژینگە</u> پیس دەکەن.

ئەوە ڕاستە کەژینگەی هەر ولاتێک بەشێکە لەدۆخی جیهانی و وەک کێشەیەکیش ئەمڕۆ لە ئاستی دنیادا بۆتە بابەتێکی گەرم و مەترسیدار بەڕادەی ئەوەی کە هەڕەشەی گەورەی بۆسەر مرۆڤایەتی وتێکچوونی ژینگەی گۆی زەوی پێکهێناوە. بەلام بەپێچەوانەی بۆچونەکانی بزوتنەوەی گۆڕان و هەموو ئەو لێکدانەوانەوە کە هۆکاری پیسبوونی ژینگە بەشێوەیەکی یەکلایەنە دەگێڕنەوە بۆ ناهۆشیاری وهەڵسوکەوتی مرۆڤەکان، وەیا بەتەنها لە کاریگەریەکانی پیشەسازیی هاوچەرخدا دەیبیننەوە، ئەم کێشەیە لە جەوهەری خۆیدا ڕاستەوخۆ لە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و خەسڵەتە بنەڕەتیەکانیەوە سەرچاوە دەگرێ، وەک ئەوەی کە نیزامێکە لەسەر بنەمای قازانجهێنەری سەرمایە ڕاوەستاوە و دەبزوێ و بەم هۆیەشەوە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەی لەگەڵ بەهرەمەند بوونی کۆمەڵگای بەشەری لەژیانێکی خاوێن وئارامدا هەیە. پیسبوونی بەردەوامی ژینگە بەهۆی جەنگەکان وموسابەقەی میلیتاریستی وئەتۆمی، چالاکیە ئابووریەکان لەسنورێکی کوێرانەو بێکۆنترۆڵی بەرهەمهێناندا، هاوکات گوێخەواندنی دەوڵەتەکان و کارتیلە ئابوریەکان لەپاڵ بلۆکە میلیتاریستیەکاندا، لەڕەوتی جەنگەکان وچالاکیە ئابوری و بازرگانیەکان.. ئەمانە بەکۆ ئاکامێکی ترسناکی لەسەر ئاستی گۆڕانی ئاو وهەوای سەرزەوی و خێرابوونی کاریگەریە وێرانکاریەکانی بۆ

داهاتوو و ژیانی مرۆڤایەتی هێناوەتە ئاراوە. کوردستان وەک بەشێک لەعێراق وناوچەی ڕۆژهەڵات کەبەردەوام مەیدانێک بووە بۆ گیرسانی جەنگە یەک لەدوای یەکەکان ئاسەواری خراپی لەسەر ژینگەی ناوچەکەو کوردستان بەجێ هێشتووە. لەلایەکی ترەوە مەسەلەی ژینگە کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ژیانو سەلامەتی هاولاتیاندا پەیوەندی پەیدادەکات، نەک هەر هیچ کاتێک نەبوتە مایەی سەرنجدانی دەسەڵاتدارانی کوردستان، بگرە وەک بابەتێکی فەرامۆشکراو مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و ئەگەریش قسەیەکی لەبارەوە کرابێ ئەوا کێشەکەیان خستۆتەوە سەرشانی هاولاتیان و لەژێرناوی نەبوونی "هوشیاری وکەمتەرخەمی تاک"دا کۆمەڵگایان لێقاوداوە. لەڕاستیدا وەڵام بە مەترسیەکانی ژینگە، وەڵامە بەسیستەمی سەرمایەداری وخەباتە بۆ بەرپرسیارکردنی دەسەلات و وابەستە کردنیەتی بەکۆمەڵەی ئەو یاساو بڕیارانەوە کەژینگەیەکی خاوێن و تەندروست و سەلامەت بەدوای خۆیدا دێنێ.

## سێهەم: هاندانی داهێنان و چالاکی فەرهەنگی چاکسازی لەراستای بەرهەم هێنانەوەی ناسیونالیزم وکۆنەپەرستیدا

لەچوارچێوەی باسی خزمەتگوزاریەکان و ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بەمافو ژیانی هاولاتیانەوەیە، پرۆگرام لە بەندێکی تردا مەسەلەی داهێنان و چالاکی فەرهەنگی دێنێتە کایەوە و سەرەتاش لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا، وێنایەکمان پێشکەش دەکات:

" هەرچەندە بازاڕەکانی کوردستان بەرەو کرانەوە دەچن، بەڵام هێشتا بازاڕی کتێب، چاپەمەنی، هونەر، شانۆ و سینەما گەشەیەکی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینیوە، تائێستا زۆربەی رۆشنبیران و هونەرمەندان و رۆژنامەنوسان ناتوانن خۆیان، بێ هاوکاریی دەوڵەت، بەرهەمی فیکری و هونەری پێشکەش بکەن و بە داهاتی بەرهەمەکانیان بژین. لەکاتێکدا ئەرکی حکومەتە هانی هەموو وزە و توانایەکی فیکریی و هونەریی بدات، تەنانەت ئەگەر سەربەخۆ یان بەرهەڵستکاری دەسەڵاتیش بن، کەچی بودجە گەورەکان تەنها بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن و پروپاگەندەی حیزبە دەسەڵاتدارەکان و سێبەرەکانیان تەرخان کراون. ئەو کاتانەش کە هاریکاریی دراوەتە ناوەندێک یان داهێنەرێکی سەربەخۆ، ئەو یارمەتییە لەپای هەڵوێستێکی سیاسیی دیاریکراو، یان لەپای بێدەنگی دراوە، یان هەڕەشەی لێکراوە بە بڕینی ئەو بەرژەوەندییە.

بزوتنەوەی گۆڕان بڕوای وایە دەبێت بڕێک لە بودجەی هەرێم بۆ سەرمایەگوزاریی ڕۆشنبیریی و هونەریی و میدیایی تەرخان بکرێت، پێداویستییە مادیی و مەعنەوییەکان بۆ ئەو داهێنەر و هونەرمەندانە دابین بکرێن کە خزمەتی کولتور و هونەری کوردیی دەکەن و زانیاریی شاراوە و ڕۆشنبیریی گەلان بە نەوەی نوێ دەناسێنن."

بەپێچەوانەی ئەم دەربڕینانەی سەرەوە، بازاری ئەمرۆی کتێب، ڕۆژنامەو گوڤار، هونەرو ئەدەب، میدیا وفەرهەنگ بەرادەیەک گەرمە کەدەستی سەرمایەداران و کۆمپانیا ئێرانی و تورکی ولوبنانیەکانیشی پێگەیشتووە، ئەمرۆ لە کوردستان ڕۆژانەو هەفتانە بەسەدان گۆڤار ورۆژنامە و کتێب و بڵاوکراوەی هونەری و وەرزشی، وەرگێران، لەپاڵ پیشەسازیەکی گەورەی میدیای ئەهلی

و حکومی و حزبیدا، مەودایەکی فراوانیان لە بەرهەمسازی فەرهەنگیدا خوڵقاندووە، بەپرادەی ئەوەی کە بەرهەمهێنانی فرەهنگ و ئەدەب وەک هەر کالایەکیتر سەدان و بگرە هەزارن نوسەرو رۆشنبیر و وەرگێر و رۆژنامەنوس و هونەرمەندانی خستۆتەگەڕ و سەرگەرمی ئەم بازارە کردووە، بەڵام ئەو فەرهەنگ و ئەدەبەی کەلەم دۆخەدا برەوی پەیداکردووە، فەرهەنگی دژە ئینسانی، دواکەت و دژی مۆدێرنیزم وپێشرەوی کۆمەڵایەتیە، فەرهەنگێکە کەزمانی نەتەوەییی بەسەر هەرجۆرە بەهایەکی ئینسانی و پێشکەوتوخوازیدا دێژکردووە و"ئەی ڕەقیب و ئاڵا" و جەنگی شێخ و مەلا وسەرۆک خێڵەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لەبری مێژووی "میلەتیک" داناوە. فەرهەنگێک کەدین و نەتەوەچێتی و سۆز و دەمارگیری ناموسپەرستی و ئەخلاقی، ڕەگەزپەرستی، نەژادپەرستی، پیاوسالاری و گەورەسالاری.. لایەنە سەرەکیەکانیەتی... بزوتنەوەی گۆران نەک نایەوێت ئەم ڕاستیانە ببینێت و وەک ڕەخنەگرێک لەبەرامبەریدا دەرکەوێ، بەڵکو بەگلەیی کردن لەدەسەلات، سەبارەت بەوەی کە"هێشتا بازاڕی کتێب گەشەی نەکردوە"، وەیان ئەوەی کە"ئەدیب و نوسەران و رۆشنبیران ناتوانن بەبێ کۆمەکی دەسەلات بەرهەمەکانیان بڵاوبکەنەوە" دەیەوێت هەقیقەتی فەرهەنگی باو داپۆشێ وڕێگای دووبارە بەرهەم هێنانەوەی بەناوی چاکسازیەوە بگرێتەبەر. بەلام نهێنی شاراوەی پشتی ئەم خۆلادان وخۆگێل کردنەی بزوتنەوەی گۆران لەکوێدایە؟

لەڕاستیدا فەرهەنگی زاڵ لەهەر کۆمەڵگایەکدا، فەرهەنگی ئەو چینەیە کەدەسەلاتی بەدەستەوەیە. پێچەوانە کردنەوەی ڕاستیەکانی کۆمەڵگاو ودانی ڕوانگەیەکی هەڵگەڕاوە لەسەر ئینسان و ئازادی، خۆشبەختی و یەکسانی، لەسەر ڕەوتی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و جێگای ئینسانی کارگەرو زەحمەتکێش، لەسەر جوانناسی وسروشت وئیستاتیکا، لەسەر خەبات و خودی مێژوو.. هاوکات هەوڵدان بۆ موقەدەس کردنی خاک ونیشتمان، نەتەوەو جەنگەکانی، بەدەستەوەگرتنی ڕەسەنایەتی نەژادی و ڕەگەزی و پیاوسالاری، لەپاڵ باوەڕ و سونەتەکانی ئیسلام.. هەموو ئەمانە کەبەم یان بەو ئاست لە بەرهەم و چالاکیە فەرهەنگیەکان و داهێنانەکانی ناسراوترین ڕۆشنبیر و نوسەر و هونەرمەندەکانی کوردستاندا بەدی دەکرێن، لەباوەشی ئەم دۆخەو دەسەلاتی چینی بۆرژوازی کوردو حزبە ناسیونالیستەکانیدا بەرهەمهاتوون وشوهرەتیان وەرگرتووە. کەبێگومان ئامانجیش لەم کردەیە بەرەوپێشەوە بردنی وەزیفەیەکە کەئەم فەرهەنگە باوەی چینی بۆرژوازی کورد بۆخۆی داناوە. وەزیفەیەک کەئینسان وئینسانی کرێکارو زەحمەتکێش لەئەسارەت و ژێردەستەییدا بهێڵێتەوە و ڕازیبکات. هەروەک ئەوەی کەچینی دەسەلاتدار لەهەرکۆمەڵگایەکدا هەمیشە هەوڵدەدات لەڕێگای فەرهەنگ وئەدەبو هونەرەوە و بەخستنەگەڕی ئیمکانات و بەمەسروفاتێکی زۆر لەسەرداهاتی خەڵک، باوەڕی کۆمەڵگا سەبارەت بەنەزم ونیزامی مەوجود، بەکەسایەتی وسەردار و حزبی باڵادەست، بەئایدۆلۆژیا و دروشم و ئالای ولات، بەرەگەزی باو .. بەو شێوەیە لەقاوبدات کە خۆیان باوەڕیان پێیەتی، چونکە ئەمە مەرجێکی بنەرەتیە هەم بۆ ڕازیکردنی زۆرینەی کۆمەڵگا و هێشتنەوەی دەسەلات و سیستەمی حوکمرانی، هەم بۆ بەئەبەدی کردنی جیاکاری چینایەتی..

دیارە بزوتنەوەی گۆران وەک ئەوەی کە حزبیکی ناسیونالیستیە، باوەڕو فەرهەنگی زاڵی کۆمەڵگا

بە باوەڕو فەرهەنگی خۆی دەزانێ و پێویستی بە رەخنە کردنێکی بنیادی نییە لێی چونکە هیچ کەس داری ژێر پێی خۆی نابڕێتەوە!!، بەتایبەتی کە فەرهەنگی زاڵی ئێستای کوردستان وەک ئەوەی فەرهەنگی چینی دەسەڵاتدار و حزبە ناسیونالیستەکانیەتی، بزوتنەوەی گۆڕان بەهی خۆی دەزانێ، یا لانیکەم لایەنگری وهاوبەشێتی لەگەڵیدا هەیە، هەر بۆیە ئامانجێکیش کە لەپشتی گلەییەکانیەوە کەلە دەسەڵات هەیەتی، ئەوەیە کەلەبەرگی چاکسازیدا، ئەم فەرهەنگە دواکەوتوو دژی ئینسانەی ناسیونالیزمی کورد لەکاریگەرترین ئاستیدا بیهێڵێتەوە و دوبارە لەکۆمەڵگادا ڕەواجی پێبداتەوە. بەڵام بابزانین ئەو خاڵانە چین کە پرۆگرام لەم پەیوەندەدا جێگیری کردوون:

١/ هەندێک لەخاڵەکان ئاڕاستەن بۆ "زمان و کەلتوری کوردی":

"- پشتیوانیکردن و پێشخستنی ئەدەب، هونەر، کەلەپور و زمانی کوردیی، پاراستنی ئاسەوار و شوێنە مێژوییەکان.

- کارکردن بۆ لێکنزیککردنەوە و یەکخستنی شێوەزارەکانی زمانی کوردی و پێڕەوکردنی یەک زمانی فەرمی لەسەر ئاستی هەرێم.

- بایەخدان بە زمان و کولتوری پێکهاتە و کەمینە نەتەوەیی و ئاینیەکانی کوردستان و پەرەدان بە مەڵبەندە رۆشنبیریەکانیان.

بێگومان ئەم خالانەی سەرەوە وەک ئەرکی دەسەڵات خراونەتەڕوو، بەڵام چەند ڕاستی دەردخەن لەوانە: یەکەم دەوڵەت و دەسەڵات بۆ دەبێ پشتیوانی وپێشخستنی ئەدەب و هونەر وکەلەپور بگرێتە ئەستۆ؟ پاشان کام ئەدەب و هونەرە، ئەدەبێک کەناسیونالیزم وئیسلام وکەلەپورێک کەفرەژنی وژن کوشتن ودواکەوتویی وجیاکاری ئینسانەکان بەپێی زمانیان بەدەستەوە دەگرێ، یان هونەروئەدەب و کەلەپورێک کەهەڵگری ناوەڕۆکێکی سکولاریستی و پێشکەوتوخوازی و ئینسان دۆستیە؟. دووەم ئایا "کارکردن بۆ لێک نزیک کردنەوەی شێوازەکانی زمانی کوردی وبەفەرمی کردنی وەک زمانێکی فەرمی هەرێمی کوردستان، هەنگاوێکی ئیجاری و زۆرەملێ نییە بەسەر زمانەکانی تری ناو هەرێم و ئەو خەڵکانەی کە بەزمانی کوردی قسە ناکەن؟ سێهەم، ئایا مانەوە لەئاستی "بایەخدان" بەزمانەکانی تر بەو دەلیلەی "کەمینەی نەتەوەیی و ئاینین" ناکاتەئەوەی هاولاتیانی ئەم"پێکهاتانە" پلەدوو بکرێن؟ ئایا ئەمە هەر ئەو تێڕوانینانە نیە کەپارتی و یەکیەتی بۆ کەلتور و زمان و ئەدەبی کوردی هەیانە؟

٢/ لەبارەی ئازادی ڕادەربڕین ڕەخنە گرتنەوە لەخاڵێکدا پرۆگرام دەڵێت:

"- بەرپەرچدانەوەی هەمو ئەو بڕیار و ئاکار و رەفتارانەی دەبنە هۆی پێشێلکردنی ئازادیی ڕادەربڕین و بیروباوەڕ، ئازادی ویژدان و رەخنەگرتن."

بەراستی بوونی ئەم خاڵە لەپرۆگرامی بزوتنەوەی گۆڕاندا جێگای سەرسورمانە وپێدەچێت لەدەست دەرچوبێت، بەتایبەتی بۆ حزبێک کە نەک هەر پابەندبوونی خۆی بە سکولاریزم و ئازادی بیمەرجی ڕەخنەو ئازادی بەیان، دەرنەبڕیوە، بگرە وەک حزبێکی ناسیونالیست چەمکەکانی خاکی نیشتمان، نەتەوەی کوردو کوردایەتی، ئەزمون و دەستکەوتەکانی نەتەوەی کورد... بنەما وچمکە پیرۆزکراوەکانیەتی و بەرۆشنی ڕاشی گەیاندووە کەبە سەوابیتە ئیسلامیەکانەوە پابەندە، لەحاڵێکی

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

ئاوادا ئیتر کێ ئەو قسەیە بەجدی و بەڕاستی وەردەگرێت کاتێک دەڵێت پرۆگرام دەلێت: "بەرپەرچدانەوەی هەمو ئەو بڕیار و ئاکار و رەفتارانەی دەبنە هۆی پێشێلکردنی ئازادیی رادەربڕین و بیروباوەڕ، ئازادی ویژدان و رەخنەگرتن"!. ئایا نوسەرانی پرۆگرام دەتوانن بەو حەماسەو بەوجدی بوونەوە کەلەم خاڵەدایە، ئازادی ڕەخنەگرانێک لەئیسلام وباوەرە قەومیەکان بسەلمێنن وپشتگیری لێبکەن؟ لەڕاستیدا کارنامەو هەڵسوکەوتی حزبی گۆران لەبەرامبەر هەڵمەتی ئیسلامیەکان و ئەوانەی لەدژی "ئالا کوردستان" رەخنەیان گرت، بەسە بۆ بەدرۆ لەمەحەکدانی ئەوەی کە بزوتنەوەی گۆران سەبارەت بەخۆیی وئازادی ڕەخنەو بیروباوەر دەیڵێت.

٣/ باقی خاڵەکانی تر کە لەم بەندەدا هاتووە، لەنمونەی "پاداشت کردنی نوسەران و..."، "هاندان وکردنەوەی دەزگای فەرهەنگی"،"خانەنسینی کردن وبەخشینی دارایی" و.. نوێنەرەوەی ئەوەن کە حزبی گۆران بەشوێن ڕاکێشانی نوسەران و ئەدیبان و هونەرمەندانەوەیە بۆ ژێر باڵی خۆی، بەتایبەتیش لایەنگری ئەم نوخبەیە لە مونافەسەی هەڵبژاردن و دەنگدانەکاندا ئەو سەرمایەیە کە ئەم توێژە، بزوتنەوەی گۆڕانی ناچار بەدانی وەعدەو بەڵێن کردووە. بەڵام تەواوی ئەم ئامانج ومەبەستەی بزوتنەوەی گۆران شتێک نییە جگەلە دوبارە بەرهەمهێنانەوەی فەرهەنگی کۆنەپەرستانەی ناسیونالیزم و ئیسلامی وسەرەنجام داسەپاندنەوەی بەسەر کۆمەڵگادا.

## چوارەم: ئازاد کردنی کۆمەڵگای مەدەنی و کاراکردنی رێکخراوە ناحکومیەکان

لەدواین بەندی ئەم تەوەرەیەدا پرۆگرام دێتە سەر بابەتی "کۆمەڵگای مەدەنی و ڕیکخراوەکانی"، بەڵام بەر لەوەی بگەڕیینەوە بۆ پرۆگرام تابزانین لەم پەیوەندەدا چیمان پێدەڵێت، سەرەتا بۆ بەرچاو ڕوونی خوێنەر بەپیویستی دەزانین کەمێک لەسەر خودی چەمکی "کۆمەڵگای مەدەنی" ڕاوەستین و ئاماژە بەوە بدەین کە ئەم باسە چۆن لە کوردستان سەری هەلداو لەپەیوەند بەچ هەلومەرجێکەوە، لەلایەن حزبەکانی کوردستانەوە بەدەستەوە گیرا.

بەشێوەیەکی گشتی چەمکی "کۆمەڵگای مەدەنی"، لەمێژوودا لەپەیوەند بەسەرهەڵدان و جێکەوتنی کۆمەڵگای نوێی بۆرژوازی و لیبراڵەوە وەک یەکێک لەچەمک وباوەڕەکانی سەدەی هەژدەهەم، لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا سەری هەڵدا وخۆی لەنێو باوەڕە فەلسەفی و کۆمەڵناسی و ئەدەبیەکاندا جێگیر کرد، کەلە بنەڕەتدا پێداویستیەکی ئایدیۆلۆژی، قانونی وفکری بوو لەکردەی ڕامالینی پاشماوەکانی سیستەمی دەرەبەگایەتی وخەسڵەتەکانی دەمارگیری ئاینی، ناوچەگەرێتی، دەسەڵاتی میلیشیای ونۆرمی باجگیری ناوخۆیی وهەمو ئەو بەهاو سونەتانەی کەبەربەست بوون لەبەردەم پەرەسەندنی سەرمایەداری و نیزامێکدا کە ئەم پەرەسەندن و پێشکەوتنەی خاو دەکردەوە، بەم جۆرەش خودی ئەم چەمکە ئەگەرچی وێنای کۆمەڵگایەکی قانونی و ڕێساکانی دەسەڵاتدارێتی بۆرژوایی وێنا دەکردەوە، بەلام لەباری مێژوییەوە لەهەر دەورەیەکدا و لەژێر سایەی گۆڕانکاریە سیاسی و قانونی و فەرهەنگیەکاندا، وەک ڕەنگدانەوەیەک لەڕەوتی بەرەوپێشەوە چوونی ئابوری سەرمایەداریدا لەلایەن بیرمەندانەوە ئاراستەبووە بۆ وەزیفەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی تایبەت و دیاریکراو، بۆ نمونە ئەم چەمکە لای جۆن لاک، هیگل ومارکس ناوەڕۆکی جیاوازیان هەیە و

هەریەکە بەجورێک مانایان لێداوە بەدەستەوە. بەداخەوە ئەم بابەتە لێرەدا جێگای نابێتەوە کەلەوە زیاتر لەسەری بچین، بەلام ئەوەی کە ئەم باسە لەپەیوەند بەچ دۆخ و واقعیەتێکەوە گوێزراوەتەوە بۆ کوردستان و لەم پرۆسەی گوێزانەوەیەدا چ مانا و بەکارهێنانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ پەیدابووە، بابەتێکە ڕاوەستان لەسەری دەخوازێ.
دەستەواژەی کۆمەڵگای مەدەنی وەک دیاردە و باسێکی بەربڵاو بەدوای ڕۆخانی بەعس و سازدانەوەی دەوڵەت لە عێراقدا و هاوکات گرێدانەوەی کوردستان بە دەوڵەتی تازەوە، لەبەرگی فیدرالیزمدا، کەوتە سەر زاری کۆمەڵگاوە. ئەو کات مەسەلەی دیموکراسی، پەرلەمان و نوێنەرایەتی کردنی ناسنەمە دروستکراوە ئیتنیکی و ئاینی و تیرە و ڕەگەزەکان بنەمای پلورالیزمێکی سیاسیان لەژێر سایەی داگیرکاری و میلیتاریزمی ئەمریکادا ساغکردەوە، تا هەلومەرجیکی ئارام بۆ بەگەڕخستنەوەی چەرخەکانی بەرهەمهێنان ئامادە بکاو کۆمەڵگای سەرمایەداری، سەرپێ بکەوێتەوە. بەڵام خاڵی جەوهەری لەتەواوی ئەم پرۆسەیەدا، دورخستنەوەی کۆمەڵگایە لە ڕەوتی شۆڕشگێرانە و چەپگەرایی و جێخستنی پەیامی ئاشتەوایی چینایەتی و ڕێگەی ئاشتیخوازی بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لەڕێگای پەرلەمان و سندوقەکانی دەنگدان و یاساوە. لەم پەیوەندەدا "چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوەکانی" وەک ئەلقەیەکی تەواوکەری ئەو جۆرە دیموکراسی و پەرلەمانیەی کە ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە کۆمەڵگای دوای جەنگدا هێنایانە کایەوە، بەدەستەوە گیرا، تا "دەوڵەتی یاسا و دەستور" بچەسپێنێ. بەتایبەتی کەداگیرکاری ئەمریکا و ئامادەبوونی سەربازی لە عێراق و کوردستان تەنها دەرکەوتنێکی سەربازی نەبوو، بەڵکو لەگەڵ خۆشیدا چەمکگەلێکی لیبرالی لەجۆری "کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوەکانی" و هەمو ئەو سوننەتانەی کە لەژێر پەرچەمی دیمکراسی و خەباتی پەرلەمانی و قانونیدا کۆدەبوونەوە، هێنایە ناوچەکە و کوردستانەوە، کە هەر لە سەرەتاوە لەلایەن ئیلیتی ڕەوتیکی لیبرال و ریفۆرمیستی لایەنگر بە ناسیونالیزمی کورد و دەسەڵاتەکەی پێشوازی لێکراو بەدەستیانەوە گرت. بزوتنەوەی گۆران وەک حزبیک کە دواتر لە باوەشی یەکیەتیەوە لەدایک بوو، لەهەموان زیاتر بووە جێگەی کۆبوونەوەی ئەم نوخبەیە و ئەو ڕەوتە لە ڕۆشنبیرانی لیبرال و پاشان لەچەقی ئەم هەلومەرجەدا جێگای گرت و وەک حزبێکی پەرلەمانتاریستی و ریفۆرمیزمی بۆرژوایی، بە بانگەشەی "سەروەری یاسا و دەسەڵاتی یاسا"وە بەپیر پرۆژەی "کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوەکانیەوە" چوو، بۆ ئەم حزبە کە موخالەفەتێکی بە بنەماکانی ناسیونالیزم و دەسەلاتەکەی نیە، ئەم پرۆژەیە بەشێوەیەک لەشێوەکان بۆ مانا کردەنەوەی ئازادی و ئازادی ڕێخراوبوون و مافە فەردی و مەدەنیەکان کە بەجۆرێک لەگەڵ سیستەمی دەسەلاتداریتی و جوڵانەوەی ناسیونالیزمدا بگونجێ، بەدەستەوە گیرا و دواتریش لایەنەکانی تر لەبەرەی ئۆپۆزسیۆندا پێیان نایە نێو ئەم پرۆژەیەوە، تا بەهەمویان چوارچێوەیەک بۆکاری قانونی و ڕێگە پێدراو وەک ئەوەی چینی دەسەلاتدار سنوری بۆ کێشاوە، لەبری ئازادی لەکۆمەڵگادا جێگیرکەن. هەروەها ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ناحکومی، کەمپینەکان و ۆرکشوپ و کۆنفرانسەکانی ئەم تەقلیدە، لەبری ئازادی پێکهینانی ڕێکخراوەی جەماوەری ڕادیکاڵ و ناڕازی لەشوێنی کارو ژیاندا، وەک بەدیلێک بخەنە پێشپای کرێکاران و خەڵکی مەحرومی

کۆمەڵگا. سەرەنجام لە پێداویستیەکانی ئەم هەلومەرجەوە بوو کە "کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوەی کۆمەڵگای مەدەنی" بەحەماسێکی زۆرەوە لەلایەن ئەحزابی ئۆپۆزسیۆنەوە داکۆکی لێکرا وخودی دەسەڵاتیش لەپێشوازی کردنیدا وەک نیشانەیەک لەبەرقەرای دیموکراسی پەسەندی کرد وبەم جۆرەش لە هەر دوو سەری ئۆپۆزسیۆن و دەسەلاتەوە بەدەستەوە گیرا. ئێستا بابزانین پرۆگرام لەم بارەوە چیمان پیدەڵێت:

"ئەزمونی گەلانی شارستانی سەلماندویەتی دروستبونی کۆمەڵگەی مەدەنی یەکێکە لە مەرجەکانی دروستبونی هەر قەوارەیەکی نیشتمانی بەهێز. کۆمەڵگەی مەدەنی یەکێکە لە ئەڵقە گرنگەکانی پەیوەندیی نێوان تاکەکەس و دەوڵەت، بەدەر لە ئینتما ناوچەیی و کۆمەڵایەتییە بەرتەسکەکانی مرۆڤ، ئینتمایەکی گەورەتر لەسەر ئاستی قەوارەی نیشتمانی بۆ تاکە کەس دروست دەکا. کۆمەڵگەی مەدەنی، تاکەکەس بە هەردو ڕەگەزەکەوە، لە باڵادەستی دەسەڵاتی سیاسی و نەریتە کۆمەڵایەتیە نەخوازراوەکان دەپارێزێ، هاوڵاتیی ئازاد و بەرپرس بەرامبەر ئەرکە گشتییەکان دروست دەکا.

بزوتنەوەی گۆڕان بڕوای وایە ئازادکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئازادکردنی سەندیکا و کۆمەڵە و ڕێکخراوە ناحکومییەکان، بەشداری پێکردنیان لە پرۆسەی گوشار و چاودێریکردنی داموەدزگا کۆمەڵایەتی و کارگێڕیی و سیاسییەکاندا خزمەت بە ژیانی سیاسی و دیموکراتی دەکا، بەرپرسیارێتی گشتی دابەش دەکا بەسەر زۆربەی گروپە کۆمەڵایەتیەکاندا."

لەپەیوەند بەم دەربڕینانەوە چەند سەرنجێک بەپێویست دەزانین:

١/ " قەوارەیەکی نیشتمانی بەهێز".. ئێمە دەپرسین ئەزمونی کام "گەلانی شارستانی" سەلماندویەتی دورست بوونی کۆمەڵگای مەدەنی مەرجی دورست بونی هەر قەوارەیەکی نیشتمانی بەهیزە! ئەم حوکمە چۆن و بەچ مانایەکە!، بەتایبەتی کە بزوتنەوەی گۆڕان لە چەمکی کۆمەڵگای مەدەنیدا، ناچێت بەلای هەڵگرتنی پاشماوەکانی دەسەلاتدارێتی کۆن و دواکەوتویی فەرهەنگی وخێڵەکی و کۆمەڵایەتیەوە، بگرە تەنها لایەنی ڕێکخراوەکانی وەرگرتووە و بە یەکجاری بابەتگەلێکی وەک: مەدەنیەتی کۆمەڵگا، دەستبەردار بوونی دەمارگیری نەتەوەیی و ئاینی ڕەسمی، مافی هاوڵاتی بوونی یەکسان و تیۆەری ماف، پارێزراو بونی ماف و ئازادیی تاک و قەدەغە کردنی دەخاڵەتی دەوڵەوت و لایەنەکان لەژیانی تاکدا، جیایی دین لە سیستەم و یاسا و پەروەردە.. هەموو ئەمانە کەبە"چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی وبەمەدەنی کردنی دەسەلاتەوە" پەیوەست دەبنەوە، بەفەرامۆشی سپێردراون و جێگایەکیان نییە لەو هەموو هەراو هوریاو پێداهەڵدانەی کە ئەم حزبە بەسەر "کۆمەلگای مەدەنی"دا دەیکات!.

٢/ "پەیوەندی نێوان تاکو دەوڵەت".. تێگەیشتنی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی بەو هۆیەوە سنورداره چونکە لەئاستی "ئازادی ڕیکخراوەکانیدا"، دەیهێڵێتەوە و لەواتای خودی مەدەنی کردنی کۆمەڵگا دادەبڕێ، بەم پێیەش پەیوەندی نێوان تاکو دەوڵەت لەهەمان بازنەی دەسەڵاتی حزبە ناسیونالیستەکاندا دەهێڵێتەوە و هەر لێرەشدا پێناسەی بۆ دەکات. لەکاتێکدا

پەیوەندی نیوان تاکو دەولەت، وەک ئەوەی کەجۆن ستیوراد میل، باوکی ئازادی تاک و فەردیەت لەکۆمەلگای مەدەنی بۆرژوازیدا، باسی لێوەکردووە، مەسەلەیەک نییە بەجیا لە سکولاریزم ولێدان لەپاشماوەکانی سەردەمانی دەرەبەگی و خێڵەکێتی و.. تێگەیشتنێکی ئاواش بۆ چەمکی "کۆمەڵگای مەدەنی" بە یەکجاری پرۆژەی ناسیونالیزم، نەتەوە و نیشمان تێدەپەڕێنێ. هەر بۆیە ئەتوانین بڵێین کە مەبەستی بزوتنەوەی گۆڕان لە"پەیوەندی نێوان تاک ودەوڵەت" هەمان "تاکی نەتەوەیی" وهەمان "دەسەڵاتی ناسیونالیزمە" کەپێچاوەنەیە بەمەدەنیەتی کۆمەڵگاو مافو ئازادیە فەردەیەکان.

٣/ 'کۆمەڵگای مەدەنی هەر دوو ڕەگەز دەپارێزێ".. ئەم دەربڕینە درۆیەکی شاخدارە، ڕێژەی تاوانەکانی توندوتیژی بەدژی ژنان وکوشتنی ژنان بە بەهانەی ناموس لەژێر سایەی لەئارادا بوونی دەیان ڕیکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی و کەمپین و ۆرک شۆپەکانیدا، نەک هەرتاکی ژنان پارێزراو نەبووە، بگرە هێشتا لەبەردەم ڕوداوە تراژیدیەکاندا ڕاگیراون. بەڵام بزوتنەوەی گۆڕان بەهێنانەوەی ئەو بۆچوونەی کە گوایە "کۆمەڵگای مەدەنی هەردوو ڕەگەز دەپارێزێ" دەیەوێت مەسەلەی بەڕەسمی ناسینی یەکسانی ژن و پیاو لەیاساکانی دەسەڵاتدا بەفەرامۆشی بسپێرێ و بۆسەر ئاستی کاروباری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بیهێنێتە خوارەوە.

٤/ ئازادی سەندیکاو کۆمەڵەو ڕیکخراوە ناحکومیەکان.. لەمەشدا تەنها مەبەست ئەو ڕێکخراوانەیە کەلە چوارچێوەی ڕێپێدراوی قانونی و پەرلەمانیدا بەشوین ریفۆرمە ناچیزەکانەوەن، کەئامانج لێیان قەدەغەکردنی ڕێکخراوەی جەماوەی رادیکاڵ وشۆڕشگێرانەیەو تۆمەتبارکردنیانە بەئاژاوەگێڕ وهەڵگری توندوتیژی.بەلام بابزانین پرۆگرام لەم بارەیەوە سنوری چاکسازیەکانی بۆ کوێ ئاڕاستەیە:

لەخاڵی یەکەمدا هاتووە:

"- بەهێزکردنی دەوڵەتی یاسا بە ئاراستەی پاراستنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەر پێشێلکاریەکی ناشارستانی و ناشەرعی لەلایەن دەزگا نەریتی و حیزبی و سیاسییەکانەوە."

لەسەر ئەم خاڵە ئێمە دەپرسین ئایا "پاراستنی کۆمەلگای مەدەنی" لەسایەی "دەوڵەتێکی یاسا" دا دەکرێ کەپشتی بەهێزی میلیشیایەوە دابێ و قاچەکانی لەسەر سەری دەیان "دەزگای نەرێتی"، لەوانە حزب و گروپە ئیسلامی و قەومیەکان، وەزارەتی ئەوقاف، توڕی مزگەتەکان، و بانکی ئیسلامی و چەندین پەیمانگا و ناوەندی خوێندنی ئاینی.. ڕاگیر کردبێت؟ ئایا دەوڵەتێک کەیاسای فرەژنی دەرکردبێ و تائێشتاش کار بە یاسای لەسیدارەدان بکات، ئەتوانرێ چاوەڕوانی "پاراستنی کۆمەڵگای مەدەنی" لێبکرێ؟. بزوتنەوەی گۆڕان کاتێک باس لە بەهیزکردنی دەوڵەتی یاسا دەکا و لەولاشەوە مانەوەی هەموو ئەم پێکهاتوە نەرێتیانە بەدەست لێنەدراوی پەسەند دەکات، بەپێویست وێنای جۆرە "کۆمەڵگایەکی مەدەنی"مان پێشکەش دەکات کەلە پێناسەدا بەووشەکان مەدەنیە بەڵام لەواقعدا کۆمەلگایەکە کەبەپێی هەمان کۆکتێل لەسونەت و باوەڕ و پێکهاتووە نەریتەکانی دەسەڵاتداریتی ئەحزابی ناسویتالیستی وئیسلامی بەڕێوەدەچێت.

لەچەند خاڵێکی تردا هاتووە:

"- هاوکاری کردن و هاندانی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (سەندیکا،

کۆمەڵە، فیدراسیۆن و گروپەکانی فشار) بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی چاودێریکردن و دروستکردنی گوشار لەسەر پەرلەمان و دەزگا حکومیی و دادوەریەکان."

- بەرەنگاربونەوەی ئەو کۆششانەی کە پارەی دەوڵەت و موڵکی گشتی بەکاردەهێنن بەمەبەستی بەهێزکردن و سەپاندنی دەسەڵاتی سەندیکا و ڕێکخراوە حیزبییە تایبەتەکان.
- کارکردن بۆ دامەزراندنی دەستەیەکی نیشتمانی سەربەخۆ، بەدەر لە دەسەڵاتی حکومەت، بۆ پشتیوانیکردنی ڕێکخراوە مەدەنیەکان بەگوێرەی پرۆژە و چالاکی و قەبارەیان، نەک بەگوێرەی ئینتمای سیاسیی ئەندامەکانیان.

ئەم خاڵانەی سەرەوە بەڕۆشنی سیاسەتی گۆڕینی ڕێکخراوەی سەربەخۆی جەماوەرەیە بەجۆرێک لەو ڕێکخراوەنەی کە کەوتونەتە شوێن تەعدیل کردن و هەڵگرتنی ناتەواویەکانی دەسەڵاتەوە. یانی ڕێکخراوگەلێک کەکاریان دەلالی و ناوەندگیریە لە نێوان جەماوەری ناڕازی و دەزگاکانی دەسەلاتدا، لەژێر ناوی "فشارهێنان بۆ دەسەلاتو پەرلەمان"دا.

لەڕاستیدا بزوتنەوەی گۆڕان نە مەسەلەی کۆمەڵگای مەدەنیە و نە باوەڕی بەوەیە کە بەهاو سونەت و ئەخلاقیاتی مۆدێرن و ئاستێک لەمەدەنیەت لە کوردستاندا جێگیر بکات، تەنانەت بەو پێوانە بۆرژواییانەی کەلەسەدەی هەژدەهەمدا پێناسەی بۆکرابێت، بەڵکو ئامانجی ئەو لەباسی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوەکانی ئەوەیە کەئەم پێکهاتوانە وەک میکانیزمێک بۆ کۆکردنەوەی دەنگ لەسەردەمانی هەڵبژاردنەکاندا بەدەستەوە بگرێ و دواتریش وەک "گروپی فشار" لە کێشمەکێشەکانیدا لەگەڵ دەسەڵات و حزبە نەیارەکانیدا بەکاریان بەرێ، هاوکات لەڕێگای ئەم ڕیکخراوانەوە، سواری شەپۆلی نارەزایەتی بەشەکانی کۆمەڵگا ببێ و بەپێی سیاسەتەکانی خۆی لەهەر دەورەیەکدا جڵەوی نارەزایەتیەکان لەدەست بگرێ. کۆمەڵگای مەدەنی ڕەنگدانەوەی دەسەڵات و دەوڵەتی مەدەنییە.. کاتێک حزبی گۆران ئەزمونی دەسەلاتداریتی ئێستا بەدەستکەوتی "هەموو گەلی کوردستان" قەبوڵ دەکاو لەهەوڵی ئەوەدایە دامو دەزگای میلیشیای و نەریتی دواکەوتوانەی ئەم سیستەمە "بەنیشتمانی" بکاتەوە، کاتێک کە ئەم حزبە یاساکانی ولات بەپێی سوابتی ئیسلامی دەگونجێنێ، کاتێک کە حزبی گۆڕان لەبری دەوڵەتی سەربەخۆ، کەوتۆتە شوێن "هەرێمێکی بەهێز"ەوە.. بەپێویست باسی کۆمەڵگای مەدەنی و چاکسازیەک کە لەم پەیوەندەدا هێناویەتە کایەوە، جگەلە جوان کردن و تەعدیل کردنی دەسەلات و سیستەمێکی حوکمڕانی حزبە بۆرژوا ناسیونالیست و ئیسلامیەکان شتێکی تر نیە. کرێکاران وخەڵکی مەدەنی کوردستان ئەگەر بەکردەوە بەدوای واتای واقعیانەی دامەزراندنی "کۆمەڵگای مەدەنی"وەن دەبێ ڕوو لەخەباتێک بکەن کەخواستی کۆتایی هێنان، بەم دەسەڵاتە و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی نە قەومی و نە مەزهەبی کردبێتە ئالای دەستی خۆی.

لیرەدا ئەم باسە تەواودەکەین ولەبەشی داهاتوودا لەسەر "دادی کۆمەلایەتی" ڕادەوەستین..

... ماویەتی



ئــــالآ فــەرەج

# فیمینیستی ڕۆشنگەری چی پێیە بۆ ژنانی کوردستان؟

## وتووێژ لەگەڵ ئالآ فەرەج سەبارەت بە مانیفێستی فیمینیستی ڕۆشنگەری

ئەمەی بەردەستان وتووێژێکە لەگەڵ ئالآ فەرەج سەبارەت بە مانیفێستی فیمینیستی ڕۆشنگەری. دیدگا بە پێی بوار لەم ژمارەیەدا چەند لایەنێکی ئەم مانیفێستە ئەخاتە بەردەم پرسیار و ڕەخنەوە.

دیدگای سۆشیالیستی: با سەرەتای پرسیارمان سەبارەت بە فیمینیزم بێ بە شێوەیەکی گشتی. ئەم ماوانەی دوایی باس لە فیمینیزم و بزووتنەوەی فیمینیستی ئەکرێ لە کوردستان. هەندێك لە هەڵسوڕاوانی ژنان وا قسە ئەکەن کە تا ئێستا لە کوردستاندا فیمینیزم بەو مەفهومەی ئەوان ئەیڵێن بوونی نەبووە کە بزووتنەوەیەك بێ لە ژنانەوە بۆ ژنان. بە ڕای ئێوە فیمینیزم چییە و جیاوازی ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژناندا چیە؟ گەر بە گشتی چوارچێوەی ئەم باسە بکەن سوپاستان ئەکەین.

**ئالآ فەرەج:**

سەرەتا ئەگەربمانەویت بە گشتی باسی بزووتنەوە فیمینیستیەکانی ژنان بکەین ئەوا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی سەرهەڵدانی ئەم بزوتنەوەیە و بە تایبەتی سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم

## فیمینیستی ڕۆشنگەری چی پێیە بۆ ژنانی کوردستان؟

بزووتنەوەکانی ژنان لە ئەوروپای ڕۆژئاوا بۆ داواکردنی مافەکانیان کە خاوەنی داواکاری دیاریکراوی خۆیان بوون، وە بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیان بوو لە بوارە ئابووری و سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتییەکاندا. لەو قۆناغە مێژووییەی کە نیزامی سەرمایەداری و دەوڵەتی بۆرژوازی وڵاتانی ئەوروپا بۆراگرتن و مانەوەی دەسەڵاتیان ، زەرورەتی بە وجود هێنانی ڕەوت وڕێکخراوە فیمینیستیەکانیان کردە جێگری بزووتنەوە یەکسانیخوازەکانی ژنان! هەڵبەت سەرەتا ئەوەیان دا بەرووی کۆمەڵگادا کە گوایا هۆکاری نایەکسانی سەرچاوەکەی پیاوانن و پاشان فیمینیستی لیبرالی و وجودی و فیمینیزمی رادیکالی و سۆسیالیستی ورۆشنگەری و پاشان چەندین باڵی تر دروست بوو تەناتەت فیمینیزمی مارکسیشیان دروست کرد.

با بێینە سەر کوردستان و ئەوەی هەندێک لە هەڵسوراوانی ژنان ئەیانەوێت ئەم بابەتە بکەنە پرسی ژنان و بە کۆمەڵگای ئەناسێنن و لە میدیا و راگەیاندنەکاندا دیعایەی بۆ ئەکەن و باقی رێکخراوەکانی تری ژنان بە پاشکۆ و دەستکردی حیزبەکانیان ئەزانن و بزووتنەوە فیمینیستەکەیان لە ژنانەوە بۆ ژنان بە تاکە ئەڵتەرناتیڤ ئەبیننەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان. کۆمەڵگای کوردستان وەک هەر کۆمەڵگایەکی تری جیهان نیزامی سەرمایەداری حوکم ئەکات و کۆمەڵێک ئەحزابی عەشیرەتی و بنەماڵە و سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیای گەورە حوکم ئەکەن،

ژنان بەگشتی و ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش بەتایبەتی لە هیچ جۆرە مافێکی ئینسانی بەهرەمەند نین وە هیچ بیمە و خزمەتگوزاریەکیان نییە و بەڵکو لە باری کۆمەڵایەتیشەوە بە پلە دوو و نزم سەیر دەکرێن.

مەسەلەی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان واتە باس لەسەرئینسانی بوونی ژن و پیاو لە هەموو بوارەکاندا. سەرەڕای ئەوە، ئێمە لەسایەی ئەم نیزامەدا کە هەوڵ دەدەین یاسای یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا پیادەبکرێت، بەتایبەت لە کوردستان کە ژن بۆتە کۆیلە و دەکڕدرێت و دەفرۆشرێت وەک هەر کاڵایەکی بازرگانی تر، چ ئەوکاتەی کە هاوسەرگیری دەکات لەگەڵ پیاودا، چونکە هاوسەرگیری ئێستا پرۆسەی کڕین و فرۆشتنە لە نێوان دوو لایەندا، لە مارەییەوە بگرە تا دەگاتە خوازبێنی لە خێزانەکەی و نیشانەکردنی. بەمەبەستی بێ بەشکردنی ژن لە ئازادی و توندکردنەوەی زنجیرەکانیەتی. ئێمە هەوڵی بەدیهێنانی یاسای یەکسانی نێوان ژن و پیاو دەدەین لە ڕێگای خەباتی جەماوەرییەوە کە ژن و پیاو هاوبەشن تیایدا، و لەم ڕێگایەوە سەپاندنی بەسەر دەسەڵاتدا، ئەمە بەشێکە لە هەوڵ و خەباتی بەردەوامامان .دەکرێت بڵێین کە لە ناوچەیەکی وەک کوردستان و وڵاتانی دواکەوتوو بەناو ئیسلامیدا، مەسەلەی یاسای یەکسانی ژن و پیاو بەستراوەتەوە بە ڕاماڵینی ئەم دەسەڵاتانەوە، بەڵام یاسای یەکسانی ژن و پیاو بەشێوەیەکی گشتی، دەکرێت لەسایەی نیزامێکی بورژواییدا جێبکەوێت، بسەپێنرێت بەسەریدا. مەبەستم لە یاسای یەکسانی نێوان ژن و پیاو، ئەوەیە: یەکسانیە لە هەموو مەیدانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و فەردیەکاندا. ئەمە بە واتای گۆڕینی یاسای باری کەسێتی یە، بۆ یاسای یەکسانی نێوان ژن و پیاو لە هەموو مەیدانەکاندا، لە بەخێوکردنی منداڵەوە تا یەکسان بوونیان لە شایەتیدا لە دادگا و تا

یەکسان بونیان لە مافی میراتدا، هەورەها یەکسان بوونیان لە دیاریکردن و هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان و مافی جیابوونەوەشدا. یاسای یەکسانی، مانای بەرزکردنەوەی پێگە و هەیبەت و ئۆتۆریتەی ژن و لابردنی پلە دوویی ئەوە لە کۆمەڵدا. لە کوردستاندا ئەم مەسەلەیە بە ئامانج ناگات بەبێ ئازادکردنی دەوڵەت لە دین، واتە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و خوێندن و پەروەردە و دەسەلات، وە ئەمە بەشێکە لە هەوڵی ئەو تێکۆشەرانەی خەبات دەکەن لە پێناو مافی هاوولاتیبونی یەکسان لە هەموو بوارە جیاجیاکانی ژیاندا.

**دیدگای سۆشیالیستی: پلاتفۆرمی دابڕان شتێکی ڕاگەیاندووە بە ناوی فیمینیستی ڕۆشنگەریەوە و مانیفێستێك لە ناوەندی ڕابەرایەتیەکەیەوە بڵاوکراوەتەوە. لەم ژمارەیەی دیدگای سۆشیالیستیدا ئەمانەوێ بە گوێرەی بوار هەندێ لایەنی بدەینە بەرباس. ڕای ئێوە لەسەر ناوەڕۆك و جەوهەری ئەم مانیفێستە چییە؟ پێمان باشە دەست بخەنە سەر ئایدیا و ئایدیاڵی پشت ئەم مانیفێستە.**

**ئاڵا فەرەج:**

پێم باشە پێش ئەوەی رای خۆم لەسەر ناوەرۆک و جەوهەری ئەم مانیفێستە دەرببڕم، ئەبێت ئەوە بۆ خوینەر رۆشن بێت کە کاتێک ناوەندی رابەرایەتی فیمینیزمی رۆشنگەری ئەم مانیفێستە بڵاو ئەکاتەوە ئەو هۆکارە سەرەکیانەی خۆیان دایان رشتوە بۆ زاڵکردنی ئەم رەوتە لە بزووتنەوەی ژنان چین؟ واتە ئەم مانیفێستە بۆچی، بۆ خاوەنی ئەم پرۆژەیە لەم کاتەدا ئەمە ئەخوازێت؟

لە پلاتفۆرمی دابران ئەم هۆکارانە دەهێننەوە : ( لەم سەردەمەی جیهانگیریدا، فیمینیستی رۆشنگەر ، دەبێت ببێتە خاوەن پرۆژەی فیمینیستی نوێچەشن، ئەرکەکانی بەدیهێنانی مافە هەتا ئێستا بەدی نەهاتوەکانیان پێویستی بە جیهانبینی نوێیە، چونکە سەدەی رابردوو سەدەی ئامانج گەلێکی دیاریکراوی فیمینیزم بوو ، سەبارەت بە ژنان لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا. دەرکەوت نە حکومەتەکان نە حیزبەکان نە ریکخراوەکانی ژنان، لەم سەردەمەدا بەو بەرنامە و چالاکی و پرۆژانەی سەردەمی **جەنگی سارد** ، بە هۆی فەلسەفەی حکومرانی و خۆپاریزی حیزبەکان وهەژموی ئایین ومەزهەب و خۆشگوزەرانی گشتیەوە، چیکە دەرفەتی بەدیهێنانی مافی زیاتریان ، هەتا دێت ، کەمتر دەبێت. بۆیە ئیدی **گۆرانکاری فراوانی کۆمەلایەتی ، پێویستی بە جیهانبینی فیمینیستی هاوچەرخە)!**

هەروەها خاوەنی ئەم پرۆژەیە وای ئەبینێت کە ( کوردستانی باشور لە دەهەی رابردودا سیستەمی دیموکراسی هێواش بوە و ئیستا ژنان لەم ریگەی فیمینیزمی رۆشنگەرەوە، کۆمەڵگاو دیموکراتی گەشە پی ئەدەن و لەم ریگەیەوە ژنان یەکسانی راستەقینە لە گشت بوارەکاندا بە دەست دیێنن......)

ئەوەندەی ئاگادارم سەبارەت بەو کەسانەی سەرەتای سالی ٢٠٠٠چەند رۆشنبیرێک کەوتنە خۆیان لە چەشنی کتێب و نوسراو و نامیلکەی جۆراو جۆر بەمەبەستی هەوڵدان بۆ ناساندن و دروستکردنی پرۆژەیەکی فیمینیستی بۆ ژنان. مەبەستم ئەوەیە ئەمە ئەوەندە شتێکی تازە نییە کە

## فیمینیستی ڕۆشنگەری چی پێیە بۆ ژنانی کوردستان؟

پلاتفۆرمی دابران دایهێنابێت لە کوردستاندا، هەر لە پێش شەڕی کەنداو وە دوای شەڕیش، مەبەستم سالانی سەرەتای نەوەدەکان، کۆمەڵێک لەو کەسانەی لە کوردستانەوە بەرەو ئەوروپا ڕۆیشتن و پاشان لە ئەوروپا فرسەتی خوێندنیان لە بواری جیندەر وفیمینیزم ومافەکانی مرۆڤ و...هتد لە دانیشگاکانی لەندەن و سوید و...بۆ هەڵکەوت، کاتێک بە هەر هۆیەک بێت کە دەگەرینەوە بۆ کوردستان ئەوەی لە ئەوروپا خوێندویانە لەسەر بزووتنەوەکانی ژنان پراکتیزەی ئەکەن. ئەم پراکتیزە کردنەش ئاسان نییە ئەگەر هێزێکی دەسەلاتداری ناسیۆنالیستی وەک سەرانی یەکێتی و پارتی کۆمەکی سەرەکی لەبردنە پێشەوەی ئەم پرۆژەیەدا نەکەن. بۆیە جێی خۆیەتی لە پەیوەند بەوەوە کە باسی فەلسەفەی حومکڕانی و خۆپاریزی حزبەکان و هەژمونی ئاین دەکەن، ئەم پرسیارانە بکەین. ئەی ئایا ئیتر ئەمە هەر خۆی فەلسەفەی بوونی حوکمڕانی و دەسەلاتی کوردی نەبووە و ئێستاش نییە؟ ئەوە کێیە دینی تێکەڵ بە دەسەلات کردووە و تەنانەت کردوویەتیە سەرچاوەیەک بۆ دەستور و نووسینی یاساکان؟ ژنان و پیاوانی ئازادیخواز ئەو کارەیان کردووە یا خودی دەسەلات؟ ئیتر ئەم پاساوە بێناوەڕۆکانە بۆ کێ ئەهێننەوە ؟

بە مژدەهێنانەکانی دەسەلاتی دیموکراتی هیچکام لە مافەکان ژنان بەدەست نایەت، ئەوەشمان لە بیرە کە سەرەتای نەوەدەکان لە کوردستاندا سەرانی ناسیۆنالیزمی کورد ڕۆژانە بانگێشەی دیموکراسی وهەڵکردنی باهۆزی دیموکراسی یان ئەکرد لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەلات. بەرای من نە مەسەلەی سیستەمی دیموکراسی و نە مەسەلەی دنیای تازەی دوای شەڕی سارد هیچی هۆکار نین لە سستی بزووتنەوەکانی ژنانی کوردستاندا، بەڵکو هۆی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ سیستەم و دەسەلاتی سیاسی ناسیۆنالیزمی کوردی بە هەموو حیزبەکانەوە. بەهێزکردنی دەوری بزووتنەوە ئیسلامییەکانیش هەرلە لایەن حیزبە ناسیۆناله دەسەلاتدارەکانەوە بوو و فرسەتی کار و چالاکیان پێ ئەدان و دەرگای سنوورەکانی وولاتانی دراوسیان بۆ خستنە سەرپشت، منبەری مزگەوتەکانیان خستە خزمەتیانەوە بۆ ئەوەی ڕێگە لە دەنگی ئازادیخوازان بگرن و فتوای کوشتنی یەکسانیخوازان بدەن. هەموو ئەم کارنامانەی دژی ژنان ئەنجام دراون سەرەڕای بوونی کلتووری دواکەوتو لە کۆمەڵگای کوردستاندا، لەژیر سایەی دەسەلاتداریەتی یەکێتی و پارتیدا هەزارەها ژن کوژران. خۆسوتان و بەردەبارانکردن و پێشبرکێی مۆدیلی کوشتنی ژنان هاتنە کوردستانەوە، هەموو ئەم کارنامە رەشانە کران و تا ئێستاش بەردەوامە هەر هەمووی لە ژێر سایەی حکومەتە کوردیەکەی ئێستا باسی مافی ژنان دەکات و دەیەوێت بە پرۆژەی فیمینیزمی ڕۆشنگەری و گەشەی دیموکراتی قەرەبووی کوشتنی هەزارەها ژن کە لە ژێر ناوی ناموسپەرستیدا کوژران، بکاتەوە!

خاوەنی ئەم پرۆژەیە پاش دوو دەیە بیری کەوتەوە باس لە دیموکراتی دوای شەڕی سارد بکات. ئەی مەگەر هەر ئەم سیستەمە دیموکراتیە نەبوو یاسای چەند ژنەی پەسەند کرد؟ تەنانەت بنەبڕکردنی توند و تیژی ناکات بە یاسا. بە حسابی خۆیان رەخنە لە سەلەفیەت ئەگرن بەلام هەرگیز داوای جیابوونەوەی دین لە خوێندن و پەروەردە ناکەن. بۆیە نە سیستەمی دیموکراتی نە (تصدیر)کردنی تیۆری و بنەماکانی فیمینیزم چارەسەری بێمافییەکانی ژنانی کوردستان ناکات،

بەڵکو تەنانەت ئەو مێژوەی کە بزووتنەوەی فیمینیزم لە جیهاندا بوویەتی هەر لە فیمینیستە رادیکال و لیبرالییەکانەوە تا ئەوەی پێشتریش هەبووە بە ناوی فیمینیستی رۆشنگەری و رادیکالەکانیش هەر هەمووی بچووککردنەوە و گرمۆڵەکردنەوەی یەکسانی و لە قاڵبدانیەتی بەپێی بەرژەوەندی چینە دەسەڵاتدارەکان، و لە پێناو پاڵنانی ژنان بۆ کارکردن و فرۆشتنی هێزی کاریان بە هەرزانترین نرخ وە بۆ گەورەترکردنی ئەو قڵشتەی نێوان ژن و پیاوە کە ئەمە یەکێکە لە بەهێزترین پایە کە کۆڵەکەکانی سەرمایەی لەسەر راگیراوە وتا ئێستاش ئەو هەوڵەی سەرمایەداری هەر بەردەوامە بۆ راگرتنی نیزامەکەی.

**دیدگای سۆشیالیستی: لەو مانیفێستەدا زۆر باسی ڕۆشنگەری ئەکەن. بەڵام ڕۆشنگەریەك کە ئەوان ئەیخەنە بەردەم جگە لە تێکەڵەیەك لە فەرهەنگی کوردەواری و ترادیسیۆنی ناو کوردان بە تام و بۆنی تەکنەلۆجیا و پێشکەوتنەوە شتێکی تر نیە. تەنانەت لە خاڵەکانی کۆتاییدا لە مانیفێستەکەیاندا خۆیان نادەن لە شتێکی کۆنکرێت سەبارەت بە جیاکردنەوەی ئاین لە پەروەردە و خوێندن و چ سیستم و یاسایەك کە بگیرێتە بەر. ڕای ئێوە لەمبارەیەوە چییە؟**

**ئالا فەرەج:**

مانیفێستەکەیان باسی گرنگی رۆشنگەری بۆ ژنان ئەکات و ئەڵێت: (رۆشنگەری، ئەگەر وەکو ستراتیژ، بۆ کۆمەڵ بە گشتی پێویستیەکی مێژوویی بێت، بۆ ژنان ، پێویستییەکی تایبەتی چارەنوسازیشە. چونکە پیاو ئەگەر رۆشنگەریش بەدینەهێنرێت، هیچ نەبێ دەسەڵات و دەسەڵاتی پیاوسالاریان هەربەدەستەوە دەمێنێ و هەلاواردنی رەگەزیش هەر ئەپارێزن، بە تایبەتی پیاو، حکومەکانی دەقە پیرۆزەکانیان وەکو ئایدۆلۆژیای دەسەلات و حکومەت وکۆمەڵ و نەریتی پارێزی هەیە.....)

لەم مانیفێستەدا وا بە کۆمەڵگا دەڵێن ژنان برۆن خۆتان فریای بکەون، رۆشنگەر بن بە تیۆری فیمینیستییەکەی پلاتفۆرمی دابران، دیموکراسی گەشە پێبدەن. بەمەش وردە وردە و بە هەوڵ و یارمەتی لە روانگەی دیموکراسی و سەربەستی سەردەمەکەوە دەگەنە یەکسانی راستەقینە. لێرەدا جگە لەوەی باوکسالاری لە دەسەڵاتی ئێستای هەموو حیزبە ناسیۆنالیستەکان دەرکردوە، رۆشنگەرانی ژن بەکار دێنێت بۆ کەم کردنەوەی دەسەڵاتی ئیسلامییەکان لە حکومەتە کارتۆنیەکەی پەرلەمانی کوردستاندا و زاڵکردنی زیاتری دەسەڵاتی رەشی ناسیۆنالیزمی کوردی، کە سەرجەم ئەم حیزبانەی ئیستای ناو دەسەڵات دوو رووی پارەیەکن. ئەوەندەی نوێنەران و سەرانی حیزبە کوردیەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان بەرگری لە سەوابتە دینیەکان و پیرۆزیەکانی خەلک ئەکەن کە رەوتە ئیسلامییەکانیش هەر ئەوەندە خەمی بزووتنەوەکەی خۆیان دەخۆن، ئۆقیانوسێک لە تاوان لە مێژووی سەرانی حکومەتەکەی (دابران)دا تۆمار کراوە.

لە فەرهەنگی کوردایەتیدا جێگاوڕێگای ژن ئەوەندە لە خوارەوەیە تا ئەو رادەیەی ژن وەک ئامرازی

## فیمینیستی ڕۆشنگەری چی پێیە بۆ ژنانی کوردستان؟

سێکس و پاراستنی سیکسی ژن لەلایەن مێردەوە و پاراستنی نامووسی ژن لەلایەن باوک و براو مێردەوە، لەکەدار بوونی ئەم نامووسە ئانجامەکەی کوشتن و ئەتک کردنی ژنانە. ئەمەیە فەرهەنگی کوردەواری کە پرە لە خورافاتی دینی و نەریت و باوە رزیوەکان. لە فەرهەنگی کوردەواری پیاوسالاریدا، پیاو بریاردەرە لە ژیانی خیزاندا و کەمترین بەرپرسە لە گەورەکردنی منالّدا. سەرەرای ئەوەی ئەم فەرهەنگە وای کردوە ژنان بە وێنەی کەسایەتی بەهێز وپر ئیرادە دەرنەکەون کە ئەوەش بە مەبەستی راگرتنی سیستەمی باوی ئێستای دەسەلاّتدارانی ناسیۆنالیزمە، کە سەرتاپای سیستەمی خێلەکی و پیاوسالاری و حوکمی بنەماڵە زاڵە. ئەگەر باسی فەرهەنگی کوردەواری بکەین، بروا ناکەم لە قامووسی زمانەوانی وولاتانی تردا هیچ فەرهەنگێک هەبێت بە وێنەی  فەرهەنگی کوردایەتی دواکەوتوو بوونی هەبێت، زۆربەی زۆری دەربرین و وشەکان سوکایەتیە بە ژنان کە ئەمە نەک لە ژیانی رۆژانەدا تەنانەت لە گۆرانی و ئەدەب و شیعریشدا رەنگی داوەتەوە. ئەگەر هەڵسوراوانی ئەم رەوتە فیمینیستە باسی گەشە و رۆلی تەکنەلۆژیا ئەکەن لە رۆشنگەری ژناندا، وە بەمەش مژدەی بنیاتنانی یەکسانی راستەقینە بۆ ژنان دێنن، ئەمە هیچ مەنتیقیکی تیا نیە بە چەندەها دەلیل. لەوانە، گەشەی تەکنۆلۆژیا دوو دەیەیە لە ئەوروپاوە گەیشتوە بە خەڵکی کوردستان، بەلاّم هەر خودی بەکارهێنانی مۆبایل و ئەنتەرنێت لە کوردستاندا دەستی چەندەها پیاوسالارانی ئاوەلاّ کرد کە ئازیزترین کەسی خۆیان بکوژن لەبەر بەکارێینانی مۆبایل.
ئەم رەوتە زۆر دوورە لەوەی لانی کەم نزیک بێتەوە لە کارکردنی بۆ بنیاتنانی یاسایەکی سکۆلار لە کۆمەڵگای کوردستاندا و لانی کەم بوێری باسی جیایی دین لە دەسەلاّت و پەروەردە بکات.
ئەوەندە ئەلێم کە فیمینیزمی رۆشنگەری لە رۆژئاوا کە بوونیان هەیە و کاری بۆ ئەکەن، کەچی رۆڵ و گەشەی تەکنەلۆژیا ئەوەندە کاری تێ نەکردون کە خۆیان بەشێکن لە داهینەرانی  گەشەی خێرای تەکنەلۆژیا کە  یەکێکە لە ئاکامەکانی ئەزمەی سیستەمی سەرمایەداری ئەوروپا و چین و روسیا و ئەمەریکا ، و بەشی زۆریشی بۆ چارەسەری پێشبرکیی کۆمپانیاگەورە و زلهیزەکانی کۆمۆنیکەیشنی سەردەم لە لایەک وە بۆ مەشغول کردنی بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگایە بە ژن و پیاوو گەنجانە وە و سەرحاڵ کردنیانە نەک هۆشداریان کات بە مافەکانیان، ریک مەبەستیان پێچەوانەکەیەتی.

دیدگای سۆشیالیستی: ''فەرهەنگی ژنانە''، ''ڕۆشنگەری ژنانە''،''ئەقڵی ژنانە''،''خەباتی ژنانە''،هەموو شتێکی ژنانە باڵی بەسەر ئەم مانیفێستە و هەتا وتەی هەڵسوڕاوەکانیاندا کێشاوە. پرسیار ئەوەیە ئایا چەوسانەوەی ژنان شتێکی ژنانەیە و خەباتیش لەبەرامبەریدا هەر ئەبێ ژنانە بێ؟ ئایا هەروا هەموو ژنان هەر یەکن و جیاوازی خانمی یەکەم و ژنێکی کرێکار کە لە دوای کارەکەیەوە، کە کرێکەشی یان پێ نادرێ یان ئەوەندە کەمە بەشی مانەوەی فیزیکی خۆی و خێزانەکەی بە هەزارحاڵ ئەکات، ئەگەڕێتەوە و ئەبێ کاری بێکرێ و خۆڕایی ماڵ بکات، وەك یەکن؟ ئایا ژنێکی بێکار کە تەنانەت مافی فرۆشتنی هێزی کارەکەی پێنەدراوە وەك هەمان مافی ژنە

## فیمینیستی ڕۆشنگەری چی پێیە بۆ ژنانی کوردستان؟

سەرمایەدار و بازرگان و خاوەن دەسەڵاتێکە (کە خەڵاتی باشترین ژنە بازرگان و پارەدار وەئەرگری)؟!

**ئالا فەرەج:**

من هەر وەک لە وەڵامی پرسیاری پێشودا ئاماژەم بەوە کرد کە رەگ و ریشەی نایەکسانی و بێ مافییەکانی ئەمڕۆی ژنانی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگای سەرمایەداری و بە کەڵک وەرگرتن لە فەرهەنگی کۆنی ئیسلام و پیاوسالاری. دەسەڵاتداری ناسیۆنالیزمی کوردی بە هەموو توانایەوە هەوڵ ئەدات بوونی ئەم کێشمەکێشە چینایەتییە بسرێتەوە و هەرکات باس بێتە سەر بێمافی ژنان دەکەونە رەخنە لە خودی ژنان، وەک ئەوەی کە بە (ئەقڵی ژنان)(خەباتی ژنان)بەرەو پێشی ئەبەن. لە کاتێکدا راستی مەسەلەکە ئەوەیە رزگاری ژنان بەندە بە ئازادی کۆمەڵگاوە، ئازادی کۆمەڵگاش بەدی نایەت هەتا ژنانی کرێکار لەگەل پیاوانی کرێکار پێکەوە نەیەنە مەیدانی خەباتێکی سەرسەختانە. بۆ ئەمە هیچ کات رۆڵی ژنانی کرێکار وەک رۆڵی ژنانی سەرمایەداران نیە، وەسەرمایەدارانیش سیاسەتی بێمافیەکانی ژنانیان بۆ ژنانی کرێکار داناوە نەک بۆ ژنانی سەرمایەداران! چ جیاوازیەک هەیە لەوەی بگوترێت فەرهەنگی ژنانە یان فەرهەنگی پیاوانە، حیکمەتی ئەم تیۆرە لە کوێدایە کە هەلسوراوانی فیمینیزمی رۆشنگەری بە فەرهەنگی ژنانە (یەکسانی راستەقینە) بۆ ژنان دێنن؟ ئەی مەگەر ئەسپەکانی تاتچەر لە بەریتانیا کەم پەلاماری بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی یەکسانیخوازانی ژنانی بەریتانیایان دا؟ مێرکلی ئەلمانیا کە تا بۆی کرابێت و پێی کرابێت هەوڵی داوە لەسەر حسابی هاووڵاتیانی ووڵاتانی تری ئەوروپا وەک یونان و پۆلەندا و.... بانکەکانی ئەلمانیای پڕ کردوە. هەروەها مێژووی دەسەڵاتی خانمی یەکەمیش بە تیرۆری ژنان و توندو تیژی و چەند ژنەی یاسایی تۆمارکراوە. ئەگەر ئەم هەڵسوراوە فیمینستیانە پێیان وایە فەرهەنگی ژنانە (نەرمترە و بە مۆراڵە و ژن توندو تیژ نیە، بە بەزەیی یە)، ئەوا هەرگیز نەک ئەم فیمینیستە رۆشنگەرانە هیچ مافیک بۆ ژنان بەدەست ناهێنن، بەڵکو بەمەش کەلێنی زیاتر دروست ئەکەن بۆ جیاکاری نێوان ژن و پیاو.

ئەگەر ئەمانە پێیان وایە گۆرینی هەلو مەرجی ژنان بە ئایدۆلۆژیا و تیۆری فیمینیستی ئەکرێت، ئەوا مێژووی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی لە سەرتاسەری مێژووی بەشەریدا ئەوەی سەلماندوە کە خودی هاتنە کایەی ئەو بزووتنەوە فیمینیستیانەش وە هەموو ئەو مافانەی ژنان کە تا ئێستا بەشێکی لە ئەوروپا و هەندێ لە ووڵاتە پێشکەوتوەکاندا بەدیهاتوە لە ژێر کاریگەری بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و یەکسانیخوازییەوە بە وجود هاتوە و هەر ئەم بزووتنەوەیە ژنان و پیاوان لە کۆت و بەندەکانی نیزامی سەرمایەداری بۆ ئەبەد رزگار ئاکات. هەڵبەت لە کوردستانیشدا بوونی بزووتنەوەیەکی یەکسانیخوازانەی ژنان لە رێکخراوەیەکی بەهێزی کۆمۆنیستیدا زامنی بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی دەکات، وە زامنی راماڵینی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزم و یاساکانی ئیسلام ئەکات. ئەمەیە کۆمەڵگا لە قەید و بەندەکانی نیزامی ئابووری لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا رزگار ئەکات و لە هەلو مەرجێکی ئازادانەدا هەلومەرجەکانی بەدەستهێنانی یاسای یەکسانی فەراهەم دەبێت.



ئاسۆ کــەمال

# سەبارەت بە سێکویلاریزم
# وتووێژ لەگەڵ ئاسۆ کەمال

دیدگای سۆشیالیستی: هاوڕێ ئاسۆ ئەم کاتەتان باش. سەرەتا گەر بتوانن کورتەیەکی مێژوویی لەسەر سێکیولاریزم بۆ خوێنەران بخەنەڕوو. وە ئایا سێکیولاریزم وەك بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ئەبینن یان بە سادەیی گوزارشت لە جۆرە سیستمێکی سیاسی و ئیداری ئەکات؟ ئەگەر ئەمەی دووەمیانە، چۆن پەیوەست ئەبێتەوە بە قەڵەمڕەوی ئابوری و سیاسیەوە؟

**ئاسۆ کەمال:**

سێکولاریزم پرەنسیپێکی کارکردنی ئیداری و پەروەردەیی و یاسایی یە کە پشت بە مەوزوعیەت و ئۆبژێکتیڤ دەبەستێ و هەموو بنەمایەکی دینی و دەستێوەردانی دەزگا دینیەکان لە کاروباری گشتی دەوڵەت و بەڕیوەبردنی کۆمەڵگەدا ڕەتدەکاتەوە.

سێکولاریزم بەرهەمی خەباتی دژی دەسەڵاتی دین و کەنیسەیە کە لەسەردەمی دەرەبەگایەتیدا وەک ڕوکنێکی سەرخانی کۆمەڵگە باڵادەست بوو وە هاوکات سێ یەکی زەوی وزار و داهات و باجی دەرەبەگ دەدرایە پیاوانی دینی و کەنیسە. شۆڕشی یەکەمی فەرەنسە لە ١٧٨٩ و دواتر کۆمۆنەی پاریس دینی لەدەوڵەت جیاکردەوە و زەوی وزاری کەنیسەی دەست بەسەراگرت و خوێندن و یاساکانی لەژێر دەستی دامەزراوە دینیەکان دەرهێنا. هاوکات سەرمایەداری لە

سەرهەڵدانیەوە تاکو گەشەکردن و جیهانی بوونەوەی سێکولاریزمی وەک بنەمایەکی کۆمەڵگە و دەوڵەتی مۆدێرن دژ بە یاسا و پەیوەندیە کۆمەڵاتیەکانی دەرەبەگایەتی جێ خست. هەربۆیە هەر لە سەردەمی ڕێنیسانسەوە ڕەوتێکی فکری و فەلسەفی و زانستی فیزیا و فەلەکناسی و زیندەوەرزانی و کۆمەڵناسی دژی ئایدیۆلۆژیا و میتافیزیک و خورافاتی لێکدانەوەی سروشت و کۆمەڵگە دەرکەوت، بۆنمونە کارە فەلسەفیەکانی کانت و دیکارت و فیورباخ و مارکس، یان دۆزینەوەکانی گالیلۆ و کۆپەرنیکۆس لە ئەستێرەناسی، یاخود دۆزینەوەی بنەچەی جۆرەکان و بیردۆزەی ئیڤۆلوشنی داروین، وە هەروەها بیرۆکەی بیگ بانگ (تەقینەوە گەورەکە) ی فیزیا و لە کۆتاییشدا بانگەشەی مافە فەردی و مەدەنیەکانی مرۆڤ، ئەمانە هەموویان پێکەوە وەک جەستەیەکی نوێ خاوەن باوەڕ و پرەنسیپی نوێ کەوتە کار و لە کۆتایی سەدەی هەژدە و سەدەی نۆزدەدا کاتێ پەیوەندی بەرهەمهێنانی ئابوری دەرەبەگایەتی لە ئەوروپا هەڵوەشا جێگا و دەسەڵاتی فکری دینیش سەرەوژێربوو. سێکولاریزم وەک بنەما و پرەنسیپی کۆمەڵگەی مۆدێرن و دەوڵەت لە سەرجەم بوارە فکری ،سیاسی ،ڕۆشنبیری ، هونەر ، زانست و یاساکاندا باڵادەست بوو.

سێکولاریزم ئەگەر چی وەک پێناسەی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی جیاواز و سەربەخۆ نەبوە بەڵام وەک کارەکتەر و پرەنسیپی بزوتنەوە شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازەکان دەوری بینیوە لە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە و ڕادیکالی نێو کۆمەڵگەدا. ڕەوتی دژی دین و ئاتەئیزم و لائیستیە ودیدگای فەلسەفەی ماتریالیستی و سەلماندنە زانستیەکانی بواری ئەستێرەناسی ، بایۆلۆژی ، فیزیا ، پەروەردە و خوێندن و داهێنان ،هەمویان وەک ڕەوتی سێکولاریزم بەرهەمی هەمان شۆڕشی ڕینسانس و بوژانەوە و تازەگەری و ڕۆشنگەرین کە دژ بە بنەماکانی سیستەمی کۆنی دەرەبەگایەتی کران.

سێکولاریزم بەرهەمی ئەو شۆڕش و بزووتنەوە سیاسیانەش بوو کە دژی دەسەڵاتی دینی دەرەبەگایەتی بەرپاکرا و لەهەر شۆڕش و هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانەدا شەرعیەتی دینی پاشا و دەرەبەگ و خانەدانەکانیش کە دەزگا دینیەکان و کەنیسە کاریان داڕشتن و پاراستنی بوو دەخرانە ژێرپێوە و هەربۆیە دەسەڵاتی دنیایی کەنیسە و دین کەوتە بەر شاڵاوی شۆڕش. بزوتنەوە فکری و سیاسی و کۆمەڵایتیەکانی سەدەی نۆزدە و لەوانەش بزوتنەوەی کرێکاری و سوشیالیستی و کۆمۆنیستی بزوتنەوەی ئاتەئیست و زانستی و پێشکەوتنخواز بوون بەشێوەیەکی خۆڕسک.

ئەم ئاڵوگۆڕە شۆڕشگێڕانەیە لە کۆمەڵگایەکی دینی یەوە، کە تیایدا دین لە هەمو بوارە فکری و سیاسی و کۆمەڵاتیەکاندا باڵادەست بوو، بۆ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و سێکولار کە پشتی بە زانست و یاسا دانراوەکانی مرۆڤ دەبەست، ڕوخساری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بۆ هەمیشە گۆڕی و سێکولاریزم بوەتە میتۆد و پرەنسیپێکی جێکەوتو بۆ گەشەکردنی بەردەوامی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. لەڕۆژئاوا و تەواوی دنیادا ئەمرۆ سێکولاریزم وەک ڕەوتێک بۆ گۆڕینی یاسا و نەریتە دینیەکان بە یاسای مەدەنی و نەهێشتنی دەستێوەردانی دەزگا دینیەکان لە هەمو جومگەکانی دەوڵەت و ئیدارەی گشتیدا بەردەوامە.

## سەبارەت بە سێکویلاریزم

لەرۆژهەڵات و بەتایبەت رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مەسەلەی سێکولاریزم و دەوری دین تاڕادەیەک جیاوازە لە رۆژئاوا. پەلکێشانی سەرمایە لەئەوروپاوە بەرەو رۆژهەڵات تەنیا کاڵای نەبرد بەڵکو پەیوەندیە کۆمەڵایەتی وسەرخانی سیاسی رۆژهەڵاتیشی لەبەریەک هەڵوەشان. بۆ نمونە،هەڵوەشانەوەی خەلافەتی ئیسلامی عوسمانی یەکێک لە ئاکامەکانی بوو. بەڵام زاڵبونی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری بەهەمان پرۆسەی دورودرێژی سەرهەڵدان وکەڵەکەی سەرمایە ومانیفاکتۆرە و دروستبونی یەکێتیە پیشەییەکان نەڕۆیشت کە لە ئەوروپا چەندین سەدەی خایاند. بەهەمان شێوە پەیوەندیە کۆمەڵایەتی وسەرخانی سیاسی دەرەبەگایەتیش هەمان پرۆسەی ئالوگۆری شێنەیی و گۆرینی نەریتە کۆنەکان بەنەریتی نوێ نەبینی. ئاڵوگۆڕەکانی رۆژهەڵات لەژێرکاریگەری فاکتەرەکانی پەیوەست بونەوە بوو بە بازاڕی جیهانی سەرمایە و جێگاوشوێنی ئابوری و سیاسی رۆژهەڵات لەو دابەشکردنە ئیمپریالیستیەی جیهاندا کە تیایدا رۆژهەڵات وابەستەی ئەوروپا بوو .ئاڵوگۆری پەیوەندی دەرەبەگایەتی بۆ سەرمایەداری لە رۆژهەڵاتدا پێویستی بە دەستبەسەراگرتنی مادەی خاو و سەرچاوەکانی وزە و زەوی وزار و هێزی کاری هەرزانی کرێکاران بوو، هاوکاتیش پێویستی بە دامەزراندنی ئیدارەیەکی مۆدێرنی سیاسی بوو.دەوڵەتانی ئیمپریالیستی بۆ جێبەجێکردنی ئەم پێداویستیانەی سەرمایە لە رۆژهەڵات و بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێویستیان بە سێکولاریزەکردنی کۆمەڵگە نەبوو و هاوکات بورژوازی رۆژهەڵاتیش پێویستی بە شەڕی دەزگا دینیەکان نەبوو بۆجێخستنی سیستەمی سیاسی و ئابوری سەرمایەداری لەبەرئەوەی ئیمپریالیزم لەسەرەوە ئەم ئەرکی گۆرانکاریانەی ئەنجامدا. پاشماوەکانی دەرەبەگایەتی لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا بەشێوەی ریفۆرمی دەوڵەتی ئەنجامدران. هەربۆیە هیچ کات لیبرالیزمی ئابوری لە رۆژهەلاتدا هاوتا نەبوە لەگەل لیبرالیزمی سیاسی و لیبرالیزم وەک بزوتنەوە و نەریتی سیاسی لە نێو بورژوازی رۆژهەلاتدا بالادەست نەبوە. فاکتەری پشت بەستنی ئابوری لە رۆژهەڵاتدا بە دەوڵەتی مەرکەزی و سەرهەڵنەدانی موڵکایەتی تایبەتی وەک ئەوروپا پێشینیەکی مێژوویی هەیە وهاتنی سەرمایەی جیهانیش دەوری دەوڵەتی مەرکەزی کەم نەکردەوە بەڵکو بۆ کۆنترۆلی ئاسانتری رۆژهەڵات وسەپاندنی هەلومەرجی هێزی کاری هەرزانی کرێکاران دەوری دەوڵەتی سەرکوتگەری مەرکەزی زیاتر بوو.هاوکاتیش دەوری دامودەزگا دینیەکان بۆ هێشتنەوەی هەلومەرجی سەرکوتی سیاسی ودواکەوتویی کۆمەڵایەتی بوە بەشێک لە پێداویستیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە رۆژهەڵاتداو دەرکەوتنی بزوتنەوە و رەوتی سێکولاریستی بوە شتێکی شاز و ئیستیسنا نەک بنەما و قاعیدە.

ئەم هەلومەرجە لەژێرکاریگەری شۆرشی ئۆکتۆبەردا ئالوگۆرێکی بەسەردا هات وخەباتی دژی ئیمپریالیستی مۆرکێکی پێشکەوتنخوازانە ومۆدێرنیزەی وەرگرت. گەشەی ئابوری سەرمایەداری لە رۆژهەڵاتدا هاوکات زەمینەی هەڵوەشانەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە دەرەبەگایەتیەکان و ئالوگۆر لە شێوازی خێزان و دەوری ژنان لە بازاڕی کار و خوێندن وکردنەوەی قوتابخانە ودانانی یاسا مەدەنیەکان و کرانەوەی فەرهەنگی، ئەمانە سەرجەم لە مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگەدا دەوریان گێرا و لە تورکیا و تونس گەیشتە رادەی رەسمی بونی جیایی دین لە دەوڵەت.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ناسیونالیزم وەک بزوتنەوەی باڵادەستی بورژوازی سەرەرای ئەم ڕەوتی مۆدێرنیزەبونەی کۆمەڵگە هەمیشە دینی وەک بەشێک لە ئایدیۆژیا و یاسای حوکمڕانی بەکاردەهێنا و شەرعیەتی کۆنەپەرستی سیاسی پێ قایم دەکرد. لەجەنگی ساردیشدا ئەمریکا ئیسلامی سیاسی وەک بزوتنەوەیەکی دژی سۆڤیەت بەکارهێنا و چ بەشێوەی پشتیوانی سعودیەی وەهابی و دواتر ئیخوانەکان و چ بە درووستکردنی گروپە جیهادیەکان لە ئەفغانستان و پاکستان .هاوکات هاتنەسەرکاری جمهوری ئیسلامی ئیران وشەڕی ئیران و عێراق و ئەزمەی حکومەتە ناسیونالیست و دیکتاتۆریە عەسکەریەکانی ناوچەکە، زەمینەی هێرشێکی بەرفراوانی بۆسەر مەدەنیەتی کۆمەڵگە دەست پێکرد و پاشەکشەی بە هەر رەوتیکی سیکولاریستی کرد.
بەگشتی لە ئاستی جیهانیدا هەرچەند گەڕاندنەوەی کۆمەڵگە بۆ دۆخی کۆمەڵگەی دینی پێش سەرمایەداری ئیمکانی نییە، بەڵام بورژوازی چیتر ڕوخساری پێشکەوتنخوازی نیە تا ڕەوتی سێکولاریزاسیۆن تا هەموو ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵگە بەرێت و بەڵکو بە پێچەوانەوە کۆنەپارێزە بەرامبەر بە هەموو سیما و نەریتە دواکەوتوە دینیەکان و تا بتوانێ دەیانپارێزێ بە لە بەرچاوگرتنی پێویستیەکانی سەرمایە وپەرچەکرداری چینە شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخوازەکان. بۆ نمونە ناچارە ڕێگری بەردەم یاسای لەباربردن و زەواجی هاورەگەزبازەکان لابەرێ و پەیوەندی دامودەزگا دینیەکان بە دەوڵەتەوە لە نزمترین ئاستدا ڕاگرێ کاتێ ڕێکخراوە و گروپە سێکولاریست و ئازادیخوازەکان فشاری بۆ حکومەت و پەرلەمان دێنن.
لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەشێک لە بورژوازی بەدیلی دینی و ئیسلامیان کردۆتە شێوازی دەسەڵاتداریێتی و شەڕیانە لەسەر سەپاندنی مۆدیلی دینی وەک ڕێگاچارەی سەرمایەداری بۆ درێژەپێدانی هەلومەرجی درێژەپێدانی سەرکوت و بێ مافی و کەڵەکەی سەرمایە.
لێرەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە کە سێکولاریزم وەک ڕەوتێکی شۆڕشگێڕانە کە بتوانێ کۆمەڵگە لەدەست دواکەوتویی فکری و سیاسی ڕزگار بکا پەیوەستە بە دەورونەخشی بزوتنەوە شۆڕشگێرەکان کە دژی سیستەمی سەرمایەداری و وەزعی مەوجودەوەن. بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا سێکولاریزم بەشێک لە بەرنامەی هەر بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە پێک دەهێنێ کە ڕێگە دەگرێ لەوەی بورژوازی بتوانێ لە ڕێگای دین و دامەزراوە دینیەکانەوە کۆنەپەرستی سیاسی و کۆمەڵایەتی بکاتە چارەنوسی چەند نەوەی تر لەم کۆمەڵگایانەدا. هەربۆیە هەر هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانە و هەر شۆڕشێک ڕوبەڕوە لەگەل تێکشاندنی ئەم دەورەی دین و ئیسلام لەم ناوچەیەدا لە ئاستی فکر و سیاسەت و کۆمەڵگەدا.

**دیدگای سۆشیالیستی: گرنگی سێکیولاریزم بۆ کۆمۆنیستەکان چییە؟ بە واتایەکی دی، ئایا بەدەستهێنانی سیستمێکی سێکیولاریستی کار و ئامانجی سەرەکی کۆمۆنیستەکانە یاخود وەك دەروازەیەك بۆ کرانەوەی کۆمەڵگا و بۆ ڕێگاکردنەوە بۆ کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان سەیری ئەکەن؟**

## سەبارەت بە سێکویلاریزم

### ئاسۆکمال:

ئاشکرایە ئامانجی کۆمۆنیستەکان گۆڕینی سەرجەم سیستەمی سەرمایەداریە کە لەسەر بنەمای موڵکایەتی تایبەتی بورژوازی بۆ هۆیەکانی بەرهەمهێنان دامەزراوە و کرێکاران و سەرجەم کۆمەڵگەی کردۆتە کۆیلەی سەرمایە. شاردنەوەی ئەم کۆیلایەتیە لەم سیستەمە سەرمایەداریەدا پێویستی بە پاساوی تیۆریە تاکو کرێکاران و چینە ژێردەستەکان قەناعەت بەمانەوە و ئەبەدیەتی ئەم ڕژێمە بهێنن. دین هەمیشە دەوری هەبووە لەم بێباوەڕبونەی ئینسان بەهێزی خۆی و بەتایبەت بۆ کرێکاران و چینە ژێردەستەکان کە خاوەنی بەرهەمی کاری خۆیان نین و لەباری مادیەوە بەهرەمەندنین لە خاوەنداریێتی هۆکانی بەرهەمهێنانی ژیانی خۆیان، ئاین دەتوانێ کوێرانە ئەم چارەنوسە درێژە پێبدا. هەربۆیە پێویستی بە سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ئەم باوەڕە دینیە و بەشێک لە داهاتی کۆمەڵگە دەکرێتە خەرجی ئەو دامودەزگا فکری و کۆمەلآیەتی و پەروەردەیانەی ئاین و خورافەی ئاینی دەهێڵنەوە. سێکولاریزم توانی دەزگای بەڕیوەبردنی دەوڵەت و خوێندن و یاساکان لە دەستێوەردانی دەزگا دینیەکان دوربخاتەوە و ئەمە هەنگاوێکی گرنگی مێژوویی بوو. بەلآم لەدەرەوەی دەزگا ڕەسمیەکانی دەوڵەت دین وەک دامەزراوەیەک لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا لەلایەن بورژوازیەوە بەرهەم دەهێنرێتەوە و بەشێک لە قازانجی سەرمایە دەخرێتە خزمەت ئەو بەشە لەکۆمەڵگا کە لە پیشەسازی بەرهەمهێنانی دیندا کاردەکەن و وەک بەشێکی دانپێدانراوی کار دابەشکردنی کۆمەلآیەتی لە سەرمایەداریدا کاردەکا. هەربۆیە کاریگەری دین و دامەزراوە دینیەکان تەنیا بە دوورکەوتنەوەیان لە دەزگا ڕەسمیەکانی دەوڵەت کۆتایی نایەت، هەرچەندە ئەم ڕەسمی نەبون و ڕێگرە ڕەسمیانەی ڕەوتی سێکولاریزم بۆ دامەزراوە دینەکانی دروست کردوە لە دەسەلآتی ڕاستەوخۆی دینی کەم کردۆتەوە لە چەوسانەوە و پێشێلکردنی مافەکانی کرێکاران و چینە کەم دەرامەتەکان.

ئەگەر بەراوردێک بکەین لە دەوری ڕەسمی دەزگا دینیەکان و حزب و ئۆرگان و یاسا ئیسلامیەکان لە ڕۆژهەلآتی ناوەڕاستدا لەگەڵ سێکولاربونی دەسەلآتی سیاسی و یاسایی و دادوەری و خوێندن لە ڕۆژئاوادا ،دەبینین کە چۆن سێکولاریزم دەورێکی گەورەی گێڕاوە لە بردنە سەرەوەی باوەڕبەخۆبون و چاوەڕوانی و دەستکەوتە ئابوری و سیاسیەکان و ئازادیەکان لە ڕۆژئاوادا و چۆن کۆنەپەرستی سیاسی و فکری و کۆمەلآیەتی ناتوانێ لە بەرگی پیرۆزیە دینیەکان خۆی برازێنێتەوە و چۆن هوشیاری و ئامادەیی بۆ خەبات دژی چەوسانەوە و نەهامەتیەکانی سەرمایەداری ئاسانترە بۆ کرێکاران وخەڵکی ستەملێکراو.

کۆمۆنیزم بریتیە لە بەرپەرچدانەوەی ستەمی سەرمایەداری و گۆڕینی بە سیستەمێکی کۆمۆنسیتی کە لەسەر بنەمای ئازادی و یەکسانی ئینسانەکان دامەزراوە. بەدیلی ئیسلامی و سەپاندنی یاسا و شەریعەتی ئیسلامی کە دەیەوێ ئەم ستەمەی چینی بورژوازی لە ڕۆژهەلآتی ناوەڕاستدا بە بەرگی دینیەوە پیادەبکا، پێویستی بە بەرپەرچدانەوەیە و سێکولاریزم، کە دەزگاکانی دەوڵەت و یاسا و خوێندن و پەروەردە لە دەست دامەزراوەی دینیەکان و بەدیلی ئیسلامی ڕزگاردەکا، ئەمڕۆ

بەشێکی گرنگ لە خەبات دژی سیستەمی سەرمایەداری لەم ناوچەیەدا پێک دەهێنێ. کۆمۆنیزم لەم خەباتە زیندوەی کرێکاران لە بەرامبەر بەدیلە بورژوازیەکاندا، کە لە دەسەڵاتدان یان بەشێکن لە ململانێی دەسەڵاتداریتی بەشە جیاجیاکانی بورژوازی، شکڵ دەگرێ و لەم شەڕانە لەگەڵ بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتی سەرمایەدا ئەرک و ئامانجەکانی دیاری دەکا و هوشیاری و ئامادەیی دروست دەبێ. کۆمۆنیزم چوارچێوە و ئایدیۆلۆژی ڕوت و ئەبستراکت نییە کە لە تێکست و نوسینەکاندا بەتەنیا هەبێ، بەڵکو کۆمۆنیزم بزوتنەوەی چینێکە کە لە شەڕ لەگەڵ چین و هێزی دەسەڵاتداردا زیندوە و هەست بە وجودی چینایەتی دەکرێ. کاتێک وەک هێزێک دەردەکەوێ کە تاکی کرێکار و زەحمەتکێش کۆدەکاتەوە لە کۆیەکی چینایەتی جیاوازدا لە بەرامبەر بورژوازیدا .
هەلومەرج و داواکاری و تایبەتمەندیەکانی ئەم خەباتەش لە پێشدا داڕێژراو و بەپێی دەقە نوسراوەکان نییە، بەڵکو لە چوارچێوەی یاسا گشتیەکانی سەرمایەداریدا لەهەر شوێن و هەر سەردەمێکدا ئەم خەباتە خاوەنی تایبەتمەندی و دۆخ و ئەرکی دیاریکراوە، کە بریتیە لە تایبەتمەندیەکانی شێوازی چەوسانەوە و گرفتەکانی دەسەڵاتداریتی بورژوازی لە وەڵامدانەوە بە خواستەکانی کرێکاران و چینە نارازیەکان. لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کاتێک بورژوازی لە قاڵبی دین و ئیسلامدا بونەتە ئەو بەدیلەی دەیانەوێ ئەزمەی ئێستای سیستەمی سەرمایەداری بەرەو سەپاندنی کۆنەپەرستی و سەرکوت و بێ مافی زیاتری کرێکاران و چینە هەژارەکان بەرن، شەڕ دژی بەدیلی ئیسلامی و خەبات بۆ سێکولاریزم و جیاکردنەوەی دین لەدەوڵەت و خوێندن و یاساکان، خۆی بەشی جیانەکراوەی خەبات دژی سیستەمی سەرمایەداری و خەباتی کۆمۆنیستیە. جیاکردنەوەی مەیدانەکان و خواستەکانی خەباتی کرێکاران لە ژێرناوی سەرەکی و لاوەکی، ئێستا و ئاینده لە نەریتی کۆمۆنیزمی باودا دەتوانێ بەمانای بێڕۆح کردنی خەباتی واقعی کۆمۆنیستی بێ و لەقاڵبدانی ئایدیۆلۆژی خەباتی واقعی دژی بورژوازی و بەدیلەکانی بێ.
ئاشکرایە کۆمۆنیزم کاری کۆتایی هێنان بە دەزگای دەوڵەتە نەک تەنیا سێکولارکردنی، ئاشکرایە کاری کۆمۆنیزم کۆتایی هێنان بە خورافە و بازرگانی دینی و لەبەرامبەردا گەشەی زانست و فکری ئازادی ئینسانە نەک تەنیا کردنی دین بە کاری شەخسی، بەڵام خەبات دژی دەسەڵاتی دەزگا دینیەکان لە بەڕیوەبردن و یاساکاندا و سێکولاریزەکردنی دامودەزگا دەوڵەتیەکان خۆیان هەنگاوێکن لەپێناو ئامانجی ڕزگاری ئینسان لە دەست هەموو جۆرەکانی چەوسانەوەی فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری، ئەگەر لەلایەن کرێکاران و کۆمۆنیستەکانەوە بەرپابکرێ و ڕێک بخرێ و بەسەرئەنجام بگەیەنرێ. هەرهەنگاوێک بۆ شکستی بەدیلی ئیسلامی و یاسا دینیەکان و خوێندن و پەروەردەی ئیسلامی کەڵەکەکردنی سەرمایەی فکری و ئاستی هوشیاری و ئامادەیی عەمەلیە بۆ شکستی سەرجەم بەرنامە و بەدیلی باڵەکانی بورژوازی و ڕێگاکردنەوەی ئەو هێزە سیاسی و کۆمەڵاتیەیە کە دەتوانێ کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان لەسەر کەلاوەی سیستەمی سەرمایەداری دامەزرێنێ. هێزێک کە شۆڕشی کۆمۆنیستی بەرپادەکا ئامادەیی فکری و سیاسی و ڕێکخراوەیی پەیداکردوە کە کۆمەڵگە لەسەر بنەمای خۆبەڕێوەبردن و باوەڕبەخۆبون و میحوەری

## سەبارەت بە سێکویلاریزم

بونی ڕزگاری ئینسان لەدەست هەموو دەسەڵات و ئوتۆریتەیەک باربهێنیَ و ئینسان بکاتە سەروەری خۆی و بەواقعی بە توانای باڵا و هەمەلایەنەی "ئاسمانی" مرۆڤ بگات.



ئازەر مودەریسی:

# لەبارەی کاریگەری کێشمەکێشی سعودیە و ئێران لەسەر کوردستانی عێراق

## وتوویژ لەگەڵ ئازەر مودەریسی

**وەرگێڕانی لە فارسیەوە:**
**جەمال محسن**

دیدگای سۆشیالیستی: هاوڕێ ئازەر، وەك ئاگادارن لە چوارچێوەی ئەو کێشە و ململانێیەی نێوان هێز و دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەدا هەیە، دەوڵەتی عەرەبستانی سعودیە دەستی هاوکاری بۆ هێزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (باڵی مستەفا هیجری) و موجاهیدینی خەڵق ڕاکێشاوە و وەك بەشێك لە نەخشەکەی بۆ پشێوی نانەوە و گێچەڵکردن بە ئێران بەکاریان دێنێ. هاوکاتیش کۆنگرێسی ئەمریکی لە تازەترین بڕیاریدا سزاکانی سەر ئێرانی بۆ ماوەی ١٠ ساڵی تر تازە کردەوە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە دوای دەرچوونی ترمپ ئەگەری تەگەرەخستنە ڕێی ڕێککەوتنە ئەتۆمیەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا هەیە. بەهەرحاڵ ئێمە لێرەدا ئەمانەوێ پرسیارەکانمان بەمجۆرە بخەینە ڕوو:
سەرەتا گەر بە کورتی بێنە سەر ئەوەی کە کاریگەری ئەمجۆرە سیاسەت و نانەوەی ئاشوب و پشێویە لەسەر کۆمەڵگای ئێران و کوردستان بە گشتی چۆن ئەبینن؟ لە

## کاریگەری کێشمەکێشی سعودیە و ئێران لەسەر کوردستانی عێراق

**کاتێکدا بەشێك لە ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی ئێرانی، وەك حزبی دیموکرات (باڵی مستەفا هیجری)، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێران، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و موجاهیدینی خەڵق... لە ئێستاوە تورەکەیان بۆ کۆکردنەوەی داهاتەکانی ئەو پشێویە هەڵدوریوە و ئەیانەوێ بە قازانجی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و بێبەشی کوردستان و ئێرانی لە قەڵەم بدەن.**

**ئازەر مودەریسی:**

بە داخەوە ئەمڕۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هەرکاتێک زیاتر بۆتە جێگای یەکلاییکردنەوەی ململانێی نێوان هێزە کۆنەپەرستەکان لە دەوڵەتەکانی ڕۆژئاواوە بگرە تاکو دەوڵەتەکانی ناوچەکە. ئەوەی ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوودەدات ئاکامی ڕاستەوخۆی دەستێوەردانی ئیمپریالیستی و نەخشە و بەرنامەی دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا و لەسەرووشیانەوە ئەمریکایە. سەرهەڵدانی چەندین هێز و دەستەوتاقمی قەومی و دینی و ڕۆژهەڵاتێکی ئاینی و ئەتنیکی لە لایەکەوە ئاکامی شکستی دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا و بە تایبەتیش ئەمریکایە لەم ناوچەیە و لەلایەکی تریشەوە سپاردنی چارەنوسی ناوچەکەیە بە ململانێی نێوان دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی وەک عەرەبستانی سعودیە و ئێران و تورکیا... ئەو ململانێیانە کە ئێتر بە شێوەی جەنگ لە نێوان هێزە ئەتنیکی و دینیەکاندا ئەچێتە پێشەوە تا بە شێوازە کلاسیکیەکەی و بە وێنەی جەنگ لە نێوان دەوڵەتە جیاجیاکاندا. ئەو هێزانەش یان لە نمونەکانی داعش و جەبهە النصرە و حەشد الشعبی...و چی و چین کە لە لایەن دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانەوە دامەزرێنراون و یاخود لە نمونەکانی حزب الله و ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردن کە خۆیان لە ناوچەکەدا هەر بوونیان هەبووە.

ئەو کێشمەکێشانە لەژێر ناوی"خەبات"ی خەڵکی سەر بە فلانە دین و فیسارە نەتەوە لە دژی خەڵکی سەر بە نەتەوە و دینێکی کە، یان لەژێر ناوی شەڕ لە دژی تیرۆریزمی ئیسلامی یان لە دژی دیکتاتۆرەکاندا بەڕێوەئەچێ. لە دوای شکستی سیاسەتە سەربازیەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتیش لە عێراقدا، ئەمڕۆ وا بڕیارە کە بۆ سوپاکانی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان هیچی تێنەچێ و هیچ زەرەروزیانێکی تیا نەکەن و لە جیاتی ئەوان باندە کۆنەپەرستە ئەتنیکی و ئاینیەکان، لە ژێر ناوی داکۆکی لە خەڵک، بەردەنە گیانی خەڵکی بێتاوان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و قوربانیەکان لەوان بسێنن.

عێراق، سوریا، یەمەن و لیبیا ڕەنگە دوایین و خوێناویترین نمونەکانی ئەم کێشمەکێشە کۆنەپەرستانەیە و خاپورکردنی ژیان و شارستانیەتی بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بن. جەنگ لە هیچ یەکێک لەم وڵاتانەدا لە پێناوی بەرژەوەندیەکانی خەڵک و ئازادی و ئاسایش و خۆشگوزەرانیدا نییە. هیچ شەڕێک لەوانەی کە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرپابووە شەڕ نییە لە دژ و لە پێناو نابودکردنی تیرۆریزمی ئیسلامی و دەستەوتاقمە دروستکراوەکانی دەستی ڕۆژئاوادا. ناوبردنی شەڕ لە سوریا و عێراق و لیبیا و یەمەن بە "شەڕی ناوخۆ " تەنها فریوکاریەکی بێشەرمانەیە. لایەنە سەرەکیەکانی شەڕ لەم وڵاتانەدا نە دەستەوتاقمە

''خۆماڵیەکان''و نە هەتا خەڵکی ئازادیخوازن، بگرە زلهێزە ئیمپریالیستیە کۆنەپەرستەکان و هاوپەیمانە کۆنەپەرستە ناوچەییەکانی ئەوانن. تەواوی ئەم جەنگانە لەسەر جێگەوڕێگای ئایندەی ئەم هێزانە، لەسەر هێزهاوسەنگی نێوانیان و لەسەر ئایندەی دابەشکردنی جیۆپۆلیتیکی و ئابوری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.
سعودیە و ئێران، کە لاف و گەزافی ڕکابەری لێئەدەن و سەرۆکایەتی بەرەی ''سوننە'' و ''شیعە'' ئەکەن لەم کێشمەکێشەدا بەرامبەر یەک ڕاوەستاون. بەڵام نەک بە پشت بەستن بە سوپاکانیان و نە بەشێوەی شەڕی دەستەویەخە وەک شەڕی نێوان ئێران و عێراق، بگرە لە بنەڕەتەوە لە ڕێگای بەڕێخستنی باند و دەستەوتاقمی کۆنەپەرستی وەک داعش و حەشد الشعبی و جبهه النصره..... و بە هەڵگرتنی ئاڵای داکۆکی لە ''نەفرەتی خەڵکی'' یان داکۆکی لە ''مافی خوراوی'' شیعە یان سوننە، کورد یان عەرەب، لە بەرامبەر یەکدا وەستاون. مەیدانی ئەم جەنگە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و هەر بەم هۆیەشەوە لاوازکردنی جێگەوڕێگەی هەر یەک لەم جەمسەرانە لە یەکێک لە وڵاتەکان بە هێرشکردنە سەر وڵات و جوگرافیایەکی تر '' قەرەبووئەکرێتەوە''. ئەگەر کۆماری ئیسلامی بەهۆی حوسیەکانەوە لە یەمەن بووە بە مووی لووت بۆ سعودیە و هاوپەیمانەکانی، ئەوا سعودیەش لە ڕێگای بەهێزکردنی داعش و النصرەوە ئەم فشارە ''قەرەبوو'' ئەکاتەوە. ئەگەر لە سوریا داعش و جەبهە النصره لەلایەن ئەسەد و ئێران و ڕوسیاوە پاشەکشەی پێ ئەکرێ، سعودیەش هەوڵئەدات ناوچەیەکی دیکە لە کۆماری ئیسلامی نائارام بکات. چ ناوچەیەک لەو بەشە لە جوگرافیای ئێران گونجاوترە کە پێشینەی ململانێی خوێناوی لەگەڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا هەیە؟
دوایین هەوڵی سعودیە و یاریەکی مەترسیدار کە لە پێناوی داکشانی دامێنەی ئەم کێشمەکێشە بۆ ئێران دەستی پێکردووە و هاوکاتیش جموجۆڵە سەربازیەکانی ئەم دواییانەی حزبی دیموکراتی کوردستان (باڵی هیجری) بە ناوی ''داکۆکی لە خەباتی خەڵکی کوردستان''ەوە هەر ئەبێ لەم چوارچێوەیەدا لێکبدرێتەوە. ئەمە هەوڵێکە کە لە بنەڕەتدا لە پێناو قەرەبووکردنەوەی جێگەوڕێگەی لاوازی سعودیە و هاوپەیمانەکانیدایە لەبەرامبەر ئێراندا چ لە عێراق و سوریا و چ بە تایبەتیش لە یەمەن و نائارامکردنی جێوڕێی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. ئەمە یاریەکی مەترسیدارە کە حزبی دیموکرات لەوپەڕی بێئومێدیدا دوای هەڵوەشانەوەی سیناریۆی هێرشی سەربازی دژ بە ئێران و گۆڕینی ڕژێم، بە ئومێدی پەیداکردنی نان و پاشکۆیی خۆیان تێفڕێداوە. ئەمە یاریەکە کە زیانی گەورە بە ژیان و خەباتی شۆڕشگێڕانەی خەڵک لە ئێران لە دژی کۆماری ئیسلامی ئەگەیەنێت.
خەباتی چەکدارانە لە دژی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی ئێران بە ئەندازەی تەمەنی ئەم ڕژێمەیە. هێرشی سەربازی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان و بەرگری چەکدارانەی خەڵکی کوردستان یەکسەر و یەک مانگ لە دوای دەسەڵاتگرتنی کۆماری ئیسلامی دەستی پێکرد. ئەم خەبات و ڕووبەڕووبوونەوە چەکدارانەیە هەم بۆ وەستانەوە لە دژی کۆماری ئیسلامی و بەرگری لەو دەسکەوتانە بوو کە لە شۆڕشدا بە دەستیان هێنابوو و هەم لە پێناو ئازادی و یەکسانی و دادی کۆمەڵایەتیدا بوو. پلاتفۆرمی ئێستای جموجۆڵە سەربازیەکانی حزبی دیموکرات، سەرباری

## کاریگەری کێشمەکێشی سعودیە و ئێران لەسەر کوردستانی عێراق

هەراوهوریای ڕابەریەکەی، بە توندی قەومی و ئاینیە. ئەم جموجۆڵانە هیچ پەیوەندیەکی بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی خەڵک لە کوردستانەوە نییە بۆ ئازادی، خۆشگوزەرانی و ئاسودەیی و ئاسایشی خۆی لە دژی کۆماری ئیسلامی، کە ساڵەهایە درێژەی هەیە. بە پێچەوانەوە، یەکەم بوار بۆ تەفرەقەی قەومی و ئاینی لە نێو خەڵکی کوردستاندا بە ناوی کورد و فارس و تورک و یاخود شیعە و سوننەوە ئەکاتەوە و خەباتێکی یەکگرتوو کە چینی کرێکار و جەماوەری بێبەش لە کوردستان دژ بە کۆماری ئیسلامی و لە پێناو ئازادی و خۆشگوزەرانیدا هەیانە ئەگۆڕن بە خەباتی ئەم گروپ و باڵی سوننی یان شیعی یان کورد و یان فارس. دووەم هەلی ئەوە ئەدات بە کۆماری ئیسلامی کە فەزای سیاسی کۆمەڵگا بە توندی میلیتاریزە بکات و هەر جوڵەیەکی ئازادیخوازانە پەیوەست بکاتەوە بە جموجۆڵەکانی سعودیەوە و بەمجۆرە بە زیانی خەڵک و هێزە شۆڕشگێڕەکانی بگۆڕێت.

گەر ئەم سیاستە کۆنەپەرستانەیە سەربگرێ، کاریگەریەکەی بەسەر ژیان و خەباتی خەڵک و چینی کرێکارەوە لە ئێران ڕێک وەک ئەوەی لیبیا و سوریایە. هەروەک چۆن خەبات و شۆڕشی خەڵک لەم دوو وڵاتە لە دژی دەوڵە کۆنەپەرستەکانی لیبیا و سوریا، لە دژی دیکتاتۆرەکانی وەک قەزافی و ئەسەد گۆڕا بە جەنگی کۆنەپەرستانەی قەومی و ئاینی و ملیۆنەهای لە خەڵکی بێتاوان کردە قوربانی، بە هەمان شێوەش پەلکێشانی کێشمەکێشی نێوان شێخەکانی سعودیە و سەرانی کۆماری ئیسلامی بۆ ئێران بڕیارە هەمان سیناریۆی ڕەش لە ئێران دووبارە بکاتەوە. هەروەک وتم جموجۆڵی سەربازی حزبی دیموکرات تەنها و تەنها فەزای ژیان و خەباتی خەڵک لە کوردستان قەومی و ئاینی ئەکاتەوە و دەستی کۆماری ئیسلامیش ئاوەڵا ئەکات کە کۆمەڵگا میلیتاریزە و سەرکوت بکات.

ئەو لایەنانەی کە ئێوە ناوتان هێناون، لە موجاهیدینەوە بگرە تا ئەحزابی ورد و درشتی ناسیۆنالیستی کورد، کارنامەی ڕەشیان لە مەئموریەت جێبەجێکردن و هەڵسوڕان بۆ سیناریۆی کۆنەپەرستانە لە ئێراندا هەیە. ئەم لایەنانە لە ژێر ئاڵا و بە ناوی خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی پشتیوانییان لە گەمارۆی ئابوری ڕۆژئاوا و هێرشی سەربازی ئەمریکا کرد و کەوتنە دروشم دان کە دوای عێراق ئێتر سەرەی ئێرانە. ئەمانە داشێکی چالاک بوون بۆ سیناریۆی گۆڕینی ڕژێم و بە قەومی و ئاینی کردنی ئێران، کە ماوەیەک سیاسەتی ئەمریکا بوو، و ئەوەتا ئەمڕۆش کە کێشمەکێشەکە گۆڕاوە بە کێشمەکێشی نێوان دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە بەشێک لەوان وەک حزبی دیموکرات و موجاهیدین بوون بە داشی سیناریۆی سعودیە بۆ ''نائارام''کردنی کۆماری ئیسلامی.

کۆماری ئیسلامی وەک نوێنەری بۆرژوازی لە ئێران تەفرەقەی قەومی و ئاینی لە ئێرانی ناوێ بەو بەڵگە سادەیەی کە لە بەرژەوەندی ئەودا نییە. بەڵام ئەگەر جەنگی ئەتنیکی و ئاینی بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنرێ، گومانێکتان نەبێ کە سەرباری ئەو لایەنانەی ئێوە ناوتان هێناون، کۆماری ئیسلامیش ئەبێ بە یەکێک لە ئەسڵیترین هێزەکانی کوشتاری ئەتنیکی و ئاینی لە ئێراندا.

بەڵام حزبی دیموکرات و سعودیە مایەی زۆر زیاتریان لەسەر نەفرەتی خەڵکی کوردستان و

نەبەردی خوێنینی ئەوان دژ بە کۆماری ئیسلامی داناوە. گۆڕینی کوردستان بە یەمەن و سوریا و لیبیا لە توانای نە حزبی دیموکرات و نە سعودیەدایە. جموجۆڵەکانی ئەم دواییەی حزبی دیموکرات بە ڕۆشنی نیشانی دا کە لە دنیای واقعدا ئەم کردەوانە جگە لە هەراسانکردن هیچی تر نییە.
خۆشبەختانە ئەم جموجۆڵانە بە ناوی "بەرگری لە خەڵکی کورد" و ئەو شتانەدا نەک هەر لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە پێشوازی لێ نەکرا، بگرە پەراوێز خرا و هەر بەو هۆیەشەوە نەیتوانی بەردەوامی پەیدا بکات. هاوکاتیش ئێمە، حزبی حکمەتیست (خەتی ڕەسمی) لایەنێک بووین کە بە ڕۆشنی بەرامبەر بەم سیاسەتە و مەترسیەکانی هۆشداریمان دا و هەوڵمان دا لەلایەکەوە ڕابەری حزبی دیموکرات بخەینە ژێر فشارەوە و لەلایەکی تریشەوە پەردە لەسەر هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ هێرشکردنە سەر کۆمەڵگا و میلیتاریزەکردنی کوردستان هەڵماڵین و بە پێی توانا پێشی پێ بگرین.
خەباتی چینی کرێکار و خەڵکی بێبەش لە کوردستان هەمیشە لە پێناوی خۆشگوزەرانی و ئازادی و دادی کۆمەڵایەتی و یەکسانیدا بووە و نابێ ڕێبدرێ ئەمە ببێتە دەستمایە بۆ سیناریۆ کۆنەپەرستانەکانی هیچ یەکێک لە دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە.

**دیدگای سۆشیالیستی: کۆماری ئیسلامی ئێران حکومەتی هەرێم و بەتایبەتیش حزبی بارزانی بە هاوکاریکردنی سعودیە تۆمەتبار ئەکات و بەمجۆرەش فشاریان ئەخاتە سەر. بە بڕوای ئێوە ئەو تۆمەتە تا چەندێك ڕاستە و فشارەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر حکومەتی هەرێم چ کاریگەریەکی لەسەر ژیانی خەڵکی بێبەشی کوردستانی عێراق هەیە؟**

**ئازەر مودەریسی:**
حکومەتی هەرێم و بە گشتی حزبە ناسیۆنالیستەکان و ئیسلامیەکان لە کوردستانی عێراق لە ڕووی مێژوویی و نەریتیانەوە هاوپەیمانی یەکێک لە جەمسەرە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە یان دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا بوون.
هیچ کەسێک هەڵهەڵەلێدان و شایی و لۆغانی بارزانی و تاڵەبانی بۆ هێرشە سەربازیەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق و کوشتاری خەڵکی عەرەبزمانی بیرنەچۆتەوە. گەیشتنە سەر دەسەڵاتی ئەوان بەبێ هێرشی سەربازی ئەمریکا بۆ سەر عێراق و بەبێ کوشتار، قوربانی دانی خەڵک و ئاوارەبوونی ملیۆنەها لە خەڵکی عەرەبزمان لە عێراق و بەبێ چوونی ئەم ئەم لایەنانە بۆ ژێر ئاڵای ئەمریکا مومکین نەبوو. دەوڵەتی هەرێم دەوڵەتێک نییە لە شۆڕشی خەڵک لە کوردستانی عێراقەوە لە دژی دیکتاتۆریەتی سەدام سەرچاوەی گرتبێ، بە پێچەوانەوە ئەم دەوڵەتە و حزبە پێکهێنەرەکانی لە جەرگەی خاپورکردنی شارستانیەت لە عێراق و نائارامی خەڵکی کوردستانی عێراقەوە خۆی گرت و گەیشتە دەسەڵات.
مەسەلەی ئەم حزبانە هیچ کاتێک ژیان و ئاسودەیی خەڵک و بەتایبەتیش چینی کرێکار و

## کاریگەری کێشمەکێشی سعودیە و ئێران لەسەر کوردستانی عێراق

جەماوەری بێبەشی کوردستانی عێراق نەبووە و نییە. ئەمڕۆش بە تیژبوونەوەی کێشمەکێشی نێوان جەمسەری ئێران و هاوپەیمانەکانی لەگەڵ جەمسەری سعودیە و قەتەر و تورکیادا، تاڵەبانی لە جەمسەری ئێران و بارزانی لە جەمسەری سعودیە و تورکیادا خۆیان بینیوەتەوە و بە پەتپەتێنی "دیپلۆماتیکی" هەوڵ ئەدەن سوود لە قڵشتی نێوان هێزەکانی ناوچەکە بۆ خۆجێگیردنیان وەربگرن. سەرئەنجام بە پێی جێگەوڕێگەی دەوڵەتی هەرێم و بەتایبەتیش لایەنی بارزانی و خۆگرێدانەوەی بە جەمسەری سعودیە و تورکیا و قەتەرەوە، ئەوەی کە حزبەکەی بارزانی لەم سیناریۆیەدا ڕۆڵی هەبێت و هاوکاری سعودیە بکات و لەم ڕێگەیەوە جێگەوڕێگەی کۆماری ئیسلامی و لایەنی تاڵەبانی (هاوپەیمانی ئێران) لاواز بکات، جێگای گومان نییە. مقۆمقۆی زۆر هەیە کە ئەم حزبە کەوتۆتە ناوەنجیگەری سعودیە و حزبی دیموکرات باڵی هجیریەوە.

بەردەوامی ئەم جەمسەربەندیە بە تەواوەتی وابەستەیە بە جێگەوڕێگەی ئێران و سعودیە لە ناوچەکە و بە ئاکامی هێرش بۆ سەر موسڵ و بارودۆخی سوریا و داعشەوە. لەم ڕووەوە ئەبێ حزبی دیموکرات بزانێ کە دۆستانی ئەمڕۆیان لە کوردستانی عێراق، هەروەک خۆیان، بە خێرایی و لەوپەڕی بێ پرەنسیپیدا ئەتوانن بەرە بگۆڕن و چەک لە هاوپەیمان و دۆستانی دوێنێیان ڕابکێشن. ناسیۆنالیزمی کورد پێشینەیەکی "درەوشاوەی" لە "خیانەتکردن" لە دۆستەکانی دوێنێی هەیە.

تا ئەو جێگایەی ئەگەڕێتەوە بە هەڕەشە و فشارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر دەوڵەتی هەرێم و حزبی بارزانی، بێگومان ئەمانە کاریگەری نەرێنی و مەترسیداریان لەسەر دۆخی ژیان و خەباتی خەڵک لە کوردستانی عێراق ئەبێ. بیرمان نەچێ کە کۆماری ئیسلامی لایەنێکی جەنگ و توخمێکی گرنگی فراوانبوونەوەی نائارامی و تەفرەقەی هەرچی زیاترە لە نێوان خەڵکدا بە ناوی شیعە و سوننی، کورد و عەرەب و تورکمانەوە لە عێراقدا. لەبەرئەوەی کە دەوڵەتی عێراق داشی دەستی کۆماری ئیسلامیە، دەستی ئەم ڕژێمە ئاوەڵایە بۆ فشارهێنانی ئابوری بۆ حکومەتی هەرێم کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە بۆ سەپاندنی هەژاری و نەگتەبی بەسەر خەڵکی بێبەشی کوردستانی عێراقدا. سەرباری ئەوەش لایەنی تاڵەبانی و بەشێک لە لایەنە ئیسلامیەکان لە کوردستانی عێراق لە بەرەی کۆماری ئیسلامیدان و ئەمەش دەستی ئێران لەوەشدا ئاوەڵا ئەکات کە کاریگەری دابنێ لەسەر ململانێکانی نێوان ئەم لایەنانە و فراوانکردنەوەی و نائارامکردنی کوردستانی عێراق.

بە تایبەتی لەم ماوەیەدا کە نارەزایەتیەکی فراوان لە دژی هەژاری و بێکاری و گەندەڵی دارایی دەوڵەتی هەرێم و بنەماڵەی بارزانی لە ئارادایە، بێگومان کۆماری ئیسلامی هەوڵ ئەدات لە ململانێ و کەلێنەکانی نێوان حزبە ناسیۆنالیستەکان سوود وەربگرێ و لایەنی هاوپەیمانی خۆی، تاڵەبانی، بە "جەماوەری و داکۆکیکار لە بەرژەوەندیەکانی خەڵک و دژی گەندەڵی دارایی" ناوببات و جێ پێی خۆی لە کوردستانی عێراق قایمتر بکات. بێگومان بارزانیش هەوڵ ئەدات فشارەکانی دەوڵەتی ناوەندی و یان کۆماری ئیسلامی بە هۆکاری هەژاری و نائارامی و بێکاریەک کە ئەمڕۆ چینی کرێکار و ملیۆنەها خەڵکی بێبەش لە کوردستانی عێراق لەگەڵیدا دەستوپەنجە نەرم ئەکەن لە قەڵەم بدات. هەوڵ ئەدات فشارەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەرەشەی سەربازیەوە تاکو فشارە سیاسی و ئابوریەکانی، جەنگی موسڵ و... چی و چی بکاتە هۆیەک بۆ کپکردنی جەماوەر و دامرکاندنەوەی

ناڕەزایەتیەکانیان لە دژی گەندەڵی دارایی و هەژاری و بێکاری و...هتد.
چینی کرێکار و خەڵک لە کوردستانی عێراق بێگومان ئەبێ بزانن کە هەموو ئەم کێشمەکێشانە، دۆستایەتی و دوژمنایەتی لایەنە کۆنەپەرستەکان، شتێکیان جگە لە هەژاری و بێبەشی و نائارامی بۆ ئەوان تیا نییە.
گومانێکیش لەوەدا نییە کە کۆماری ئیسلامی دەست لە هیچ جۆرە هەنگاو و سیاسەتێکی کۆنەپەرستانە و دژەمرۆیی لە پێناو "دەستەمۆکردنی" دەوڵەتی هەرێم و لایەنی بارزانیدا ناپارێزێ. هەروەها گومانێکیش لەوەدا نییە کە ژیان و ئاسودەیی خەڵکی کوردستانی عێراق بە ئەندازەی سەرە دەرزیەک گرنگی نییە لای سەرانی تاوانباری کۆماری ئیسلامی. بەڵام لایەنەکانی وەک بارزانی و تاڵەبانی و گۆڕان و لایەنە ئیسلامیەکانی سەر بە ئێران یان سعودیە ڕاستەوخۆ بەرپرسن لە هەژاری، بێکاری، نائارامی، گەندەڵی، نایەکسانی.... و.. لە کوردستانی عێراق.
لەکارخستنی دەوڵەتی هەرێم و پێچانەوەی بەرەی ئەحزابی ناسیۆنالیستی و دینی لە کوردستانی عێراق لەلایەن هێزە ئازادیخوازەکان و چەپ و کۆمۆنیستەکانەوە مەرجی یەکەمی ڕزگاربوونە لەم بارودۆخە.



دەشتی جەمال

# نەوشیروان مستەفا و شەڕی موسڵ

نەوشیروان موستەفا ڕێکخەری بزوتنەوەی گۆڕان ڕۆژی ٢٩ ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ لەمیانی کۆنفراسی لایەنگران و ئەندامانی بزووتنەوەی گۆڕان لە لەندەن سەبارەت بە پرۆسەی کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ و شەڕێک کە لە ناوچەکەدا لە ئارادایە دەڵێت" کە موسڵ بۆ کورد گرنگە و سەرکەوتنی پرۆسەکەش پشتیوانی دەکەن".
نەوشیروان موستەفا ئەوەش دەڵێت" کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ دوو سوودی بۆ کورد دەبێت، یەکەمیان ئەوەیە کە مەترسی لەسەر بەشێکی هەرێمی کوردستان دوور دەکەوێتەوە، دووەمیش هەندێ: لەناوچە کوردستانییەکان لەژێر دەستی داعش رزگار دەکرێن".

ئەگەر چی ئەم ئاڕاستە سیاسیە تازە نییە، و ئەمە یەکەمین جار نیە سەرانی بۆرژوا ناسیونالستی کورد ڕاشکاوانە جەماوەری ستەمکێشی خەڵکی کوردستان لەئاستی بەربڵاودا پەلکێش بکەن و بیانکەنە لەشکری پیادە و زەخیرەی بزوتنەوە بۆرژوازی و کۆنەپەرستەکانیان بەخاتری قازانج و بەرژەوەندیەکانی خۆیان لە ریزی کۆنەپەرستی بۆرژوازی و بەرەی ئیمریالیستیەکاندا قەرار نەگرن، بگرە ئەو دەربڕینانەیان راستەخۆ هاوتەریبە بە پاساوەکانی شەرعیەتدان بەو شەڕەی ئێستا لەئارادایە، لەژێر ناوی "رزگاری موسڵ و کۆتایهێنان بە تیرۆریزم". گوایە خەڵکی موسڵ لە ڕەوتی کۆنەپەرستی داعش رزگار دەکەن. لە کاتێکدا ئامانجێک کە لەم شەڕەدا خۆی حەشارداوە و بڕیارە لەم ڕێگایەوە یەکلا بکرێتەوە شەڕێکی ناڕاستەوخۆیە کە لەنێو گۆڕینی هاوسەنگی هێزە ئیمپریالیستیە جیهانیەکاندا دەچێتە پێش.. ئەمریکا لەم ڕێگایەوە دەیەوێت فشارەکانی بۆ سەر روسیا و حەلیفەکانی توند بکاتەوە، کە دیارە ئاسەوارو کارەساتەکەی لە ژماردن نایەت. ئەو هێزانەی لەبەرەکانی ئەو شەڕەدا دەجەنگن بەشێکی زۆری هەر ئەو هێزانە بوون بە رۆژی رووناک لە ڕێکەوتنێکی ژێر بەژێردا موسڵیان بە چەک و زرێپۆشەکانەوە تەسلیم بە داعشکرد. هەر ئەو هێزانە بوون کە لە دووساڵی رابڕدودا لە ڕیزی پێشەوە و سنورەکان بازرگانی چەک و تفاق و نەوت و سەیارەیان لەگەڵ داعش دەکرد. ئەگەر بەڕاستی  شەڕی شێلگیرانەی لەگەڵ داعشدا بکردایە ئەوا ئاسەوارەکانی لەسەر ژیانی خەڵک کەمتر دەبوو. ئەگەر ڕێگایان بدایە خەڵکی مەدەنی و ژنان و مناڵانی هەڵهاتووی ژێر چەپۆکی ڕەشی داعش داڵدە بدەن بەناوی" گۆڕینی دیمۆگرافی کوردستان و عەرەبی داعش و دوژمنی نەتەوەیی"ەوە ڕێگریان لە ئاوارەکان نەکردایە، ئەگەر جێگای شیاو و شایستەیان بۆ ئاوارەکان دەستەبەر بکردایە ڕووبەڕووی ئەوکارەساتە

نەبونایەتەوە، ئەوا دەمێک بوو خەڵکی موسڵ، ژێر دەسەلاتی داعشیان جێهێشتبوو وە لایەنی کەم فکرێکیان بۆ ڕزگارکردنی خۆیان و ڕامالینی داعش دەکردەوە. کەوایە دروست بزووتنەوەی گۆرانیش هەروەک چۆن ئەحزابی ناسیونالیستی کورد بەو پاساوانە خەڵکیان سەرمەستکردوە، ئەوا ئەوانیش لەو چوارچێوە بەرتەسکە حزبایەتیەی خۆیانەوە گەمەی سیاسی دەکەن و خەریکن نەک هەر دیفاع لەو شەڕە دەکەن، بەڵکو لایەنێکی بەشدارو ملکەچن بۆ بەڕێوەبردنی ئەوامرەکانی. لەوەش زیاتر هەروەک چۆن لە رابردودا بەهانەیان دادەتاشی بۆ ملهوڕی وعەسکەرتاریەتی ئەمریکا لە شەڕی خەلیجی یەکەمدا و خۆیان بەو سیاسەتە چەپەڵەوە گرێدایەوە، وە هەروەها پێشلەشکریان بۆ ئەو سیاسەتانە نواند و کۆبوونەوە لەدەوری کەمپەینی ئەمریکا لەژێر ناوی "روخانی دیکتاتۆریەت، هێنانی دیموکراسی"دا ئاواش پێشوازییان لەوشەڕانە تەنها لەچاوی قازانجی خۆیانەوەیە کە خەریکن بەناوی قازانجی خەڵکی کوردستانەوە ناوزەدی دەکەن. لەهەموو ئەو شەڕانەدا کە بەهەزاران لەخەڵکی سڤیل لە ژن و منال و پیر و پەککەوتە گوشت و گوشتار کراوە کەوتۆتە بەردەم ماشینی جەنگی دەوڵەتە زلهێزەکانی دنیا، بەهەزارانیش لەماڵ و حاڵی خۆیان هەڵکەنراون کەچی هێشتا ئەوان باس لەسودی کورد دەکەن. دەیانەوێت خۆیان لە ئاسەوارەکانی ئەو شەڕانە لابدەن کە چ کارەسات و ئاکامێکی زیانباری دەبێت بۆ خەڵکی ناوچەکە...

نەوشیروان موستەفا ئەو ڕاستیە باش دەزانێت کە لە رابردوەوە تا ئێستا هیچ کام لەو شەڕانەی بەرپاکراوە، یەک زەڕە قازانجی خەڵکی کوردستانی تیا نەبووە جگە لەکارەسات و ماڵوێرانی نەبێت.. ئەوە ڕاستە بۆ بەرژەوەندی چینێکی دیاریکراو وە بۆ خۆیان بەخۆگریدانەوە بە سیاسەتی شەڕخوازانەی ئەمریکا لەشەڕی کەنداوی یەکەمدا کەوتنە دوای ئەمریکا تا لە ئایندەی دەسەلاتدا شتێکیان پێببڕێت. بۆیە هەر زوو کەوتنە پاڵ کەمپەینی تەبلیغاتی ئەمریکا و پشتیوانیان لە سیاسەتی ئەوپەڕی نامرۆڤانەی گەمارۆی ئابووری لەسەر خەڵکی عێراق و برسیکردنی منالانی عێراق کرد لەژێر ناوی لاوازکردنی رژێمی سەدام حسێندا.

پاشانیش دریغیان نەکرد لە پشتوانیکردن لە بۆمبارانی کوێرانەی خەڵکی عێراق و داروخانی ژێرخانی کۆمەڵگا و گیرانەوەی کۆمەڵگا بەرەو دواوە. هەموو ئەم تاوانکارییەشیان وەک فرسەتێکی زێڕین لەقەڵەم دا. ئاکامێکی ئەم جەنگ و تاوانکاریی و سیاسەتە لەساڵی ١٩٩١دا، کۆمەڵگای کوردستانی کردە ئۆردوگایەکی ئاوارەیی و لە چاوەڕوانیدا ڕاگیرا، بەدیار کۆمەکی نێودەوڵەتیەوە. پاشان دەرگای بۆ سەرهەڵدانی شەڕی دەسەلات ئاوەلاکرد. لە ئاکامدا بەهەزاران کەسیان کردە قوربانی. هەموو ئەم ڕووداوانەش کە خەڵکی کوردستان بە قورسی باجەکەیدا، بە خاتری بەدەسەلات گەیشتنی حزبە ناسیونالیستەکانی وەک یەکێتی و پارتی تەواوبوو. یەکێکی تر لە ئاکامەکانی ئەم سیاسەتە نائینسانیە خۆگرێدانەوەی حزبەکان بوو بە وڵاتانی ناوچەکەوە لەوانە تورکیا و ئێران. بەم جۆرەش کوردستانیان کردە مەیدانێک بۆ بازاڕی سەرمایە و بازرگانی کۆمپانیاکان و سەرەنجام خەڵکەکەشیان بەسەر ناوچەی زەرد و سەوزدا دابەشکرد.

نەوشیروان مستەفا لە حەساس ترین دەورانی پر ئاڵوگۆر و وەرچەرخانە جیهانیەکاندا دەیەوێت ڕیگا چارەی ڕۆچوون بۆ نێو ئەو ئاڵوگۆرانە لە ڕاستای قازانجی بۆرژوازی کوردەوە بخاتە ڕوو تا لەو کاروانە دوا نەکەوێت. ئەویش لەپشت پروپاگەندە و چەواشەکاریەکانی ئەمریکاو غەرب و هاوپەیمانیە ناوچەیەکانیانەوە خۆشباوەریەکان بە شەڕی موسل بەسەر خەڵکی کوردستاندا مەقبولیەت پێ بدەن. لە کاتێکدا بە پێ ئەو بەڵگانەی خراونەتە ڕوو پێش ئەوەی موسڵ لەدەست داعش ڕزگار بکرێت دەیان ئینسانی بێتاوان کراوەتە قەڵغانی مرۆیی و قوربانی دەستی ئەو تیرۆریستانەوە وهەروەها بۆمبە کۆمەڵکوژەکان و میلیشیا تایفیەکان وحشدی شەعبی وسوپای عێراقی وعەشایرە چەکدارەکان. لەمەش زیاتر وەک بەرهەمێک لە سیاسەتی پشتیوانیکردن و ڕاوەستان لەکەنار شەڕی ئەمریکادا، سەپاندنی دەسەلات و سیستەمێکی بەرهەمهێنا، و بووە میراتگری رژێمە سەرکوتگەرەکانی پێشوی عێراق کە نەک هەر لەئاست وەڵامدانەوە بە ئازادی و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیانی کوردستاندا بێدەربەستە، بەڵکو بەرامبەر بە داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان ئامادەیە پەنا بۆ سەرکوت و ڕفاندنی هەڵسوڕاوان و تەقەکردن لە خۆپێشاندانی جەماوەری بەرێ. دەسەلاتێک کە لە پشتی گولە تۆپ و تانکەکانی ئەمریکاوە بەسەر سەری خەڵکی کوردستاندا ڕاگیرا، لەجۆری ئەو دەسەلاتە سەرکوتگەرانەیە کە لەسەر دەربڕینی بیروڕای جیاواز ئامادەن هاولاتیان تیرۆر و نانبڕاو بکەن. لەژێر سایەی هەر ئەم دەسەلاتەدایە کە سەرەتاییترین پێداویستیی تەندروستی و خزمەتگوزاری رۆژانەی خەڵک بۆتە

# نەوشیروان مستەفا و شەڕی موسڵ

ئاواتێکی دووره دەست. ئا ئەمەیە کاک نەوشیروان سودی شەڕەکان و سودی بۆ خەڵکی کوردستان؟

لەسەر بناغەی ئەو سیاسەتە نەوشیروان مستەفا دەیەوێت ئەندامان و دۆستان و لایەنگرانی بزووتنەوەکەی بەوە فریو بدات کە گوایە شەڕی موسڵ لەسەر"لەناوبردنی داعش و مەترسیەکانێتی" لە کاتێکدا ئەو ڕاستیە وەک رۆژی ڕوناک دیارە کە ئەم شەڕە نە بۆ لە ناوبردن و کۆتایهێنان بە داعش و نە بۆ بەرگریکردن لە خەڵکی شاری موسڵە. بەڵکو "داعش" بەهانە و کارتێکی سیاسیە بۆ پەردەپۆشکردن و بەلاڕێدابردنی ڕاستیەکانی پشتی ئەم شەڕەیە کە شەڕی قازانج و بەرژەوەندیە جیاوازەکان و پێگەی سیاسی دەوڵەتە ئیمپریالیستیەکانی ئەمریکا و روسیا و حەلیفە ناوچەیی وجیهانیەکانیانە. ئەمە پێشبرکێیەکی تیرۆریستی نێوان زلهێزە جیهانیەکانە لەسەر دابەشکردنی ناوچەکە و هەژمونی خۆیان لەجیهاندا. ئەوەتا ئەمریکا لە ئێستاوە خەریکە بەرەوپێشچوونەکانی لە موسڵ و دەوروبەری بەسەرکەوتنی گەورە وە سەرەتایەکی هەڵسانەوەی خۆی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەژمار دەکات.. داعش کە ئەنجامی شەڕەکەیانە وەک هێزی سەربازی دەکەنە دەرەوە وە یان ڕەوانەیان دەکەن لەرێگای حەلیفەکانیانەوە بۆ سوریا تا هاوسەنگی هێزە بەرامبەر بە ڕووسیا بگۆڕن، بەڵام موسڵی دوای داعش موسڵێک نابێت ماف و ئازدیەکانی خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە دەستبەربکات و ژیانێکی تێروتەسەل بکاتە بەشی خەڵکەکەی بەڵکو ئەم جارە دەیان دەستە و گروپی دیکەی ستەمکار و کۆنەپەرستی نیشتیمانی سونە مەزهەب و شیعە مەزهەب دەکەونە گیانی ئەو خەڵکە، بە ناوی موسڵی دوای داعشەوە بەخاتری بەشی دەسەڵات ومانەوە لە موسڵ. وە حەتمەن ئەحزابی ناسیونالستی کورد خۆی بۆ بچڕینی ئەو بەشەش ئامادەکردوە هەروەک لە رابردوودا بینیمان و نەوشیروان مستەفا شینی ئەوە دەکات و چاوی لەوە بڕیوە.

بێگومان داعش هێز و رەوتێکی تاسەرمۆخ کۆنەپەرست دژی مرۆڤایەتییە پێویستە پاک بکرێتەوە تەفرو تونابکرێت، بەڵام ئەوهێزانەی بەشدارن لە شەڕ و پێکدادان و ئابلۆقەی موسڵدا ئەو ئایندەیە بۆ ئەو خەڵکە تەحقیق ناکەن کە ئاە و ئومێدێکی تر بکاتەوە بە بەری خەڵکی موسڵ و ناوچەکانی دەوروبەریدا بەڵکو ئەمانە لە ئێستاوە خۆیان بۆ بچڕینی بەشی خۆیان هەڵگرتووە.

لەسەر ئەوەی گوایە <u>گرتنەوەی موسڵ مەترسی لەسەر بەشێکی هەرێمی کوردستان کەم دەبێتەوە</u> دیسان ئەمە پاساوێکی دورە لە راستیەوە مەترسیەکان گەورەتر دەبێت و گێژاو وکارەساتەکان زیاتر روو لە هەڵکشان دەکات. ئەو ئوسوڵە سیاسیەی لای نەوشیروان موستەفا و تەواوی ناسیونالیزمی کورد هەیە هەمیشە بە پێوانە نەتەوەییەکان و لەچاوی بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوە دەست پی دەکەن واتە بە هەر نرخێک بێت شتیک بەدەست بهێنیت ئەگەر ئەو سیاسەتە تا ئەوپەری دژی ئینسانیش بێت. ئەوەتا لە رۆژگارە پڕ ئاڵوگۆرە جیهانیەکان و شەڕ و ناکۆکیەکاندا لەبەرەی ئیمپریالیستی جیهاندا راوەستاون گرنگ نیە چ وێرانکاری و ماڵوێرانی و سەرگەردانی و کارەساتێک رووبەرووی خەڵکی تر دەبێتەوە. بە تایبەتی پشتیوانی ئەو سیاسەت و بەرنامەیەی لە ڕابردودا ئەمریکا و حەلیفەکانی پەیرەویان لێکردوە لە داسەپاندنی دەسەڵاتداریەتێکی تایفی و مەزهەبی لە عێراق و دەستورەکەیدا کە سەرچاوەی هەموو ئەو قڵشت و جیاکاری و ناکۆکیانەیە، کە لە ئەحزابی نەتەوەیی و ئیسلامی شیعە مەزهەب و سونە مەزهەبدا رەواجی پێدرا و تیرۆریزمی ئیسلامی بەرهەمهێنا. وەلە ٢٠٠٣ وەهەڵومەرجێکی تاریک و نەشیاو وە شەڕێکی نەبراوە، کارەساتی تایفی ومەزهەبی لەو کۆمەڵگایەدا دەچێتە پیشەوە و درێژەی هەیە بە پێچەوانەی بۆچونەکانی نەوشیروان موستەفاوە تا کوردستان لە هۆڵی چاوەروانی بەدیار سیاسەتەکانی هێزە ئیمپریالیستیەکان و حەلیفە ناوچەییەکان گرێدراو بێت وئەحزابی میلیشیای حاکم بێت و لە دەرەوەی بڕیار و ئیرادەی راستەقینەی خەڵکی کوردستان بڕیار بدرێت مەترسیەکان لە سەر ژیان وئایندەی کۆمەلگای کوردستان بەردەوام دەبێت.

سەبارەت بەرزگارکردنی ناوچە کوردیەکان کە لەژێر دەسەڵاتی داعشدان و نەوشیروان موستەفا ئاماژەی پێ دەدات، ئەوا دەبێ بڵێین لەگەڵ ئەوەی رزگارکردنی هەر ئینسانێک لەسەر هەر بستێک لەهەر جێگایەک و پاکردنەوەی لەدەستی ئەو مرۆڤکوژانەی کە نامۆن بە مرۆڤایەتی، نەک هەر خواستی ئێمەیە بەڵکو هەر ئینسانێک دڵی بۆ ژیان لێدەدات و ئامادە نییە بۆ یەک سانیە لەژێر رکێفی ئەم تیرۆریست و بەربەریانەدا ژیان بەسەر بەرێت، بەڵام دیسان نەوشیروان موستەفا دەتوانێت پێمان بڵێت بۆ ئەو ناوچە کوردیانەی تا ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی ئەحزابی کوردیدایە بەختەوەرن؟ هەر بوونی حاکمیەتی ئەو حزبانە خۆیان مەترسی نەبوون لەسەر ژیان و ئایندەی ئەو کۆمەڵگایە؟ وەک ئەوەی خەڵکی لەسایەیاندا تێرو تەسەل و خۆشگوزەران و دور بوبێت لە مەترسی تیرۆر. وەک ئەوەی کە ئەوان سەرچاوەی ئەو

هەموو قەیران و گێژاوە سیاسی و ئابوریانە نەبوبێتن بەسەر سەری خەڵکی کوردستانەوە. وەک ئەوەی کێشە و ئەو ئاڵۆزیانەی باردودۆخی سیاسی و یاسایی ئەو ناوچانەی بە ناوچەی "کێشە لەسەر" ناوزەد دەکرێت، دانیشتوانی ئەو ناوچانە لەپێش داعشیشدا لەبەردەم بێمافیەکی ئەوپەڕیدا رانەگیرابێتن، کە نە حکومەتی ناوەندی و نە حکومەتی هەرێم هیچیان بەعەمەلی بەرپرسی راستەوخۆی ئەمنیەت و خزمەتگوزاریەکانی خەڵکی ئەو ناوچانەی نەکردوە و لەگەڵ سەرەتاترین کێشە و گرفتی ژیان و پێداویستیەکانیان بەرەوڕوو بوون. بەهەمان شێوە سیاسەت و رۆڵ و هەڵسوکەوتی هێزە ناسیۆنالیستی و ئیسلامیەکان و دەسەڵاتی داسەپاویان بەسەر خەڵکی ئەو شارە و ناوچانەدا، بەتایبەتی لە رابردودا جموجۆڵی سەربازی و کۆکردنەوەی هێزی سەربازی و شەڕ لەبەرامبەر یەکتردا هەمیشە سێبەری شەڕێکی نەتەوەیی خوێناوی بەسەر سەریانەوە ڕاگرتووە. بە بەردەوامی دانیشتوانی ئەو ناوچانە لەبەردەم هەڕەشەی شەڕو کێشمەکیشی نەتەوەیی ومەزهەبیدا راگیراون. تەنانەت موزایەدەی سیاسی بەدانیشتوانی ئەو ناوچانەوە کراوە، یەکێک لە نمونە بەرجەستە تازەکانی خەڵکی شەنگاڵە. هەر بۆیە نەوشیراون موستەفا وەک یەکێک لەسەرانی ناسیونالیستی کورد لەم بارەیەشەوە بە سیاسەتی ریاکاری و تەفرەدانەوە چاوی لە قازانج و بەرژەوەندیەکانی بزووتنەوەکەی و ڕۆلی پێگەی بەدەسەڵات گەیشتنیانە ئەویش بە نرخی دەیان قوربانی و ئاوارەی ملیۆنی و ئاشوبی نەتەوەیی و مەزهەبی قولکردنەوە و خاپورکردنی دەیان قوتابخانە و خەستەخانە و پرد و شۆینی گشتی دەیەوێت بە ناوی سودی کورد، بەخەڵکی کوردستانی بفرۆشنەوە.

دیسێمبەری ٢٠١٦



**مەنسور حکمەت**

# دەربارەی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری
# گفتوگۆی لەگەڵ ڕادیۆی ئەنتەرناسیۆنال

**وەرگێڕانی لە فارسیەوە: جەمال محسن**

علی جوادی: ڕێگا بدەن لەو پرسیارەوە دەست پێ بکەم کە سیستمی سەرمایەداری لەسەر دوو پایە وەستاوە، لە لایەکەوە چینی کرێکار و کرێکارێك هەیە هێزی کاری خۆی ئەفرۆشێ، و لە لایەکی ترەوە سەرمایەدار هەیە خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردنە لە کۆمەڵگادا کە لە پێناو بەگەڕخستن و بەرهەمهێنانەوەی سەرمایەدا پێویستی بە کڕینی هێزی کاری کرێکارە. ئەمە پایەی گشتی سیستمی بنەڕەتی سیستمی سەرمایەداریە. کاتێك سەرنج ئەدەینە ڕووکەشی مامەڵەکە ئەبینین کرێکار هێزی کاری ئەفرۆشێ، کاتی کارەکەی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بە سەرمایەدار ئەفرۆشێ و لە بەرامبەریدا کرێیەکی دیاریکراو وەرئەگرێ، کێشەی ئەم مەسەلەیە چییە؟ ڕەخنەی ئێوە لە تەواوی ئەم مامەڵەیە چییە؟

**مەنسور حکمەت:**

وەک ئەبینی خوێندکارێکی پۆلی یەکەمی بەشی ئابوری فێری ئەوە ئەکەن ڕەنگە ڕۆڵ بینینی وەک کرێکار و سەرمایەدار یا بۆ نمونە بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیار و شتی تر وەک بەشێک لە

دابەشبوونی کاری کۆمەڵایەتی و ئابوری بێ. واتە کۆمەڵگا ئاڵۆز بووە، دابەشبوونی کار هاتۆتە ئاراوە، کەسێک ئاسنگەرە، کەسێک دارتاش، کەسێک ئەندازیار، کەسێک دکتۆر، کەسێک سەرمایەدار، کەسێک کرێکار، کەسێک مامۆستایە. لە ڕووکەشدا پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، و بە تایبەت بازاڕە، کە پەیوەندی نێوان ئەوانە دیاری ئەکات و ئەو ئاڵوێرە یەکسانەی کە ڕووکەشیانە کرێکار لەگەڵ سەرمایەداردا ئەیکات بەشێکە لەوە. واقعیەتەکەی ئەوەیە کە کرێکار و سەرمایەدار ڕۆڵبینینێکی کۆمەڵایەتی نین کە لە ئەنجامی ئاڵۆزتر بوونی کۆمەڵگا و فراوانبوونەوەی دابەشبوونی کار و ئەوەی بە لکاندنی ڕۆڵە ئابووریەکان بە ئینسانەکانەوە ناوئەبرێ، پەیدابووبن. ئەمە زنجیرەی داستانی کۆنی چەوسانەوە و ڕەنجبردن و سوودوەرگرتن لە خاوەندارێتی دەسترەنجی کەسانی ترە کە داستانی تەواوی مێژووی کۆمەڵگای چینایەتییە نەک تەنها سەرمایەداری. تەواوی مەسەلەکە ئەمەیە کە ئەم ڕۆڵانە، ئەو شێوازە دیاریکراوە مومکین ئەکات لە سیستمێکی ئەمڕۆییدا، لە سیستمی سەرمایەداریدا، دەسترەنجی ئەو ئینسانانەی کە بەرهەم ئەهێنن لە لایەن بەشێک لە کۆمەڵگاوە، کە خۆیان لە بەرهەمهێناندا هیچ ڕۆڵێکیان نییە، خاوەندارێتی ئەکرێ. کرێکار هێزی کارەکەی بە سەرمایەدار ئەفرۆشێ و ئێ لە بەرامبەر ئەوەدا کرێ وەرئەگرێ. بەڵام ئەو هێزی کارە کە کرێکار بە سەرمایەداری فرۆشتووە لە کارگەیەک، لە پرۆسەیەکی بەرهەمهێناندا، بەوجۆرەی کە مارکس ئەڵێ سوودی لێ وەرئەگیردرێ، کاڵایەک نییە کە بەکاری بهێنی وەک سووتەمەنی، یان وەک برێک سەرچاوەی کانزایی یان برێک کانزا یان تەختە. هێزی کاری کرێکار بەو جۆرە بەکارئەهێنرێ کە لەسەر باقی ماتریاڵەکانی تر کار ئەکات و بەرهەمێکی نوێ درووست ئەکات و بەهای ئەو بەرهەمانە زیاترە لەو بڕەی کە بۆ درووستکردنیان خەرج کراوە، یانی زیاترە لەو بڕەی کە دراوە بە کرێکار. بە ئیزافەی کەرەسەیەکی سروشتی کە بەکارهاتووە. بەهای بەرهەمە بەرهەمهاتووەکە زیاترە لەو خەرجیانەی کە چینی سەرمایەدار کردوویەتی و ئەم زیادەیەی بەرهەم، ئەم زیادەیەی بەها یا زێدەباییە، بەو جۆرەی کە مارکس نیشانی ئەدات، بەرهەمی خەسڵەتی هێزی کارە. هێزی کار یەکێکە لەو کاڵایانەی کە کاتێک بەکاریئەهێنیت بەهایەکی نوێ بەرهەم دێنێت و زیاتر لەو بڕەی کە بۆ کڕینی خودی خۆی دراوە بەرهەم ئەهێنێ. سەرئەنجام باس دێتە سەر ئەوەی کە ئەمە سیستمێکە کە لەم کۆمەڵگایەدا لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بەروبومی کاری مرۆڤەکان کە بەرهەمی ئەهێنن، بەرهەمی داهێنانەکانی مرۆڤەکان، بەرهەمی ڕاهێنانی مرۆڤەکان لەلایەن چینێکی وەک چینی سەرمایەدارەوە ڕائەکێشرێ. بەرهەمێک کە لە پرۆسەی کار، لە ڕەوەندی کار لە کارخانە و کارگە و کێڵگە و شتی تردا بەرهەم دێت پەیوەست ئەبێتەوە بە کەسێکەوە کە خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمێنان بووە، بە خاوەنی کێڵگە، بە خاوەنی کارخانە، بە خاوەنی ئەو دەزگایەوە. ئەو کەسەی کە کاری کردووە لە ڕووکەشدا کرێکەی وەرگرتووە و ڕۆیشتووە، بەڵام ئەو شتەی سەرئەنجام ماوەتەوە بە شێوەی بارستاییەکی فراوان لە کاڵا پەیوەستە بەو کەسەوە کە خاوەنی ئەو یەکەی بەرهەمێنانەیە. ئیتر بەهایەکی زیاتری ئەم کۆمەڵە کاڵایانە سەرئەنجام بە شێوەیەکی ڕووکەشی ئەبێ بە بەشی ئەو لە بەرهەمهێناندا. بەڵام ئەوە شتێک نییە جگە لە بەرهەمی کاری ئەوانەی بەیانی هاتوون و کاریان کردووە و ڕۆیشتوون

و سەرئەنجام بەرهەمی تەواوی چینێکی کۆمەڵایەتیە کە لە ئاستێکی جیهانیدا کار ئەکات. ئەم شێوازە کە ئەم کۆمەڵگایە بەرهەمی زیادە ڕاستەوخۆ لە بەرهەمهێنەران ئەسەنێ، لە سیستمی کۆیلەداریدا خاوەنی خودی کۆیلە بوون، نانیان ئەخستە بەردەمی و سەرپەنایەکیان ئەدا پێی و هەرچی کارێکی ئەکرد بە پێی پێناسەکەیماڵی خاوەن کۆیلەکە بوو. یا لە سیستمی دەرەبەگایەتیدا جوتیار کاڵاکەی ڕاستەوخۆ ئەدا بە دەرەبەگەکە یا لەسەر زەویەک کە خودی دەرەبەگ بۆ کاری زۆرەملێی ئەوی دانابوو، کاری زۆرەملێ (بێگاری) ئەکرد.
ئەمانە ئەو شێوازانە بوو کە لە سیستمەکانی پێشووتردا بەرهەمی زیادەیان ئەبرد، لەم سیستمی سەرمایەداریەدا کە ڕۆشنە بازاڕ حوکم ئەکات و سیفەتی ئاڵووێری سودی ئینسانەکانی لەگەڵ یەکتردا داوە بە هەموو شتەکان، لەم سیستمەدا لە ئاڵووێرێکی نێوان کار و سەرمایەشدا ڕێک هەمان شت بەڕێوە ئەچێ. یانی چەند کەسانێک دێن کار ئەکەن، لە بەیانیەوە تا شەو و تەواوی تەمەنیان، لە کۆتایی پرۆسەکەدا لە کۆتایی ژیانی کرێکارێکدا کە تەواوی ژیانی کاری کردووە، بژێوی و سەرپەنایەکی گرتووە و ئەو کەسەی کە ئەو کرێکارە کاری بۆ کردووە، ئەو چینەی کە چینی کرێکار کاری بۆ کردووە سەروەتێکی قەبە لە دەستیدا کەڵەکەی کردووە.
دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی ئەم سەرمایەدارە لە ڕاستیدا شتێک نییە جگە لە هەڵگەڕاوەی دەسەڵاتیک کە کرێکار بۆی خوڵقاندووە، سەروەتەکەی سەروەتێکە کە کرێکار خوڵقاندوویەتی. سەرئەنجام ئەم سیستمە ئاڵۆزە، میکانیزمی مۆدێرنتر و ئاڵۆزتری هەیە کە لە سەنتەرەکەیدا بازاڕ هەیە و ئاڵووێر و پارە چەقەکەیەتی، بە کاڵابوونی دیاردەکان و لە نێو ئەوانەشدا هێزی کار چەقەکەیەتی. بە پێچەوانەی سیستمی کۆیلەتی کە ئەتتوانی وێنەی پرۆسەی چەوسانەوە بگریت و بڵێیت ببینە کە ئەم کەسە ناچار بە کاری بەزۆر ئەکەن و دواتر هەرچی بەرهەم ئەهێنێ ئەیبەن، لەم سیستمەدا ناتوانی وێنەی چەوسانەوە بگریت و بڵێیت ببینە لێرە سەرمایەدار ئەبێتە خاوەنی کاری ئەم مرۆڤە. بەڵام کاتێک تەماشای تەواوی ئابوری ئەکەیت، ئەبینی کە بەڵێ میکانیزمەکە ڕێک ئەمەیە. لە ڕێگەی بە کاڵابوونی کاری مرۆڤێکەوە بۆ کۆمەڵگا، لە ڕێگەی بە کاڵابووونی هێزی کاری مرۆڤێکەوە، هێزی بەدەنی مرۆڤێکەوە لەم کۆمەڵگایەدا سەرمایەداران بە کردەوە خاوەنداریێتی بەرهەمی ئەم هێزی کارە ئەکەن.
ئەسڵی مەسەلەکە خاوەنداریێتی بۆرژوازیە بۆ ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، واتە ئەوەی چەند کەسانێک هەن ئامرازەکانی بەرهەمهێنانیان کردووە بە موڵکی خۆیان و خستوویانەتە دەستی خۆیانەوە و زۆرێک لە مرۆڤەکان لەوە بێبەشن بەو ئامرازانە بە هەرجۆرێک کە ئەیانەوێ بەرهەمبهێنن و کۆمەڵگا بتوانێ سوودیان لێوەربگرێ.

**علی جوادی: باشە ئێوە ئاماژەتان بەم مەسەلەیە کرد، بەڵام ڕەنگە بیرمەندانی بۆرژوازی لەبەرامبەر ئێوەدا باسی ئەوە بهێننە پێشەوە کە باشە بەهەرحاڵ کرێکار ئازادە، ناچار نییە کە هێزی کاری بفرۆشێ، ئەبێ لەژێر ئەو هەلومەرجەدا بیفرۆشێ کە**

سەرمایەدار و خاوەن سەرمایە خستویانەتە بەردەم. لە باری حقوقیەوە ناچارکردنێك لە ڕووکەشدا لە ئارادا نییە. وەڵامی ئێوە بەم مەسەلەیە چییە؟

**مەنسور حکمەت:**

لە ڕاستیدا ناچارکردن زۆر لە ئارادایە. تەماشاکەن، ئەبێ ببینرێ کە ئایا هەڵبژاردەکانی تری کرێکار ئەتوانێ چی بێ. ئەگەر هێزی کاری نەفرۆشێ چ ڕێگەیەکی تری هەیە بۆ بە دەستهێنانی بژێوی؟

ووتم کۆمەڵگا ئاڵۆزە، بەڵام بە گشتی لە هەر کۆمەڵگایەکدا و لە هەر سیستمێکی ئابوریدا شێوازێک هەیە کە مرۆڤەکان بە شێوەیەکی کۆمەڵ بژێویان لەسەر گۆی زەوی دەردێنن و پێداویستیەکانیان بەدەستدێنن. ئەم پێداویستیانە لە سەرەتاکانی مێژوودا مومکینە پێداویستی سەرەتایی و بناغەیی لە چەشنی خۆراک، سەرپەنا، پۆشاک و شتی وا بووبێ، بەڵام ئێستا هەموو شتێک هەیە لە پێداویستیە ماددی و ڕەفاهیەکانەوە بگرە تا ئاڵۆزترین پێداویستی مەعنەوی. بەڵام بەهەرحاڵ ڕاستی ئەوەیە کە ئەم سیستمە ئابوریە شێوازێکە مرۆڤەکان لە ڕێگایەوە بژێویان دابین ئەکەن.

باشە ئەگەر کەسێک بێت و ئامرازەکانی دابینکردنی ئەم بژێوییە بخاتە دەستی خۆیەوە و بیکاتە بارمتە، لەبەرامبەردا کۆمەڵگا ئەکەوێتە بەردەم دوو هەڵبژاردەوە: یان ئەبێ لە نێوبچێ یان بۆ ئەو توێژە کار بکات کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانیان خستۆتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. ڕەنگە کرێکارێک ئەو هەڵبژاردەیەی هەبێ و بڕوات لە کورە مامێکی پارەیەک قەرز بکات و دوکانێک دابنێ، بەڵام چینی کرێکار ناتوانێ وەک چینێک، وەک سەدەها ملیۆن مرۆڤ ڕێگایەکی تر بخاتە بەردەمی خۆی بێجگە لە کارکردن بۆ خاوەنانی کارخانەکان یا خاوەنانی کۆمپانیاکان. چینی کرێکار ناچارە بڕوا هێزی کاری خۆی لە بازاڕدا بفرۆشێ تا لەم ڕێگایەوە کار بکات. چۆن؟ لەبەرئەوەی کە خۆی پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئامرازەکانی کار و دابینکردنی بژێویدا نییە. تەواوی مەسەلەکە ئەگەڕێتەوە بۆ خاوەندارێتی کردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و خاوەندارێتی بۆرژوازی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا لەلایەن کەمینەیەکی کۆمەڵگاوە. کاتێک ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگایەکتان بە بارمتە گرتبێ، ئەوکات باقی کۆمەڵگا ڕێک ئەبن بە خاڵێکی پێچەوانەی تۆ، بەشێک ئەبن بەوانەی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانیان نییە، توانای هەرجۆرە دەستڕاگەیشتنێکیان بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان نییە. وەک کەسێک کە ئەبێ بڕوا بۆ ڕاوکردن بەڵام چەکی بۆ ڕاوکردن پێ نەبێ. یان کەسێک ئەبێ زەویەک بکێڵێ بەڵام ئامرازی بۆ کێڵان پێ نەبێ. کەسێک کە لەم جێگەوڕێگەیەدایە ناچارە بۆ ئەو بەشە کار بکات کە ئەم ئامرازانەی بەرهەمهێنانیان لە دەست خۆ گرتووە. هەر بۆ ئەمەیە کە چەق و ستونی ئەسڵی سۆسیالیزم ئەوەیە ئەم ئامرازانەی بەرهەمهێنان کە کۆمەڵگا بە درێژایی مێژوو بەدەستیهێناوە، بە تێکڕای جۆرەکانی و ئاڵۆزیەکەیەوە، کۆمپیوتەر، کەشتی، کارگە، زەوی و هەزار و یەک شت کە مۆرڤایەتی ئەمڕۆ بە هۆی ئەوانەوە ئامرازەکانی خۆشگوزەرانی و ئاسایشی بەرهەمهێناوە، ئەمە ئەبێ لە بەردەستی تەواوی کۆمەڵگەدا بێ. هەرگیزاوهەرگیز ئەمە شتێک نییە کە بشێ بەشێک لە کۆمەڵگا

خاوەنداریێتی بکات و لە دەستی خۆیدا کۆی بکاتەوە، و باقی کۆمەڵگا ناچار بن بە بەخشینی هێزی کاریان بەشێک لەوە بۆ خۆیان ببەن. بە بڕوای من ئەوە زۆر ڕیاکارانەیە، لافوگەزافی ئابوری بۆرژوازی لەسەر ئەو بنەمایەوەیە کە لێرە ئاڵوێرێک لە ئارادایە و گوایە هەڵبژاردنێک هەیە لە بازاڕدا. بازاڕ هەڵبژاردن نییە، لەپشت ئەو ئازادییە ڕووکەشیەی کرێکار بۆ ئەوەی بفرۆشێ یا نەفرۆشێ ناچارکردنی ئابوری هەیە کە ناچارە بفرۆشێ.

**علی جوادی: ئایا ئەم ناچارییە بۆ سەرمایەداریش وجودی نییە چونکە بەهەرحاڵ بۆ بەگەڕخستنی سەرمایە، سەرمایەداریش ناچارە بە جۆرێك سەرمایەکەی بخاتە گەڕ و هێزی کار بەکاربهێنێ تا بتوانێ قازانج بە دەستبهێنێ؟**

## مەنسور حکمەت

بەتەواوەتی ڕاستە، سەرمایەدار ناچارە کە لە نێوان سەدەها ملیۆن مرۆڤدا کە هەیە هێزی کار فەراهەم بکات. لە ڕاستیدا ئەو کێبەرکێیەی لە نێو چینی کرێکاردا وجودی هەیە، بە شێوەی واقعی ئەمەیە کە بە درێژایی مێژووی گەشەی بەرهەمهێنانی سەرمایە و گەشەی تەکنۆلۆژی بەردەوام ژمارەی کرێکار کەم ئەکات بەهۆی کەمکردنەوەی بڕی سەعاتی کار کە پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی چەندێتیەکی دیاریکراو لە کاڵاکان. سەرئەنجام هەر یەکەیەکی سەرمایە، با بڵێین هەر ملیۆنێک تمەن سەرمایە بۆ ئەوەی بخرێتە کارەوە، هەر جارەی ژمارەیەکی کەمتر مرۆڤ پێویست ئەکات بڕۆن کاری بۆ بکەن. با ماشێنێکی چاپی دیاریکراو بهێنینە بەرچاو کە ئێستا ئەتوانێ سەدەها ڕۆژنامە دەربکات و دوو نەفەر بەڕێوەی بەرن، لە کاتێکا مومکنیە بیست ساڵ لەمەوبەر بۆ ماشێنێکی چاپی نیو ئەوەندەی ئەو ئەبوایە چوار نەفەر کار بکەن. سەرئەنجام مەیلی کۆمەڵگای سەرمایەداری بەو ئاڕاستەیەدایە کە لە کۆمەڵگادا کرێکاری زیادە بەوجود بهێنێ و هەر بۆیە لە نێو چینی کرێکاردا کێبرکێ هەیە. بەوجۆرە نییە کە سەرمایەدار لەگەڵ بلۆکێکی تردا یان نەفەرێکی تردا ڕووبەڕووە کە ئەویش ئەتوانێ کاڵاکەی پێ نەدات. کرێکار ناتوانێ بەوجۆرە کاڵاکە بە سەرمایەدار نەدات مەگەر لە هەلومەرجێکدا و ئەو هەلومەرجەش زۆر گریمانەییە. ئێستا ڕۆشنی ئەکەمەوە کە چۆن بەشێک لە ئابوری بە فەرزی ئەوەی ئەم هەلومەرجە هەلومەرجی ئابوری نیۆکلاسیکییە، بەم ئاڕاستەیەدا ڕۆیشتووە. بەڵام بە شێوەی واقعی کرێکار لە جێگەوڕێگەیەکدا نییە کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەگەڵ چینی سەرمایەداردا بکەوێتە گفتوگۆکردنی کۆمەڵایەتی و بڵێ دەست لە کار ئەکێشمەوە.

**علی جوادی: ئەی چۆن مەسەلەی ڕێکخراوبوون و مەسەلەی یەکێتی و مەسەلەی کۆبوونەوە و گفتوگۆکردن...**

**مەنسور حکمەت:**

ڕاستە ئەبێ ئەمە لەبەرچاوبگرین. ببینن، ئابوری کلاسیک لەسەر بنەمای خستنەڕووی (عرض) بێکۆتایی و یان ئەوەی پێی ئەڵێن کاری بێکۆتایی و بێ سەقف بۆ سەرمایە بنیاتنراوە، ئابوری ئادەم سمیث و هەتا ئابوریەک کە مارکس باسی لێوە ئەکرد وایدائەنێت کە بە کورتی بە پێی ئەو ئاستە فەرهەنگیەی کە کۆمەڵگا پێی گەیشتووە یان بابڵێین ستانداردەکانی هەر سەردەمێک کرێکار ناتوانێ لە ئاستی بژێوی خۆی زۆر زیاتر قسە بکات. ئابوری نیۆکلاسیک ئەوەی بە فەرز وەرگرتووە کە کار و هێزی کاریش وەک هەر کاڵایەکی تر ئەتوانێ شتێکی دەگمەن بێ و سەرئەنجام نرخەکەی بڕواتە سەرەوە، ئەو شتەی کە ئێمە پێی ئەڵێین کرێ.

بە شێوەیەکی واقعی ئەو شتەی کە ئەم ئابوریە نیۆکلاسیکیە لەبەرچاوی ناگرێ ئەوەیە کە کۆمەڵگا لە حاڵەتێکدا مادام مرۆڤی تازەی تێ دێ، هەر یەکەیەکی سەرمایە پێویستیەکەی بە کار بە شێوەیەکی ڕێژەیی کەم ئەبێتەوە. یانی شتێک بە ناوی سوپای زەخیرەی کار لە کۆمەڵگادا دێتە پێشەوە، یانی ئەو شتەی کە ئێستا بە شێوەی بێکاری خۆی نیشان ئەدات، بەشێک لە چینی کرێکار کە کاریان نییە، بێکارانن. تەماشای ژنان بکەن یا کەسانێک کە لە لادێکاندا ئەژین و خەریکی کشتوکاڵن بەڵام لە واقعدا لەبەر نەبوونی کار لە شارەکان، لە لادێکانن. هەرکاتێک لە شار هەلومەرجی کار باش بوو، یەک زەڕڕە کرێکان بچنە سەرەوە، ئەو کەسە هەڵئەستێ و دێتەوە شار. وە ئەمانە هەموو ئەو شێوە جیاجیایانەن کە لە کۆمەڵگادا سوپایەکی زەخیرەییە لە کار کە فشارئەهێنێت بۆ ئاستی کرێی چینی کرێکار. یەکەم، بەشێک لەوانەن کە خودی کرێکار خەرجیەکانیان ئەدەن، کە خێزانەکانی ئەوانن، لە خودی هەمان چیندان، ئەو بەشەیە لە چین کرێ وەرناگرێ و بەڵام ئەژی و کار ئەکات، هەندێکیان لەماڵەوە کار ئەکەن. لە لایەکی تریشەوە لە هەر شوێنێک سەرمایە فراوانبێتەوە کە پێویستی بە هێزی کاری تازە هەبێ، تەنها بەشێک لەم سوپا زەخیرەیە ئەچنە سەر کار. سەرئەنجام بیرۆکەی خستنە سەر کاری تەواوەتی بەو شێوەیەی کە بەو دەرەجەیە خستنە سەر کاری تەواوەتی وجودی هەبێ و کرێکاران لە جێگەوڕێگەیەکی بەهێزدا بن بۆ گفتوگۆ لەگەڵ سەرمایەدا لە ئاستی جیهانیدا، ئەم ئیدەیە لە سەرمایەداریدا خەیاڵە، بەمجۆرە نابێ. سەرئەنجام یەکێتیەکان لەگەڵ ئەوەش کە دەورونەخشێکی پۆزەتیڤیان هەیە، لە باری مێژووییەوە ئیمکانیاتی دیاریکراویان هەیە. هیچ یەکێتیەک لە هەلومەرجێکی مێژوویيدا باڵا و بەهێز نەبووە، لەبەرئەوەی سەرمایەدار ئەتوانێ لە نێو کرێکاراندا کێبرکێ درووست بکات چونکە چینی کرێکار شەکەت و ماندووە، برسییە و کێبرکێ لە نێوانیاندا بەهێزە. یەکێتیە کرێکاریەکان بۆ نمونە لە دەهەی هەفتاکان، کۆتاییەکانی ۱۹٦۰ و ۱۹۷۰ لە ئاستی جیهانیدا کاریان چووە سەر، بە دوای پلەیەک لە گەشەی خستنە سەرکار لەو کۆمەڵگایانەدا بوو ئەو هێزەی پەیدا کرد. لە دەیەی هەشتاکاندا شاهیدی لە بەینچوونی بزووتنەوەی یەکێتیەکانین لەبەرئەوەی بێکاری پەرەی سەند. لەبەرئەوەی چینی سەرمایەدار توانی لە نێو چینی کرێکاردا تەفرەقە بنێتەوە. سەرئەنجام یەکێتیەکان ئامرازی وتووێژکردنی کرێکارن لەگەڵ خاوەنکارەکان و باشبونی هەلومەرجی کرێکارانن، بەڵام ئەگەر بێکاری لە ئاستی بەرزدا بێ لە کۆمەڵگادا، کارێکی زۆریان لە دەست نایەت

و ناچارن مل بەو هەلومەرجە بدەن. هەمیشە یەکێتی بۆ باشبوونی هەلومەرجی ئەندامانی هەوڵ ئەدا و هەندێ جاریش سەرکەوتوو ئەبن بەڵام ئەو بۆچوونەی کە یەکێتی کرێکاری خۆی لە خۆیدا ئەتوانێ وەڵامی قڵشتی سەرمایەدار_کرێکار و مەسەلەی کاری بە کرێ و چەوسانەوەی کرێکار لەسەر بنەمای کاڵابوونی هێزی کار بداتەوە، بە بڕوای من ئەم بۆچوونە پوچە.

**علی جوادی: یەکەمین پرسیارێك کە لەلایەن لایەنگرانی بۆرژوازیەوە لە کۆمۆنیستەکان ئەکرێ ئەوەیە کە ئەگەر پاڵنەری سوود لە سەرمایەدار بسێنینەوە، ئەگەر موڵکدارێتی تایبەتی لە کۆمەڵگادا لاببرێ، بەرهەمهێنان و تەکنۆلۆژی و بەمپێیە دابینبوونی پێداویستیەکانی مرۆڤ بە کردەوە تووشی ڕاوەستان (ڕکود) ئەبێ، وە پاڵنەری باشبوونی شێوەکانی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگادا لەناوئەچێ، توانای گەشەکردنی لێهاتوویی کاری تەکنۆلۆژیکی بە کردەوە لە کۆمەڵگادا لەناوئەچێ، وەڵامی ئێوە بەم ڕەخنەیە چییە؟**

**مەنسور حکمەت:**

من پێموایە ئەم بۆچوونە لەسەر بنەمای ئەزەلی و ئەبەدی بوونی سەرمایەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەگەر لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بەر بە کێبڕکێ بگرین و جڵەوی بەشی تایبەتی بگرین مومکینە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بەمجۆرەی لێ بێ. وەک نمونەی سەرمایەداری لە چەشنی ڕووسی کە پێیان ئەووت سۆشیالیزمی ڕووسی. یان نمونەی کۆمەڵگای سۆڤێت ئەهێننەوە یا ئابوری دەوڵەتی کە تیایدا ئەو پلەیە لە گەشەی تەکنۆلۆژی یان ئەو داهێنانانە و شۆڕشی زانیاری و ئەلکترۆنی کە لە ڕۆژئاوا بە پشت بەستن بە بازاڕ چووەپێشەوە، نەهاتەدی. بەڵێ ئەگەر سەرمایەداری لاببەیت و دەخاڵەتی دەوڵەتی لە سەرمایەداریدا تا ئەو ئاستە بچێتە پێشەوە کە جڵەوی کێبڕکێی سەرمایەکان بگرێ و بیانەوێ بەرنامەیەکی ناوەندی پیادە بکرێ، مومکینە ئاکامەکەی ئەوە بێ کە بەوجۆرەی لە بازاڕێکی ئازاددا سەرمایەکان لە کێبڕکێ و پێشبڕکێدان لەگەڵ یەکتردا تەکنیک و پێشکەوتن بێتەدی، تەکنیك لە وولاتانێکی لەمجۆرە داخراودا پێش نەکەوێ. بەڵام ئەمە شتێک سەبارەت بە کۆمەڵگای سۆشیالیستی نادات بەدەستەوە کە بنەمای کارەکەی لەسەر کێبڕکێ نییە، بگرە لەسەر هاوکاری و هاوفیکری مرۆڤەکانە. کەوایە لە جیاتی ئەوە پرسیارەکە ئەتوانێ ئەوە بێ: ئایا هەژاری و نەداری خەڵک یان نەخۆشی، پاڵنەر و هۆکارێکی بەس نییە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بە دوای چارەسەرێکدا بگەڕێن بۆی؟ بەڵێ بەسە، کۆمەڵگایەک بنەماکەی لەسەر کێبڕکێ و خۆپەرستی نییە بە جۆرێکی تر بیر لە تەکنیک ئەکاتەوە لە بەراورد بە کۆمەڵگایەک کە تیایدا تەکنیک یەکەم زیادەیەکە لە سەرمایە، بەشێکە لە سەرمایە و شێوەیەکە کە سەرمایە خۆی پێنیشان ئەدات. وە دووەم کۆمەڵگایەکە کە تیایدا تەکنیک لە خزمەتی قازانجهێنانی سەرمایەدایە. ئەوە ڕۆشنە سەرمایەدار بۆ فراوانبوونەوەی سوودەکەی ئەم تەکنیکە فراوان ئەکاتەوە و ئاڵوگۆڕی بەسەر ئەهێنێ و لە مەیدانی جیاجیادا بەکاریئەهێنێ. بەڵام لە کۆمەڵگای سۆسیالیستیدا کە بنەماکەی و

فەلسەفەی کۆمەڵایەتیەکەی شتێکی ترە، مرۆڤەکان لەبەر پاڵنەری تر بەدوای دۆزینەوە و داهێناندا ئەگەڕێن. ئەوە گومانی تیا نییە کە هەمیشە پێویستی دایکی داهێنانە، بەڵام ئەم پێویستیانە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا جیاوازە.

من و تۆ لەم کۆمەڵگایەی ئێستادا بۆ ئێمە شتێکی ئاساییە وا بیر بکەینەوە کە بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی تەکنۆلۆژیاکەی هەیە، ئەکرێ جیهان کارێک بکات نەخۆشیە درمەکان لەناوببات، پێمانوایە ئەو کارە ئەبێ بکرێ. بەڵام بۆچی ئەم کۆمەڵگایە ئەو کارە ناکات؟ لەبەرئەوەی لە ئەولەویەتیدا نییە. هەموو ساڵێک لە جیهاندا چل ملیۆن مناڵ بەو نەخۆشیانەی کە قابیلی بنبڕکردنن گیان لە دەست ئەدەن، بەڵام ئەمە کۆمەڵگایەک نییە تەکنیکەکەی و ئیمکاناتەکەی و دۆزینەوە و داهێنانەکانی لە خزمەتی هەڵگرتنی ئەمەدا بەکاربهێنێ. بەڵام ئەم واقعیەتەی کە نەخۆشی درم وجودی هەیە و قابیلی پێشپێگرتنە، بۆ کۆمەڵگای سۆسیالیستی پاڵنەری دۆزینەوە و پاڵنەری داهێنان ئەبێ بۆ مرۆڤەکان و پێم وایە خۆشبەختی هەمەلایەنە و خۆشبەختی مرۆڤەکان پاڵنەرێکی بەهێزترن تا قازانجهێنان لە بازاڕدا. سەرئەنجام تەکنیک لە کۆمەڵگای سۆسیالیستی واقعیدا، بە خێرایی گەشە ئەکات، نەک تەنها گەشەی چەندایەتی تەکنۆلۆژی بەڵکو مەیدانەکانی بەکارهێنانیشی. ببینن ئێستا موشەکیان درووست کردووە کە ئەتوانێ ڕابەری چیچان لە کاتێکدا کە تەلەفونی دەستیەکەی بەکارئەهێنێ لە ژووری نووستنەکەی خۆیدا بتەقێننەوە! باشە، ئەم کارەشیان کردووە. بەڵام چۆنە لە کۆمەڵگایەکی بەمجۆرەدا کە ئەم چەشنە پسپۆریەی پەیداکردووە لە ناردنی موشەکێکی کوێر بە بێ شۆفێر ئەتوانێ ئەوسەری جیهان بتەقێنێتەوە، ناتوانێ بۆ نمونە مناڵانی زیمبابۆی یان مناڵانی ئەنگۆلا یان مناڵانی هیندوستان یا جێگەیەکی تر لە شەڕی ڤایرۆسێکی بڵاو کە دەرمانەکەشی هەیە، ڕزگار بکات؟ لەبەرئەوەی لە ئەولەویەتی ئەم کۆمەڵگایەدا نییە. سەرئەنجام ئەوەی ئەبێ ببینرێ هەر تەکنیک بەشێوەی ئەو دۆزینەوە سەرەتاییەی وەکو دۆزینەوەی کارەبا یان داهێنانی تەلەفزیۆن نییە بەڵکو بەکارهێنانی ئەو تەکنیکەشە. ئێمە چۆن کارەبا بەکارئەهێنین؟ کارەبا لە چ شتێکدا بەکارئەهێنین؟ تەلەفزیۆن بۆ چ شتێک بەکارئەهێنین؟ کۆمپیوتەر بۆ چ شتێک بەکارئەهێنین؟ هەموو ئەمانە چەند پرسیارێکن لە کۆمەڵگای سۆسیالیستیدا لە گۆشەیەکی ترەوە تەماشایان ئەکرێ و مرۆڤایەتی هەموو حەزەکانی بۆ زانین و تێکۆشانە زانستیەکەی و بابڵێین ووزەکەی لەپێناو وەڵامدانەوە بە هەندێ مەسەلەدا بەگەڕئەخات، لەوانەیە کاتێ وەڵام وەرئەگرێ بەرهەمەکەی زۆر لەوە ووزەهێنتر بێ کە بۆ نمونە کۆمپانیاکانی ئای. بی. ئێم یا مایکرۆسۆفت بەدەستیبهێنن. ئەمە ڕەنگە بۆ خاوەنی مایکرۆسۆفت پاڵنەرێکی گرنگ بێ، بەڵام بۆ من و تۆ کە نە لەو کۆمپانیایانەدا بەشمان هەیە و نە خێریشی لێ ئەبینین پاڵنەر نییە. بەڵام کاتێک کۆمەڵگایەک تەکنیک بخاتە بەردەم هەمووان و هەمووان کۆنترۆڵیان هەبێ بەسەریدا و بۆ بەکارهێنانیان فێرکردنی فراوان دەستەبەربکات و دواتریش ئەو ئامانجە بخاتە بەردەمی خۆی کە وەڵامی ئازارەکانی مرۆڤ یەک لە دوای یەک بە سوودوەرگرتن لە تەکنیک بداتەوە ئەو کات بە بڕوای من شاهیدی داهێنان و دۆزینەوەی زۆری وا ئەبین کە لە دەستوری سەرمایەدا نییە.

## دەربارەی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری

علی جوادی: ئێستا با پرسیارێکی تر بخەینە بەردەم، لە میکانیزمی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بازاڕ بە جۆرێك میکانیزمی دیاریکردنی پێداویستیە فراوانەوەکانی کۆمەڵگایە. کاڵاکان بەرهەمدێن کە ئەفرۆشرێن و قازانجهێنەرن. لە سیستمی سۆسیالیستیدا ئەم کرداری دیاریکردنی پێداویستیانەی کۆمەڵگا کە ڕوو لە فراوانبوونەوەشن بە چ شێوازێك دەستەبەر ئەکرێ؟

### مەنسور حکمەت:

سەیرکەن، بۆ دیاریکردنی لە سەدا هەشتا و نەوەدی پێداویستیەکان نە پێویستمان بە زانا و نە فەیلەسوف هەیە و نە بە بازاڕ. هەموو خەڵک ئەیانەوێ تەندروست بن، ئیتر مەعلومە پێداویستی پزیشکی چییە. هەموو خەڵک ئەیانەوێ لە ئارامیدا بن، لە کارکردە سروشتییەکان پارێزراو بن، وە هەروەها مەعلومە خانەو لانە چییە. مەعلومە خۆراک بەشێک لە پێداویستیەکانی مرۆڤە، مەعلومە خوێندن و فێرکردن بەشێک لە پێداویستیەکانی مرۆڤن، ئەشکاڵی سەرەتایی بابڵێین بەهرەمەندبوون لە فەرهەنگی کۆمەڵگا وەکو مۆسیقا و هونەر مەعلومە بەشێک لە پێداویستیەکانی مرۆڤن. سەرئەنجام خودی مەسەلە ئەسڵیەکە زۆر ئاڵۆز نییە، واتە ئەوەی مرۆڤ بە چ کارێک ڕابگات و یا هێزەکانی بەرهەمهێنان لە خزمەتی چ مەسەلەیەکدا بن. ئاڵۆزیەکە لەوێوە دەست پێئەکات کە لە پەراوێزی پێداویستیە بنەڕەتیەکانەوە ئەگەین بە جۆراوجۆری پێداویستییە لاوەکیەکان. ڕەنگە من حەز بکەم وێنە بکێشم، ئێوە ڕەنگە حەز بکەن بچن بۆ ڕاو یان مەلە بکەن یان هەرچیەکی تر... ئەم پێداویستیانەی ئێمە چییان بەسەر دێ؟ ئایا مەلەوانگە و گەلەری هونەری یا شتی تر دروست ئەکەن؟ ئامراز و ئامێری مۆسیقی ئەبێ زیاتر بەرهەم بهێنرێ یان ئامرازی وەرزشی؟ لێرەدایە ئەگەین بە هەڵبژاردن، وە ئەگەرنا ئەوەی ئەبێ بۆ هەمووان خانەولانەی گونجاو دروست بکرێ، بۆ هەمووان ئەبێ ئامرازەکانی گواستنەوەی ڕێکوپێک و جێی متمانە دروست بکرێ کە هەموو کەسێک بتوانێ خۆی و شتومەکە پێداویستیەکانی بگوێزێتەوە، لەوەدا کە ئەبێ دەرمان لەبەردەستی هەمووان‌دا بێ، نەخۆشخانە لەبەردەستی هەمووان‌دا بێ، ئامرازە وەرزشیەکان بۆ هەمووان هەبێ و هتد... ، لەمانەدا گومانێک نییە. ئەگەین بە پەراوێز بە تایبەتی کاتێ کە سەروەتی کۆمەڵگا زیاتر ببێ، ئەم پەراوێزە زۆر ئەبێ چونکە ئێستا ئەوەی کە هەمووان شتە بنەڕەتیەکانیان هەیە و ئێستا بڕێک هێزی زیادە هەیە ئەبێ بۆ بەرهەمهێنانی پێداویستە لاوەکیترەکان و بە مانایەک پێداویستیە فەردی و کۆکانی مرۆڤەکان خەرج بکرێ.

بە بڕوای من مەسەلەکە ئەوەیە کە هەمان ئاستی تەکنیکی مرۆڤی ئەمڕۆ نیشانی ئەدات چۆن هەمووان ئەتوانن لەم مەسەلەیەدا بەشداری بکەن. بۆ نمونە ئەگەر پێش پانزە ساڵ کەسێک ئەو پرسیارەی بکردایە، ئێمە وەک ئەمڕۆ شتێکمان بە ناوی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت لەم ئاستەدا لەبەردەستدا نەبوو. بەڵام ئەمڕۆ هەموو ئەتوانن لە ڕێگەی تۆڕی کۆمپیوتەرییەوە بەیەکەوە پەیوەست بن و هەموو کەسێک ئەتوانێ بەڕاستی بە شوناسی دیاریکراو و تایبەتی خۆیەوە لە پرۆسەی بڕیارداندا بەشداری بکات و پێداویستیەکانی خۆی ڕابگەیەنێ. ئەتوانێ بڵێ من ئەمەم

ئەوێ. وە دواتریش هەمان مرۆڤەکان لە توانایی خۆیاندا بە وێنەی بەرهەمهێنەران ئەتوانن لیستێک لە پێداویستیەکانیان هەبێ و بزانن لەم شارەدا پێویستیەکی زۆر بە پێڵاویی ژمارە چل و دوو هەیە، لەم شارەدا تۆپی فوتبۆڵ کەمە، لەم شارەدا خەڵکێکی زۆر باوەڕیان وایە ئەبێ شانۆیەک درووست بکرێ بتوانن تیایدا نمایش بکەن. ئەم پێداویسیتیانە دیاری ئەکرێن و دیاریکردنیان ئاسانتر ئەبێ. بە تایبەتی ئەوە لەبەرچاو بگرە کە هیچ بەرژەوەندیەک بەسەر کۆمەڵگادا حوکم ناکات جگە لە دابینکردنی پێداویستیەکان. بڕیار نییە لەم مەسەلەیەدا هێزێکی دەرەکی بە دوای بەرژەوەندی خۆیەوە بێ و بیەوێ لەم ڕێگایەوە دەوڵەمەند ببێ. بنەما ئەوەیە کە هێزەکانی بەرهەمهێنان لە پێناوی بەدەستهێنانی پێداویستیەکانی مرۆڤدا بن.

* گفتوگۆکە بە دەنگە، وەرگیراوە و لەلایەن خالد حاجی محمدیەوە نووسراوەتەوە و لە لایەن ئازەری مودەرسیەوە پیاداچوونەوەی بۆ کراوە.

دەقی فارسیەکەی لە ئەرشیفی hekmat.public-archive.net لە ڕیزی ساڵی ٢٠٠٠ دا ببینە.

ئەم دەقەم پێشتر وەرگێڕابوو بەڵام دوای پیاچوونەوە بە پێویستمزانی گۆڕانی تیا بکەم و بڵاوی بکەمەوە. (دیسێمبەری ٢٠١٦، وەرگێڕی کوردی)

# بەڵگەنامەکان

# مانیفێستی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەو دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان لەکوردستان

نۆڤەمبەری ٢٠١٦

**پێشەکیەکی پێویست:**

ئەم بەڵگەنامەیەی بەردەستان کە لەکۆنگرەی چواری حزبدا بڕیاری لەسەر دراوە، لەپلینۆمی دوای کۆنگرە، کۆمیتەی ناوەندی وەکو بەڵگەنامەیەکی نێوخۆیی حزب پەسەندی کرد و مافی بڵاوکردنەوەی بۆ دەرەوەی حزب سپارد بەمەکتەبی سیاسی. ئێستا بەهۆی ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسیانەی کە لەم ماوەیەدا پێش هاتووە، مەکتەبی سیاسی بەپێویستی زانی کە ئەم بەڵگەنامەیە بۆ دەرەوەی ریزەکانی حزب بڵاوبکاتەوە و بیخاتە بەردەم هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیستی و کرێکاری و یەکسانیخوازانی کۆمەڵگای کوردستان. بەو ئومێدەی ئەم بەڵگەنامەیە ببێتە کەرەستەیەکی سیاسی بۆ خستنەڕووی هێڵی ستراتیژی شۆڕشگێڕانە بۆ بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری لەخەباتی چینایەتی و شۆڕشگێڕانەدا دژی سیستەم و دەسەڵاتی بۆرژوازی لەکوردستان.

## ئامانجی حزب لەكوردستان

حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی كوردستان، وەكو حزبی چینی كرێكار، خەبات دەكات بۆ رێكخستن ورابەریكردنی شۆڕشی سۆسیالیستی لەپێناو هەڵپێچانی سیستەمی سەرمایەداری وكاری بەكرێ و دامەزاندنی كۆمەڵگایەكی كۆمۆنیستی خاڵی لە ستەم و چەسانەوەو نایەكسانی.
شۆڕشی سۆسیالیستی تەنها لەڕێگای هاتنەمیدانی چینی كرێكار وجەماوەری ستەمكێش، لەڕیزێكی رێكخراو لەدەوری ئاسۆی سۆسیالیستی وبەڕابەری حزبی كۆمۆنیستی چینی كرێكار مەیسەردەبێت. بەم پێیەش پێشڕەوی وسەركەوتنی ئەم شۆڕشە لەهەر هانگاوێكدا ڕاستەوخۆ گرێی خواردوە لەگەڵ پەرەسەندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی چینی كرێكارو تەحەزوبی كۆمۆنیستی ئەم چینەدا. لەكوردستاندا دابڕان وسنوربەندی چینی كرێكارو جەماوەری زەحمەتكێش لە ئاسۆو ئامانج و سیاسەتی بزوتنەوەو ئەحزابی بورژوازی، بەتایبەتی بەهێزبونی كۆمۆنیزم لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمی كورد لەئاستی كۆمەلآیەتی بەرفراواندا، مەرجێكی سەرەكی پێشڕەوی وسەركەوتنی ئەم شۆڕشەیە.
تەنها خەباتێكی هەمەلایەنەی سیاسی وئابوری وكۆمەلآیەتی هەمەجۆر دەتوانێ دەسەلآتی ئێستا بخاتە ژێر گوشارێكی گەورەوەو زەمینەكانی هاتنەمەیدانێكی جەماوەی وهێرشبەرانە بۆ وەلانانی دەسەلآتی بۆرژوازی فەراهەم بكات. ئەركی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریە ئەم خەباتە هەمەلایەنەیە بەپێی سیاسەتێكی شۆڕشگێرانە لێكهەلپێكێت وبیكاتە بنەمای كارو هەڵسوڕانی خۆی.

## هەلومەرجی گشتی كوردستان و پێویستی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانە:

بارودۆخی گشتی كوردستان وئەو گێژاوە سیاسیەی ئەم كۆمەڵگایەی تیا ڕاگیراوە، گەلێك كۆسپ وڕێگری گەورەی لەبەردەم شۆڕشی سۆسیالیستی وتەنانەت پێكهێنانی هەر ئاڵوگۆڕو باشبونێكی بەرچاو لەژیانی مادی ومەعنەوی خەڵكدا پێكهێناوەو بۆتە مایەی نەهامەتی ومەینەتباری سیاسی وئابوری وكۆمەلایەتی بۆ زۆربەی زۆری دانیشتوان. ئەم بارودۆخە لەلایەكەوە ئاكامی گرێدانەوەی كۆمەڵگای كوردستانە بەدەوڵەتی قەومی ئیسلامی ئێستای عێراقەوە لەچوارچێوەی فیدراڵیزمی قەومیدا، لەلایەكی ترەوە ئاكامی دەسەلآتی میلیشیایی حزبە ناسیۆنالیستە كوردەكان ودابڕدابڕ كردنی ئەم كۆمەڵگایەیە بۆ ناوچەی دەسەلآتی خۆیان وبەگرەوگرتنی ژیان وگوزەران وكەرامەتی خەڵكەكەی.
فیدراڵیزمی قەومی، هاوكات لەگەڵ ئەوەی هۆكاری ڕاستەوخۆی گرفتاربونی كوردستانە بەجۆرەها كێشەو پێكهاتنی لەمپەری گەورە لەبەردەم ڕەوتی بەرەوپێشچونی كۆمەڵگا وگیرۆدەكردنی بەجۆرەها گرفتی سیاسی وئابوری وكۆمەلآیەتی وئەمنی وڕاگرتنی لەبەردەم مەترسی تەقینەوەو دووبەرەكی قەومیدا، لەهەمانكاتدا كوڵەكەیەكی راگرتن وبەردەوامیدانە بەدەسەلآتی میلیشایی وناوچەیی ئەحزابی ناسیۆنالیستی كورد. ئاكامە كارەساتبارەكانی ئەمانەش بەسەر جەماوەری كرێكاران و خەڵكی بەشمەینەتی كوردستاندا شكاوەتەوە.

چ بۆ فەراهەمبوونی رەوتی بەرەوپێشچونی شۆڕشی سۆسیالیتی و چ بۆ دەرگا کرانەوە بەڕووی هەر ئاڵوگۆڕ و باشبونێکی بەرچاو لە ژیانی خەڵکدا، پێویستە هەرچی زوتر ئەم بارودۆخەی کوردستان کۆتایی پێبێت. ئەمەش لە گرەوی کۆتایهێنانە بە گێژاوی فیدراڵیزم و دەسەڵاتی بۆرژوا - میلیشیایی ناسیۆنالیستی کورد و بەرپاکردنی دەوڵەتێکی سکولاری غەیرە ئەتنیکی پشتبەستوو بەئیرادەی راستەوخۆی خەڵک. دەوڵەتی سۆسیالیستی بەدیلی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی، باڵاترین نمونەی دەوڵەتی سکولارو غەیرە ئەتنیکی و پشتبەستوە بەئیرادەی راستەوخۆی جەماوەر. کۆتایهینان بەم بارودۆخ و گێژاوە ئەرکی دەمودەستی شۆڕشی کرێکاریە، کە نەک هەر کۆمەڵگا لەو گێژاوە دەردەهێنێ و ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە ژیانی خەڵکدا پێکدەهێنێت، بەڵکو مژدەدەری بەرپاکردنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسانە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بۆ وەلانانی دەسەڵاتی میلیشیایی بۆرژوا-ناسیونالیستی کوردو دامەزراندنی دەستبەجێی دەوڵەتێکی سەربەخۆی سۆسیالیستی لەکوردستاندا خەبات دەکات. ئەمە شارێی کردنەوەی گرێکوێرە و وەڵامدانەوە بەگرفتی ئێستای ئەم کۆمەڵگایەو لەهەمانکاتدا دەرگا ئاوەڵاکردنە بۆ چارەسەری سەرجەم کێشەکان و رەوتی بەسەرئەنجام گەیاندنی شۆڕشی سۆسیالیستی.

## بنەماکانی پێویستی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە:

- کۆمەڵگای مۆدێرنی کوردستان وەکو کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری تیایدا قڵشتی چینایەتی نێوان چینی سەرمایەدارو چینی کرێکارو جەماوەری ستەمدیدە، بەتایەبت لەم چەند دەیەی دوایدا بەوپەڕی خۆی گەیشتوەو هەربەم پێیەش ناکۆکی نێوان ئەم دوو چینە، دەمێکە بوەتە ناکۆکی سەرەکی کۆمەڵگاو سەرجەرم کێشەو ناکۆکیەکانی تریش لەدەوری ئەمە تەوەرەیان بەستوە. لەماوەی ٢٣ ساڵی رابردودا دەسەڵاتی حزبە بۆرژوا-ناسیونالیستەکان، وەکو نوێنەرو دەسەڵاتی چینی بۆرژوازی کوردستان رۆڵی خۆیان گێڕاوەو لەسایەیدا کەمایەتیەکی کەم لەسەر حیسابی چەوساندنەوەی چینی کرێکارو سەپاندنی هەژاری و نەداری و کوێرەوەری بەسەر زۆربەی هەرە زۆری دانیشتواندا، بوون بە ملوێنێر و میلیاردێر ولەناو سەروەت و ساماندا نوقم بون وژیانێکی شاهانەیان بۆ مسۆگەربووە. لەلایەکی ترەوە کۆمەڵگای کوردستانی ئەمڕۆ لەڕووی پەرەسەندنی ئابوری وبەهرەمەندبونی لەسەروەت وسامانێکی زۆر، زەمینە بابەتیەکانی بەرپاکردنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی تیادا فەراهەم بووە کەلەسایەیدا هەموان خۆشگوزەران بژین. ئەمانە شۆڕشی کرێکاریان لەکوردستاندا کردوە بەکارێکی پێویست و دەستبەجێ و لە رووی بابەتیەوە مومکن.
- کارنامەی ٢٣ ساڵی ڕابردووی دەسەڵاتدارێتی حزبە ناسیونالیستەکان، بەهەموو جەماوەری زەحمەتکێش و ستەمدیدە و ئازادیخوازی نیشانداوە کە ئەو دەسەڵاتەی ئەم حزبانە بەناوی دەسەڵاتی خەڵک و سەرچاوەگرتوو لەئیرادەی ئەوانەوە پروپاگەندەی بۆ دەکەن، نەک هەر دەسەڵاتی خەڵک نیە، بەڵکو لەسەر بناغەی پیشێلکردنی ئیرادە

ومافەکانی ئەوان دامەزراوە. ئەم کارنامە ٢٣ ساڵیە شتیکی نەبوە جگە لەبردنی کۆمەڵگا بۆ ناو شەڕوکوشتاری کۆنەپەرستانەی ناوخۆیان لەسەر دەسەڵات، بوونیان بەپاشکۆی ئەمریکاو دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و راپێچکردنی کردنی کوردستان بۆ ناو سیناریۆ تەلخەکانییان، گەندەڵی و تالآن وبڕۆی بێسنوری داهاتی کۆمەڵگا، سەرکوتی ئازادی و ناڕەزایەتیە جەماوریەکان و نەیارانی سیاسی دەسەڵات وتیرۆری ڕەخنەگران وهەڵسوڕاوانی سیاسی ورۆژنامەنوسان، تیرۆرو ڕەشەکوژی بەربڵاوی ژنان بە بەهانەی ناموسپەرستی، ... ئەمانە بوونە زەمینە وبنەماکانی جۆرەها ناڕەزایەتی جەماوەری. لەوانە بزوتنەوە جەماوەریەکەی١٧ی شوبات بەدەنگی بەرز "نا" ووتن بوو بەم دەسەڵاتە. هەرچەندە ئەو بزوتنەوەیە سەرکوت کرا، بەڵام خواست و ئامانجەکانی بەهێزی خۆیانەوە ماونەتەوەو بەردەوامیش بەرەو قوڵبونەوەو رادیکالبونەوەی زیاتر دەڕۆن و پێویستی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی ئەم هەلومەرجە نەک هەر بۆ چینی کرێکار، بەڵکو بۆ هەموو جەماوەری ستەمدیدە بەرجەستەتر دەکەنەوە. هاوکات ئەمە بنەمایەکی بەهێزە بۆ ئەوەی جەماوەری ستەمدیدە هاوپەیمان و هاوسەنگەری چینی کرێکاربن بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشێگڕانەی ئەم هەلومەرجە.

- تاقیکردنەوەکان لەماوەی دەسەڵاتی میلیشیایی ئەم حزبە بۆرژوازیانەدا، بەتایبەتی لەماوەی ئەو ٤ ساڵەدا کە "بزوتنەوەی گۆڕان وتاقمە ئیسلامیەکان" وەکو جەمسەرێکی ئۆپۆزیسیونی بۆرژوازی بەئالای چاکسازیەوە هاتنەمەیدانەوە، ئەو ڕاستیەی بەکردەوە سەلماند کەئەم دەسەڵاتە چاکسازی هەڵناگرێت وئەم بارودۆخە دژوارە بەچاکسازی دەرمان ناکرێت. لەو ڕابردوەدا ئەم جەمسەرە بۆرژوازیە جەماوەرێکی زۆری دوچاری خۆشباوەڕی کرد بەوەی کەدەکرێت لەڕێگای سندوقەکانی دەنگدان وخەباتی پەرلەمانی وچاکسازیەوە، کێشەکانی ئەم کۆمەڵگایە چارەسەربکرێت. بەڵام ڕەوتی بابەتی ڕوداوەکان ونۆبەگرتنی لایەنەکانی نێو ئەم جەمسەرە بۆرژوازیە لەبەردەرگای هەمان دەسەڵاتی میلیشیایی وبنەماڵەیی بۆ بەشداری و وەرگتنی بەشی خۆیان لەدەسەڵات ولەسامانی بەتاڵانبراو، هەروەها گۆڕینی پەیامی "ئەیگۆڕین! ئەیگۆڕین!" بۆ پەیامی "ئارام ڕاگرتنی شەقام وهۆڵی پەرلەمان!"، ئەو راستیەیان سەلماند کەبانگێشەی چاکسازیان پرۆژەو سیاسەتیک بوو بۆ داشکاندنی ئامانجەکانی جەماوەری ناڕازی وکردنی بەدەستمایەی سەودا لەگەڵ دەسەڵات وشەریکبونەوەی خۆیان، نەک بۆ پێکهیانی ئاڵوگۆڕ لەژیانی هاوڵاتیاندا.

- کوردستان وەکو حەوزەیەکی کاری هەرزان، پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی لەبارودۆخێکی ئیمپریالیستانەی (مۆنۆپۆڵی) پەیوەندی نیوان کارو سەرمایەدا بەڕێوەدەچێت. لەم چوارچێوەیەشدا کوردستان مەیدانێکە بۆ ڕوتێکردنی سەرمایەی دەرەکی وبەرهەمهێنانی زێدە قازانجی ئیمپریالیستی لەسەر بناغەی چەوسانەوەی لەڕادەبەدەری چینی کرێکارو بێبەشکردنیان لەهەر جۆرە ئیمتیازاتێکی ڕیفاهی

وکۆمەڵایەتی وپیشەیی وئازادیە سیاسیەکان ومافە سەرەتاییەکانیان. سەرخانی سیاسی لەباریش بۆ ئەم بارودۆخە بەپێویست سەرکوت وداپڵۆسینی سیاسییە، بەمەبەستی خامۆش ڕاگرتنی چینی کرێکارو لەخوارەوە ڕاگرتنی نرخی هێزی کارە لەهەرزانترین ئاستیدا. بێگومان دۆخێکی ئاواش قازانجی هەموو بەشەکانی بۆرژوازی لەخۆیدا هەڵدەپێکێ و ڕەوتی ڕیفۆرمخوازی و سیستەمی دیموکراتی بۆرژوازی لەکوردستاندا دەکاتە یۆتۆپیایەکی بێبناغە و جەخت لەسەر پێویستی شۆڕشی کرێکاری دەکاتەوە، وەکو تەنها کەناڵی بەدیهێنانی ئازادی و هەر ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لەژیانی ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتیدا.

## کۆڵەکەو هۆکارەکانی سەرخستنی ئەم ستراتیژە:

- لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا شۆڕشی کرێکاری تەنها وەڵامی بەڕاستی شۆڕشگێڕانەیە بۆ سەرجەم کێشەکان وکۆتایهێنان بەنایەکسانی وستەم وچەسانەوە. چینی کرێکار وەکو هێزی بزوێنەری ئەم شۆڕشە لەمرۆی کوردستاندا گەشە وپەرەسەندنێکی گەورەی بەخۆوە بینیوە، هەم لەڕووی زیادبونی ئەو بەشە لەدانیشتوان کە ناچارن هێزی کاریان بفرۆشن بۆ ئەوەی ژیانی خۆیان وخێزانەکانیان دابین بکەن، هەم لەڕووی چاوکرانەوەو درککردن بە بەرژەوەندی چینایەتی جیاواز وئاشنابوون بەزانست وتەکنەلۆژیا وهوشیاری سیاسی و ڕێکخراوبون وشێوەکانی خەباتەوە. ئەمە هێزی لەبن نەهاتوی شۆڕشی کرێکاریە، کەئەو شۆڕشە دەکاتە کارێکی کردەنی. بەڵام سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لەگرەوی ئەوەدایە کە ئەم چینە لەڕیزی سەربەخۆی خۆیدا، هەم لەحزبی کۆمۆنیستی وهەم لە شوراو سەندیکاو یەکێتیە کرێکاریەکاندا ڕێکخراوو یەکگرتوو بێت، چ بۆ بەرگری لەژیان وگوزەران وداخوزیە ڕۆژانەکانی وچ بۆ بەدەستەوە گرتنی ئاسۆو سیاسەتی سۆسیالیستی و گێڕانی ڕۆڵی پێشەنگی گشت جەماوەری ستەمکێش لە شۆڕشدا.
- ئامرازێکی سەرەکی شۆڕشی کرێکاری بیناکردنی حزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی کرێکاریی کۆمەڵایەتی بەهێزو ڕیشەدارە. حزبێک کەسەرجەم ئۆرگانە ڕابەریەکانی لەئاستی سەراسەری ومحلیدا، ڕاستەوخۆ بەشێکبن لەڕابەری بزوتنەوەی کرێکاری وبەشی پێشڕەوی چینی کرێکار لەدەوری ڕێکخراوبن وبەکردەوە ئامرازی ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار بێت دژی نیزامی سەرمایەداری. حزبێک کەڕابەریەکی سیاسی مارکسیست وئەنتەرناسیۆنالیست لەئاستی کۆمەڵایەتیدا لەبەرامبەر ڕابەرانی بزوتنەوەکانی تردا بۆ کۆمەڵگا مسۆگەربکات، بە بەدیل و ڕێگاچارەی خۆیەوە بۆ کێشەکانی کۆمەڵگا لەسەنتەری کێشمەکێشی سیاسی لەسەر چارەنوسی کۆمەڵگا پێبچەقێنێت، ئامراز وهۆکارێک بێت بۆ ڕێکخراوبونی جۆراوجۆری جەماوەری کرێکاران، بەدیلی سۆسیالیستی بکاتە خاوەن سەنگێکی بەهێز لەدەرونی چینی کرێکاو لە ئاستی

کۆمەڵگا ولەناو بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەکانی کۆمەڵگادا.

- بەردەوامبونی بارودۆخی ئێستا ئاکامی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزم و باڵادەستی نەریتی ناسیۆنالیستی وئیسلامیە لەکۆمەڵگای کوردستاندا. ناسیونالیزم لەکوردستاندا تەنها ڕۆڵی ئایدۆلۆژیەکی بەگشتی بۆرژوازی ناگێڕێ، بەڵکو ڕاستەوخۆ بریتیە لەئایدۆلۆژی دەسەڵات. بۆیە پێشڕەویی هەر بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە لەم کۆمەڵگایەدا ڕاستەوخۆ بەندە بەلێدان لەنفوزی فکری وسیاسی ناسیۆنالیزم و وەلانانی نەریتەکانی، وەکو یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی هەلومەرجی ئێستا ودەسەڵاتی بۆرژوازی کورد. هەروەها بەندە بەدابڕانی جەماوەری کرێکاران وخەڵکی ئازادیخواز لەئاسۆو ئامانج وسیاسەتی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی وحزبەکانی و بەهێزبونی کۆمۆنیزم لەئاستی کۆمەڵایەتیدا. باڵادەستی سۆسیالیزم بەسەر ئاسۆی ناڕەزایەتیە جەماوەریەکان لەئاستێکی بەرینی مەیدانە سەرەکیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی وسیاسی وڕێکخراوەیدا، مەرجێکی سەرەکیە بۆ سەرکەوتنی بزوتنەوەیەک لەپێناو ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە لەکۆمەڵگای کوردستاندا. بەمپێیە هەوڵو تێکۆشانی چالاکانە بۆ پەرەدان بەهوشیاری وباوەڕو نەریتی کۆمۆنیستی وڕوبەڕوبونەوەی ناسیۆنالیزم وئیسلام لە هەموو مەیدانێکی فکری وسیاسی وتەنانەت هونەرو دابونەریتدا، ئەرک و ڕێرەوێکی گرنگە بۆ جیاکردنەوەی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش وئازادیخواز لەو ئاسۆو بەدیلە سیاسیە بۆرژوازیانە وکۆکردنەوەی بەرینترین جەماوەر لەدەوری ئاسۆو ئامانجە کۆمۆنیستیەکانی کرێکاران.

حزب لەهەر دەرفەتێکی شۆڕشگێڕانەو سیناریۆ جیاوازەکان کەڵک وەردەگرێت بۆ

- بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی وپیادەکردنی بەرنامەی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار. بەڵام گونجاوترین وعەمەلیترین سیناریۆ بۆ جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژەو سەرخستنی، تێکەڵاوێکە لەشێوە جیاجیاکانی خەباتی ئابوری و سیاسی وجەماوەری بەهێزو پەرەسەندوی ئەوتۆ کەهەم بتوانێ دەسەڵاتی ئێستا بخاتەژێر گوشارێکی توندەو بەردەوامەوە بۆ سەپاندنی داخوازیەکانی چینی کرێکارو جەماوەر، هەم هەلومەرج و پێداویستی و تواناییەکانی هەستانێکی جەماوەری بەهێزو سەرتاسەری وشۆڕشگێڕانە فەراهەم بکات کەتوانای هەڵگێڕانەوەی هەلومەرجی ئێستای هەبێت. هەستانێکی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری کەچینی کرێکار بڕبڕە پشت وحزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ڕابەرو ڕێکخەری بێت وسۆسیالیزم ئاسۆکەی بێت. لەگەڵ وەلانانی دەسەڵاتی میلیشیایی، دەسەڵاتێکی شۆڕشگێڕانەی پشبەستو بەئیرادەی ڕاستەوخۆی جەماوەری شۆڕشگێڕ وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆی سکولار وغەیرە ئەتنیکی ڕادەگەیەنرێت وخواستەکانی جەماوەرو بەرنامەی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار جێبەجی دەکرێت. بنەما سەرەکیەکانی ئەم دەوڵەتە بریتین لە مانە:

— دامەزاندنی سیستەمی حوکمڕانی شورایی.

— هەڵوەشاندنەوەی هەموو میلیشیاو دام ودەزگا چەکدارو جاسوسیەکان،

جێگاگرتنەوەیان بەجەماورەی چەکدارو ڕێکخراو لەدەوری شوراکان.
— دەست بەسەرداگرتنی هەموو داهاتی بەتاڵانبراوی کۆمەڵگا لەلایەن حزبە ناسیۆنالیستی و ئیسلامیەکان و گێڕانەوەی بۆ خەزینەی دەوڵەت.
— جیاکردنەوەی دین لەدەوڵەت و پەروەردەو فێرکردن، ئازادی دینداری و بێدینی.
— ئازادی بێ قەیدو بەندی سیاسی.
— یەکسانی هەموو دانیشتوان وقەدەغە بوونی هەموو جۆرە هەڵاواردنێک لەسەر بناغەی جنسی، دینی، ئەتنیکی...هتد
— دابینکردنی بیمەی بێکاری تەسەل بۆ هەموو ژنان و پیاوانی ئامادەبەکاری بێکار.
— قەدەغە بونی سزای لە سێدارەدان
— .........

* * *

لەم ڕێگایەدا تەنها خەباتێکی هەمەلایەنە ونەخشەدار دەتوانێ هەم سەرکەوتن وهەم پاراستنی سەرکەوتن مسۆگەر بکات. بۆیە لێکهەڵپێکانی گشت سیاسەت و تاکتیکەکانی حزب، هەروەها شێوە جیاوازەکانی خەباتی نهێنی و خەباتی ئاشکراو قانونی کارساز بۆ هەلومەرجە جیاوازەکان، لەڕەوت و پرۆسەیەکی هەمەلایەنەی بەرنامە بۆ داڕێژراودا، لەمەرجە گرنگەکانی سەرخستنی ئەم ستراتیژە و ڕێکخستنی خەباتێکی نەخشەمەند و هاوئاهەنگە کەتوانای بەرەوپێشچونی بەردەوام و سەرکەوتنی هەبێت. هەروەها ئەم سەرکەوتنە لەگرەوی ئەوەدایە کەهەلومەرج و قۆناغ و هێزهاوسەنگیە جیاوازەکان بناسرێنەوەو پلان و نەخشەی گونجاو کارسازیان بۆ داڕێژرێت.
بەدەستەوە گرتنی هەر تاکتیک ودەستنیشانکردنی ئامانجەکانی هەر قۆناغێک ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بەهاوسەنگی هێزو توانای سیاسی کۆمەڵایەتی حزب وڕادەی ڕێکخراوبونی جەماوەری کرێکاران لەدەوری سەنگی ئاسۆی کۆمۆنیستی لەبزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەریدا. پێویستە لەهەر قۆناغێکی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا توانای بزوتنەوەکە وخودی حزب بەباشی بناسرێت وئامانج وتاکتیکە گونجاوەکانی هەر قۆناغێک بەدروستی دیارییکرێت. بۆیە دەستنیشانکردنی هەلومەرج وقۆناغە جیاوازەکان وئەرکە جیاوازەکانی هەر قۆناغێک، مەرجێکی گرنگە بۆ پێشڕەوی و سەرکەوتن. دەورانێک کەهێشتا حزب وکۆمۆنیزم وئاسۆی سۆسیالیستی خاوەن سەنگێکی سیاسی بەهێزنین لەکۆمەڵگادا وبزوتنەوەی کرێکاری وجەماوەری هێشتا بەرتەسک وناڕێکخراوو خاوەن ئاسۆیەکی شۆڕشگێڕانەو سەرتاسەری نیە، هەروەها دەورانێک کەحزب وەکو بەدیلێکی سیاسی و ڕێکخەرو ڕابەری بزوتنەوەی ناڕەزایەتی کرێکاری وجەماوەری وخاوەن جێگاو ڕێگایەکی کۆمەڵایەتی بەهێز لەمەیدان ڕاوەستاوەو بزوتنەوەو ئەحزاب و دەسەڵاتی بورژوازی لەژێر گوشاری توندا ڕاگرتوە، لەگەڵ دەروانێک کەبزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی

## مانیفێستی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری

کرێکاری وجەماوەری بەرابەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری وئاسۆی سۆسیالیستیەوە بەرەو هەستانی جەماوەری هەنگاو هەڵدەگرێت... دەکرێت لەئاستێکی گشتیدا وەکو قۆناغە جیاجیاکانی ڕەوتی چونەپێش وسەرکەوتنی ئەم ستراتیژە لە بەرچاو بگیرێن.

## هەلومەرجی ئێستای کوردستان و ئەرکەکانی ئەم قۆناغەمان:

گرنگتیرن ئەو فاکتۆرانەی کەدەبێ لەدەورەی ئێستادا لەبەرچاوبگیرێن بۆ دەستنیشانکردنی ئەرکەکانی ئەم قۆناغە بریتین لە؛-

- هەلومەرجی ئێستای کوردستان بەشێکە لەهەلومەرجی گشتی عێراق و ناوچەکە و ئەو دۆخە ئالۆزکاو سیناریۆ تەلخەی کە لەبنەڕەتدا بەهۆی کێشمەکێش ودەخالەتی دوو بلۆک و میحوەری جیهانی؛ ئەمریکاو ناتۆو بریکارە ناوچەییەکانیان بەتایبەتی تورکیاو سعودیە لەلایەک و جمهوری ئیسلامی بەپشتیوانی روسیا وچین لەلایەکی ترەوە، لەناوچەکەدا بەرپاکراوە. سەرهەڵدانی داعش و جەنگیک کە ئێستا بەناوی جەنگی دژی تیرۆریزم لەئارادایە و ئەو سیناریۆ تەڵخ و پرکارەساتەی ئێستا بەرپابووە، ئاکامی کێشمەکێش و ململانێی ئەم دوو بلۆکە جیهانیە و هێز و دوڵەتانی بۆرژوازی پاشکۆیانە لەناوچەکەو ناوخۆی کوردستاندا. ئەمە فاکتۆری سەرەکیە لەخولقاندنی ئەو هەلومەرجە سەخت و دژوارەی ئێستا باڵی بەسەر کوردستان و ناوچەکەدا کێشاوە.
- باڵادەستبونی ئەحزابی ناسیۆنالیستی چەکدارو دەسەڵاتی ملیلشیاییان بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی چینی کرێکارو جەماوەری خەڵکی کوردستاندا. سەرباری تورەیی ونارەزایەتی توندی جەماوەری لەدژی ئەم حزبانەو دەسەڵاتەکەیان، بەڵام ئاسۆو نەرێت وخورافاتی ناسیۆنالیستی ونەتەوە پەرستی وئیسلامی، سەنگ وقورساییەکی گەورەی لەسەر کۆمەڵگا هەیە.
- لەگەڵ ئەوەدا کەچینی کرێکاری کوردستان گەشەو پەرەسەندنێکی چەندایەتی و چۆنایەتی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە وقڵشت وناکۆکی چینایەتی لەکۆمەڵگادا زۆر قوڵ بۆتەوە، بەڵام تائێستا چینی کرێکارو بزوتنەوەکەی لاوازو نارێکخراوە. جێگاو رێگای رەوتی سۆسیالیستی لەناو چینی کرێکارو بزوتنەوەکەیدا لاوزە.
- بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری دوای ئەو پاشەکشە گەورەیەی کە بەسەرکوتی خوێناوی بەسەر بزوتنەوەی ١٧ی شوباتدا سەپێنرا، هەرچەند بەردەوام لەهەوڵی دووبارە هەستانەوەدایە، بەڵام تائێستا بزوتنەوەیەکی نارێکخراو وپەرتو بڵاوەو گرفتاری نەبونی ڕابەریی و نەرێت و ئاسۆی رادیکال و سۆسیالیستی و خۆشباوەڕیە بە ئاسۆو ئەلتەرناتیڤی ناسیۆنالستی و ئیسلامی.
- حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هێشتا بەوێنەی حزبێکی سیاسی ویەکێک لەیاریکەرانی مەیدانی سیاسی کوردستان کە نەتوانرێت ڕۆڵ و سەنگی فەرامۆش بکرێت، دەرنەکەوتوە. ڕیشەی حزب لەناو چینی کرێکارو کۆمەڵگادا لاوازە، سەرباری هەر بەشداری ورۆڵێکی

لەبزوتنەوە نارەزایەتیەکاندا، نەیتوانیوە وەکو رابەرو رێکخەر دەربکەوێت.

**بە لەبەرچاوگرتنی ئەو فاکتۆرانەی سەرەوە، پێویستە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەم دەورەیەدا، تواناکانی خۆی لەسەر راپەراندنی ئەم ئەرکانە بخاتەکارو بەپێی نەخشەکارێکی رۆشن، لەماوەیەکی تەخمین کراودا بەسەرئەنجامی بگەیەنێ. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە بەرنامەکار وهەنگاوە دەمودەستەکانی ئێستا، لەسەر بناغەی ئەم سەرخەتە گشتیانە دیاریبکرێت:**

- دەرکەوتنی حزب وەکو حزبێکی سیاسی خاوەن رۆڵێکی لەفەرامۆش نەهاتوو، ئۆپۆزیسیۆنی سەرەکی دەسەڵاتی میلیشیایی ئەحزابی ناسیۆنالیست. دابینکردنی رابەریەکی کۆمۆنیستی بۆ رێکخستن و رابەریکردنی بزوتنەوەی نارەزایەتی کرێکاری و جەماوەری و لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا قەراردانیان بەرامبەر بەرابەرانی ناسیۆنالیست. بونی حزب بەحزبی نارەزایەتی کرێکاری وجەماوەری. لێکهەڵپێکانی خەباتی ئاشکراو قانونی لەگەڵ خەباتی نهێنی بەپێی بەرنامەیەکی رۆشن بەجۆرێک کەبەردەوامی کارو هەڵسورانی حزب لەهەموو هەلومەرجە جیاوازەکان لەبەرچاوبگرێت.
- پەرەپێدان ومونسەجیم کردن وبەتواناکردنی مەیلی کۆمۆنیستی لەناو بزوتنەوەی کرێکاری و شکڵدان بەشێوە جۆراوجۆرەکانی رێکخراوبون وتەحەزوبی کۆمۆنیستی ئەم مەیلە. کردنی حزب بەحزبی کرێکارانی کۆمۆنیست وپێشرەو ورابەرانی بەکردەوەی بزوتنەوەی کرێکاری، نەخشەمەندکردنی خەباتی ئابوری چینی کرێکار، وەکو مەیدانێکی گرنگی خەباتی چینایەتی. بەرجەستەکردنی پێویستی شۆرشی کرێکاری وەکو تەنها رێگای کۆتایهینان بەکۆیلایەتی بەکرێ وستەمی سەرمایە وسەرجەم نەهامەتیەکانی دنیای ئێستا. بەهێزکردنی پایەی کۆمۆنیزم ونەریتی سۆسیالیستی لەناو چینی کرێکار. هێنانەمەیدانی چینی کرێکار لەرێزێکی رێکخراو و سەربەخۆدا لە مەیدانە جیاجیاکانی خەباتدا.
- پەرەپێدان و رێکخراوکردن وسەرتاسەری کردنەوەی نارەزایەتیە جەماوەریەکانی ئێستا لەبوارە جیاجیاکانی خەباتی ئابوری وسیاسیدا، ئاسۆدارکردنیان بەسیاسەت وتاکتیکی گونجاو وڕادیکال وکارساز ودەرکێشانی لەژێر قورسایی نەرێت وئاسۆی ناسیۆنالیستی وئیسلامیەکاندا. توندکردنەوەی گوشاری هەمەلایەنە لەسەر حزبە دەسەڵاتدارەکان و پاشەکشە پێکردنیان وسەپاندنی خواست وداواکاریەکانی جەماوەر بەسەر دەسەڵاتدا.
- رەخنەگرتن وپەردەهەڵماڵین لەسەر سیاسەت وکارکردو نەرێت و بیروباوەری ناسیۆنالیستی ونەتەوەپەرستی و ئیسلامی. لیدان لەنفوزی سیاسی وکۆمەڵایەتی حزبەکانی ئەم بزوتنەوانە وبەهێزکردنی ئاسۆو نەریتی سۆسیالیستی وئەنتەرناسیۆنالیستی ومۆدێرن وشۆڕشگێرانە لەبەرامبەریاندا. پەردەهەڵماڵین لەسەر ناوەرۆک و ئاکامە کارەساتبارەکانی سیاسەتی ناسیۆنالیستی و فیدراڵیزمی قەومی ورۆڵی لەخولقاندنی گێژاوی ئێستا و بەردەوامیدان بەدەسەڵاتی میلیشیایی، بەرجەستەکردنی بەدیلی حزب لەبەرامبەریدا. پەردەهەڵماڵین لەسەر پرۆژەی بەناو ریفۆرمخوازی

ناسیۆنالستی وئیسلامی وەکو پرۆژەیەکی کۆنەپەرستانە بۆ لەباربردنی مەیل و ڕەوتی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە ودەستەمۆکردنی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری بۆ دەسەڵاتی میلیشیایی لەپێناو گەیشتن بەئامانجە بورژوازی و کۆنەپەرستانەکانی خۆی.

- وەستانەوە دژی سیاسەت و دەخالەتی ئەمریکا و ناتۆ و دەخالەتی دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە لەعێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها دژی دەورگێڕانی ناسیۆنالیزمی کورد و حزب و دەسەڵاتەکەی وەکو دەسکەلای میحوەرە ناوچەیی و جیهانیەکان بۆ بردنەپێشی سیاسەت و پلانەکانیان. پەردەهەڵماڵین لەسەر ئاکامە کارەساتبارەکانی دەخالەتە سیاسی و سەربازیەکانی ئەو میحوەرانەو کێشمەکێشی کۆنەپەرستانەیان، لەوانە پشتیوانی کردنی تیرۆریزمی ئیسلامی و قوتکردنەوەی داعش. ئەمە مەیدانێکی هەرە گرنگی خەباتی کۆمۆنیستیە لەئیستادا بۆ هەموارکردنی رەوتی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە و هەڵتەکاندنی لەمپەرەکانی بەردەمی. هەر لەم چوارچێوەیەدا سازدانی بزوتنەوەی چەکداری جەماوەری و خەباتیکی هەمەلایەنەی سیاسی و کۆمەلایەتی بۆ تێکشکاندنی داعش و وەستانەوە دژی نەریتە ئیسلامیەکان و قورسایەکانی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و گێڕانەوەی ئیرادە بۆ جەماوەری ئازادیخواز.
- قورسایی وباڵادەستی یاساو نەریتە دواکەوتووە ئیسلامی وناسیۆنالیستەکان بەسەر کۆمەڵگادا، هاندەرێکی بەهێزی ژنان ولاوان وجەماوەرێکی فراوانی زەحمەتکێش وتینوی ئازادی وپێشکەوتنخوازیە بۆ ئەوەی ببنە هاوپەیمان لەگەڵ چینی کرێکارو بزوتنەوە یەکسانیخواز وپێشرەوانەکەی، بەتایبەت لەهەلومەرجی ئێستادا. ڕۆلی لەپێشینەی کۆمۆنیزم لەنێو ناڕەزایەتیەکانی ئەم بەشانەی کۆمەڵگادا، بەتایبەت لەڕابەریکردنی بزوتنەوەی ژناندا، پاڵنەرێکە بۆ هەڵخڕانی ئەم بەشانە لەدەوری ئاسۆی کۆمۆنیستی. ئەرکی حزبە کەخەبات و ناڕەزایەتی ئەو بەشانە لەدەوری سیاسەتێکی کۆمۆنیستی ڕێکخراو وڕابەری بکات و وەکو فاکتەرێکی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە لەمەیدان ولەهاوشانی چینی کرێکار ڕایانگرێت. لەم نێوەدا پێویستە بایەخی تایبەتی بدرێت بەمەسەلەی ژنان وپەرەپێدان وئاسۆدارکردن وڕێکخراوکردنی بزوتنەوەی ژنان لەدژی ستەم و هەڵاواردن وکوشتاری ناموسپەرستانە وئامادەکردنی هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیستی ئەم بزوتنەوەیە بۆ بەدەستەوە گرتنی ڕابەرایەتەکەی، بەگژاچونەوەی یاساو نەریتە ئیسلامی وناسیۆنالیستیە پیاوسالارەکان وگوشاردانانی توند لەسەر دەسەڵات، بۆ ملدانەواندن لەئاست داخوازیەکانی بزوتنەوەی ژنان ولەکارخستنی نەریتە پیاوسالاریەکان. ئەمە مەیدانێکی گرنگی خەباتی کۆمۆنیزم وحزبەکەیەتی.
- بەرگری شێلگیرانە لەئازادی سیاسی بێقەیدو بەند، یەکێکە لەئەرکە گرنگەکانی حزب وکۆمۆنیزم. بەتایبەتی لەم دەورەیەدا کەحزبە دەسەڵاتدارەکان نەخشەمەندانە پەیتا پەیتا پلان بۆ خنکاندنی ئازادی دادەڕێژن، یاسا و بڕیار بۆ دەمکوتکردنی دەنگە ناڕازیەکان دەردەکەن، بەچەک وکوشتار وەڵامی ناڕەزایەتی وخۆپیشاندانەکان دەدەنەوە. بەتیرۆرو

## بەڵگەنامەکان

پەلاماری سەرکوتگەرانە روبەڕوی رۆژنامەنوسان ورەخنەگرانی گەندەڵی ودەسەلاتی سەتەمکاری بنەماڵەیی دەبنەوە. خەبات بۆ بەرگری لەئازادی بوە بەمەسەلەیەکی گرنگی ئەم کۆمەڵگایەو بەرپرسیارێتیەکی گەورەی حزب وکۆمۆنیزم. هاوکات بەرینکردنەوەی فەزای سیاسی وسەپاندنی ئازادی سیاسی ورادەربڕین، ئازادی چاپەمەنی ونارەزایەتی وخۆپیشاندان ومانگرتن وپێکهێنانی ڕێکخراوی جەماوەری وحزبی، مەرجێکی گرنگی کرانەوەو قوڵبونەوەی هەلومەرج و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە وچونە سەری ئامادەییەکانی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەیە.

- دەرەوەی وولات بۆ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەبنەڕەتدا مەیدانێکی خەباتە بۆ بردنەپێشی ڕەوتی شۆڕشی کرێکاری لەکوردستان، هاوکات مەیدانێکە بۆ پتەوکردنی هاوخەباتی ئەنتەرناسیۆنالیستی چینی کرێکارو بەهێزکردن وپەرەپێدانی مارکسیزم وکۆمۆنیزم. پێویستە بەرنامەکاری حزب لەدەرەوەی ولات وبەدیاریکراوی هەڵسوڕانی ڕێکخراوی دەرەوە، بەتەواوی تەرکیز بکاتە سەر بەهێزکردن وهەموارکردنی رەوتی شۆڕشی کرێکاری لەکوردستان، بەدەستهێنانی پشتیوانی بۆ بزوتنەوەی کرێکاری و جەماوەری وئازادیخوازانە، توندکردنەوەی گوشار لەسەر دەسەلات وبزوتنەوە بۆرژوازیەکان، بەهێزکردنی هاوپشتی لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاری و سۆسیالیستی و ئازادیخوازانەکانی جیهان، پەرەپێدانی مارکسیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاری.

* * *

پێویستە رابەری حزب لەسەر بناغەی بنەما سەرەکیەکانی ئەم ستراتیژە، هەستێت بەدارشتنی ئەرکە دەم و دەستەکانی ئێستا، هەروەها ئەرکەکانی حزب لەقۆناغەکانی دیکەی ئەم ستراتیژەدا، پێ بەپێ چونەپێش و تێپەڕاندنی ئەم قۆناغەو پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لەهاوسەنگی هێزدا.

**کۆنگرەی چوارەمی حزبی کۆمۆنستی کرێکاریی کوردستان**
**٢١/١٢/٢٠١٤**

# جیاکردنەوەی ڕیزی سەربەخۆی نارەزایەتیەکان لە سیاسەت و کارکردی حزبە قەومی و ئیسیلامیەکان، بنەمای ڕاوەستاوی و پێشڕەوی جولانەوەکەمانە! جەماوەری نارازی کوردستان!

**فەرمانبەران، مامۆستایان، کرێکاران!**

خۆپێشـاندان و نـارەزایەتیەکـانی ڕۆژی شـەممە ١٩ ی نۆڤەمبەر، سـەرەڕای بەرهەقەبوون وبەرجەستەکردنەوەی بەرچاورۆشنیەکی زیاتر، بەڵام جارێکیتر تابلۆیەکی لیڵ و نارۆشنی لەنیوان "دۆستانی درۆینەی خەلک" و ڕیزی سەربەخۆ و چیانیەتی نارەزایەتیەکاندا، نمایش کردەوە. دەرکەوتنی ئەندام پەرلەمانی حزبەکان و کاربەدەستانی دەسەڵاتە خۆجێیەکان لەخۆپیشاندانەکاندا وخۆکردنیان بەنوێنەر و دەمڕاستی مامۆستایان و کارمەندان و خەڵکی نارازی کوردستان و هەوڵدانیان بۆ وەرگێڕانی ڕووی خۆپێشاندانەکان بەرەو بەغدا و تەمومژ خستنە سەرداخوازیە ڕۆشنەکانی خەڵکی نارازی، بەڵگەی ئەم ڕاستیەیە. لەلایەکی تریشەوە گرتن و لێدان و سوکایەتی و بێڕێزی کردن بەخۆپێشاندەران، لەلایەن ئاسایش و پۆلیس ودەزگا سەرکوتگەریەکانی دەسەڵات و میدیای بەردەستیانەوە، جارێکی تر ئەو ڕاستیە سەلمایەوە کە ئەوە بەتەنها پارتی و حکومەتەکەی بەرزانی نییە کەوتۆتە بەرامبەر بەخەڵکەوە و دەبێ نارەزایەتی جەماوەری بەرەو ڕووبکرێتەوە، بەڵکو دەسەڵاتە خۆجێیەکان، پارێزگارو بەڕێوەبەرایەتیەکان و بەرپرسانی یەکە ئیدرایەکان، لەئاست هەر ناوچەیەکدا، کەبەدەست حزبە قەومی و ئیسلامیەکانی ناو حکومەتی بنەکەفراوانەوەیە، دەبێ وەک مەسئول و خولقێنەری ئەم دۆخەی ئێستا دەستنیشان بکرێن و ڕێگایان پێنەدرێ لەڕیزی

## بەڵگەنامەکان

جەماوەری نارازیدا بەناوی"خەمخۆران و دۆستانی خەڵک" ەوە سەردەربهێنن.
ڕۆژی شەممە ئەگەرچی جارێکیتر جوڵانەوەی جەماوەری خەڵکی نارازی کوردستان سووربونی خۆی لەسەر داخوازیەکانی "دانی موچەی تەواو لەکاتی خۆیدا، گێرانەوەی موچەی نەدراو وهەڵوەشانەوەی سیستەمی پاشەکەوت کردنی موچە"ی ڕاگەیاندوە و رق و تورەیی خۆی ڕووبەڕووی دەسەڵاتی گەندەڵ و تاڵانچیان کردەوە، هێشتا ئەم بزوتنەوەیە نەیتوانیوە وەک ڕیزێکی چینایەتی سەربەخۆ لەسیاسەت و کارکردی حزبە بۆرژوای قەومی و ئیسلامەیەکان جیابکاتەوە و سەرتاپای دەسەڵات وهەموو لایەنە پێکهێنەرەکانی بکاتە نیشانەی خۆی. ئەم جوڵانەوەیە ئەگەر لەوەڵامی مەسعود بەرزانیدا، خۆپێشاندان دەکاتە "هەڵپەرکێ جەماوەریی" نابێ بکەوێتە کەمپینی سیاسەتەکانی یەکێتی و گۆڕان و ئیسلامیەکانەوە و پشت لەدەسەڵاتە ناوچەیی و خۆجییە هاوبەشەکانی ئەم حزبانە بکات. لە کاتێکدا ئەمانە هەموویان بەشداری دەسەڵات و بە تاڵان بردنی قوتی خەڵکن و هەر کامیان بە ئەندازەی دەستڕۆیشتوویی خۆی لەم تاڵانەی بردووە. بۆیە دەبێ نارەزایەتی و جۆلانەوەی جەماوەری لەئاستی سەراسەریدا، یەخەی سەرتاپای دەسەڵات و حکومەت بگرێ و لەئاست هەر ناوچە و یەکەیەکی ئیداریدا، یەخەی دەسەڵات لەو شوێنە بگرێ. بێگومان ئەمە هەنگاوێکی پێویست و گرنگە نەک هەر بۆ ڕێچکەگرتنی ڕێگای ڕاستەقینەی بەدەستهێنانی داخوازیەکانمان، بەڵکو پتەوکردنی سەنگەری نارەزایەتیەکانمانە لەبەرامبەر هەرجۆرە هەوڵێکی حزبەکانی نێو دەسەڵات، بەئاراستەی بەلارێدابردن و بەدەستەوەگرتنی نارەزایەتیەکانی جەماوەر بۆ بەرژەوەندی خۆیان.

### خەڵکی نارازی کوردستان!

لە ئێستادا پارتی و یەکێتی و گۆران و ئیسلامیەکان، لەجەرگەی توندبوونەوەی قەیرانی دەسەڵاتداریێتی و فەشەلی حکومەت و پەرلەمانەکەیان، لەگەڵ یەک کەوتنەتە موناف‌ەسە و کێشەوە وهەرلایەک بۆ بەدەستهێنانی پێگەی زیاتر لەدەسەڵات و بردنی بەشی زیاتر لەرەنجی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش وسامانی کۆمەڵگا، دەبێ بتوانی حەریفەکەی لەمەیدان وەدەرنێ وەیا ملی پێکەچکات. لەم پێناوەشدا، هەوڵدان بۆ بەدەستەوەگرتنی نارەزایەتی جەماوەر و بەکارهێنانی وەک کارتی فشار لەشەڕو دەعوای ئەم حزبە تاڵانچی ودژ بەخەڵکیانەدا بابەتی بەردەوامی گەمەی سیاسانە، یاریەکی قێزەون کە لەئێستادا بارگرژی و مشتومڕی نێوان پارتی ویەکێتی و بزوتنەوەی گۆران و ئیسلامیەکانی لەبەرامبەر یەکدا گەرم کردووە، "پرۆژەی بەستنەوەی پارێزگاکانی هەرێمە بە بەغداوە"کەلەبەرمبەر داوای سەربەخۆیی ودامەزراندنی دەوڵەتە کوردیەکەی" مەسعود بەرزانیدا، خراوەتەڕوو. وە دەیانەوێت جەماوەری نارازی بۆ نێو ئەم شەڕەی نێوانیان ڕاکێشن و بەردەوامیدان بە خۆپیشاندان و مانگرتنەکان و کۆبونەوە نارەزایتەیە جەماوەریەکان، وەسەرەنجام مەسەلەی نان و موچە و گوزەران و ئازادی هاوڵاتیان، بخەنە گرەوی ئەم یاریە قێزەونە و یەکلا کردنەوەی ئەم شەڕە پۆچەیانەوە. لەم نێوەشدا ئەوەی دەبێ سەرنجی بۆ بدرێ ئەوەیە کە لەلایەک پارتی دەیەوێ بە تێکەڵکردنی نارەزایەتەکانی خەڵک لە گەڵ هەڵوێستی سیاسی بزوتنەوەی گۆراندا،

## جیاکردنەوەی ڕیزی سەربەخۆی ناڕەزایەتیەکان

ناسنامەیەکی حزبی وسیاسی بەسەر ئەم نارەزایەتیانەدا بسەپینێ و بەمەش هەم شانی خۆی خاڵیبکاتەوە لەوەڵامدانەوە بەداخوازیەکانی خەڵک وهەم بەپیلانگێری و کردەوەی گێرەشێوێنی ناوزەدی بکا و بیکاتە بەهانەیەک بۆ سەرکوتکردنی. لەلایەکی دیکەوە بزوتنەوەی گۆران دەیەوێت ئەم نارەزاتیانەی جەماوەر وەک کارتێکی فشار بۆسەر پارتی بەکاربهێنێت و هاوشێوەی ناڕەزایەتیەکانی ١٧ شوبات بیکاتە قوربانی ململانێی خۆی لەگەڵ پارتیدا و لەرێگەیەوە باری لاکەوتووی خۆی هەڵسێنێتەوە. لەکاتێکدا نە ئەم شەڕ و کێشمەکێشەی لایەنەکان، شەڕی خەڵکی نارازی کوردستانە و نەپڕۆژەکانیشان، پەیوەندی بەبەرژەندی ئەوانەوەیە.خەڵکی کوردستان بەدرێژایی ٢٥ ساڵ لەدەسەڵاتدارێتی ئەم حزبە دواکەوتو کۆنەپەرست و تالانچیانەی چینی بۆرژوازی، هەم "ڕێگای بەغدای" تاقیکردۆتەوە و هەم نمونەکانی حکومەتی سەراسەری و ناوچەیی، یەکحزبی و دووحزبی ، وە هەم حکومەتی بنکە فراوانی هەموو ئەم لایەنە قەومی و ئیسلامیانەی تاقیکردۆتەوە و سەرەنجام جگەلە، شەڕ و نائارامی، ئاوارەیی و دەربەدەری، هەژاری و بێکاری، کۆنەپرستی و بێمافی، سەرکوت و ئینسان کوژی، ودەیان بەڵا و موسیبەتی تر بۆ زۆرینەی خەلک و ژیانی فیرعەوانەنەش بۆ کەمایەتیەکی کەم لەچینی دەسەڵاتدار و خاوەن کۆمپانیا و بازرگانان، ئەنجامێکی تری نەبووە. هەربۆیە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش، مامۆستاین و فەرمانبەران، ژنان و پیاوانی نارازی، خویندکاران و لاوانی دڵپر لەهیوا.. نابێ ڕێگا بدەین ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانمان بەسیاسەتی چەواشەکارانە و پرۆپاگەندەی پوچی قەومی و دینی ئەوان ڕێگای خۆی وونکات. خەبات بۆ شکڵگرتنی دەسەڵاتدارێتی جەماوەری ڕێکخراو لەشوراکاندا، هاوکات دەستبرن بۆ کۆنترۆڵی جەماوەری بەسەر هەموو مەیدانەکانی کارو بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و سەرجەم بوارەکانی ئابوری و بازرگانی و بانکیدا.. وەڵامی جەماوەری ناڕازی و بەشمەینەتی کوردستانە بە سیستەمی دەسەڵاتدارێتی و پرۆژەی ئەم حزبانە. کەوایە جیاکردنەوەی ڕیزی سەربەخۆی ناڕەزایەتیەکانمان مەرجێکی ترە بۆ پوچەڵکردنەوەی پیلان و گەمەیەکی سیاسی کەئەم حزبانە بەخەبات و ناڕەزایەتیەکانی ئیمەوە دەیکەن. بەڵام چۆن دەبێ چیبکرێ تا ڕیزی جەماوەری ناڕازی بەسەربەخۆ لەدۆستانی درۆزنەی خەڵک و سیاسەتی حزبە تالانچیەکانی کوردستان، بە سەربەخۆ بپارێزرێت؟

## هاوڕێیانی کرێکار، هەڵسوراون و ڕابەرانی ناڕەزایەتیەکان!

هەوڵدان بۆ بەردەوامیدان بەنارەزایەتیە جەماوەریەکان و بەرینکردنەوەیان لەدەوری خواستی ڕۆشن و ڕاکێشانی جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستان بۆ کۆبوونەوە لەدەوریان یەکێک لەو خاڵانەیە کەدەبێ ڕابەران و هەڵسوراوانی نێو نارەزایەتیەکان بەردەوام چاوی تێببڕن و لەجەرگەی ئەم خەباتەشدا، ڕیزی ناڕەزایەتی جەماوەری بۆ خواستەکان لە هەرجۆرە سیاسەتێکی حزبەکان بپارێزرێ و ڕاستەوخۆ ڕوو لەدەسەلاتی هەر شار و ناوچە و ئەو یەکە ئیداریانە بکرێ کەناڕەزایەتیەکانانین تیا بەرێخراوە. هەرلەمبارەوە سازدانی ناڕەزایەتیەکان لەناوەندەکانی کار و بەرهەمهێنان، و کردنی کارگە و زانکۆ و گەرەک و بەرێوەبەرایەتیەکان بەمەیدانی ناڕەزایەتی

## بەڵگەنامەکان

جەماوەری هەر ڕۆژە و بەرپاکردنی کۆبوونەوەی گشتی جەماوەری تیایاندا، خاڵیکی تره کەدەبێ بەخێرایی کاری بۆبکرێ.

هەر لەم ڕێچکەیەدا، هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی نوێنەران لەکۆبونەوە گشتیەکانی هەرناوەندێکدا لەلایەن جەماوەری ئەو ناوەندانە خۆیانەوە و پاشان هەنگاو هەڵگرتن بەرەو یەکخستن و لێکهەڵپێکانی نیوێنەرانی هەڵبژێردراوی ناوەندەکان ویەکخستنی هەڵسورانیان لەسەرئاستی ناوچەیی و شارەکاندا دەتوانێ فاکتۆری ڕابەری و ڕێنمایی کردنی ناڕەزایەتیەکان فەراهەم کات و لەم ڕێگایەشەوە نەخشە و تاکتیکی گونجاو بۆ بەرەو پێشەوە بردنی ناڕەزایەتیەکان چ لەئاستی سەراسەری و چ لەئاستی مەحەللیدا بەدەستەوە بگرێ و جەماوەری بۆ بانگەواز بکات. بێگومان دەستبردن بۆ هەموو شێوازێکی خەباتی جەماوەری، لەوانە مانگرتن، دەست لەکارکێشانەوە، خۆپێشاندان و بەستنی ڕێگاکان، تا لەکارخستن و کۆنترۆڵی ناوەندەکانی کارو بەرهەمهێنان.. ئەمانە شێوازگەلێکن کەدەبێ بەناسینەوەی ئامادەییەکانی جەماوەر و هاوسەنگی هێزی نێوان دەسەڵات و جەماوەر لەهەر بڕگەیەکی خەباتدا هەڵبسەنگێندرێن و دەستیان بۆببرێن.

دەبێ ئیتر ئەو ڕاستیە بۆ هەمووکەسێک ڕۆشن بێت کە ناسیونالیزم و نەتەوەچێتی و خاکپەرستی، وەهمێکە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بۆ گێژکردنی جەماوەر و مانەوەی دەسەڵاتی سەرمایەداران و تالانچیان بەسەر کۆمەڵگاوە پەنای بۆدەبەن، بۆیە دەبێ ئەم وەهمە وەلابنرێ. مامۆستایان و فەرمانبەران، خوێندکاران و لاوان، کرێکاران و زەحمەتکێشانی ناڕازی دەبێ بەو ڕاستیەوە خەبات بۆ بەدەستهێنانی داخوازیەکانی ئێستا درێژە پێبدەن، کەتاکە ڕێگای ڕزگار بوون لە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و حزبەکانی و دەرچون لەدۆخی ناهەمواری ئێستا لەگرەوی هاتنەمەیدانی سەرتاسەری خەڵکی ستەمدیدەیە بۆ کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی گەندەڵکار و تالانچییان.

کەوایە هەموو جۆرە خەباتێکی ڕۆژانەی جەماوەری بەشمەینەت لەدەوری داخوازیە دیاریکراوەکان، سەرئەنجام هەر دەبێت ڕووی لە خۆئامادە کردن بێت بۆ ئەو ڕۆژەی کەتوانای جەماوەر دەگات بەوەی حسابی خۆی لەگەڵ هەرئەم دەسەڵاتە یەکلابکاتەوە.حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەتەواوی تواناوە بۆ هێنانە مەیدانی ئەم ڕیزە لەخەباتی سەربەخۆی جەماوەری و چینایەتی تێدەکۆشێ وهاوکاتیش بانگەوازی خەڵکی ناڕازی کوردستان دەکات بۆ سەرخستنی خەباتی یەکگرتوانە دەستبنێنە نێودەستەوە.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
٢٠/١١/٢٠١٦

# ئەم شەڕە شەڕی مرۆڤایەتی هاوچەرخ نیە!

**دەربارەی شەڕی جەمسەرە کۆنەپەرستەکان و ئۆپەراسیۆنی "ئازادی موسڵ"**

ئەم شەڕە تیرۆریستیەی لە نێوان تیرۆریزمی دەوڵەتی جەمسەرە ئیمپریالیستیەکان و دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست و تیرۆریزمی ئیسلامی بەرپاکراوە، بە دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی بەناو "ئازادکردنی موسڵ" پێدەنێتە قۆناغێکی مەترسیدارترەوە و چارەنوسی هەموو مرۆڤایەتی خستوەتە بەردەم هەڕەشەو کارەساتەوە. مرۆڤایەتی هاوچەرخ و شارستانی قوربانی ئەوەڵ و ئاخری ئەم شەڕە وێرانکاریەیە. بەڵام هیچ یەک لە جەمسەرەکانی ئەم شەڕە نە ئەمریکاو رۆژئاواو هاوپەیمانەکانیان، نە روسیاو هاوپەیمانەکانی و نە تیرۆریزم ئیسلامی، جەمسەری ئەم خەڵکە نین. مرۆڤایەتی هاوچەرخ دەبێ دەست بەجێ ریزێکی جیاواز و سەنگەرێکی سەربەخۆ لە دژی هەمو لایەنەکانی ئەم شەڕە وێرانکەرە لێبدات. بەرەی ئەم خەڵکە هاتنەمەیدانێکی سەربەخۆیە لە ئاستی نێونەتەوەییدا بۆ وەستانەوە دژی ئەو هۆکارانەی کە ئیسلامی سیاسی لەسەر دەلەوەڕێت و گەشەدەکات، لە دژی سیاسەت و دەوڵەتانێک کە هەمیشە لە پشتی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی ئیسلامیەوە راوەستاون، وە سەرئەنجام لە دژی ئەو ملهوڕی و لەشکرکێشی و سیاسەتە کۆنەپەرستانەیەی کە جەمسەرە جیهانیەکان بە ناوی "شەڕی دژی تیرۆریزم"ەوە بەڕێوەیدەبەن. ئەرکی کۆمۆنیزم و بزوتنەوەی کریکاری و شارستانیەکانە ئەم بێدەنگی ئێستا بشکێنن و دەستپێشخەری بکەن بۆ هێنانەمەیدانی دوبارەی ئەو بزوتنەوە مەزنەی کە بەرامبەر جەنگی ئەمریکا دژبە عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا خۆی نمایشکرد. بە تایبەت بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دەوڵەتانی رۆژاوا بە بەهانەی فریوکارانەی جەنگی دژی داعش و لەناوبردنی تیرۆریزم، خەڵکی

## بەڵگەنامەکان

کۆمەڵگا رۆژاواییەکانیشیان دوچاری جۆرێک لە چەواشەکاری و پاسیفیزم کردوە، نەک هەر لە مەیدانی وەستانەوە بەرامبەر ئەو بەربەریەتەی کە ئەم دەوڵەتانە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بەرێوەی دەبەن، بەڵکو تەنانەت لە مەیدانی خەبات و ناڕەزایەتیە کرێکای و جەماوەریەکان کە لە وولاتانی رۆژاوادا بۆ سەپاندنی خواستەکانیانە بەسەر دەوڵەتاکاندا، بەردەوام لە مەیدان بووە.

دڵخۆشکردن بەوەی کە دەوڵەتانی زلهێزو ئیمپریالیست بەم جەنگە مەترسی تیرۆریزم لەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لادەبەن، خۆشباوەڕیەکی بێ پاساوو کوشندەیە، لە راستیدا ژەهرێکە دەرخواردی ئەم خەڵکەی دەدەن. هەڵوێستی مرۆڤایەتی ئازادیخوازو شارستانی ناکرێ و ناتوانێ خۆشباوەڕی و دەستەوئەژنۆ مانەوە بێت بەرامبەر بەو بەربەریەتەی کە هەردوو جەمسەرە ئیمپریالسیتیە جیهانی و هاوپەیمانە ناوچەیەکانیان لە عێراق و سوریا و ناوچەکە بەناوی شەڕی دژی داعشەوە بەرێوەیدەبەن. گرتنەبەری هەڵوێستێکی دروست و چالاک و پێشڕەو، هەروەها هاتنەمەیدانێکی بەرینی جیهانی بۆ بەرگرتن بەم بەربەریەتە و بە شکستکێشانی هەمو لایەنەکانی ئەم پێشبڕکێ تیرۆریستییە، مەیدانی نەبەردی بەشەریەتی ئازادیخوازو شارستانیە. بەکردەوە دەرهێنانی ئەم هاتنەمەیدانە ئەرکی چینی کرێکارو کۆمۆنیزم و هێزو بزوتنەوە سۆسیالیستی و ئازادیخوازەکانە. مەیدانی نەبەرد و سەنگەری بەرەنگاری بەشەریەتی ئازادیخوا، سەنگەری بەرگریە لە مافی خەڵکی فەلەستین بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، سەنگەری وەستانەوەیە لە دژی ستەمی مەزهەبی و دینی، سەنگەری وەستانەوەیە دژی راسیزم و دەمارگیری نەژادی و نەتەوەیی و دینی و مەزهەبی، پێداگریە لەسەر هاوپشتی و هاوچارەنوسی خەڵکی ئازادیخواز و ستەمدیدەی دنیا....سەنگەری پێداگریە لەسەر مافە جیهانداگرەکانی مرۆڤ و وەستانەوەیە دژی سیاسەتی "هەر کۆمەڵگایەک بەپێی فەرهەنگی خۆی"، سەنگەری پێداگریە لەسەر غەیرە قەومی و غەیرە دینی بونی دەسەڵات و دەوڵەت و دەستورو یاساکان، سەنگەری خەباتە بۆ ناچارکردنی زلهێزەکان و دەوڵەتانی کۆنەپەرست بۆ دەسهەڵگرتن لە دەستێوەردانو رەهاکردنی مافی خەڵک بۆ دیاریکردنی چارەنوسی سیاسی و یەکلاکردنەوەی مەسەلەی دەسەڵات بەپێی خواست و ئیرادەی ئازادانەی خۆیان...ئەمە پێویستی بە هاتنەمەیدانێکی بەرین و دەخاڵەتێکی چالاک و پێشڕەوانەی چینی کرێکارو هێزە سۆسیالیست و پێشکەوتنخوازەکانە لەسەرتاسەری جیهاندا.

بێگومان تەفروتوناکردنی داعش و وەدەرنانی لە هەموو ئەو ناوچانەی دەستی بەسەردا گرتوە، وە بە دیاریکراوی ئازادکردنی دانیشتوانی بەدیلگیراوی شاری موسڵ، خواستێکی ئینسانی و ئازادیخوازانەو پێشڕەوە و دەبێ بە توندی پێداگری لەسەر بکرێت. بەڵام ئەمە ئەرک و کاری خودی خەڵکی موسڵ و خەڵکی عێراقە بە پشتیوانی بەشەریەتی ئازادیخوازی جیهان و هێزە رادیکال و شۆڕشگێڕ و سۆشیالیستەکان و هەموو ئەو هێزانەی کە هیچ شوناسنامەیەک جگە لە شوناسنامەی ئینسانی بەرەسمی ناناسن و خەباتی بۆ دەکەن. بێگومانیش کوتانەوەی سەری داعش

## ئەم شەڕە شەڕی مرۆڤایەتی هاوچەرخ نیە!

کارێک نیە کە ئەم خەڵکە ستەمدیدەیە تەنها بۆ خۆیان پاوانی بکەن و دەستی لایەنی تر بگرن کە بیەوێ سەری داعش بکوتێتەوە و تەفروتونای بکات. بەڵام ئەم کارە بە شەڕی تیرۆریستیو بۆمباران‌و خاپورکردنی شارەکانی عێراق و سوریا و بەتایبەتیش شاری موسڵ و کوشتاری خەڵکەکەی بە دەستی زلهێزە ئیمپریالیستەکان و هیزە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە مەیسەر نابێت. مرۆڤایەتی ئازادیخواز و هاوچەرخ نابێ رێگابدات ئەم هێزانە خراپ کەڵک لە نەفرەت لە داعش وەرگرن و لە پێناو ئامانجە دژی ئینسانیەکانی خۆیاندا، نابێ رێگابدرێت لەشکرکێشی و جەنگی تیرۆریستی و وێرانکاری وەکو "شەڕی دژی تیرۆریزم" بە خەڵک بفرۆشرێ. ئەوەی کە بەشەریەتی ئازادیخواز دەبێ بەسەر ئەم هێزانەدا بیسەپێنێت و ئەوەی کە پێویستە ئەم دەوڵەت و هێزانە لەژێر گوشاری مرۆڤایەتی ئازادیخوازدا ملکەچی بن، پێچانەوەی بارگەو بنەیان و چوونە دەرەوەیە لە ناوچەکە، هەروەها دەبێ ناچاربکرێن خۆیان و گوێلەمشتەکانیان دەستهەڵگرن لە پشتیوانی و هاوکاری و پرچەککردنی داعش و تیرۆریزمی ئیسلامی. بەم جۆرەیە کە ئەم گروپە مافیایی و درندانە لە سویچەوە دەکوژێنەوە. با ئەودوای کارەکە وازلێبینن بۆ خەڵکی ناوچەکە تا ئەم باندانە لە ریشەوە دەربهێنن و بە ئیرادەی خۆیان دەسەڵاتی دڵخوازی خۆیان بەرپابکەن.

**حزبی کۆمۆنستی کرێکاری کوردستان**

١٤/١٠/٢٠١٦

بۆ بەدەستهێنانی ژمارەکانی پێشووی گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستی،
دەتوانن لەگەڵمان پەیوەندی بگرن:

0047 47276028

didgaisocialisti@gmail.com

**دیدگای سۆشیالیستی، بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

# Socialist Outlook

A political intellectual quarterly issued by
Worker-communist Party of Kurdistan

FIFTH ISSUE, DESAMBER 2016